# بەفر و گڕکان

ڕەخنەی ئەدەبی و فیکری



Klawrojna

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# بەفر و گڕکان

## ڕەخنەی ئەدەبی و فیکری

**حەمەسەعید حەسەن**



ناوی کتێب: بەفر و گڕکان – ڕەخنەی ئەدەبی و فیکری
نووسینی: حەمەسەعید حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٧٧٢
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٧٤٢ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# (شیکاگۆ)ی عەلاء ئەسوانی

(کە دەنووسم دڵم فراوانتر دەبێت و ئەوە نووسینە لێ ناگەڕێت
هاوسەنگیم تێک بچێت، بۆیە ئەوە ئەوپەڕی بەدبەختییە،
تواناى نووسینم نەمێنێت. جارى وا هەیە، بیرێکم بۆ دێت کە
دەمەوێت بینووسم،
بزر دەبێت، ئیدى وەک تینوویەکم لێ دێت لە بیابانێکدا دواى
سەراب کەوتبێت.
تۆ بڵێیت منیش وەک هەمەنگواى کە تواناى نووسینم نەما، خۆم
بکوژم؟)(*)

لە بیرەوەرییەکانى ناجى عەبدولسەمەدەوە
کە یەکێکە لە کارەکتەرەکانى ڕۆمانى شیکاگۆ.

شیعر و ڕۆمانى جوان وەک نەخشى سەر بەرد لە یادەوەریماندا دەمێننەوە. کارەکتەرى ڕۆمانى جوان، ناوبانگێک پەیدا دەکات، مەگەر بە دەگمەن کەسایەتییەکى ڕاستەقینە، ئەوەندە ناودار ببێت. نووسەرى مەزن، ئەو کەسە نییە چەند ڕۆمانێکى بڵاو کردبێتەوە، کەسێکە ڕێ بۆ مرۆڤایەتى ڕۆشن دەکاتەوە، کەسێکە دەشێت لە چەند بوارێکدا بلیمەت بێت، کەسێکە وەک سارتەر کە جێدەستى وێڕاى فەلسەفە، لە بوارەکانى نووسینى ڕۆمان، ڕەخنەى ئەدەبى و دەقى شانۆییشدا دیار بوو.

شیکاگۆ دووەمین ڕۆمانى (عەلاء ئەسوانى)یە کە دەیخوێنمەوە، ئاخر پێشتر (باڵاخانەى یەعقووبیان)ى ویم خوێندبووەوە. ئەسوانى



تەنیا ئەو دوو ڕۆمانەى نووسیوە، باڵاخانەى یەعقووبیان وێڕاى ئەوەى ڕۆمانێکى جوان بوو، هێندە بوێرانە نووسرابوو خوێنەرى تووشى سەرسووڕمان دەکرد، وەلێ باڵاى شیکاگۆ لە باڵاخانەى یەعقووبیان بڵندترە. **ئەسوانى شیکاگۆى هێندە بوێرانە نووسیوە، خوێنەر نەک هەر سەرسام، بەڵکوو ئەوقیش دەکات. بێ هیچ دوودڵییەک هەر چى نووسەرانى دیکە بە بڤە و حەرامى دەزانن، ئەو لە شیکاگۆدا بەسەریان دەکاتەوە و دەیانداتە بەر ڕۆژى ڕووناک.** هاوزەمان هێندە بوێرانە و هونەرییانە باسى لە سێکس، دەسەڵات و ئایین کردووە، زێدەگۆیى نییە ئەگەر بڵێم، لە هەموو نووسەرانى عەرەبى تێپەڕاندووە.

زۆر لە نووسەران بە هۆى یەکەمین ڕۆمانیانەوە ناوبانگ پەیدا دەکەن و ئیدى هەر چى دەکەن، ڕۆمانێکى دیکەیان پێ نانووسرێت، ئەوەندەى یەکەمین ڕۆمانیان دەنگ بداتەوە. ئەو ڕێسایە ئەسوانى ناگرێتەوە، ئاخر ئەو دووەمین ڕۆمانیشى نەک هەر هێندەى ئەوەى یەکەمى بایەخى هەیە، بەڵکوو دەتوانم بڵێم لە شیکاگۆدا لە باڵاخانەى یەعقووبیانى تێپەڕاندووە.

ئەوى ڕۆمانى شیکاگۆ بخوێنێتەوە، پێى ئاساییى دەبێت کە لە ماوەى شەش مانگدا، هەشت جار چاپ کراوەتەوە، ئاخر ڕۆمانێکە بە هەق شیاوى خوێندنەوە و بەردەوام لە چاپدانەوەیە. ڕۆمانێکە کە لە خوێندنەوەى بوومەوە، خۆزگەم خواست، ڕۆماننووسانى کوردیش فێر ببوونایە وەک عەلاء ئەسوانى بنووسن. ڕۆمانێکە ئەگەر چى چوارسەد و پەنجا ڕووپەل دەبێت، وەلێ کە دەست بە خوێندنەوەى دەکەیت، پێت خۆشە تا تەواوکردنى، دەستى لێ هەڵنەگرێت، ڕۆمانێکى هێندە خوێنشیرین و سەرنجڕاکێشە، ئەگەر چاو تواناى خواردنى هەبووایە،

ئارامی نەدەگرت بیخوێنێتەوە، دەیخوارد.

عەلاء ئەسوانی لە ڕۆمانی بالاخانەی یەعقووبیاندا، باسی سێکس دەکات، تەنانەت سێکسی نێوان نێر و نێریش، لە شیکاگۆ تەنیا باس لە سێکسی نێوان نێر و مێ دەکات، وەلێ باسکردنێک باسی دەکات، خوێنەر وا هەست دەکات، شیعرێکی جوان دەخوێنێتەوە، بۆ تاقەڕستەیەکیش نەهاتووە، بە شێوازێکی هەرزان، بۆ ختووکەدان و بزواندنی خوێنەر هانا بۆ بەسەرکردنەوەی سێکس ببات. کاتێک کارەکتەرەکانی ڕووت و قووت دەکاتەوە و بە هاونوێنی نیشانیان دەدات، ئەوەی خوێنەر بە ڕۆمانەکەوە دەبەستێتەوە، لایەنی هونەریی ڕۆمانەکەیە، نەک سێکسی نێوان کارەکتەرەکان. **هەست دەکەیت ئەو سێکسەی ڕۆماننووس باسی دەکات، سێکسە لە نێوان دوو ئینساندا، سێکسێک کە پرۆسەیەکی تەواو ئینسانییە و زادی یەکدی ناسین و خۆشەویستییە، نەک لەو جۆرە سێکسەی لەنێو هەندێک ڕۆمانی بێبەهادا هەیە و هەر لە سێکسی نێو ئاژەڵان دەچێت.** ئەوە تەنیا داوێکە ئێرۆتیکا لە پۆڕنۆگرافی جیا دەکاتەوە، ئەسوانی ئەو داوەی لەبەر چاو گرتووە و ئەدەبێک دەنووسێت، ئەگەر چی تژییە لە ئێرۆتیکا، وەلێ مۆرکی پۆڕنۆگرافیی پێوە نییە.

شوێن لە ڕۆمانەکەدا شاری شیکاگۆیە، وەلێ چونکە زۆربەی کارەکتەرەکان میسرین، نووسەر توانیویەتی هاوزەمان کۆمەڵگەی میسر و ئەمریکایش بداتە بەر ڕووناکی. ڕۆمانەکە ئەگەر چی وەک هەر ڕۆمانێکی دیکە، زادەی خەیاڵە، وەلێ هێندە ڕاستگۆیانە نووسراوە، خوێنەر قەت بڕوا ناکات، ئەوەی دەیخوێنێتەوە ڕۆمانە، بەڵکوو بە واقیعی تێدەگات، واقیعێکی ڕاستەقینە کە ژیانی لێ



دەتکێت، واقیعێک کە خوێنەر بە گەرمی بەشداره لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕووداوەکانیدا.

لە ڕێی شیکاگۆوە تێدەگەیت، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان چ لە میسر و چ لە ئەمریکا، چەند نائینسانین، هەست دەکەیت، ئەوی هەنووکە لە میسر ڕوو دەدات، نزیکەی هەر ئەوەیە کە لە سایەی بەعسدا لە عێراق ڕووی دەدا. هەست دەکەیت هەموو ئەو جۆرە ئازاردان و ئەشکەنجانەی لە زیندانەکانی بەعسدا هەبوون، لە زیندانەکانی میسریشدا هەن. **هەست دەکەیت دەسەڵات لە ئەمریکا، دۆستی ئەو دەسەڵاتانەیە کە قازانجی دەپارێزن بە چاوپۆشین لەوەی چۆن لەگەڵ میللەتی خۆیاندا هەڵسوکەوت دەکەن.** هەست دەکەیت، ئایینی ئیسلام لەبەر هەر هۆکارێک دابەزی بێت، پیاوی دەسەڵاتداری خۆ بە موسڵمان زان، لە پێناوی بە کۆیلەکردنی ژن و لە بەرژەوەندیی خۆی دەیخاتە گەڕ.

نووسەر ئەگەر چی میسرییەکی قاهیرەنشینە، وەلێ هێندە بەسەر ئیشەکەیدا زاڵە کە باس لە دیرۆک و هەنووکەی شیکاگۆ دەکات، خوێنەر وای بۆ دەچیت عەلا ئەسوانی ئەمریکاییەکی شیکاگۆنشینە. تەنانەت ئەگەر ئەمریکاییەک هەموو ژیانیشی لە شیکاگۆدا بەسەر بردبێت، بە هۆی ڕۆمانی شیکاگۆوە، ئێستا و مێژووی شارەکەی خۆی باشتر دەناسێت. نووسەر هێندە بە لێزانییەوە، ڕووداوەکانی چنیوە و کەسایەتییەکانی هەڵبژاردووە و شوێنەکانی دەستنیشان کردووە، خوێنەر متمانەی تەواو بە هەموو بەسەرهاتەکان دەکات و هەموو کارەکتەرەکانیش بە کەسایەتیی ڕاستەقینە دەزانێت.

نووسەر لە دەرگای هەر باسێک دەدات، هێندە تێیدا شارەزایە، هەر

دەڵێیت پسپۆڕی ئەو بوارەیە، وەلێ هەمیشە ئەوەی لە بیرە، کە سەرقاڵی نووسینی ڕۆمانە، نەک لێکۆڵینەوەی زانستی. نووسەر ئەگەر چی دۆکتۆری جەستەیە، کەچی هێندەی سایکۆلۆجیکێک، شارەزای دەروونی ئینسانە، هێندەی ئیسلامناسێک شارەزای ئایینی ئیسلامە و هێندەی کۆمەڵناسێک شارەزای کۆمەڵگەیە، ئیدی کۆمەڵگەی میسر بێت یان هی ئەمریکا، بە جۆرێکیش لایەنە سیاسییەکان دەناسێت، کادیرە پێشکەوتووەکانی ئەو لایەنانە، شتی تازەی سەبارەت لایەنەکانی خۆیان، لێوە فێر دەبن. کە باسی دەزگاکانی سەر بە دەوڵەتیش دەکات، ئەوەندە شارەزایە بەرپرسی یەکەمی ئەو دەزگایانە ئێرەیی پێ دەبەن.

لایەنێکی جوانی ڕۆمانەکە ئەوەیە، نووسەر بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان و گەیاندنیان بە کۆتاییەکی کراوە، پشتی بە تەکنیکگەلێک بەستووە، کە خوێنەر تا ئاستی شەیدابوون، بە ڕۆمانەکەوە دەبەستنەوە. ئەسوانی نەهاتووە پشت بەو شێوازی گێڕانەوەیە ببەستێت کە زنجیرەی کرۆنۆلۆجیک ڕەچاو دەکات، بەڵکوو هاتووە کاتی لەتوپەت و پاش و پێش خستووە و ناوبەناو بیرەوەرییەکانی یەکێک لە کارەکتەرە گرنگەکانی ڕۆمانەکەیشی لەگەڵ ڕووداوەکاندا گونجاندووە. ڕۆمانەکە لە دەوری یەک قارەمان ناسووڕێتەوە، بەڵکوو هەموو کارەکتەرەکان، بە کۆمەڵ قارەمانی ڕۆمانەکەن.

**ڕاسیزم چییە؟ ئەوەیە کە پێمان وابێت، ئەوە ڕەگەزە، توانا و ڕەوتاری ئەم و ئەو دیاری دەکات. ئەوەیە پێمان وابێت، ئەوی لە خۆمان نەبێت، ئینسان نییە، یان هیچ نەبێت، ئینسانێکی نزمترە لە**



**ئێمە.** ئەوە بۆیە پێستسپییەکان کە بڕوای تەواویشیان بە حەزرەتی مەسیحی سیمبۆلی لێبوردەیی هەبوو، بەو ئاسانییەی ئاویان دەخواردەوە، هیندییە سوورەکانیشیان دەکوشت، ئەوە بۆیە تا حاڵی حازریش، ڕاسیستەکان، بە چاوێکی نزم سەرنجی ڕەشپێستان دەدەن. لە ئەمریکا، ڕێ کەوتووە کە پێستسپییەک، پێستڕەشێکی کوشتووە، پۆلیس خۆی لێ نەبان کردووە، لە میسریش کە موسڵمانێک قیبتییەکی کوشتووە، پۆلیس گوێی خۆی لێ خەواندووە!

بە هۆی ڕۆمانی شیکاگۆوە کە کارکتەرەکانی خوێندکاری خوێندنی باڵای زانکۆی شیکاگۆن، خوێنەر فێر دەبێت کە لە ئیسلامدا ڕێسایەکی بەناوبانگ هەیە، دەڵێت: (لە ناچاریدا هەندێک حەرامیش حەڵاڵە.) ئەگەر موسڵمانیت، ملکەچی دەسەڵاتدار بە، با زاڵمیش بێت، ئاخر بۆ ئوممەتی ئیسلام ئەوەیان باشترە بەرگەی زوڵم بگریت، وەک لەوەی بە گژ دەسەڵاتداری زاڵمدا بچیتەوە. ل١٣١ لە کن وەهابییەکان کە کەس هێندەی وان، شاردنەوەی جەستەی ژنی بە توندی نەگرتووە، یاخیبوون لە دەسەڵاتداری موسڵمان با زاڵمیش بێت، حەرامە.ل٣٨١ وەلێ ڕاستییەکەی ئەوە لوتکەی جیهادە، ئەگەر ڕووبەڕوو حەقیقەت بە دەسەڵاتدارێکی زاڵم بڵێیت.ل٤٢٩ (چەرچڵ)یش دەیگوت: (هەموو میللەتێک ئەو دەسەڵاتەی بە نسێب دەبێت کە پڕ بە پێستییەتی.) وەلێ ئەوە تێڕوانینێکی چەوتە، ئاخر میللەت نییە دووچاری چەوساندنەوە نەبووبێت.

(بە قسەی شیرینی پیاو کە خەیاڵی تەنیا لای جەستەی ژنە، فریو مەخۆ! جەستەت ئاوڕووی خۆت و باوکتە، جەستەت شکۆمەندیی هەموومانە، ئەگەر ڕێزت لێ نەگرت، تا ماوین سەرشۆڕ دەبین.

جەستەت ڕاسپاردەی خودایە لای تۆ، دەبێت بە پاکژی بیبەخشییە ئەو پیاوەی دەتخوازێت. پیاو ژنێک ناهێنێت کە بە جەستەی شاد بوویێت، پیاو نە ڕێزی ژنی شل دەگرێت و نە متمانەی پێ دەکات.) ئەمە مۆچیاریی دایکێکە بۆ کچەکەی.ل٢٢٧ تەڵاقدراو ژنێکە نەیتوانیوە وا بکات، پیاوەکەی لە کیس نەچێت، ژنێکە نوقمی بزربوون و خەفەت، ئافرەتێکە کچێنیی لە دەست داوە و هیچی نییە تا لە کیسی بچێت، ژنێکە هەموو پیاوێک مرخی لێ خۆش کردووە، ژنێکە مایەی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە و دەیان تۆمەتی دوا دەخرێت.ل٥٥ ئەمەیش تێڕوانینی کۆمەڵگەی ئیسلامییە بۆ ژنی تەڵاقدراو.

بە هۆی ڕۆمانی شیکاگۆوە، ئاشنای ئەوە دەبین کە بەشێکی زۆر لە پیاوانی عەرەب سووک سەیری ژن دەکەن، ئەوەتا دەڵێن: (نیشانەکانی گەوجییەتی سیانن: گەمەکردن لەگەڵ شێردا، خواردنەوەی ژار بە مەبەستی تاقیکردنەوە و درکاندنی نهێنی لای ژن.)ل١٥٢ بە ڕاست کامیان ئاوڕوومەندترن؟ ئەو ژنانەی لە پێناوی دابینکردنی بژێویی منداڵەکانیاندا سێکس دەفرۆشن، یان ئەو پیاوانەی لە پێناوی دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی نەوت و فرۆشتنی چەکدا، شەڕ دەنێنەوە؟ شەڕێک کە گیانی هەزاران بێتاوان دروێنە دەکات! یەکێک لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە کە مامۆستای خوێندنی باڵایە، دەڵێت: (شارستانیی خۆرئاوا زادەی خەباتی کەسانی خاوێن و دڵسۆز و مەزنە، وەلێ ڕژێمی سەرمایەداری بوو بە خێر و بەسەر کەسانی گەوج و گەندەڵی وەک جۆرج بوش و دیک چینیدا باری.)ل٢٠٠ کەچی دەسەڵاتدارانی عەرەب پێیان وایە: (ئەو دەسەڵاتدارەی دژایەتی ئەمریکا بکات، وەک ئەو گەوجە وایە کە سەری دەخاتە ناو دەمی شێرەوە.)ل٤١٨



لە ڕۆمانی شیکاگۆدا، بەرەو ڕووی ڕستە و پەرەگرافی وا دەبینەوە کە ئەستەمە لە بیرمان بچنەوە، لەوانە: (ئامار ڕێگەیەکی ڕاستگۆیانە بۆ بینینی جیهان، ئامار زانستی لۆگیکە لە سەروەختی فڕیندا بە هەردوو باڵی خەیاڵ و ژمارە.)ل١٨٥ یان: (ژیان لە ئەمریکا، وەک میوەی خێوەتە شووشەییەکان وایە، جوان و گەورەیە، وەلێ بێتامە.) یان: (دڵی نەشتەرکاری ڕاستەقینە لە دڵی شێر و چاوی لە چاوی هەڵۆ و پەنجەی لە قامکی ژەنیاری پیانۆ دەچێت.) ل٢٤٥ یان: (ئەوانەی لە بەردەم هەڕەشەی مەرگدان، ئارەزوویان بۆ سێکس بەجۆشترە و لە جووتبوون تێر نابن.) ل٣٠٥

سەبارەت بە (ژیانی سێکسی)یش لە ڕۆمانەکەدا زانیارییەکی زۆر هەیە، وەک: تا ساڵی ١٩٧٨یش وا دەزانرا، چووزرە ڕێواسەکە هەستناکترین شوێنی ژنە، وەلێ لەوە بە دواوە، بیری و ویلبز کە دوو زانا بوون، سەلماندیان کە لە دیواری پێشەوەی (زێ)دا، شوێنێک هەیە کە بە خاڵی جی G. spot ناسراوە، هەستناکترین جێی ژنە.ل٣٢٩ یان: (ئەگەر یەکسەر دوای ئۆرگازم حەزت کرد لەو ژنەی هاونوێنیت لەگەڵدا کردووە، دوور بکەویەوە، ئەوە نیشانەیە بۆ ئەوەی ئەو ژنەت خۆش ناوێت. پێچەوانەکەیشی ڕاستە، گەر دوای ئۆرگازمیش هەر پێت خۆش بوو، دەست لە ملانی بیت، ئەوە نیشانەیە بۆ ئەوەی خۆشت دەوێت.)ل٣٤٦ سەبارەت بە خواردنەوەیش دەنووسێت: بۆ ئەوەی لەو ژانەسەری بە هۆی خواردنەوەی دوێنێوە تووشت بووە، ڕزگارت ببێت، ئەمڕۆ یەک دوو پێک بخۆرەوە! ئەوە نییە ئەبو نەوواس دەڵێت: (بەو دەرمانە چارەسەرم بکە کە خۆی دەردە.) ئەو یەک دوو پێکەی ئەمڕۆ تەنیا ژانەسەرەکەت لە کۆڵ ناکاتەوە، بەڵکوو کاریگەرییەتی شەرابەکەی دوێنێیش دەژێنێتەوە.

هەموو شارێک پڕە لە ناکۆکی، (ئەوی شیکاگۆ لە شارەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە هەمیشە ناکۆکییەکان لە لەوێ دەگەنە لوتکە.) شیکاگۆ ڕۆمانێکە کە لە خوێندنەوەی دەبیتەوە، هەست دەکەیت ئینسانێکی جوانتری لەو ئینسانەی کە پێش خوێندنەوەی ڕۆمانەکە هەبوویت. هەست دەکەیت مەبەستی ئینسان لە داهێنانی ئایین، زاڵبوون بووە بەسەر ترسدا. هەست دەکەیت نیشتمان ئەو تاقە ژنەیە ئەگەر نائومێدیشمان بکات، تەنانەت ئەگەر ناپاکیشمان لێ بکات، هەر خۆشمان دەوێت. هەست دەکەیت، وەک چۆن خووی نهێنی زادەی چەپاندنی سێکسییە، توندڕەویی ئایینیش زادەی چەپاندنی سیاسییە. هەست دەکەیت ئینسان پێویستە بێدەنگ بێت، دەبێت تەنیا ئەو وەختە بدوێ کە شتێکی پێیە بۆ گوتن دەلوێ.

٢٠٠٧/١١/٢٢

(*) علاء الأسواني، شيكاجو، الشركة المصرية للنشر العربي و الدولي، دار الشروق، الطبعة الثامنة ٢٠٠٧ القاهرة.



# دوو ڕۆمانی پاولۆ کۆیلۆ

## ١

## خەون و سەفەر

فێر بە کە ڕۆمانێک بەسەر دەکەیەوە، کورتی مەکەوە! ئاخر ئەوی ڕۆمانەکەی خوێندووەتەوە، پێویستی بەو کورتکردنەوەیەی تۆ نییە. ئەویشی نەیخوێندووەتەوە بەو کورتکردنەوەیەی تۆ لێی تێناگات، ئەمانە وێڕای ئەوەی، کورتکردنەوەی ڕۆمان و تەنانەت هی چیرۆکیش، ئەگەر نەڵێم ناپاکییە، ئەوا لای کەم غەدرێکی گەورەیە لە دەقەکەی دەکەین. بۆیە دەڵێم کورتی مەکەوە، ئاخر هەموو ڕۆمانێک هیچ نەبێت، پەیامێکی پێیە، بە کورتکردنەوەی، پەیامەکەیشی دەبێتە قوربانی. جاران کە ڕێگەی دیکە نەبوو، ئینسان بە هۆی حەکایەت و داستانەوە، ئەزموونی گەلان و نەوەکانی پێشووی پێ دەگەییشت، هەنووکە هەرچەندە ڕێگەی دیکە زۆرە، وەلێ ڕۆمان بۆ گوێزانەوەی کولتووری گەلان، هەمان بایەخی جارانی داستانی هەیە.

وەک دیوی دەرەوە، (سانتیاگۆ)ی قارەمانی ڕۆمانی (کیمیاگەر)ی پاوڵۆ کۆیلۆ، بە دوای دۆزینەوەی گەنجینەیەکدا وێڵە، وەلێ ڕاستییەکەی ئەو گەنجینەیە، پاساوێکە و هیچی دیکە، ئاخر پەیامی پاوڵۆ کۆیلۆ لەو ڕۆمانەیدا، هاندانی ئینسانە بۆ تێکۆشان لە پێناوی جوانترکردنی ژیاندا، نەک گەڕان بە دوای زێڕدا. کیمیاگەر دووەمین

ڕۆمانی پاولۆ کۆیلۆیە، ئەو گەرچی نۆ ڕۆمانی نووسیوە، وەلێ هیچیان هێندەی کیمیاگەر، دەنگیان نەداوەتەوە. من هۆکاری دەنگدانەوەی ئەم ڕۆمانەی بۆ ئەوە دەگێڕمەوە کە هەر ڕۆمانێکی مۆدێرن نییە، بەڵکوو هاوزەمان داستانێکیشە و بۆن و بەرامەی (سەردەمی منداڵیی مرۆڤایەتیی) لێ دێت و وا هەست دەکەین شاگردێکی لێهاتووی هۆمیرۆس نووسیویەتی.

خەون لە ڕۆمانی کیمیاگەردا، ڕۆڵێکی گرنگ وازی دەکات، ئاخر خەون زمانێکی ئاسمانییە و ڕووی دەمی لە ڕۆحی ئینسانە. زمانی خەون، تاقە زمانێکە کە ڕۆح دەدوێنێت و بێجگە لە خۆت کە خەونەکەت بینیوە، کەسی دیکە لەو زمانە تێناگات. ئینسان دوو جۆرە، هەیانە تەنیا خەون دەبینێت و هیچی دیکە، هەیانە تەنیا خەون نابینێت، بەڵکوو هەوڵیش بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی دەدات. هەیانە پێی وایە، چی لە نێوچاوانمان نووسرابێت، ئەوەیە چارەنووسمان، هەیانە ئەوە خۆیەتی چارەنووسی خۆی دەستنیشان دەکات. ئەوە ترسە لە نسکۆ، وا دەکات، بەدیهاتنی خەونەکانمان وەک مەحاڵ وابێت، بۆیە پاولۆ کۆیلۆ فێرمان دەکات، لە شکست نەترسین و ڕێی بە واقیعکردنی خەونەکانمان بگرینە بەر. خەون کارێک دەکات، سانتیاگۆ، لە ئیسپانیاوە بەرەو بناری پیرامیدەکانی میسر بەڕێ بکەوێت. **ئەوە گرنگ نییە، کوێ ڕووناک دەکەیەوە، گرنگ ئەوەیە مۆمێک لە نێو دڵتا بگرێت**. پاولۆ کۆیلو گەرچی لە بەرازیل لە دایک بووە، وەلێ ڕاستییەکەی هاووڵاتییەکی گەردوونییە، ئەوە نییە، زەوینی ڕووداوەکانی ڕۆمانی (کیمیاگەر)ی هاوزەمان، ئەورووپا و ئەفریکایشە.



پاوڵۆ کۆیلۆ یەکێکە لەو نووسەرە دەگمەنانەی توانای ئەوەی هەیە، گۆڕانی ڕیشەیی لە بیرکردنەوە و ڕەوتاری خوێنەردا، بەرپا بکات، ئاخر ئەو نایەت بە شێوەیەکی ڕووکەش، ئارەزووەکانی خوێنەر بورووژێنێت، دێت قسە لەگەڵ قووڵترین جێی ڕۆح و ناخی دەروونی ئینساندا دەکات. من دڵنیات دەکەم، تۆ **بچۆ ڕۆمانەکانی پاوڵۆ کۆیلۆ بخوێنەوە، دوایی هەست دەکەیت، ئینسانێکی دیکەیت، ئینسانێکی جوانتریت**. ئەستەمە هیچ زانایەکی دەروونناس، هێندەی ئەو شارەزای دەروونی ئینسان بێت، ئەوە بۆیە زۆرن ئەو خوێنەرانەی وەک کتێبێکی پیرۆز، مامەڵە لەگەڵ ڕۆمانیدا دەکەن و پێیان وایە، ئەو تەنیا نووسەر نییە، بەڵکوو پەیامهێنێکیشە، پردێک لە نێوان زەوین و ئاسماندا هەڵدەچنێت. تاقە نووسەرێکی دیکەم پێ شک دێت، ئەویش ڕۆحی دەدواند، ئەویش کارێکی دەکرد، ئینسان هەست بە تەنیایی نەکات، ئەو نووسەرە جوبران خەلیل جوبران بوو.

ڕۆمانی کیمیاگەر سەفەرە، سەفەری درێژی بێ بڕانەوە، سەفەری پڕ لە ترس و تژی لە ئومێد. بە ڕاست ژیان خۆی، سەفەرێک نییە لە نێوان بێشکە و گۆڕدا؟ ئێمە بە هۆی سەفەرەوە، بە دابونەریتی گەلانی دنیا ئاشنا دەبین، هاوڕێی تازە پەیدا دەکەین و شتگەلی نوێ فێر دەبین. تۆ بڵێیت زیرەکیی قەرەج، زادەی ئەوە بێت کە بەردەوام سەفەر دەکەن؟ پاوڵۆ کۆیلۆ فێرمان دەکات، یان سەفەر نەکەین، یان کە کردمان، تا دوا وێستگەی سەفەرەکە بڕۆین. ئەو فێرمان دەکات، سەفەر بکەین و لە غەریبی نەترسین، ئاخر ئەوە (یوسف)ی غەریب بوو، میسری لە برسییەتی قوتار کرد. سەفەر بکەین و ترسمان لە دابڕان نەبێت، ئاخر درەنگ یان زوو، بە دیداری ئەوانە شاد دەبینەوە

کە خۆشمان دەوێن. **سەفەر بکەین و لە غەریبییەوە بە باڵی بادا، ماچ بۆ ئەوانە ڕەوانە بکەین، کە بیریان دەکەین، دڵنیا بین، ئەو بایە ڕۆژێک لە ڕووخسارییان دەدات.**

لە سەفەردا پێویستمان بە زمانی ئەو شوێنە دەبێت کە ڕووی تێ دەکەین، وەلێ گەر زمانی ئەو جێیەمان نەزانی، کارەسات نییە، ئاخر زمانێکی گەردوونی هەیە کە هەمووان لێی حاڵیی دەبن، ئەو زمانە، زمانی ئەوینە، کە جارێک زەردەخەنەیەکە و جارێکی دیکە ڕۆندکێک، یان دەشێت خۆی لە دوو نیگادا نمایش بکات، سەروەختێک کە لێکتر دەئاڵێن.

ئەوی فێری زمانی گەردوونی ببێت، شەیدای سەفەریش دەبێت، سەفەر دەکات و دەزانێت، هەمیشە کەسێک لە جێیەک چاوەڕێی دەکات، کەسێک کە هەر یەکەمین نیگا گیرۆدەی یەکدی دەبن و ئیدی نە ڕابردووی خۆیان بە لاوە گرنگ دەبێت و نە بیر لە داهاتوو دەکەنەوە، بەڵکوو وا هەست دەکەن، ژیانیان لە یەکەمین دیداریانەوە دەستپێ دەکات. ئیدی ئەو چرکەساتە، دەبێتە دەستپێکی چیرۆکی ژیان و ئەوینیان. ئیدی نە شەوانیان بێ تریفەی مانگ دەبێت و نە ماڵیان بێ ئاگردان، ئیدی هەموو شتێک لەبەر چاویان جوانتر لەوەی کە هەیە، خۆی دەنبوێنێت، ئیدی لە ڕوانگەی وانەوە، بیابان لە مێرگ دەچێت.

پاولۆ کۆیلۆ لە کیمیاگەردا فێرمان دەکات، لە جێیەکدا گیر نەخۆین، بچین هەموو دنیا تەی بکەین و دوای بەدیهێنانی خەونە مەزنەکەی خۆمان بکەوین. ئینسان بۆ ئەوەی بە نەمریی بمێنێتەوە، دەبێت، وێڵی دوای پەیداکردنی ئاو و بەرد بێت، ئاوی ژیان و بەردی حەکیمان،





ئاوێک کە نەمریمان بۆ دابین دەکات و لێ ناگەڕێت، نەخۆشیش بکەوین، بەردێک کە بەر هەر مێتاڵێک بکەوێت، دەستبەجێ دەبێت بە زێڕ. تاکوو کۆشش بۆ بەدیهێنانی خەونەکانمان نەکەین، لە ڕۆحی جیهان تێناگەین، تا لە ڕۆحی جیهان تێنەگەین، لە زمانی شتەکان حاڵیی نابین، ئاخر تەنانەت دڵۆپەئاوێک و دەنکەلمێکیش قسەیان هەیە بیکەن.

بە گوێرەی ئەفسانەیەکی سکەندەناڤیایی، ئودن کە خوداوەندی حیکمەتە، بە هۆی دوو داڵەکەی سەر شانەکانییەوە، کە بەیانیان هەڵدەفڕین، دەگەڕان، زانیارییان بۆ کۆ دەکردەوە و ئێواران دەهاتنەوە، ئاگای لە دنیا بوو، کیمیاگەریش کە کارەکتەرێکی گرنگی ڕۆمانەکەیە، بە هۆی هەڵۆکەی سەر شانییەوە، ئاگاداری نهێنییەکانی بیابانە. بیرم بۆ ئەوە دەچێت، پاوڵۆ کۆیلۆ لە خوڵقاندنی کارەکتەری کیمیاگەردا، ئیلهامی لەو ئەفسانەیەوە وەرگرتبێت. بە ڕاست ئەم ڕۆماننووسە جادووگەرە، بێ ئەوەی داڵێک لەسەر شانی هەبێت، چۆن وا لە نزیکەوە ئاگای کولتوور و میسۆلۆژیای گەلانی دنیایە؟

پاوڵۆ کۆیلۆ دەڵێت:

**(ئینسانی بەختەوەر کەسێکە کە خودای لە ناخیدا هەڵگرتبێت.**

**کەسمان ناتوانین لە دڵی خۆمان یاخی ببین، جا باشتر وایە هەر لە سەرەتاوە، گوێڕایەڵی یین.**

**کەس لەوە بەدوور نابێت کە لەژێر ئاسماندا ڕوو دەدات.**

**دەشێت لە ناخی مرواریییەکدا زەریایەک هەبێت.**

**ئەوی جارێک ڕووی دا، مەرج نییە دووبارە ببێتەوە، وەلێ ئەگەر دووبارە بووەوە، سێبارەیش دەبێتەوە.)**(*)

به ڕاست ئەگەر بەهای هەر یەکێک لەو گوتانە، گەوهەرێکیش بێت، هێشتا هەر هەرزان نییە؟

٢٠٠٨/٥/١٦

---

(*) باولو کویلو، الخیمیائي، ترجمة: جواد صیداوي، تدقیق لغوي: روحي طعمة، الطبعة الرابعة عشر، شرکة المطبوعات للتوزیع والنشر ٢٠٠٧ بیروت.

## ٢

## دڵم زەنگی مەترسی لێ دەدات

ئەوین ئەو وەختە دەگاتە لوتکە کە ئەوینداران لە یەکدی دوور دەکەونەوە، نەک ئەو کاتانەی پێکەوە دەبن. گوتەیەک هەیە دەڵێت: (ئەوی لەبەر چاوانە، لەبەر دڵانە،) کە دەکاتە ئەوەی، (ئەوی لە چاوەوە دوور بێت، لە دڵیشەوە دوور دەبێت.) ئەوە بۆچوونێکی تەواو هەڵەیە، ئەدی ئەوە نییە، ئینسان لە تاراوگەوە، نیشتمانی خۆی زێتر خۆش دەوێت و جوانترین ئەدەبێک کە بۆ خۆشویستنی نیشتمان نووسرابێت، لە مەنفاوە نووسراوە. ئەدی ئەوە نییە کە لە خۆشەویستەکەمان دوور دەکەوینەوە، هەر کەسێکی جوان ببینین، ئەومان وەبیر دێتەوە؟ بۆیە ئەو گوتەیە دروستە کە دەڵێت: (ئەوی چاو نایبینێت، دڵ دەیبینێت.) نەک دووری، هەرچی هێزی دنیا هەیە، ناتوانێت بەر بە خۆشەویستی بگرێت، بەڵام هێزی ئەوین، دەتوانێت لە چاوتروکاندنێکدا چی دەخوازێت، بیکات.

یازدە خولەک، وێڕای ئەوەی ڕۆمانێکی جوانی دیکەی پاوڵۆ کۆیلۆیە، سەبارەت بە سێکسیش زۆر زانیاریی ورد و پێویستی تێدایە. لە ناخی



هەموو کەسێکدا دڕندەیەک هەیە، تکایە بۆ ئەوەی لەو دڕندەیەی لە ناختدا هەیە ڕزگارت ببێت، بچۆ ڕۆمانەکانی پاوڵۆ کۆیلۆ بخوێنەوە! هەرچەندە بابەتی یازدە خولەک، دیاردەی سێکسفرۆشییە، کەچی کۆیلۆ لەبری ئاوێزانبوونی دوو جەستە، زێتر باس لەوە دەکات کە چۆن دوو ڕۆح دەست لە ملی یەکدی دەکەن. لە یازدە خولەکدا هەست دەکەین، کارەسات ئەوە نییە ئینسان پاکیزەیی جەستەی لە کیس بچێت، ئەوە کارەساتە کە پاکیزەیی ڕۆح لە دەست بدات و ترسناکترین شتێک کە دووچاری سێکسفرۆش دەبێت ئەوەیە، هەست بەوە دەکات لە خۆی نامۆ بووە.

یازدە خولەک پێمان دەڵێت: هەموو ڕۆژێک وەها بژی، وەک ئەو ڕۆژە، یەکەمین و دوا ڕۆژی ژیانت بێت. مادام توانای بە تەنیا ڕۆییشتنت هەیە، بۆ کوێ دەچیت، بچۆ! بکەوە دوای دۆزینەوەی گەنجینەکەی خۆت. گەش بیر بکەوە! یان هیچ نەبێت، گرامشی گوتەنی: (ئەگەر وەک بیر گەشبین نیت، وەک ویست گەشبین بە!) سەرچڵ بیت، باشترە لەوەی ترسنۆک بیت، چش با دووچاری نسکۆ ببیت، گرنگ ئەوەیە هەڵبسیتەوە. بە بەشی خۆت قایل مەبە! هەمیشە خەو بە شتی جوانترەوە ببینە! گەنجینە شتێک نییە لە دەرەوەی ئینسان، لە ناخی ئینساندا خۆی حەشار داوە، گەنجینە ئەو ئاواتەیە کە کەسێک دەیەوێت پێی بگات، ئەگەر هەوڵی بۆ جێبەجێکردنی دا، ئەوا دەیدۆزێتەوە.

ئەوە ڕاست نییە ئەگەر پێمان وابێت، ژیان هەموو دەرگەکانی بە ڕووی هەموو سێکسفرۆشاندا داخستووە و لە ناچارییەوە، هانایان بۆ ئەو ئیشە بردووە. نابێت لێ گەڕێین قەدەر شێوازی ژیانمان بۆ دیاری

بکات، دەبێت بڕیاری دیاریکردنی چارەنووسی خۆمان بە ویستی خۆمان بێت. چونکە لە ناخی هەموو سێکسفرۆشێکدا ژنێکی دیکە هەیە، خەون بە ماڵ و منداڵەوە دەبینێت، بۆیە وەک چۆن ئەوانەی ئالوودەی ماددەی هۆشبەر دەبن، هەمیشە دەڵێن، لە کاتی پێویستدا دەستبەرداری ئەو خووە دەبین، سێکسفرۆشانیش هەر هەمان شت دەڵێن، وەلێ چ ئالوودەبووان و چ سێکسفرۆشان، مەگەر تاکوتەرایان ئەو بڕیارەیان بۆ جێبەجێ بکرێت.

(ئینسان لە سەرەتادا، وەک هەنووکە نەبوو، هەر یەک ئینسان، دوو جەستەی پێکەوە لکاو بوو، هەم نێریش بوو، هەم مێ. ڕۆژێک بە زەبری بروسکەیەک، هەموو ئەو ئینسانانە دوو لەت بوون و یەکێکیان بوو بە دووان، بە نێرێک و بە مێیەک. ئیدی لەوساوە، هەر لەتە و بۆ لەتە بزربووەکەی خۆی دەگەڕێت، تا توند توند باوەشی پێدا بکات و پێکەوە بە گژ مەترسییەکاندا بچنەوە. ئەم لە دووی لەت گەڕانەیە کە پێی دەڵێین سێکس.) پاولۆ کۆیلۆ بۆ ئەوین هانمان دەدا، نەک بۆ سێکسکڕین یان فرۆشتن، ئەوەتا دەڵێت: (نە سێکسکڕ هەست بە شادی دەکات و نە سێکسفرۆش، ئاخر سێکسکڕ شتێک بە پارە دەکڕێت کە دەبوو بە خۆڕایی دەستی بکەوێت، سێکسفرۆشیش شتێک بە پارە دەدات کە دەبوو بە ئارەزووی خۆی، بێ بەرانبەر بیبەخشێت.)

**(ئەوانەی بە ڕۆحم ئاشنا بوون، نەیانتوانی جەستەم بێدار بکەنەوە، ئەوانەشی جەستەیان ورووژاندم، نەیانتوانی بگەنە قووڵایی ڕۆحم. ئەوە تەنیا تۆی بە نهێنی، دزئاسا دێیتە ناخمەوە، وەلێ کە دەڕۆیت، هیچ لەگەڵ خۆت نابەیت، بۆنێکی خۆش جێ دەهێڵێت.)** پاولۆ کۆیلۆ ئەو شتانە دەڵێت کە خۆی پێیانەوە سەرقاڵە، نەک ئەو شتانەی کە



خەڵکی پێیان خۆشە گوێیان لێی بێت. نووسەر هەیە کارێک دەکات، واقیعمان وەبیر بێتەوە، هەیە بۆ خەونبینین هانمان دەدات، لایەنی هەرە گرنگی ڕۆمانی پاولۆ کۆیلۆ ڕەنگە ئەوە بێت کە خوێنەر بۆ بینینی خەون هان دەدات. ئەگەر کۆمەڵگە لە هەڵەکانمان ببوورێت، بەوە ناچارمان دەکات، ئێمەیش لەبری قین، خۆشەویستی ببەخشینەوە. دەشێت ئەوە یەکێک بێت لەو پەیامانەی ڕۆمانی (یازدە خولەک) دەینێرێت.

هەرچەندە یازدە خولەک، ڕۆمانێکە بە هەموو مانای وشەکە هونەری، وەلێ گەلێک زانیاریی وردیشی سەبارەت بە سێکس تێدایە، لەوانە: ئەو (گۆپکە)یەی کە لە قاتی سەرەوەی بەردەرگای (زێ)دایە و نالی پێی دەگوت (چووزەرە ڕێواس)، لە ساڵی ١٥٥٩دا پزیشکێکی ئیتالیایی کە ناوی ڕۆناڵدۆ کۆڵۆمبۆ بوو، دۆزییەوە و دوو ساڵ دواتر بە فەرمی ددان بە هەبوونیدا نرا، ئەو گۆپکەیە جێیەکی زێدە هەستناکی ئافرەتە و شوێنێکیش کە دەکەوێتە بناری گۆپکەکەوە و بە خاڵی G ناسراوە، هەستناکترین شوێنی چووزەرە ڕێواسەکەیە و هێندە زۆر نییە، ئەو خاڵە دۆزراوەتەوە. گۆپکەیش وەک ئەندامی نێرینە، ڕەپ دەبێت و بە دەستدان لە دەوروبەری، مێ چێژی پێ دەگات، وەلێ دەستدان لە سەری گۆپکەکە، ئازاربەخشە. تا سەدەی نۆزدەیەم لە ئەورووپایشدا، مێینە خەتەنە دەکرا، ئاخر پێیان وابوو، بە هۆی ئەو گۆپکەیەوە، ژن تووشی هێستریا و نەزۆکی دەبێت و تەنانەت ناپاکییش لە مێردی دەکات. (فرۆید)ی دامەزرێنەری زانستی دەروونشیکاری، پێی وابوو، چێژی سێکسی لە ڕێی ئەو گۆپکەیەوە، بەرەو زێ شۆڕ دەبێتەوە.

سێکسفرۆشتن کە وەک دەڵێن دێرینترین پیشەیە، لە هیچ پیشەیەکی دیکە ناچێت، ئاخر ئەوی تازەکی دەستی پێ کردووە، دەستکەوتی زێترە لەوانەی ئەزموونێکی درێژیان لەو بوارەدا هەیە. سێکسفرۆش سێ جۆرە، هەیە کۆیلەی دەڵاڵێکە، هەیە لەسەر شەقامێک چاوەڕێی کڕیارە و هەیە هاوڕێ و هاوسەفەری خاوەنکارانە. سێکسفرۆشی سەرکەوتوو، ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو دەکات:

* ناکەوێتە داوی ئەوینی سێکسکڕانەوە.
* پێشەکی هەقی خۆی وەردەگرێت.
* بوار نادات کڕیار بێ لاستیک توخنی بکەوێت.
* سەروەختی ئیش مەی ناخواتەوە.
* پێبەندی کاتی ژووان دەبێت.
* هەرگیز هانا بۆ ماددەی هۆشبەر نابات.
* ڕێز لە پێوەندیی ژنومێردایەتیی سێکسکڕ دەگرێت و گوێ بۆ قسەکانی ڕادەدێرێت.
* سلاو لە پۆلیس دەکات.
* هیچ کڕیارێک ڕاناموسێت، چونکە ڕامووسان پیرۆزیی خۆی هەیە و شتێکە تایبەت بەو کەسەی کە خۆشی دەوێت.
* بەو مەبەستەی ڕۆحی خاوێن ڕابگرێت، دوای هەر سێکسفرۆشتنێک خۆی پاک پاک دەشوات.
* ڕۆژانە لە ناخی خۆی دێتە دەرەوە و لە دوورەوە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە، سەرنجی خۆی دەدات!

پیاویش سەیرە، چەند بوێریش بێت، هێشتا دەشێت لە ژنێک بترسێت و بۆی بە چۆکدا بێت. لەوەیش سەیرتر ئەوەیە، پیاوی



سێکسکڕ هەمیشە دەترسێت و هەست بە شەرمەزاریش دەکات، کە دەبوو سێکسفرۆش زێتر بترسێت و زێتر هەستی شەرمەزاری دایبگرێت. ترسی هەرە گەورەی پیاو، ئەوەیە کە سێکسی پێ ئەنجام نەدرێت. ڕەنگە بەشێک لەو هەست بە شەرمەزاریکردنەی پیاوی سێکسکڕ زادەی ئەوە بێت کە هەست دەکات، سێکسفرۆش دەشێت لە ناچارییەوە، ئەو کارە بکات، وەلێ ئەمی سێکسکڕ ناچار نییە، هانا بۆ ئەو ڕێگەیە ببات. پێم وایە سێکسکڕ و سێکسفرۆشیش هەموو کەڕەتێک ویژدانیان کەم یان زۆر ئازاریان دەدات. زێتر ئەوە تەنیاییە، پیاوان بۆ کڕینی سێکس هان دەدات، ئاخر ئینسان، بێجگە لە تەنیایی، بەرگەی هەموو شتێک دەگرێت.

چێژ لە سێکسدا نییە، لەو پەرۆشییەدایە کە سێکسی پێ دەکرێت، پەرۆشییەک کە لە ناخی ئینسانەوە هەڵدەقوڵێت و ئەو چێژە هیچ پێوەندییەکی بەو (یازدە خولەک)ەوە نییە، کە گوایە بۆ ئەنجامدانی سێکس پێویستە، بەڵکوو ئەو چێژە بەردەوامیی هەیە و نەک چەندان سەعات و بەڵکوو ڕەنگە چەندان ڕۆژیش بخایێنێت. مووچڕکەی خۆشی کە ئۆرگازمە، تەواو وەک ئەوە وایە، ئینسان بە هۆی چەترێکی گەورەوە، بە هێمنی لە ئاسمانەوە بەر ببێتەوە.

سێکس بایەخێکی وەهای هەیە، یەکێک لە دروشمەکانی شۆڕشی مایۆی ١٩٦٨ی فەرەنسا، داواکردنی ئازادیی سێکسی بوو. ئوگەستینی پیرۆز دەیگوت: (ئێمە دەتوانین بەردەوام خۆشەویستی بکەین، وەلێ بە ژنهێنان پیاو ئاوەزی لەکار دەکەوێت.) سارتەر هەرچەندە پیاوێکی هەستناک بوو، گەرچی لە هەموو بوارێکدا چالاک بوو، وەلێ لە بواری ڕاپەڕاندنی کردەی سێکسدا، تەواو سست و

بێتوانا بوو. میشیل فۆکۆ و ڕۆڵاند بارت دوو بیرمەندی مەزن بوون، گەرچی دەنگۆی ئەوە هەیە هومۆسێکسوێڵ بووبن. (ماریا)ی قارەمانی یازدە خولەک، کە بۆ پارە بەشداری لە کردەی سێکسدا دەکات، ناگاتە لوتکەی چێژ، بۆیە بۆ گەییشتن بەو خۆشییە، هانا بۆ دەست و قامکی دەبات، ئەوە قسەیەکی شای فەیلەسووفان، (کارڵ مارکس)مان وەبیر دێنێتەوە کە دەیگوت: (جیاوازیی نێوان فەلسەفە و واقیع، وەک جیاوازیی نێوان، خووی نهێنی و جووتبوون وایە.)(*)

پیاو کە سێکس دەکڕێت، تەنیا لەبەر ئەوە نییە، مووچڕکەیەکی خۆشی بە جەستەیدا تێبپەڕێت، بەڵکوو ئەوە گەڕانە بە دوای بەختیاریدا، لەو دەرگایەی پێ دەدات. سێکسکڕینیش وەک هەر ماددەیەکی هۆشبەر، بۆ هەڵاتنە لە واقیع و لەبیربردنەوەی کێشەکان. سێکسکڕینیش تەواو وەک ماددەی هۆشبەر زیانبەخشە و وێرانکەر. هەیە تا ئازاری ئەوی دی نەدات، چێژی پێ ناگات، هەیە تا ئازار نەدرێت، چێژ وەرناگرێت، ئەمیان سادیستە و ئەویان مازۆشیست. سوارچاکانی ئەدەبی ڕۆمانتیک پێیان وایە، ئینسان بێ ئەوین، هەرگیز بە لوتکەی چێژ ناگات، زۆرن ئەوانەی وای بۆ دەچن، پیاوان تەنیا بۆ ئەو یازدە خولەکە دەژین، کە سێکسی تێدا دەکرێت.

ئەو (خاولی)یە (bandage) گچکەیەی ئافرەت سەروەختی خوێن لەبەر ڕۆییشتنی مانگانە هانای بۆ دەبات، پاولۆ کۆیلۆ پێی دەڵێت: سەرینی بووکەشووشە. لە کن وی، واقیع و ئەفسوون بە جۆرێک یەکتریان لە ئامێز گرتووە، هەست بە سنووری نێوانیان ناکرێت. ئەو داوامان لێ دەکات، لەگەڵ خودی خۆماندا ڕاستگۆ بین و هەرگیز خۆمان زیرەکتر لەوەی هەین، نیشان نەدەین. لایەنێکی بۆ خوێنەری



کورد گرنگی ڕۆمانی یازدە خولەک ئەوەیە، چەند جارێک باسی کورد، وەک میللەتێکی وڵات داگیرکراوی بێ دەوڵەت، دەکات کە لە ژنێڤ، کاتێک پلەی گەرما لە سفرەوە نزیکە، بۆ داکۆکیکردن لە کێشە ڕەواکەیان، خەریکی خۆپیشاندانن.

٢٠٠٨/٥/٢٩

Paulo Coelho, Elva minuter, Översättning: Örjan Sjögren, Bazar Förlag AB, Fjärde tryckning 2006 Finland.

---

(*) عبدالله کرمون، کیف یمارس الفلاسفة الجنس؟ ٢٠٠٨/٥/٢٥ إيلاف.

## دوو ڕۆمانی یۆستاین گاردەر

١

کچێک لە پرتەقاڵ

ئاشقان هێندە بە قووڵی لە چاوی یەکدی ورد
دەبنەوە، ناخی ڕۆحی یەکتری دەبینن.
ڕۆماننووس زێتر باسی بوون دەکات نەک ژیان،
زێتر سەرقاڵی ڕامانە، نەک نووسین.

کچەی پرتەقاڵ، ڕۆمانێکی نووسەری ناسراوی نەرویژی، (یوستین گاردەر)ە، بەهرۆز حەسەن لە دانمارکییەوە کردوویە بەکوردی، بێ ئەوەی پێمان بڵێت، کێ ڕۆمانەکەی لە نەرویژییەوە کردووە بە دانمارکی! چونکە دوازدە ساڵێک بەر لە ئێستا ڕۆمانە هەر ناودارەکەی یوستین گاردەر، (دنیای سۆفی)م بە سوێدی خوێندبووەوە، بە تاسەوە، دەستم بە خوێندنەوەی (کچەی پرتەقاڵ)یش کرد. دەشێت دنیای سۆفی تاقە کتێب بێت، کە هاوکات، هەموو مەرجەکانی ڕۆمانێکی سەرکەوتووی تێدا بێت و مێژووی فەلسەفەیش بگێڕێتەوە. من گەلێک کتێبم دەربارەی فەلسەفە خوێندووەتەوە، وەلێ هیچ کامیان هێندەی دنیای سۆفی، نەیهەژاندووم.

وەک چۆن دنیای سۆفی، ڕۆمانێکە لە هیچ ڕۆمانێکی دیکەی ناچێت، ئاخر پێشتر ڕۆمانێک نەنووسراوە، دیرۆکی فەلسەفەی گێڕابێتەوە،



کچەی پرتەقاڵیش، ڕۆمانێکی دیکەی گاردەرە کە لە هیچ ڕۆمانێکی دیکە ناچێت، ئاخر پێشتر، ڕۆمانێک نەنووسراوە، باوکێک نیوەی نووسیبێت و کوڕەکەی دوای مردنی باوکی، تەواوی کردبێت. دەزانم هەردوو بگێڕەوەی ڕۆمانەکە، باوک و کوڕەکەی، خەیاڵی بەپیتی گاردەر ئەفراندوونی، بەڵام مەبەستم ئەوەیە، هێندەی ئاگاداریی من، پێشتر هیچ ڕۆماننووسێک ئەو تەکنیکەی تاقی نەکردووەتەوە. لایەنێکی هاوبەشی دنیای سۆفی و کچەی پرتەقاڵ ئەوەیە، هەردوو ڕۆمانەکە وەها نووسراون، کوڕ و کیژی جوانکە، لاوان و بەساڵداچووانیش چێژیان لێ وەردەگرن. ئەفسوونی شێوازی نووسینی گاردەر لەوەدایە، بە شێوازێک دەنووسێت، بۆ کیژۆڵە و کوڕیژگە سەخت نییە، وەلێ هاووەخت بۆ هەموو ئەوانەشی تەمەنیان هەڵکشاوە، هێندە ئاسان نییە بە ساکاری تێ بگەن. لایەنێکی دیکەی هاوبەشی نێوان دنیای سۆفی و کچەی پرتەقاڵ ئەوەیە، ڕۆمانی یەکەمیان پشت بە کۆمەڵە نامەیەک دەبەستێت کە بۆ سۆفی پۆست دەکرێن و تەلاری ڕۆمانی دووەمیشیان لەسەر بناغەی نامەیەک ڕۆ نراوە، کە باوکێک لە سەرەمەرگدا بۆ کوڕەکەی نووسیوە. ئەوەیش هەر جێی سەرنجە وەک چۆن قارەمانی سەرەکی، دنیای سۆفی کچێکی پازدە ساڵانەیە، کەسی سەرەکی، کچەی پرتەقاڵیش، هەمان تەمەنی هەیە.

لە تەواوی بەرهەمی گاردەردا، داوێکی سوور درێژەی هەیە کە بریتییە لە ورووژاندنی پرسیاری گرنگی بنچینەیی وابەستە بە ژیانەوە، لە بابەتی: من کێم؟ من بۆچی دەژیم؟ گاردەر هەوڵ دەدات، وەڵامی نوێ بۆ ئەو پرسیارە دێرینانە بدۆزێتەوە. ئەو پێی وایە، بۆ ئەوەی خۆمان وەک ئینسان بناسین، پێویستە شتێک لە مێژووی مرۆڤایەتی، لە سێ هەزار ساڵی ڕابوردوودا بزانین. گاردەر کارێک دەکات، ترسمان لە فەلسەفە بشکێت، ئاخر ئەو بە شێوازێکی ئاسان،

پێمان دەسەلمێنێت، ئەوە فەلسەفەیە ڕێمان بۆ خۆش دەکات، بیر بکەینەوە، ئەوە فەلسەفەیە بەرچاومان ڕۆشن دەکاتەوە، وزەی هەنگاونان و توانای دەستپێشخەریکردنمان پێ دەبەخشێت. بە هۆی گاردەرەوە دەزانین، ئەوە فەلسەفەیە کە پێمان دەڵێت: بە هەند نەگرتن و پشتگوێخستنی کێشەکان، زادەی ئازایەتی نییە، ڕاکردنە لە بەرپرسیاری و ڕەنگدانەوەی ترسنۆکییە. بە هۆی بەرهەمی گاردەرەوە کە خۆی ئوستادی ئایینە، فێری ئەوە دەبین: هەموو ئینسانێک، بە چاوپۆشین لەوەی پێڕەوی کام ئایین دەکات، هەمان بەهای هەیە و نابێت لەژێر گوشاردا، ئەم بیر یان ئەو باوەڕ، بەسەر هیچ کەسێکدا بسەپێنین، ئاخر ئەوی لەژێر گوشاردا، ئایینێک یان فیکرێک پەسەند بکات، لەژێر گوشارێکی دیکەدا لێی پاشگەز دەبێتەوە.

نووسەری بەتوانا، لە کورتی دەیبڕێتەوە و تەنیا باسی شتە گرنگ و سەرنجڕاکێشەکان دەکات، ئاخر ئەگەر خوو بداتە درێژدادڕی و هەر چی وردەکاریی بێزارکەر و بێبایەخیش هەیە، بەسەریان بکاتەوە، خوێنەر وەڕز دەبێت و هیچ پەرۆشی و تاسەی، بۆ درێژەدان بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە نامێنێت. گاردەر دەرکی بەو ڕاستییە کردووە، بۆیە دەڵێت: (لە هیچ ڕۆژنامەیەکدا، باسی ئەوانە ناکرێت کە بیتاقەی یانسیبیان بۆ دەرنەچووە، تەنیا باسی ئەوانە دەکردێت کە بەخت یاریان بووە و بۆیان دەرچووە.)

جێی داخە بەهرۆز حەسەن، ئەو ڕۆمانە زێدەجوانە، دڵداری و فەلسەفییەی یوستین گاردەری کە بە هەق شیاوی ئەوەیە هەمووان بیخوێننەوە، بە کوردییە لاوازەکەی ناشیرین کردووە. گومانم لە هەموو ئەوانە هەیە کە بەسەر زمانی دایکی خۆیاندا زاڵ نین و بانگاشە بۆ ئەوە دەکەن، زمانێکی بێگانەیان کۆنترۆڵ کردووە! هەندێک جار زمانی



وەرگێڕ هێندە بەربادە، نەک کەڵکی نووسین و وەرگێڕان، تەنانەت بۆ ئەوەیش ناشێت، پێی بپەیڤێت. تەنیا بۆ نموونە:

* (بە ڕاستی سەرت سوڕمانم. ل٢٧) سەرسامت کردم، دروستە.
* ژیان شتێکی سەرسامە. ل٢١٠، سەیر یان سەرسووڕهێن، بۆ ئەو ڕستەیە، دروستە.
* (قارچکڕنین، ل١٠١) قارچک کۆ دەکرێتەوە.
* (بە شێوەیەکی هونەرئاسا. ل١١١) بە شێوەیەکی هونەری، دروستە.
* ڕەمبێکم، ل١٣٢، ڕەنگە، دروستە.
* هێشتام، ل١٤٢ هێشتا، دروستە.
* تشیلی ل٦٥، ئەفریقا ل٩٠ و پورتوغال. ل١٥٢، چیلی، ئەفریکا و پورتوگال، ڕاستن.
* سکەی قیتار، ل١٦١، ڕێی ئاسن، دروستە.
* برایانی گریمس، ل١٦٦ برایانی گریم، دروستە، ئەوەی کە (کۆ)یە، (برا)یە نەک گریم!
* بەتریق، ل١٦٧، پەنگوین، خۆشترە.
* لە ئەورووپا کەس ناڵێت: لە مانگی چواردا، یان لە مانگی دوازدەدا، هەمووان دەڵێن لە ئەپریلدا، یان لە دێسەمبەردا. ئاخر لەوێ منداڵ هەر لە کلاسی یەکی بنەڕەتییەوە، فێری ناوی مانگەکان دەکرێت. وەرگێڕ بە درێژایی ڕۆمانەکە، ناوی مانگەکان ناهێنێت، هەر ژمارەکانیان دەنووسێت!

٢٠٠٨/١/١٠

---

(*) یۆستاین گاردەر، کچەی پرتەقاڵ، وەرگێڕانی لە دانمارکییەوە: بەهرۆز حەسەن، چ. ڕەنج ٢٠٠٦ سلێمانی.

٢

## پیاسەیەک لە ئاسمان

هەموو کارێکی ئەدەبی پەیامێکی هەیە، ئەرکی ڕەخنەگر ئەوەیە: (١) ئەو پەیامە دەستنیشان بکات. (٢) وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: ئایا نووسەر یان شاعیر توانیویەتی بە شێوەیەکی هونەری پەیامەکەی بگەیەنێت؟ پەیامی ڕۆمانی (**لە ئاوێنەیەکی ئەفسووناویدا**)ی **یۆستاین** گاردەر لەم ڕستەیەدا خەست دەبێتەوە: (هەرگیز داوی پێوەندی لەگەڵ ئەو منداڵەی لە ناختدا دەژی، مەپسێنە!) نووسەرەکەی هێندە هونەرییانە ئەو پەیامەی گەیاندووە، خوێنەر سەروەختی خوێندنەوە، بە جۆرێک وابەستەی ڕۆمانەکە دەبێت، هەر دەڵێی جادووی لێ کراوە.

یۆستاین گاردەر کە پێش ئەوەی خۆی بۆ ڕۆماننووسین تەرخان بکات، مامۆستای فەلسەفە و ئایینیش بووە، فێری ئەوەمان دەکات هەم بیر بکەینەوە و هەم ڕێز لە شێوازی بیرکردنەوەی کەسان و گرووپگەلی دیکەیش بگرین. دەقی جوانیش چونکە تەواو وەک دەقی پیرۆز، هەڵگری کۆمەڵێک مانایە، چەندان لێکدانەوە هەڵدەگرێت و دەشێت ماناکان لەگەڵ یەکدیدا تەواو ناکۆکیش بن، ئەوە نییە بۆرخیس دەڵێت: (هەر کتێبێک لەگەڵ خۆیدا ناکۆک نەبێت، ناتەواوە.) بڕوابوون بە جیاوازی، دنەمان دەدات بە ڕێزەوە سەرنجی ئەوانی دی کە وەک ئێمە بیر ناکەنەوە، بدەین. ڕۆمانی یۆستاین گاردەر هەر دەڵێیت، گۆڕەپانی کۆبوونەوەی بیروڕا جیاوازەکانە، گۆڕەپانێک تێیدا بواری دەربڕین بە یەکسانی بۆ هەمووان، بە چاوپۆشین لە جۆری بیرکردنەوەیان، دابین کراوە.

هەر بزووتنەوەیەک، سیمای خۆی لەودیو ماسکی ئایینێکەوە



بشارێتەوە، بزووتنەوەیەکە بۆ فریودانی عەوام هاتووەتە کایەوە. ئەوانەی ئایین تێکەڵ بە سیاسەت دەکەن، ئیدی هەمیشە خۆیان پێ ڕاست و ئەوی دیکەیان پێ هەڵەیە، ئیدی لەبری ئەوەی لەگەڵ گەشەسەندنی واقیعدا ڕێ بکەن، دەخوازن، واقیع لە چوارچێوەی بۆچوونە دێرینەکانی خۆیاندا بەند بکەن، ئیدی لەبری ئەوەی واقیع بکەن بە پێوانە و لەبەر ڕۆشنایی واقیعدا، گۆڕانکاری لە بیروبۆچوونی خۆیاندا بکەن، دێن تێڕوانینی خۆیان دەکەنە پێوانە و هەوڵ دەدەن واقیع ناچار بکەن، ڕەدووی فیکری وان بکەوێت، کە ئەوەیان پێ نەکرا، چونکە خۆیان بە نوێنەری ویستی خودای مەزن دەزانن، ڕق لە دەوروبەریان هەڵدەگرن، خەڵکی بە زەندیق لە قەڵەم دەدەن و تەنانەت دەشێت هەوڵی پەڕاندنی ملی ئەم و ئەویش بدەن.

یاخیبوون، پێش ئەوەی هەوڵدان بێت بۆ ڕزگارکردنی کەسانی دیکە، کۆششە بۆ ڕزگارکردنی خود، تەنانەت خۆکوشتنیش ئەگەر لە پێناوی بە جوانی هێشتنەوەی ڕۆحدا بێت، جۆرێکە لە یاخیبوون. یاخیبوون یان نییە، یان ئەگەر هەبوو، ئەلبێر کامۆ گوتەنی (یاخبوونە لەو شتەی زۆربە بە تابووی دەزانن.) نووسەری یاخی، ئەوەی دەیڵێت، تازەیە و لە زمانێکی جواندا نمایشی دەکات، زمانێک نە توندە و نە بارگاوی بە جنێو. نووسەری یاخیبوو، چونکە کەسێکە ئازاد و کەوی ناکرێت، بۆیە هیچ دوور نییە، وەک سەمیر قەسیر، لەناکاو بکوژرێت. مەرگ کێشەیەک نییە، لوتکەی کارەسات وشکهەڵاتنی ڕۆحە، ئاخر ڕۆحی وشکهەڵاتوو، ئەستەمە ببوژێتەوە. کەسی ڕۆحوشک، کەسێکە خۆپەرست و بۆ گەیشتن بە مەرامە تایبەتییەکانی، سڵ لە گرتنەبەری ڕێگە پۆخڵەکان ناکاتەوە. کەسی ڕۆحوشکەوەبوو، کەسێکی گوناهە و

شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوە و تەنات بەخوڕ بۆ گریانیشە.

وەک چۆن لە تەواوی جیهاندا، هیچ دوو کەمانێک هەمان لەرینەوەیان نییە، دەنگی هیچ ئینسانێکیش لە دەنگی یەکێکی دیکە ناچێت. خودا توانای سەیر سەیری بەو زیندەوەرانە بەخشیوە کە خوڵقاندوونی، سەگ توانای ئەوەی هەیە، سەدان و بگرە زێتریش، بۆن لێک دی جودا بکاتەوە. هەندێک کەس نابینان، خودا توانای ئەوەی پێ بەخشیون، چاوەکانی ناوەوەیان کە لە یادەوەری و خەیاڵ پێک هاتوون، بخەنە کار، چاوی ناوەوە، هەر ئەو چاوەیە کە خەوی پێ دەبینین. خەونیش هەر وەک فیلم وایە، وەلێ جیاوازیی نێوان خەون و فیلم، ڕەنگە ئەوە بێت، لە خەوندا خۆمان هاوزەمان ئەکتەر و بینەری فیلمەکەین. هەموو ئەو چاوانەی کە ئێشە جوانەکانی خودا دەبینن، چاوانی خودان، ئاخر خودا خۆی خوڵقاندوونی، ئاخر چاو ئاوێنەی ڕۆحە و خودایش ڕۆحی ئینسانی کردووە بە هەواری خۆی. ئەمەیش لێکدانەوەیەکی سۆفییانەیە بۆ پێوەندیی پتەوی نێوان خالق و مەخلووق و یۆستاین گاردەر، هونەرمەندانە، ئەو پێوەندییەی بەسەر کردووەتەوە.

لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا، وێنەی فریشتەیەک هەیە، لە بەشی دووەمیدا، فریشتەیەکی (ڕاستەقینە) دەبێتە یەک لە دوو کارەکتەرە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکە. (لە ئاوێنەیەکی ئەفسووناویدا) نووسەری نەرویژی (یۆستاین گاردەر،) بەسەرهاتی کیژێکی نەخۆشی بچووک (سیسیلیا) دەگێڕێتەوە، کە هەر تەنیا مانگێک ژیانی لەبەردەمدا ماوە. منداڵێک کە لە ترسی مردن، (چاوەکانی لە دوو زەڕنەقووتەی بەجێماو دەچن) و (خودا بە تەنیا بەجێی ناهێڵێت ) و فریشتەیەک (ئاریل) بە





هانایەوە دەنێرێت. سیسیلیا حەز دەکات بە هۆی فریشتەکەوە لە نهێنییەکانی ئاسمان تێبگات و فریشتەکەیش وەک نموونە، تامەزرۆی ئەوەیە، بزانێت، ئایا ئینسان کە لە خوێن و گۆشت چێ کراوە، هەست بە هاتوچۆی خوێن بە ناو دەمارەکانیدا دەکات؟

گاردەر لەم ڕۆمانەشیدا کە هاوزەمان جێی بایەخی گەنجان و گەورەساڵانیشە، هەوڵ دەدات وەڵامی نوێی پرسیارە دێرینەکانی فەلسەفە بداتەوە. ئەو کارێک دەکات، سڵ لە فەلسەفە نەکەینەوە و بۆ بیرکردنەوە هانمان دەدات و وامان لێ دەکات، هەست بە بایەخی بیرکردنەوە بکەین. لە ڕوانگەی گاردەرەوە، بەهەشتی ڕاستەقینە، ژیانی سەردەمی منداڵییە، ئەوە بۆیە کە ئینسان هەندێک گەورە دەبێت، لە بەری داری زانیاری دەخوات و تۆزێک عەقڵ پەیدا دەکات، یەکسەر خودا لە بەهەشتی بەرینی خۆی دەری دەکات. خودا هێندە بەخشندە و دلۆڤانە، هەر کە لە دایک دەبین، دەستبەجێ وەک دیاریی لە دایکبوون، هەموو دنیامان پێشکەش دەکات، دنیا بە هەموو شتێکەوە، بە ئاسمان و بە زەوینەوە، بە خۆر و بە مانگەوە، بە ئەستێرە و بە ڕووبارەوە و بە دارستان و چیا و زەریاوە.

ئەوە ڕاست نییە کە دەڵێن، فلان کەس لە فیسار ڕێکەوتدا هاتە دنیاوە، ئاخر ئێمە نایەینە ناو دنیاوە، ئەوە دنیایە دێتە ناو ئێمەوە. هەر کە لە دایک دەبین، دنیا هێندە نوێ دەبینین، وا هەست دەکەین، تازەکی خودا لە خەڵقکردنی بووەتەوە. خودا منداڵی زۆر خۆش دەوێت، ئەوە نییە هەر کە لەدایک دەبێت، هەموو دنیای پێ دەبەخشێت، ئاخر منداڵ هێندە پاکژە، هەر لە فریشتە دەچێت، بۆیە پێویستە هەوڵ بدەین هەر بە منداڵی بمێنینەوە، یان هیچ نەبێت، هەرگیز پێوەندیی

لەگەڵ منداڵەکەی ناخی خۆماندا نەپسێنین. بەهەشت کە باخێکی بەرین بوو، هیچ ماقووڵ نەبوو چۆڵوهۆڵ بێت و منداڵێک نەبێت گەمەی تێدا بکات، ئەوە بۆیە خودا ئادەم و حەوای خوڵقاند، تا چاوشارکێی تێدا بکەن. کە ڕۆمانی لە ئاوێنەیەکی ئەفسووناویدای یۆستاین گاردەر دەخوێنینەوە، وەک ئەوە وایە لە ئاسمان پیاسە و لە بەهەشت چاوشارکێ بکەین.(*)

٢٠٠٨/٦/٥

........................................................................

(*)I en gåtfull spegel, Jostein Gaarder 1994



## "بەفر"ی ئۆرهان پاموک

"ئەوە هەڵەیە ئەگەر پێمان وابێت، هەر کە پیر بووین، ئیدی ناتوانین ئاشق بین، ڕاستییەکەی ئەو کاتە پیر دەبین کە دەست لە ئەوین هەڵدەگرین".

گابریل گارسیا مارکیز

"ئەگەر ئاوی هەموو ڕووبارەکان شیرینە،

ئەدی زەریا ئەو هەموو سوێرییەی لە کوێوە هێناوە؟"

پابلۆ نێرودا

(کامێرا چاوی مێژووە،)[١] دەشێت هەمان وێنە، بۆ نموونە وێنەی شارێکی خاپوورکراو، ئەم بۆ تۆڵەسەندنەوە هان بدات و ئەوی تر بۆ خەبات لە پێناوی ئاشتیدا. **ئۆرهان پاموک** لە ڕۆمانی **بەفر**دا فێرمان دەکات بە شێوازی نەرمونیان بە گژ توندوتیژیدا بچینەوە و بە چەکی پشتکردنە زەبروزەنگ، سەنگەر لە شەڕ بگرین، ئاخر سیگموند فرۆید گوتەنی: شەڕ تەنیا شار و گوند خاپوور ناکات، دەروونی ئینسان و بەها ئینسانییەکانیش وێران دەکات.

کارەکتەرەکانی ڕۆمانی بەفر، نە هیچ کامیان کاریزمان، نە هیچ کامیان کەسێکن لە کارتۆن، کەسانێکی ڕاستەقینەی لە هەست، بیر، گۆشت و خوێن خوڵقێندراون. کەسانێکن هاوزەمان سەرقاڵی کێشەن لەگەڵ خودی خۆیاندا و لەگەڵ دەوروبەرەکەشیاندا. زۆربەیان کەسانێکن نائومێد و پەراوێزخراو کە بە تاقی تەنیا بەرەو ڕووی

چارەنووسی دژواری خۆیان دەبنەوە. کەسانێکن لە واقیعێکدا دەژین، تاڵ و دژوار، هەر چی دەکەن، ناتوانن هیچی لێ بگۆڕن. کەسانێکن، چ وەک بیرکردنەوە و و چ وەک هەڵسوکەوت، کەسیان لەوی دیکەیان ناچێت، ئەمەیش بەڵگەیە بۆ ئەوەی، پاموک توانای خوڵقاندنی کەسانی نەمری هەیە.

پەروێز موشەڕەف دەستی لە پۆشاکە سەربازییەکانی هەڵگرت، وەلێ دەستبەرداری دەسەڵات نەبوو! بەعس بە شۆڕشێکی (سپی) دەسەڵاتی گرتە دەست، وەلێ بۆ ئەوەی دەسەڵاتی لە کیس نەچێت، عێراقی نوقمی (خوێن) کرد. هێشتا بۆم ساغ نەبووەتەوە، بەعس و ئیسلامی سیاسی، کامیان لەوی تریان دلۆڤانترە؟ ئاخۆ هیچ جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان (**عەودە**) و (**دەعوە**)دا هەیە؟ ئاخۆ ئەوە ڕێکەوتە کە تەنانەت لە هەمان کۆمەڵە حەرفیش پێک هاتوون؟ (**من هەمیشە ویستوومە وڵاتەکەم گەشە بکات و مرۆڤەکانی ئازاد و هاوچەرخ بن، بەڵام هەمیشە ئایینەکەمانم وا هاتووەتە بەر چاو کە دژی ئەم خواستانەیە.**)(۲) کە لە خوێندنەوەی ڕۆمانی بەفر بوومەوە، بەو سەرئەنجامە گەییشتم کە ئیسلامییەکانیش، ئیدی توندڕۆ بن یان نا، تەواو وەک بەعس کێیان بوێت تیرۆری دەکەن و تاوانەکەیش وەپاڵ بکەرێکی نەناسراو دەدرێت.

پاموک لە ڕۆمانی بەفردا هەوڵ دەدات پێمان بڵێت: دادپەروەری، یەکسانی، ئەوین، ئازادی و شکۆمەندیی ئینسان، بابەتگەلێکن نەمر، نە لە شوێنێکدا گیر دەخۆن و نە تایبەتن بە سەردەمێکی دیاریکراو، بەڵکوو بۆ هەموو کاتشوێنێک دەست دەدەن. **نیشتمان نە (کۆمەڵەشاخێکی سەخت و گەردنکەشە،)**(۳) **نە دەشتێکی بەرینی بەپیت، نیشتمان نە دۆڵ و ڕووبارە، نە دارستان و نێرگزەجاڕ، وڵاتێک**



**شیاوی ئەوەیە، پێی بڵێین نیشتمان، یەکسانی باڵی بەسەردا کێشابێت، تێیدا ئینسان هەست بە ئازادی بکات و شکۆمەندیی پارێزراو بێت.** ئینسان کە نیشتمانی خۆی جێ دەهێڵێت و لە تاراوگە دەگیرسێتەوە، نیشتمانی خۆی لە کیس دەچێت، وەلێ تاراوگە نابێت بە نیشتمانی، کە پاش ساڵانێکی دوورودرێژ بۆ زێدی خۆیشی دەگەڕێتەوە، هەست دەکات، ئەوی بۆی گەڕاوەتەوە، نیشتمانەکەی جاران نییە. وەک چۆن ئینسان ناتوانێت دوو جار لە هەمان ڕووباردا مەلە بکات، هەر وایش ئەوی نیشتمانی خۆی جێ هێشت، ئیدی جارێکی دیکە بە هەمان نیشتمان شاد نابێتەوە، با بۆیشی بگەڕێتەوە.

ئەگەر چی لە ڕۆمانی بەفردا، بەردەوام بەفر دەبارێت، وەلێ (قارس) ئەو شارەی سەکۆی بەسەرهاتەکانی ڕۆمانەکەیە، دەڵێیت گڕکانێکی تازەهەڵچووە. ئەدەبی دوای دووەمین جەنگی جیهانگرەوەی ئەڵمانیایی، ئەدەبی داروپەردووی پێ دەگوترێت، هەقە ناوی ئەدەبی بەفر و گڕکان، لەو ئەدەبەی ئۆرهان پاموک دەینووسێت، بنێین. **ڕۆمانی بەفر، فیلمێکە نەمر و شیعرێکە بازنەیی، نە سەرەتایەکی دیاریکراوی هەیە، نە کۆتایی پێ دێت، ڕۆمانێکە دەستپێکی لە کۆتایی و کۆتاییەکەی لە دەستپێک دەچێت، ڕۆمانێکە کارەساتگەلێک دەگێڕێتەوە کە هیچ لەوە ناچێت، کۆتاییان هەبێت.**

ڕۆمانی بەفر ئەگەر چی بە شێوازێکی ڕاستەخۆ بانگاشە بۆ ئیدۆلۆگییەک ناکات، وەلێ دەستبەرداری خەون و خەیاڵی ئینسانە پەراوێزخراوەکانیش نەبووە، ڕۆمانی بەفر ئەگەر چی تەمومژاوی نییە، وەلێ ڕووکەش و ساکاریش نییە. ئۆرهان پاموک بێ ئەوەی هانای بۆ ڕەمز یان ئەفسانە و داستان بردبێت، ئەگەر چی باسی ململانێی

سیاسی و فیکریشی کردووە، وەلێ خۆی لە ڕاستەخۆیی پاراستووە.

ڕۆمان ئەگەر چی دەقێکی ڕیالیست نییە، بەرهەمێکە لەسەر بناغەی خەیاڵ ڕۆ نراوە، وەلێ وێڕای زاڵبوونی خەیاڵ بە سەریشیدا، هەر جێی متمانەی خوێنەرە و توانای ئەوەی هەیە، ئەو هەستەمان لە کن دروست بکات کە ئەوی دەیخوێنینەوە، بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەیە، نەک زادەی خەیاڵ. **ڕۆماننووس ڕووداومان بۆ ناگێڕێتەوە، ڕووداومان بۆ دەخوڵقێنێت، ئاخر ئەرکی ئەوە نییە، ڕووداوی ڕاستەقینەمان بۆ بگێڕێتەوە، ئەرکی ئەوەیە ئەو وەهمەمان لە کن دروست بکات، ئەوی بۆمان دەگێڕێتەوە، ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە.**

نووسەری گەورە، نە دەبێتە کۆیلەی ئەم یان ئەو فیکر، نە مل بۆ ئەم یان ئەو پیرۆز کەچ دەکات و نە بە هیچ پاساوێکەوە، ئازادیی ئەوانی دیکە پێشێل یان زەوت دەکات. نووسەری گەورە دیلی زیندانی بیرێک نییە، بەردەوام بیر دەکاتەوە، هەمیشە لە گوماندا دەژی و هەرگیز بە یەقین ناگات. ئەنشتاین پێی وابوو، خەیاڵ لە مەعریفە گرنگترە. **ڕۆمان زادەی تێگەییشتنێکی مۆدێرن یان ڕەسەن نییە، زادەی خەیاڵێکی بەرین و بەپیتە.** هەقە نووسەر هەمیشە ئەو ڕاستییەی لە خەیاڵ بێت.

جێی خۆیەتی ئەو نووسەر و شاعیرە **ناسراو**انەی کورد کە ساڵانێکی دوورودرێژە سەرقاڵی وەرگێڕانن و خۆیان بە **پسپۆڕی** ئەو بوارە و **شاسواری** ئەو مەیدانە دەزانن، بە وردی وەرگێڕانە کوردییەکەی ڕۆمانی بەفری ئۆرهان پاموک بخوێننەوە، تا لە (بەکر شوانی)ی **گومناو** و **ئارەزوومەند** و **تازەسوار**ەوە، فێری زمانی پاراوی کوردی و هونەری وەرگێڕان بن.



هەڵەی گەورەی وەرگێڕ ئەوەیە، لێ گەڕاوە بەختیار عەلی پێشەکییەکی درێژی بێزارکەر بۆ ڕۆمانەکە بنووسێت، پێشەکییەکی لاواز کە زێتر خۆی لە کورتکردنەوەی ڕۆمانەکانی (پاموک)دا نمایش دەکات. تەنیا ئەوانەی هیچیان پێ نییە بۆ گوتن بشێت، بەو میتۆدە ڕۆمان و چیرۆک بەسەر دەکەنەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی پێشەکییە درێژە وەڕسکەرەکە، هێندە بە خێرایی بە لای ڕۆمانی بەفردا ڕەت بووە، خوێنەر وای بۆ دەچێت، پێشەکینووس کرۆکی باسەکەی فەرامۆش کردووە.

کە ساڵ و نیوێک بەر لە ئێستا، بە کورتەباسێک ڕۆمانی (ئاوریشم)ی (ئەلیساندرۆ باریکۆ)م بەسەر کردبووەوە، ئەوی کە (ئازاد بەرزنجی) لە فارسییەوە کردبووی بە کوردی و (بەختیار عەلی) پێشەکی بۆ نووسیبوو، بە پێشەکینووسم گوتبوو: (**دەبوو سەرچاوەکانی زانیارییەکانت دەستنیشان کردبا، ئاخر هیچ نووسەرێک مافی ئەوەی نییە، بەرهەمی ماندووبوونی نووسەرانی دیکە زەوت بکات و وەک بەری ڕەنجی خۆی بڵاوی بکاتەوە.**) لایەنی گەشی ئەو پێشەکییەی بەختیار عەلی بۆ (بەفر)ی نووسیوە، بریتییە لەوەی، ئەو تێبینییەی ساڵ و نیوێک لەمەوبەری بنووسی ئەم دێڕانەی ڕەچاو کردووە و ئەمجارە ئاماژەی بۆ ژێدەرەکانی زانیارییەکانی کردووە.

چونکە ڕۆمان بەرهەمی زمانە، بۆیە ئەو ڕۆماننووسەی زمانی پتەو نەبێت، نە بونیادی ڕۆمانی پتەو دەبێت و نە دەسەڵاتی بەسەر هونەری گێڕانەوەدا دەشکێت. ئەم تێزە بۆ شیعریش هەر دروستە، ئەوی زمانێکی جوان نەزانێت، بە چی وێنەی شیعریی بنووسێت؟ ئەگەر قەرارە، هاوکاریی نێوان پێشەکینووس و وەرگێڕ درێژەی هەبێت،

هەقە ئیدی بەختیار عەلی پێش ئەوەی نووسینی بۆ چاپ بنێرێت، پیشانی بەکر شوانیی بدات، تا هەڵە زۆروزەبەندە زمانەوانییەکانی بۆ ڕاست بکاتەوە.

به هۆی (بەفر)ەوە، دەگەینە ئەو سەرئەنجامەی، ڕۆمان گرنگترین ژێدەرە بۆ ئاشنابوون لەگەڵ کۆمەڵگەدا. بۆ ناسینی کۆمەڵگەی تورکیا، ڕۆمانی بەفر، کۆمەکێکمان دەکات، بە دەیان کتێبی بواری کۆمەڵناسی کە دەربارەی ژیانی کۆمەلایەتیی کۆمەڵگەی تورکیا نووسرابن، نیو هێندە بە هانامانەوە نایەن. ڕۆمانی بەفر، بە شێوەیەکی هێندە هونەری و بوێرانە بە گژ تیرۆر، عەسکەرتاریا، چەوساندنەوەی فیکری، سیاسی و نەتەوەییدا دەچێتەوە، بە هەق شیاوی ئەوەیە، وەک لوتکەی ئەدەبی بەرەنگاربوونەوە، ناوزەد بکرێت.

سەردار بەگ کە سەرنووسەری ڕۆژنامەکەی شاری قارسە، (بەردەوام لە پارێزگاوە، فەرمانی بۆ دێت، قولی کێ ببات بە دەمدا.)(٤) پاموک هەر دەڵێیت باسی ئێستای کوردستانی باشوور دەکات، ئاخر لای ئێمەیش، دەستڕۆییشتووی بواری ڕاگەیاندن هەیە، پێی وایە، ڕۆژنامەوانانی بەردەستی میلیشان، بۆیە هەر جارە و شەڕی لایەنێک، بلاکراوەیەک یان کەسێکیان پێ دەکات.

*

بۆ وەرگێڕ تەنیا ئەوە گرنگ نییە کە شارەزای زمانێکی بێگانە بێت، لەوە گرنگتر ئەوەیە، شارەزای زمانی دایکی خۆی بێت. وەرگێڕیش تەواو وەک ڕۆماننووسێکی گەورە، یان شاعیرێکی بلیمەت، پێویستە هێندە دەسەلاتی بەسەر زمانی دایکیدا بشکێت، تا ئەو ئاستەی توانای ئەوەی هەبێت، گەمەی لەگەڵدا بکات، وێنەی نوێی پێ



بنووسێت، وزەی تازەی تێدا بدۆزێتەوە، وێنەی جوانی پێ بکێشێت و دەربڕینی تازەی لێ بەرهەم بهێنێت.

زمان پێش ئەوەی هۆکارێک بێت بۆ لە یەکدی گەییشتن، ڕێگەیەکە بۆ دەربڕین. **بۆ ئەوەی ئەوی دیکە بە جوانی لێمان تێبگات، پێویستە توانای ئەوەمان هەبێت بە زمانێکی جوان، هەست و بیری خۆمان دەرببڕین.** ئەگەر توانای ئەوەمان نەبێت، هەست و بیری خۆمان بە زمانێکی دروست دەرببڕین، با خۆمان لە قەرەی وەرگێڕان نەدەین، چونکە نسکۆمان مسۆگەرە.

ئەگەر خوازیاریت لە ڕێی نووسینەوە ناوت بچێتەوە مێژووەوە، سەرەتا خۆت فێری زمانی دایکت بکە، زمانێک کە کەڵکی ئەوەی پێوە بێت، پێی بنووسیت، ئەوسا دوای فێربوونی زمانێکی بێگانە، هەوڵ بدە، ڕۆمانێکی جوان لەو زمانە بێگانەیەوە بکەیە کوردییەکی پاراو. **هیچ دڵت بەو شتانە خۆش نەبێت کە تا هەنووکە بلاوت کردوونەتەوە و خۆت پێت وایە، شیعری مۆدێرنن! دەشێت هەندێک ڕەخنەگری مارانە، بایەخیان بە شیعرە پووچەکانت دابێت، وەلێ دڵنیا بە، ئەو پەیکەرەی بە خەیاڵ بۆ خۆتت چێ کردووە، داهۆڵێکە و هیچی تر.** ئەگەر چی (بەکر شوانی) ڕۆمانی (بەفر)ی (ئۆرهان پاموک)ی هێندە بە جوانی لە تورکییەوە کردووە بە کوردی،(*) مێژووی نووسینی کوردی، ناچارە ناوی وەک وەرگێڕێکی لێزان تۆمار بکات، وەلێ هێشتا مافی ئەوەمان هەیە، بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە، سەرنجی کارەکەی بدەین.

وەرگێڕ نووسیویەتی: (لە ساڵی چلەکاندا. ل٥٨ یان: ساڵی شەستەکان. ل٢٠٥) من پێم وایە دەبوو بڵێت: لە سالانی چلدا، لە سالانی شەستدا، یان: لە چلەکاندا و لە شەستەکاندا. وەرگێڕ

دەنووسێت: (بیوەژنێک کە تەمەنی لە سییەکاندا بوو. ل٥٢٤) باشتر وابوو بڵێت: بیوەژنێک کە تەمەنی هەر سی ساڵێک دەبوو. وەرگێڕ دەڵێت: (ددانەکانی ئەملا و ئەولای **چەناگەی.** ل١٥٢) **شەویلگە**، بۆ ئەو جێیە دروستە. یان دەڵێت: (**رامیاری ئەسپ**. ل٢٦٨) بەڵام **مەیتەر**، ڕاستە. (توورەکەی پلاستیک. ل٣٣٦)یشم پێ دروست نییە، کیسەی نایلۆن، لەسەر زار خۆشترە.

(**ڕووپۆشکردنی** دیاردەی خۆکوشتن. ل١٢٣) ڕووپۆشکردنی، لەبری (تغطیە)ی عەرەبی، بەکار هێناوە، کە بە گونجاوی نازانم و بەسەرکردنەوە، جوانترە. لەبری (چەکمەجە)یش، (کشاو)ی ل٣٦٤ نووسیوە کە ئەمەیش لەوە دەچێت (مەجەڕە)ی عەرەبی بێت. (هەوەسفرۆش ل٣٥٧)یش هەر (بائعە الهوی)ی عەرەبییە، سێکسفرۆش دروستە. قەف قەف باسترمەی دەفرۆشت. ل٣٥٨ قەف قەف بە هەڵە خراوەتە ئەو ڕستەیەوە، ئاخر ئەوە باسترمەیە کە قەفە قەفە نەک کردەی فرۆشتنەکە. ئەوە ڕاست بوو بنووسێت، قەفە باسترمەی دەفرۆشت. (ئاوی میوەی هاتوو لە تورکیاوە، ل٣٥٨) بە دروست نازانم، ئاوی میوەی لە تورکیاوە هاتوو، لەبارترە.

وەرگێڕ دەنووسێت: (ڕۆحی سەرچڵکێش. ل٢٣٥) وەلێ سەرچڵ ڕاستە. یان دەڵێت: (عەرەبانەی دوای ئەسپ. ل٣٨٣) بەڵام عەرەبانەی یان گالیسکەی یەک ئەسپی، یان دوو ئەسپی دروستە. یان دەبێژێت: (کوشتنی **چەرمسوور**ەکان لە ئەمریکا. ل٣٩٢) بەڵام سوورپێستەکان، دروستە، ئاخر چەرم، زێتر هی وڵاخە کە دەکرێت بە پۆشاک، پشتوێن و پێڵاو. ڕاستە شێخ ڕەزا گوتوویەتی: (چەرمی ڕووی هێند قایمە، شمشێری میسری نایبڕێ، گەر بە کەوشی کەی، دەمێنێ، تا قیامەت نادڕێ،) ڕاستە (پەنیری پێستە)مان هەیە، وەلێ لەمێژە، ڕەشپێست و سوورپێست، جێگیر بوون و لە کەسم نەژنەوتووە، بە ئەفریکاییەکی گوتبێت: چەرمڕەش. وەرگێڕ گوتوویەتی: (دەسشۆرەکە **بۆنی کەلاکی تۆپیوی** لێ دەهات. ل١٩٧) کە گوتت کەلاک، ئیدی تۆپیوی ناوێت، چونکە، کەلاک جەستەی ئاژەڵی تۆپیو یان مردارەوەبووە. تۆپیو بۆ ئەو ئاژەڵانەیە کە گۆشتیان ناخورێت و مردارەوەبوویش بۆ ئەو گیاندارانەی گۆشتیان دەخورێت. (بۆن)یش لەوێدا ڕاست نییە، بۆگەن، دروستە.

(نووکی **شەختە**ی بن گوێسووانەکان، ئاویان لێ دەچۆڕا. ل٥١٣) **چلوورە** بۆ ئەو جێیە ڕاستە. (بە هۆی جوانیی دارزەیتوونە بە بەفر **داپۆشراوەکان**. ل٢٥٦) داپۆشراوەکانەوە، دروستە. هەندێک جار دەربڕینەکانی وەرگێڕ لەبری ئەوەی ستاندارد بن، کەرکووکییانەن، وەک: (بە خەیاڵیدا نەیات. ل٧٢) نەیات، **کەرکووکی**یانەیە، نەک ستاندارد، نەیەت، دروستە. یان: (کەسم **نابینی**. ل٧٤) نابینی کەرکووکییانەیە، **نەدەبینی** ستانداردە. (هەردوو دامێنی چاکەتەکەی کە وەک **چارشێوێک** تا سەر پێیەکانی درێژ **بووبووەوە**. ل٥٣٢) چارشێو، پارچە پەڕۆیەکە، چارە، واتا ڕوو دادەپۆشێت، نەک لاق. بووبوونەوە، لەوێدا دروستە. گوتنی (**بژێویی ژیان**،) هەڵەیەکی باوە. لە پێناوی دابینکردنی بژێویدا دەنووسم، دروستە، (ژیان)ەکەی ناوێت.

٢٠٠٨/١/٣

(*) ئۆرهان پاموک، بەفر، وەرگێڕانی: بەکر شوانی، دەزگای ئاراس ٢٠٠٧ هەولێر.

## بێگانەی ئەلبێر کامو

«گەر کەس خۆشی ناوێیت، ئەو بێبەختییە،
گەر کەست خۆش ناوێت، ئەوە کارەساتە.»

ئەوی دەست بە نووسین دەکات، سەرەتا نووسەر نییە، پرۆژەی نووسەرێکە، یان لای کەم ئەو نووسەرە نییە کە دوای کۆمەڵێک ئەزموون دەیناسین، واتا نووسەر بە یەک جار نا، بە شێنەیی و بە چەند جارێک دەبێتە ئەو کەسەی کە بە هەق شیاوی نازناوی نووسەر بێت. نووسەر بۆ ئەوەی هەبوونی خۆی بسەلمێنێت، پێویستی بەوە نییە بەسەر نووسەرێکی دیکەدا سەربکەوێت، پێویستی بەوەیە ناوبەناو بەسەر خودی خۆیدا، لە ڕێی بەخشینی بەرهەمی نوێوە، سەر بکەوێت. **نووسەر بۆ ئەوەی پێش بکەوێت، پێشبڕکێ لەگەڵ نووسەرێکی دیکەدا ناکات، لەگەڵ خۆیدا خەریکی پێشبڕکێ دەبێت و هەوڵ دەدات پێش خۆی بداتەوە.** نووسەر سەرقاڵی چییە؟ پێم وایە دەیەوێت، بە زمانێکی تایبەت بە خۆی، مانایەک بە ژیان بدات یان وەک ئەلبێرت کامو (١٩١٣ ـ ١٩٦٠) باس لە بێمانایی ژیان بکات.

ڕاستگۆیی یەکێکە لەو هۆکارانەی وا دەکەن، ڕۆمانێک نەمریی مسۆگەر بکات. ڕاستگۆیی و بوێری دوو ڕووخساری یەک دراون، ئاخر ئەوەی بوێر نەبێت، ڕاستگۆیش نابێت. ناوبانگی ڕۆمانی (لە پێناوی نانداو هیچی تر،) زادەی بوێریی (محەممەد شوکری ١٩٣٥ ـ ٢٠٠٣)یە، ئەو نووسەرە، ئەگەر بوێرانە باسی لە گەڕان بە دووی ژنانی سێکسفرۆش و هاوڕەگەزبازیدا نەکردبا، ڕۆمانەکەی ئەو دەنگدانەوەیەی نەدەبوو کە هەیەتی. **ناوبانگی محەممەد شوکری بەوەوە بەندە کە وەک شاگردێکی بەئەمەکی ڕۆسۆ، ڕاستگۆیانە بیۆگرافیای خۆی نووسیوەتەوە.**

ڕۆمان هەیە سەر بە ڕیالزمی ڕەخنەگرانە، وەک (کۆمێدیای ئینسانی)ی بالزاک (١٧٩٩ ـ ١٨٥٠)، هەیە سەر بە ڕیالیزمی سۆشیالیست، وەک (دایک)ی ماکسیم گۆرکی (١٨٦٨ ـ ١٩٣٦)، هەیە سەر بە ڕیالیزمی ئەفسووناوی، وەک (سەد ساڵ دوورەپەرێزی)ی مارکیز، هەیە سەر بە ڕیالیزمی شیعری، وەک (جەمیلە)ی جەنگیز ئیتماتۆڤ (١٩٢٨ ـ ٢٠٠٨) کە لە گۆرانییەکی دڵداری دەچێت. ئەلبێر کامو کە ١٩٥٧ نۆبێلی وەرگرت، هەر کە دەستی بە نووسین کرد، شوێنپێی کەسی هەڵنەگرت، ئەو هیچ بایەخی بە جوگرافیا نەدەدا، دنیای بە وڵاتی خۆی دەزانی، ئەو ڕۆحێکی هێندە گەورەی هەبوو، لە جەستەیدا جێی نەدەبووەوە. کامو دەیتوانی کارەکتەرێک بخوڵقێنێت، خوێنەر خۆی لێ ببێت بەو، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتی نووسەرە مەزنەکان.

کامو دوو سێ ساڵێک کۆمۆنیست دەبێت، سەروەختی یەکەمین جەنگی جیهانگرەوەیش کە ئەڵمانیا فەرەنسا داگیر دەکات، بە بەرەنگارییەوە پێوەست دەبێت. کامو لە (بێگانە)دا کە یەکەمین ڕۆمانیەتی و ١٩٤٢ نووسیویەتی، باس لەو (بێهوودەیی، ناماقووڵی و بێمانایی)یە دەکات کە هەبوونی داگیر کردووە. **ئەو غەریبییەی کامو باسی دەکات، غەریبییەکی جوگرافیایی نییە، غەریبییەکی وجوودییە**

**کە ئینسان لە سەرانسەری دنیادا هەستی پێ دەکات و هاوزەمان لە (خەڵک) و لە (خۆ) بێگانەبوونە.** ئەو بێگانەبوونە، ئینسان بۆ ئەوە هان دەدات لە ڕێی (یاخیبوون)ەوە هەست بە بەهای ئینسانی و هەبوونی خۆی بکات. هەر ئەم خولیایەش بووە هەوێنی سەرهەڵدانی کتێبی (یاخیبوو) کە کارێکی فیکری و فەلسەفی ناوداری کامویە و تێیدا لە هەوڵی ئەوەدایە وا بکات، ئینسان، ئینسانبوونی خۆی لە دەست نەدات.

دەشێت بتوانین کرۆکی پەیامی کامو لەوەدا چڕ بکەینەوە کە ئینسان پێویستە بە دوای ئەوەدا وێڵ بێت، مانایەک بە ژیانی بدات، ئەگەر نا، ژیان شتێکی بێ مانا دەبێت، ئەوە بۆیە لە ڕۆمانی (بێگانە)دا باس لە بزربوونی ئینسان دەکات. مێرسۆی قارەمانی بێگانە، بێ ئەوەی بخوازێت، کەسێکە هاوزەمان سادیست و مازۆشیست، سادیستە چونکە کەسێک دەکوژێت، مازۆشیستە چونکە لە ئەنجامی تاوانەکەیەوە، خۆیشی بە کوشت دەدات. مێرسۆ کە بە ڕێکەوت کەسێک دەکوژێت، نە کەس فریو دەدات و نە خودی خۆیشی تەفرە دەدات، ئاخر بێ پێچ و پەنا، ڕاستگۆیانە ددان بە تاوانەکەیدا دەنێت، بۆیە ئەگەر بشێت بڵێین شەهید بووە، ئەوا شەهیدێکی وجودی بووە.

مێرسۆ کارەکتەرێکە نامۆ بە دنیا، کەسێکە هەست بە هیچ ناکات، نە هەست بە خۆشی دەکات نە بە ناخۆشی، کەسێکە ساردوسڕ، نە کەسی خۆش دەوێت و نە قینی لە کەس دەبێتەوە، ڕاستتر وایە بڵێم، کەسێکە بێ هەست و بێ کاردانەوە. کەسێکە نە بۆ مەرگی دایکی خەم دەخوات و نە چێژ لە یەکەمین ماچ وەردەگرێت. مێرسۆ نە کەسێکی



بەدە، نە خۆپەرست، پێ دەچێت هیچ بڕیارێک لە دەستی خۆیدا نەبێت و هیچیش مەبەستی نەبێت، چی لە دەوروبەری دەگوزەرێت و زێتر لە ئامێرێک دەچێت وەک لە ئینسانێک. (ئەمڕۆ دایکم مرد، نازانم، ڕەنگە دوێنێ مردبێت.)(*) ڕۆمانەکە بەو شێوەیە دەستپێ دەکات، ئەو چەند وشەیەی سەرەتای ڕۆمانەکە، ئاوێنەیەکە دەتوانین هەموو ڕۆمانەکەی تێدا ببینین، ئیدی چ لە ڕووی بونیادی ڕۆمانەکەوە بێت، چ لە ڕووی ماناکەیەوە. کرۆکی هونەری کورتبڕی لەوەدا خەست دەبێتەوە، نووسەر بتوانێت بە ڕێگەیەکی کورت بەو ئامانجە بگات کە پلانی بۆ داڕشتووە، **ڕۆمانی بێگانەی کامو، باڵاترین نموونەی بونیادی ساکار و بە چڕی و پڕی نووسینە، ئەو شێوازەی کە نووسەرانی لە چەشنی ئێرنێست هێمینگوای (١٨٩٩ ـ ١٩٦١) و جۆن شتاینبایک (١٩٠٢ ـ ١٩٦٨)یش ڕەچاویان دەکرد.**

کامو هێندە بێلایەنانە و ڕاستگۆیانە مێرسۆ دەهێنێتە گۆ، وەک ئەوە ڕەچاو نەکات کە لە ئەنجامی ددانپێدانانەکانی ئەو کارەکتەرەوە، ڕۆمانێک لە دایک دەبێت. ئەوی کامو حسابی بۆ نەکات، زمانی شیعرییە. ئەو بە زمانێک ڕۆمانەکەی نووسیوە، دەڵێیت یەکەمین جارە پێی دەنووسرێت و پێش وی کەسی دیکە تاقی نەکردووەتەوە، لەو زمانی نووسینە دەچێت کە ڕۆلان بارت (١٩١٥ ـ ١٩٨٠) پێی وایە لە سفرەوە دەستپێکردنە. ئەو زمانەی مێرسۆ ڕووداوەکانی پێ دەگێڕێتەوە کە لە سەرەتادا خوێنەر وا هەست دەکات، زمانێکی ساکار و شکوبرنگە، زمانێکە تەواو لەگەڵ کەسایەتیی ویدا دەگونجێت و ئەو تەکنیکی گێڕانەوەیەشی کامو بەگەڕی خستووە، پڕ بە پێستی ڕۆمانی بێگانەیە. منێک کە شەیدای زمانی پاراو و شیعریم، ئەو زمانە سادە و

وشکەی کامو ڕۆمانی بێگانەی پێ نووسیوە، زۆر سەرسامی کردم. **کامو یاساناس نەبووە، کەچی هێندە لێزانانە باسی لە دادگاییکردنی قارەمانی ڕۆمانەکەی دەکات، زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بگوترێت، پارێزەران و دادوەران لەو ڕۆمانەوە، فێری شێوازی دادگاییکردن دەبن** و پێم وایە بەشی هەرە جوانی ڕۆمانەکە، ئەو بەشەیەتی کە کامو لە زینداندا قەشە و مێرسۆ کۆ دەکاتەوە.

مێرسۆ هەرچەندە وای بۆ دەچێت کە هەموو ڕۆژەکان لە یەکدی دەچن و گۆڕان بەسەر هیچ شتێکدا نایەت، کەچی نە بیر لە گۆڕینی ژیان دەکاتەوە و نە بەو دووبارەبوونەوەیە بێزار دەبێت! مێرسۆ کە بە یەکەمین گولله کابرای عەرەب دەکوژێت، چوار گوللەی دیکەیش بە تەرمەکەیەوە دەنێت! ئەوێک کە لە خوتوخۆڕایی خۆی تووشی سزای مەرگ دەکات، سەرەتا پێی وایە، گوللەی بە دەرگەی بەدبەختییەوە ناوە و دواتر بیری دەکەوێتەوە کە مرۆڤێکی کوشتووە. مێرسۆ وای بۆ دەچێت کەسێک ئەگەر تەنیا ڕۆژێک ژیابێت، دەتوانێت سەد ساڵ لە زینداندا لەسەر بیرەوەرییەکانی خۆی بژی و بێزار نەبێت! ئاخر لە کن ئەو زیندان بە مانای بزربوونی زەمان دێت.

مێرسۆ نە پەشیمانە لەوەی کەسێکی کوشتووە، نە ترسی لە مەرگ هەیە، تاقە حەسرەتی ئەوەیە کە بە دەست و لاق بەستراوی دەکوژرێت، ئاخر حەزی لەوەیە، لە گرمەی ڕاکردندا بە گوللەیەک بەری بدەنەوە. مێرسۆ پێی وایە، **ژیان شیاوی ئەوە نییە ئەو هەموو ئازارەی بۆ بچێژین، هیچ گرنگ نییە سی ساڵ بژین، یان حەفتا ساڵ؟ چونکە دوای ئێمە، بەشی هەزاران ساڵانی دیکە، پیاوان و ژنانی تر هەن، بژین، بۆیە چۆن و کەی دەمرین، ئەوانە هیچ بایەخێکیان نییە.** (ئایا





ژیان ئەوە دەهێنێت کە حەزمان لێی بێت و لە مەرگ بترسین؟) ئەوەیە ئەو پرسیارە بنچینەییەی کامو دەیکات، بێجگە لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە سەرەکییە، خەیاڵمان بۆ هەر شتێکی دیکە بڕوات، لە کات بەفیڕۆدان بەولاوە، هیچی دیکە نییە. کامو ڕووکەشانە وەڵامی ئەو پرسە ناداتەوە، بەڵکوو وەک دەروونناس و فەیلەسووفێک لەگەڵ ئەو پرسە گرنگەدا مامەڵە دەکات.

مێرسۆ کە بە زەبری ڕێکەوت دەبێتە بکوژ و ئەوە تەنیا ڕێکەوتە تووشی ئەو قەدەرەی دەکات، هیچ هەست بە ئازاری ویژدان ناکات، ئەوەی بە لاوە مەبەست نییە، دادگە چ سزایەکی بەسەردا دەسەپێنێت، ئەوەی لە کن گرنگە، هەلی بۆ دەڕەخسێت، دادگاییکردنێک ببینێت. کە پێش بەجێگەیاندنی سزای مەرگ، قەشە لێی دەپرسێت: ئایا بڕوات بە خودا هەیە؟ مێرسۆ دەڵێت: نەخێر. کە قەشە دەیەوێت وای لێ بکات بڕوا بە خودا بهێنێت، مێرسۆ پێی دەڵێت: دەتەوێت ژیانم هیچ مانایەکی نەبێت؟ دەخوازیت ئەو وەختە کەمەی بە دەستمەوە ماوە، لەگەڵ خودادا بە فیڕۆی بدەم؟ ئەوە بۆیە کەم نین ئەوانەی کە (کامو)یش وەک فرێدریک نیێتچە (١٨٤٤ – ١٩٠٠) بە نیهیلیست نێوزەد دەکەن، ئاخر یەکەمین فەیلەسووف کە جاڕی مەرگی خودای گەورەی دا، نیێتچە بوو، ئاخر نیهیلیزم بڕوا نەبوونە بە هیچ مۆراڵ، بەها و نۆرمێک.

٢٠٠٨/٧/٤

---

(*) ئەلبێر کامو، بێگانە، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: موحسین ئەحمەد عومەر، زنجیرە (١٨)ی کتێبی گولان ١٩٩٨ هەولێر.

## "غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ"ی بەختیار عەلی

دەمێکبوو خۆم لێ ونبووبوو
لەمێژبوو بۆ خۆم دەگەڕام،
باشبوو دوا جار
خۆم لە جادەی ئاشقاندا،
دۆزییەوە.

١

جاران بەختیار عەلی زۆر جار وشەی (جاهیل)ی پاتە دەکردەوە، ئەوی سووکە ڕەخنەیەکی لێ گرتبا، یەکسەر بێ دوودڵی بە جاهیل نێوزەدی دەکرد، ماوەیەکە بەزەبری نووسینێکی بنووسی ئەم دێڕانە، وازی لە بەکارهێنانی ئەو وشە دزێوە هێناوە، وەلێ هێشتا دەروێشەکانی بۆ داکۆکیکردن لەو، ناوبەناو هانا بۆ ئەو وشەیە دەبەن و ئاڕاستەی ئەوانەی دەکەن کە بە چاوی ڕەخنەوە، سەرنجی بەرهەمی بەختیار عەلی دەدەن.

من و بەختیار عەلی پێوەندییەکی پتەو، وەلێ جیاوازمان بە جاهیلانەوە هەیە، خوێنەرە بێسەوادەکانی کورد کە هەندێکیان خۆیان تەنانەت پێ ڕۆژنامەوان یان نووسەریشە، ستایشێکی وی دەکەن، مەگەر هیوابڕاو بەو جۆرە ستایشی فریادڕەس بکات، هێرشێکیش دەکەنە سەر من، وەک دوژمنی سەرەکییان بم. ئەو خوێنەرانە چونکە



هیچ زمانێکی بێگانە نازانن، هیچ شارەزاییەکیان لە ئەدەبی گەلانی دیکەدا نییە، گەورە ئەدیبانی دنیا ناناسن و تەنیا بەختیار عەلییان خوێندووەتەوە، بۆیە ئەویان پێ لوتکەیە، ئاخر ئەگەر بۆ نموونە تەنیا (دۆستۆیفسکی) یان (تۆلستۆی)یان ناسیبا، بۆیان دەردەکەوت دوای چ وەهمێک کەوتوون.

بڕێک لەو خوێنەرانە، هەندێک جار پڕکێشیی ئەوەیش دەکەن و دەڵێن: (بەختیار عەلی شیاوی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێڵە!) کەسێک مافی ئەوەی هەیە، ئەم و ئەو بۆ خەڵاتی نۆبێڵ پێشنیار بکات، شارەزای ئەدەبی دنیا بێت و لە نزیکەوە ئاگاداری بەرهەمی شاعیر و نووسەرە بلیمەتەکانی هەموو وڵاتانی جیهان بێت. هەشتا و حەوت ساڵ بوو خەڵاتی نۆبێڵ داهاتبوو، ئینجا بەر عەرەب کەوت، ئەوسایش هێشتا زۆر شارەزا پێیان وابوو، ئەگەر نەجیب مەحفووز بەرانبەر جوولەکە نەرم و نیان نەبووایە، نۆبێڵی وەرنەدەگرت، ئەو بۆچوونە کەم و زۆر ڕاستیی تێدا هەیە، ئاخر لە مێدیای سوێددا، جوولەکە ڕۆڵێکی گرنگ وازی دەکات. کە عەرەب بە هەشتا و حەوت ساڵ، وەری بگرن، کە تورک بە نەوەد و شەش ساڵ وەری بگرن، کە هێشتا فارس وەریاننەگرتبێت، ئایا قسەکردن لەوەی فلان نووسەری کورد شیاوی نۆبێڵە، زادەی جەهل نییە؟

ڕێ دەکەوێت، نووسەرێکی وەک شێرزاد حەسەن، یان شاعیرێکی مینا شێرکۆ بێکەس، ستایشی بەختیار عەلی بکەن، ئەوەشیان هەم نان بە قەرزدانە، بۆ ئەوەی بەختیار عەلیش ستایشی وان بکاتەوە، هەم دوای قەڵەباڵغی کەوتنە، نەک پێیان بگوترێت، چونکە کاڵای بەری شا نابینن، دیارە نەفام یان تەنانەت ناپاکیشن! مەبەستم لە کاڵا

وەهمییەکەی پاشای ئەفسانەکەیە کە هەرچەندە کەس نەیدەبینی، کەچی هەمووان گۆرانییان پێدا هەڵدەگوت. شێرکۆ بێکەس خۆی، نکۆڵیی لەو دوای قەڵەباڵغی کەوتنە ناکات، ئەوە نییە کە لێی دەپرسن: بۆچی شیعرت بۆ بارزانی گوتووە، دەبێژێت: ئاخر ئەو سەروەختە هەمووان لەگەڵ وی بوون.

بەختیار عەلی دەستڕەنگینترین نووسەری کوردە وەلێ لە بواری ڕێکلام بۆ خۆی کردندا. کە دوو هەزار لە کتێبێکی دەفرۆشرێت، بانگاشەی ئەوە دەکات دە هەزاری لێ فرۆشراوە، دوو هەزار دۆلار قازانج لە کتێبێکی ناکات، کەچی خوێنەر بەوە چەواشە دەکات کە بیست هەزار دۆلار زێتری لێ سوودمەند بووە. ئەو هەر خۆی نا، لەشکرێکیش بەردەوام ڕێکلامی بۆ دەکەن. هێشتا هیچ کەس دوا کتێبی وی، (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)ی[١] نەخوێندبووەوە، ئاخر تازەکی کەوتبووە بازاڕەوە، یەکێک لە (هاولاتی)یەوە جاڕی کردنەوەی فایلێکی بەردەوامی بۆ ستایشکردنی ئەو ڕۆمانەی دا. هێشتا ئەو کتێبەی نەگەیشتبووە چاپخانە، دەرویشەکانی سەودای ماسییان لە چەمدا دەکرد، ئەوە نەبوو، دیمانەیان دەربارەی کتێبێک لەگەڵدا ساز دەکرد، کە هێشتا چاپ نەکرابوو! دەشێت نووسەر، هەندێک لە لووتبڵندی و تۆزێک لە خۆویستی تێدا هەبێت و تەنانەت دووچاری (پارانۆیا)[*]یش ببێت، وەلێ نووسەرێکی کورد شک نابەم، هێندەی بەختیار عەلی لەو بوارانەدا، زێدەڕۆیی کردبێت، ئەوە نەبوو دەیگوت: (پیاوە گەندەڵەکانی ناو دەسەلات، بە ملیۆنەها دۆلاریان بۆ هاندانی قەڵەمە زڕەکان، لە دژی ئێمە تەرخان کردووە!)[٢]

ڕۆمانی (بەفر) کە (ئۆرهان پاموک)ی وەرگری خەلاتی نۆبێل



نووسیویەتی و بەکر شوانی بە کوردییەکی جوان و پاراو لە زمانە ئۆرگیناڵەکەیەوە، تەرجومەی کردووە و دەزگای ئاراس بڵاوی کردووەتەوە، تەنیا دوو هەزار دانەی لێ چاپ کراوە، ئیدی بانگاشەکردن بۆ ئەوەی فلان ڕۆمانی بەختیار عەلی، دە هەزاری لێ دەفرۆشرێت، ئەگەر ڕێکلامێکی ڕووت نەبێت، ئەوا بەڵگەیە بۆ ئەوەی ستایشکەرانی بەختیار عەلی، لەشکرێکی جاهیلن و هیچی تر، ئەگەر نا دەبوو، تیراژی بەفر، لای کەم دە هێندەی تیراژی بالاترین ڕۆمانی کوردی بووایە.

لە ئەورووپا ئەوە گرنگ نییە، چەند کتێبت چاپ کردووە، گرنگ ئەوەیە، کام وەشانخانە کتێبی بۆ چاپ و بڵاو کردوویەوە. گرنگ ئەوە نییە، ڕۆمانەکەت چەند لاپەڕەیە، گرنگ ئەوەیە هیچ کەسایەتی یان ڕووداوێکی وای تێدا نەبێت، کە هەبوونیان پێویست نەبێت. ئاخر لەوێ، با یەکێک بیت لە ناودارترین نووسەرانی دنیایش، هیچ دوور نییە، وەشانخانەکەت پێت بڵێت، برۆ فلان و فیسار کارەکتەر لە ڕۆمانەکەتدا مەهێڵە، ئەوسا بیهێنەوە.

بەختیار عەلی زۆر خۆشحاڵە بەوەی ڕۆمانەکانی ئەستوورن، ئەگەرچی ئەوە لایەنێکی لاوازی نووسینەکانی ئەوە، ئاخر لە ئەورووپا بەو جۆرە ڕۆمانانە دەگوترێت: ڕووداوەکانی کیسەڵئاسا دەچنە پێشەوە، یان دەگوترێت: ڕۆمانەکە هێندە خاووخلیچک ڕێ دەکات، دەڵێیت عەرەبانەیەکی لە قوڕدا چەقیوە. لە چاپخانەی (ڕەنج)دا، کە کتێبەکانی بەختیار عەلی چاپ و بڵاو دەکاتەوە، کەسێک نییە شارەزایی لە ڕۆماندا هەبێت، ئەگەر نا، فریای دەکەوت و لەو نەخۆشیی درێژدادڕییە بێزارکەرە، ڕزگاری دەکرد و لێ نەدەگەڕا، ئەوی بە ڕستەیەک دەگوترێت، بە لاپەڕەیەک بیڵێت.

## ٢

ئەگەر دەتوانیت بە جۆرێک خوێنەر کەمەندکێش بکەیت، وەک سیحری لێ کرابێت، ئەگەر دەتوانیت گوڵی سیسبووی کەسایەتیی خوێنەر سەرلەنوێ بگەشێنیتەوە، ئەگەر دەتوانیت وا بکەیت، مەلی کەسیرەبووی خەیاڵی خوێنەر لە شەققەی باڵ بداتەوە، ئەگەر دەتوانیت وا لە خوێنەر بکەیت، بەشداری لە ڕۆنانی دنیایەکی نوێدا بکات، ئەگەر دەتوانیت بە خەیاڵ بەهەشتێک بنیات بنێیت، خوێنەر بۆ دەربازبوون لە دۆزەخی واقیع، هانای بۆ ببات، ئەوسا لافی ئەوە لێ بدە کە ڕۆماننووسیت.

لە نێوان بەگەڕخستنی خەیاڵ و هەڵڕشتنی درۆدا داوێکی باریک هەیە، ئەو داوە سنووری نێوان دنیای خەیاڵ و جیهانی درۆ دیاری دەکات و لێکیان جودا دەکاتەوە. ئەو چیرۆکەی ئەو داوە لەبەر چاو نەگرێت، یان دروستتر، ئەو هێڵە سووره ببەزێنێت، لەبری ئەوەی بە ئاسمانی بەرینی خەیاڵدا، سەرقاڵی بەرزفڕین بێت، لەسەر زەوینی واقیع خەریکی هەڵڕشتنی درۆ دەبێت. لە (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)دا، ئەوی بەختیار عەلی پێوەی خەریکە، لە هەڵڕشتنی درۆوە نزیکترە، وەک لە بەگەڕخستنی خەیاڵەوە. سیمۆن دی بۆڤوار دەڵێت: **(ئەدەب لە ڕێی درۆی زیرەکەوە، ڕاستی دەڵێت.)** درۆکانی نێو غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ، نە لە درۆی زیرەک دەچن و نە توانای گوتنی ڕاستییان هەیە.

ڕاستە ڕێبازێکی ئەدەبی لەمێژە سەری هەڵداوە کە ناوی ڕێبازی ڕیالیزمی ئەفسووناوییە، وەلێ نووسین بەو شێوازە، پشت بە ئەفسانە،



خەیاڵ و حەکایەتی میللی دەبەستێت، نەک بە هۆنینەوەی درۆ. نووسین بەو ڕێبازە، گەرچی بەرەڵاکردنی دەزووە بۆ کۆلارەی خەیاڵ، وەلێ پساندنی داوی پێوەندی نییە بە واقیعەوە. نووسین بەو تەکنیکە هەرچەندە خولقاندنی کارەکتەری ئەفسانەییە، وەلێ هاوزەمان، جۆرێکە لە گێڕانەوەی بیۆگرافیای خودی نووسەر، یان کەسایەتییەکی دیکەی مەیلە و ڕاستەقینە. بەوەدا نووسەر لە (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)دا، زوو زوو ئەوە بیری خوێنەر دەخاتەوە، کە خەریکی گێڕانەوەی چیرۆکە و هەندێک جار پێشبینی ئەو بەسەرهاتانەیش دەکات کە لە داهاتوودا ڕوو دەدەن، ئەوی ڕۆمانی (بەفر)ی خوێندبێتەوە، هەست دەکات، بەختیار عەلی ئەو شێوازی گێڕانەوەیەی، لە ئۆرهان پاموک قەرز کردووە.

غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ، هاوزەمان بریتییە لە کۆمەڵێک چیرۆکی کورت، بەسەرکردنەوەی ژیننامەی کەسانێکی ئەفسانەیی و هەندێک گوتار و ڕامان سەبارەت بە خەیاڵ و فەلسەفە، بەڵام نووسەر نەیتوانیوە، لەو تێکەڵەیە ڕۆمانێک بەرهەم بهێنێت، لەو جۆرەی فەرەنساییەکان دەیاننووسی و بە نارۆمان ناوزەد کرا، ئاخر بۆ نموونە ئالان رۆب گریێ کە بونیادی ڕۆمانی دێرینی تێکدەشکاند، بونیادێکی دیکەی دەخولقاند. غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ هەرچەندە بایەخ بە شەڕ و بە مێژوویش دەدات، کەچی نە ڕۆمانێکی جەنگییە و نە ڕۆمانێکی دیرۆکی. نووسەر لەبری ئەوەی خەیاڵ بخاتە گەڕ، هاتووە باسی خەیاڵ دەکات.[٣]

بۆ ئەوەی فێری هەر زمانێک ببین، پێویستە بەو زمانە ڕۆمان بخوێنینەوە، ئیدی ئەو زمانە، زمانی دایکی خۆمان بێت یان زمانێکی

بێگانە. من بەش بە حاڵی خۆم ئەو کوردییەی دەیزانم، بە هۆی ئەو ڕۆمانانەی یەشار کەماڵەوە فێری بووم کە شوکور مستەفا بە کوردیی دەکردن، ئەو عەرەبییەی دەیزانم، بە هۆی خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی ئیحسان عەبدولقودووس و نەجیب مەحفووزەوە فێری بووم و ئەو تۆزە سوێدییەشی دەیزانم، بە هۆی خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی (ئاسترید لیندگرێن)ەوە کە بۆ مێردمنداڵانی دەنووسی، فێری بووم.

جێی داخە بەختیار عەلی کە لەسەر نووسینی ڕۆمان سوورە، نەک کەس لەوەوە فێری زمانی کوردی نابێت، بەڵکوو خودی خۆی هێشتا فێری ئەوە نەبووە بە کوردییەکی ڕەوان بنووسێت. (ئەوەی خەیاڵی نەبێت، دنیا بێ ڕەنگ دەبینێت. ل٦٠) مەگەر با و ئاو بێ ڕەنگ بن، ئەگەر نا دنیا بێ ڕەنگ نییە، دەشێت مەبەستی لە بێ ڕەنگ، ڕەش و سپی بێت، وەلێ ڕەش و سپیش، دوو ڕەنگن، دوو ڕەنگی سەرەکی و بنچینەیی. (کەس نەبوو بە ئەندازەی گەلاوێژ خان، تاوڵە بزانێت، لە هەموو ئەو پیاوانەی دەبردەوە، سەریان لە هەپی بەیازدا سپی کردبوو. ل٦٢) هەپی بەیاز لە دۆمینەدا هەیە، نەک لە تاوڵەدا. (مەلای سوختە، ل١٠٠) بە مەرجێک سوختە نەک هەر مەلا نییە، بەڵکوو پلەیەک لە خوار فەقێشەوەیە. (بەیانییەک زوو لەگەڵ شەبەیخووندا ماڵەکەی بار کرد. ل١١٣) شەبەیخوون، وەختێکی دیاریکراو نییە، پەلاماردانە بە شەو. (مەیتەرێکی ئەسپ. ل١٢٥) مەیتەر تەنیا هی ئەسپە. (بۆنی گەوری لادێی لێ دێت. ل١٤٧) وەک بۆنی گەوری شار لە هی لادێ جیاواز بێت! (کەشتییەکەی خۆم ... نەسەوڵاند. ل١٥٤) سەوڵاند، نە تەسریفکردنە، نە گەمەکردنە لەتەک وشەدا، ئەتککردنی وشەیە.

بۆ نووسینی ڕۆمان، تەنیا ئەوەندە بەس نییە کە زمان بزانیت،



دەبێت وێڕای زانینی زمانێکی پوخت، شارەزای سینەما، دراما، دیرۆک، سیاسەت، فەلسەفە بیت و کۆمەڵناسێکی باش و دەروونناسێکی لێهاتوویش بیت.(٣) ئینسان هەرچەندە ناتوانێت بە تەنیا فیلمێک یان شانۆنامەک بەرهەم بهێنێت و دەتوانیت بە تەنیا ڕۆمانێک بنووسێت، وەلێ نووسینی ڕۆمان کە بە ڕووکەش تەنیا پێویستی بە قەڵەم و دەفتەرە، زۆر لە دەرهێنانی فیلم و شانۆنامە ئەستەمترە، ئاخر خۆ لە خۆڕایی نییە کە دەڵێن، بۆ ئەوەی میللەتێک بناسین، دەبێت ڕۆمانەکانی بخوێنینەوە، ئاخر ئەوە تەنیا ڕۆمانە کە خەم و ئازار و هیوای تاک و گەل و نیشتمان بەرجەستە دەکات.

ئەو ئەدەبەی دەمانهێنێتە پێکەنین، هەوێرێکە بە ئاوی خەم و ئازار شێلراوە. ئەوە چییە وای کردووە، بەختیار عەلی توانای ئەوەی نەبێت، پەرەگرافێکی وەها بنووسێت کە زەردەخەنەیەک بخاتە سەر لێوی خوێنەرێک؟ چونکە ئەوین هیچ لۆگیکێک ناناسێت، بۆیە ئەوی ئەویندار بێت، بڕوای بە ئەفسانەیش هەیە، ئەوی ئەویندار بێت، کەسێکە قسەشیرین و ڕۆحسووک. سەیر ئەوەیە بەختیار عەلی کە ئەدەبێک دەنووسێت، گوایە بارگاوییە بە ئەفسوون، کەچی هیچ نیشانەیەک بۆ ئەوە نییە، سەروەختی نووسین، ئەویندار و ڕۆحسووک بێت.

بۆ ئەوەی ڕۆمان سەرکەوتوو بێت، مەرج نییە کارەکتەرەکان لە قارەمانگەلی نێو داستان و ئەفسانە بچن، کارەکتەرەکانی ئەلبێرتۆ مۆراڤیا، زۆریان سێکسفرۆش بوون، وەلێ بەو کەسانە، ڕۆمانی نەمری دەنووسی. (گەلاوێژ تاوڵەیەک دەزانێت، کەس لە دنیادا لێی ناباتەوە. ل٦١) (تریفە نەخشەی مافوورێک دەکێشێت لە دنیادا وێنەی نییە. ل٨٢) (باڵای زوهدیی شازەمان، لەسەروو دوو مەترەوەیە، ل٨٧

لەگەڵ **سەدان** ئافرەتی جیاوازدا خەوتووە و لە ژیانیدا دوو جار لەگەڵ یەک ژندا نەخەوتووە. ل١١٩) (عەتتار لە ماوەی چەند سەعاتێکدا، **دەیان** قەموور بۆ پزیشکێک پەیدا دەکات. ل١٢١) بە مەرجێک لە شارێکی وەک سلێمانیدا، بە دەگمەن پشتکوورێک هەیە. (شەهریاری شووشە دەتوانێت ئەودیو دیوارەکان ببینێت. ل١٢٢ کوڕێک دەتوانێت گوللە بوەستێنێت و کچێک دەتوانێت جنسی منداڵان لە زگی دایکیاندا بگۆڕێت. ل١٢٢) (مەلای هاجەر، سەد هەزار بەیت دەنووسێت، دەیەها سندووقی پڕ غەزەل. ل١٤١ و ١٧٥) بە مەرجێک هەموو ئەدەبی کلاسیکی کورد هێندە نابێت. جێی سەرنجە نووسەر جیاوازیی لە نێوان بەیت و چوارینەدا ناکات، ئەوەتا چوارینەیەکی نووسیوە بە بەیتێکی لە قەڵەم داوە! ل١٨٧) (موراد لەگەڵ هەر ژنێک بخەوتایە، کۆمەڵێک ئەستێرەی لە دوای خۆیەوە بەجێ دەهێشت کە تا ماوەیەک لە هەوای ماڵەکەدا دەمانەوە. ل١٥٧) بەختیار عەلی نەک هەر قارەمانەکانی ئەفسانەیین، بەڵکوو تەنانەت کۆنەخاولییەکی بەکارهێنراویشمان لێ دەکات بە ئەنتیک و ئەفسانە، گەرچی لەمێژە خاولیی بەکارهێنراو، با خاوەنەکەی شازادە (دیانا)یش بووبێت، کەسی دیکە ئامادە نییە خۆی پێ وشک بکاتەوە.

**دەشێت ئینسان دوو جار یان زیاتریش عاشق ببێت، وەلێ ناشێت، بە زەبری هەمان ئەو هۆکارانەی یەکەم ئەوین، دیسانەوە بکەوێتە داوی ئەوینێکی دیکەوە، ئاخر هەر ئەوینە و هۆکار و هەلومەرجی تایبەتیی هەیە.** بەختیار عەلی وەک دەرکی بەم ڕاستییە نەکردبێت، هەر بەو کەرەسە دێرینەی لە ڕۆمانەکانی پێشوویدا بەکاری هێناون، ئەم ڕۆمانە تازەیشی نووسیوە. ئەوە نییە لە (شاری مۆسیقارە



سپییەکان)یشدا، ژەنیاری بەختیار، چاکترین مۆسیقاری دنیایە و شانی هیچ نیگارکێشێکی دنیایش، ناگاتە ئاستی داوێنی (شێوەکار)ی کن وی! دەشێت بەرچاوترین جیاوازیی نێوان (دواهەمین هەناری دنیا) و (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)یش، هەر ئەوەبێت، ئەو ئەرکەی لە یەکەمیاندا بە هەندێک (**کاسێت**)ی سپاردووە، لە دووەمیاندا چەند (**نامە**)یەک جێبەجێی دەکات.

ئەو کارەکتەرانەی لە ڕۆمانێکدا کۆ دەکرێنەوە، کەسیان لەوی دیکەیان ناچن، هەر یەکەیان نەک هەر بیر و بۆچوون، تەنانەت هەڵچوونی تایبەتیشی هەیە، ڕاستە نووسەر دەخوازێت لە ڕێی کارەکتەرەکانییەوە، بیر و هەستی خۆی دەرببڕێت، وەلێ دەبێت بۆ گەیاندنی هەست و بیری خۆی، کەسانی شیاو دەستنیشان بکات. چنین لە ڕۆماندا، کە لە پێوەندیی نێوان کارەکتەرەکاندا چڕ دەبێتەوە، دژوارترین ئەرکی نووسەرە. گرنگ ئەوە نییە، لە فلان ڕۆماندا چەند کەسایەتیی جیاواز هەیە، گرنگ هونەری چۆنیەتی کۆکردنەوەیانە، بێ ئەوەی پشت بە ڕێکەوت ببەستین و بێ ئەوەی متمانەی خوێنەر لە دەست بدەین.

### ٣

میلان کوندێرا وای بۆ دەچێت، ڕۆمان لە ئەورووپا، ڕۆڵێکی گرنگی لە سەرهەڵدان و چەسپاندنی دیموکراسیدا وازی کردووە، ئاخر ئەو جیهانەی بۆ نموونە، دۆستۆیفسکی وێنەی کێشاوە، جیاواز بووە لەو دنیایەی خوێنەر پێی ئاشنا بووە. ئەمەیش کارێکی کردووە، ئینسان لەسەر ئەوە ڕابێت، بە چاوی ڕێزەوە، سەرنجی ئەوی دیکەی جیاواز

بدات. ئەمە وێڕای ئەوەی ڕۆمان بایەخ بە تاقە دەنگێک نادات، بەڵکوو لەگەڵ فرەدەنگیدایە و لە ڕێی گێڕانەوەی جیاوازەوە، ڕێ بۆ کۆمەڵێک کەسایەتی جیاواز خۆش دەکات، هەست و بیری خۆیان دەرببڕن و بوار بۆ هەمووان دەڕەخسێنێت باس لە خەون و خولیاکانی خۆیان بکەن.

فرەدەنگی کاتێک بەشداری لە چەسپاندنی دیمۆکراسیدا دەکات کە دەنگەکان بە تەواوی لە یەکدی جیاواز بن، یان ئەوانەی ڕووداو، بیرەوەری و بەسەرهات دەگێڕنەوە، کەسانێک بن، هەر یەکە و خاوەنی لێکدانەوەی خۆی بێت، ئاخر فرەدەنگی بەوە دەستەبەر ناکرێت کە کۆمەڵێک کەسایەتی بە ناوی جیاواز و دیدی هاوبەشەوە، لە ڕۆمانێکدا کۆ بکرێنەوە. ئازادی، داد و ئەوین، دەشێت پەیامی ئەدەب کە نووسەر بە گێڕانەوە و خەیاڵدا بۆ خوێنەری دەنێرێت، ئەوە بێت، ژیان بەو سێ چەمکە ببەخشێت.

**وەرگر ڕۆمانێک بە تامەزرۆییەوە دەخوێنێتەوە کە بەردەوام لە هەڵکشاندا بێت، نەک ڕۆمانێک کە پەرشوبڵاو ببێتەوە. ڕۆمانێک خوێنەر کەمەندکێش دەکات کە ستوونئاسا گەشە بکات، ئاخر ڕۆمانێک کە ئاسۆیی خۆی بنوێنێت، خوێنەر دووچاری بێزاریی دەکات.** غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ، وێڕای ئەوەی لەبری هەڵکشان، بەردەوام پان و پانتر دەبێتەوە، هێندە درێژدادڕیشی پێوە دیارە، نووسەرەکەی لە بەنداوێک دەچێت، بەربەستەکەی درزی تێ بووبێت. لەو ڕۆمانەدا خوێنەر دەتوانێت، باز بەسەر ئەم یان ئەو بەشەدا بدات، بێ ئەوەی دواتر هەست بەو کەلێنە بکات کە دەبێت بکەوێتە ڕۆمانەکەوە. فۆرمی گێڕانەوەی کورتبڕی هەمەنگوای کە بە



فەرامۆشکردنی ڕستەیەک بۆشایی دەکەوتە بەرهەمەکانییەوە، وەبیر خۆت بهێنەوە، ئیدی هەست دەکەیت، بەختیار عەلی چەند زێدەڕۆیی لە بواری درێژدادڕیدا کردووە.

نووسەر لە بواری ناولێنانیشدا سەرکەوتوو نەبووە، ئاخر هیچ سەرمایەدارێک هێندە گێل نییە، ناوی (بەفر و سەراب) لە هۆتێلەکەی بنێت، چونکە ئەوسا میوان لەوە دەترسێت، ئەو هۆتێلە، هۆتێلێکی ساردوسڕی بێ ئاو بێت. نووسەر تەنیا سەرمایەدارانی پێ گێل نییە، خوێنەرانیشی پێ گێلە، ئەگەر نا نەیدەنووسی: (مێردەکەی باران شوکور لە تەیرێکی بریندار دەچێت. بەستەزمانە لە تەیرێکی باڵشکاو دەچێت. لە چۆلەکەیەک دەچێت واشە لێی دابێت. لە پاسارییەک دەچێت، داڵ لێی دابێت. ل٢٣٣، ٢٣٤ و ٢٣٥) بە ڕاست ئەوە گاڵتەکردن نییە بە ئاوەزی خوێنەر؟ ئەگەر نا، ئەدی جیاوازی چییە لە نێوان چۆلەکەکەیدا داڵ لێی دابێت و پاسارییەکدا واشە لێی دابێت؟ خوێنەر چۆن هەست بکات ئەمیان داڵ و ئەویان واشە لێی داوە؟

بەختیار عەلی وەک ڕاهاتووە، بێ دوودڵی لاسایی نووسەرانی دیکە دەکاتەوە، بێ ئەوەی سەرنجی خوێنەر بۆ سەرچاوە ڕابکێشێت. ئەو فۆرمی گێڕانەوەیە کە نووسەر پشت بە چەند گێڕەرەوەیەک دەبەستێت، تەکنیکێکی گەلێک دێرینە، هەر بۆ نموونە، عەبدولڕەحمان مونیف لە ڕۆمانی (خۆرهەڵاتی ناوین)دا بەکاری هێناوە، دەشێت لەسەر ئاستی جیهان، ولیەم فۆکنەر (١٨٩٧ ـ ١٩٦٢) ناسراوترین نووسەر بێت کە پشتی بەو شێوە گێڕانەوەیە بەستووە. نووسەر بۆیە بەو شێوازە دەنووسێت، تا پێمان بڵێت، ئەوی تۆ بە ڕاستی دەزانێت، دەشێت بە لای ئەوی دیکەوە ڕاست نەبێت، تەنانەت دەشێت، ژمارەی

ڕاستییەکان هێندەی ژمارەی گێڕەرەوەکان بێت. باوەڕهێنان بە هەبوونی کۆمەڵێک ڕاستی، ڕەنگە ئینسان هان بدات، لەبری سەرکەوتن بەسەر ئەوانی دیکەدا، هەوڵی پێکەوە ژیان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بدات.

فۆرمی گێڕانەوە بە هۆی یادداشتەکانی یەکێک لە کارەکتەرەکانەوە، ئەویش تەکنیکێک نییە بەختیار عەلی دایهێنابێت، ئاخر بۆ نموونە، عەلاء ئەسوانی لە ڕۆمانی (شیکاگۆ)دا بەو تەکنیکە نووسیویەتی. تەنانەت وەک چۆن عەلاء ئەسوانی، یادداشتەکانی (ناجی عەبدولسەمەد)ی بە فۆنتی جیاواز نووسیوە، بەختیار عەلیش، یاداشتەکانی (بارۆنی خەیاڵ)ی بە فۆنتی جیاواز نووسیوە. وەک چۆن لای گارسیا گابرێل مارکیز لە (سەد ساڵ دوورەپەرێزی)دا، ئافرەتێک کە زۆری بۆ دێت، بۆ ئاسمان هەڵدەکشێت، لە غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵیشدا، مەهناز کە زۆری بۆ دێت و خۆی دەسووتێنێت، تەنانەت خۆڵەکەوەشی لە پاش بەجێ نامێنێت.

زانیاری دەربارەی فیلم، شێوەکاری و چیرۆکی منداڵان کە بەختیار عەلی بۆ تۆقاندنی خوێنەری کەمزان، وەک ماسولکە نمایشی دەکات، لە ئەورووپا بە هۆی ئینتەرنێتەوە کە لەبەر دەستی زۆربەدایە، منداڵی دە دوازدە ساڵانیش دەیزانێت. ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانە نووسەر هەرچەندە خۆی وەها نیشان دەدات کە شارەزای بوای سینەمایە، کەچی بە درێژایی ڕۆمانەکەی، چەندان جار لەبری( فیلم،) (فلیم) دەنووسێت! نووسەر هێندە ستایشی غەزەلنووس دەکات، خوێنەر ناهەقی نییە کە وای بۆ بچێت، نالی ئەگەر مابا، خۆی بە شاگردی ئەو شاعیرە گەورەیە ناونووس دەکرد، کەچی کە چەند جارێک نموونە لە غەزەلی غەزەلنووس دەهێنێتەوە، هێندە لاوازن، خراپترین شیعری



دێرینی کوردی، لە چاویاندا شاکارە.

پاژنەی ئاخیلی (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ) ئەوەیە کە هێندە لە ڕۆمانی (بەفر)ی ئۆرهان پاموک دەچێت، تا ئەو ئاستەی دیسانەوە خوێنەری شتنزان، لە بەختیار عەلی بکەوێتە گومانەوە. لە (بەفر)دا (کا) لە ئەڵمانیاوە بۆ تورکیا دێتەوە و لە شاری (قارس) لە هۆتێلێک لا دەدات و لەگەڵ (ئیپەک)ی کیژی خاوەن هۆتێلەکەدا تا ڕادەی جووتبوون، دەست تێکەڵ دەکات. لە غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵدا، زوهدی شازەمان، لە ئینگلستانەوە بۆ کوردستان دێتەوە و لەگەڵ (ئەفسانە)ی ژنی (خاوەن هۆتێل)دا، تا ئاستی جووتبوون، دەست تێکەڵ دەکات. بە هەمان ئەو شێوازەی ئیپەک شەوان سەردانی کا دەکات، ئەفسانەیش سەر لە زوهدی شازەمان دەدات. (کا) بۆ بەسەرکردنەوەی دیاردەی خۆکوشتنی ژنانی لەچکدار ڕووی کردووەتە قارس، زوهدی شازەمان بۆ سۆراخکردنی باران شوکوری خوشکەزای کە مێردەکەی بە تۆمەتی ناپاکیکردن کوشتوویەتی، گەڕاوەتەوە.

ئەو کردە سێکسەی لە نێوان (ئیپەک و کا)دا ڕوو دەدات، ئۆرهان پاموک وەک سێکسی نێوان دوو ئینسان وێنەی کێشاوە، وەلێ ئەو سێکسەی نێوان (ئەفسانە و زوهدی شازەمان) کە بەختیار عەلی باسی دەکات، چونکە لەناکاو و بێ هیچ پێوەندییەکی دێرین و پێشینەیەک ڕوو دەدات، هەر لە سێکسی نێوان ئاژەڵان دەچێت. پێم وایە ئەو پیاوەی توانای ئەوەی نەبێت لە هەستی ژن تێبگات، توانای ئەوەشی نابێت، شتێکی جوان دەربارەی ژن بنووسێت. شیعر لە ناخی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێت و دەربڕی هەستی خودی شاعیرە، وەلێ ڕۆمان

چونکه پێویستـه ناخی کـەسانی دیکەیش بخـاته ڕوو، بۆیه خـەیاڵی ڕۆمـاننووس دەبێت زۆر له خـەیاڵی شـاعیـر فراوانتـر بێت. وەک چۆن شاعیر به سەرکەوتوویی باسی خـەم و خولیاکانی خۆی دەکات، دەبێت ڕۆمـاننووس وێڕای هـەستی خـۆی، سـەرکەوتووانـه هـەستی کـەسانی دیکەیش دەربـبڕێت. **بەختیار عەلی گەرچی له ڕۆمانی غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵدا، بەردەوام باسی خەیاڵ دەکات، وەلێ له بواری بەگەڕخستنی خەیاڵدا، خوێنەر تووشی نائومێدی دەکات.**

## ٤

هـەبوو نەبوو، پێش ڕاپەڕین حیزب هەبوو، هەمیشه لیستێکی هەبوو، ناوی ئـەو پیـاوانەی تیـابوو، کـه پێـویست بوو، زوو بکوژرێن، لەو لیستەدا وەک چۆن ناوی هەندێک پیاوی ڕژێم هەبوو، ناوی هەندێک له پیاوانـی نەیاری سیاسیش هەبوو، دوای ڕاپەڕین لیستی حیزب، ناوی ژنانیشی تێ چوو. ڕۆمانی بەفری ئۆرهان پاموک، بایەخێکی زۆر به تیرۆرکردنی نەیارانی سیاسی و ژیاننامەی پیاوکوژان دەدات، له غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵی بەختیار عەلیشدا، مەسەلەی تیرۆکردنی نەیاری سیاسی و بیۆگرافیای پیاوکوژان پشکی شێریان پێ دەبرێت. بەختیار عەلی ڕۆمانی (بەفر)ی نەک هەر خوێندووەتەوە، بەڵکوو کـه بـەکر شـوانی کـردوویه به کـوردی، ئەرکی پێشەکی بۆ نووسینی بەو سپاردووە.

ئۆرهان پاموک له بەفردا، کـه دیاردەی خۆکوژی لای ژنان بەسـەر دەکاتەوە، ڕەخنه له دەسەڵاتی عەسکەر و هەژموونی ئایینی ئیسلام و ئیسلامییەکانیش دەگرێت، وەلێ بەختیار عەلی تەنیا ڕەخنەی له



دەسەڵاتی سیاسیی هەیه و توخنی ئیسلامییەکان و تابووە ئایینییەکان ناکەوێت، که کەم یان زۆر پێوەندییان به ژنکوژییەوە هەیه. (عەلاء ئەسوانی)یش له ڕۆمانی (شیکاگۆ)دا، هێنده بوێرانه هەڵسوکەوت لەگەڵ، ئایین، سێکس و دەسەڵاتی سەکوتگەردا دەکات، غەزەلنووسەکەی بەختیار عەلی لەچاو شیکاگۆکەی ئەودا، هەوڵێکه تا بڵێیت شەرمن.

جۆره ڕۆمانێک هەیه پێی دەگوترێت، ڕۆمانی بیۆگرافیا و بیرەوەری، جۆرێکی دیکه هەیه، ڕیالیستە و ئەوفسووناویش، غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ، هەرچەنده نه ئەمیانه و نه ئەویان، کەچی هەوڵی داوە هەردووکیشیان بێت، ئەمەیش جۆره ڕۆمانێکی دیکه نییه که بەختیار عەلی دایهێنابێت، بەڵکوو زادەی ئەوەیه نووسەری ناوبراو دەسەڵاتی بەسەر هونەری ڕۆماننووسیندا ناشکێت.

له غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵدا، مورتەزای شەیتان ئیشی ئەوەیه تەرمی قوربانییەکانی شەڕی ناوخۆ و تەرمی ئەو ژنانه بشارێتەوە و شوێنبزر بکات که به پاساوی ئاوڕووپارێزییەوە دەکوژرێن، کەچی که دەدوێت، هێندەی شانۆکارێکی پرۆفیشیۆناڵ، شارەزای شاکارەکانی شەکسپیره. (شبر مستەفا و حەسەن تۆفان)یش هەرچەنده له خۆیان وایه دوو پێ میمن، وەلێ ڕاستییەکەی دوو (پێ کاف)ی پرۆفیشیۆناڵن، ئەو دوو (**پ**) یاو (**ک**)وژه که دەپەیڤن، دەڵێیت دوو شاعیری نەوەی دوای ڕاپەڕین و تەنانەت هەندێک جار وەک بیرمەند دەدوێن.

کچەی پرتەقاڵ، ڕۆمانێکی نووسەری ناسراوی نەرویژی، (یوستین گاردەر)ه، لەسەر بناغەی نامەیەک ڕۆ نراوە، که باوکێک له

سەرەمەرگدا بۆ کوڕەکەی دەنووسێت. ئەگەر بشێت دەڵێم، بگێڕەوە، کارەکتەر و ڕووداوی سەرەکیی ڕۆمانەکە، بریتین لەو نامەیە. لە غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵیشدا نامە هەیە، وەلێ نە نامەی (باران شوکور،) نە هی (مەلای سوختە) و نە هی (مەلای هاجەر،) بایەخێکی ئەوتۆیان نییە و بە فەرامۆشکردنیان، کەلێن ناکەوێتە ڕۆمانەکەوە.

بەختیار عەلی وێڕای ئەوەی هەست بە جیاوازیی نێوان بەیت و چوارینە ناکات[٥] و هیچیش دەربارەی عورووزی شیعری کلاسیک و بەحرە جیاوازەکانی نازانێت، کەچی زاتی کردووە، شیعر لەسەر شێوازی دێرین بنووسێت! بەختیار عەلی دەنووسێت: (من و تۆ دوو جەمسەری دژین، تۆ لە من ڕادەکەیت و منیش لە تۆ ڕادەکەم. ل٤٢٠) جەمسەرە دژەکان، موگناتیس وەک نموونە، لە یەکدی ڕاناکەن، بۆ لای یەکدی دەکشێن. لە هەموو بوارێکی دیکەیشدا، ژیانی لایەنە ناکۆکەکان، بە یەکدییەوە بەندە، دەشێت ئەمە یەکەمین وانەی دیالێکتیک بێت.

*

بەختیار عەلی دەڵێت: (بۆنی گەڵای **دڕندەی** لێ هەڵدەستێت. ل٤٤٧) پێ دەچێت ئەو ڕستەیە تەرجومە کرابێت، ئەگەر نا، دەیگوت: گەڵای **کێوی**. یان دەڵێت: (**ئافرەتێکت لەگەڵدا نییە بەسەر شانیدا بگریت.** ل٤٥٣) پێنج ساڵێک لەمەو بەر نووسەری ئەم باسە گوتوویەتی:

ژنێ بێباک لە ڕێی دژوار،
بێباک لە شەپۆلی زەریا،
**ژنێ کە نیگەران دەبوو**
**بەسەر شانمدا دەگریا.** (ئەو پەیڤانەی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێن. ل٣١)



بەختیار عەلی دەڵێت: (نەدەبایە لە یەکەم ڕستەوە بەو جەشنە **تۆوی گومان سەوز بکەم**. ل ٣٠٢) لە ١٩٨٥دا نووسەری ئەم باسە گوتوویەتی:

(گەر **تۆوی گومان** لە هەستی خاوێنی من
لە خەیاڵتا **سەوز بووە**. نووسین بەبێ وشە، ل٦٥)

یان دەڵێت: (لە ترۆپکی شاخێکی بەرزەوە، بەرەو بنی خەرەندێکی قووڵ خل دەبوونەوە. ل٣٩٦)

لەمێژە نووسەری ئەم باسە گوتوویەتی: (قەڵەمم ئەسپێکە دەزانم لەگەڵ نووسینی یەکەمین درۆدا، لە بەرزترین لوتکەوە بۆ قووڵترین خەرەندم بەر دەداتەوە. ل ١١٥ تاڤگەیەک لە زیو.)[٦] یان دەڵێت: (**کە دوورم نزیکیت و کە نزیکم دووریت**. ل٤٦٨) نەجات سەغیرە گۆرانییەکی هەیە تێیدا دەبێژێت:

**القريب منك بعيد**
**والبعيد عنك قريب.**

(تێکستی ئەو گۆرانییە هی حسێن ئەلسەییدە و محەممەد عەبدولوەهاب ئاوازی بۆ داناوە. ئەو گۆرانییە لە فیلمی (حەوت ڕۆژ لە بەهەشتدا) (دەرهێنانی: فەتین عەبدولوەهاب ١٩٦٩) کە وێڕای نەجات سەغیرە، حەسەن یوسف و ئەمین هنێدی ڕۆڵە سەرەکییەکانی تێدا دەگێڕن، گوتراوە.)[٧]

بەختیار عەلی دەڵێت: (شۆڕشگێڕەکانی ئەمڕۆ، دیکتاتۆرەکانی سبەینێن. ل٤٩٢) ئەوە قسەی (ئەلبێرت کامۆ ١٩١٣ ـ ١٩٦٠)یە، ئەو لە کتێبی (یاخیبوو)دا دەبێژێت: (هەموو شۆڕشگێڕێک لە کۆتاییدا دەبێتە زۆردار.)

(ئەگەر یادگارییەکان خیانەتم لێ نەکەن. ل٣٤) تۆ لەوەی گەڕێ،

خیانەت عەرەبییە و بە کوردی ناپاکیی پێ دەڵێن، گوێ بەوەش مەدە کە یادگارییەکان هەڵەیە و یادەوەرییەکان ڕاستە، ئاخر یادگار، زیکرایە نەک زاکیرە، کارەسات ئەوەیە، دەربڕینەکە عەرەبییە و ڕۆماننووسەکە کورد. (جووتێک چاویلکەی گەورەی لە چاودا بوو. ل١٠٦) ئەو دەربڕینە کوردی نییە، ئینسان یەک چاویلکە لە چاو دەکات، با چاویلکەکە بۆ دوور و بۆ نزیکیش دەست بدات.

(ئەو **دراوانە**ش کە ئێستا لەبەر دەستی ئێمەدان، بواری دۆزینەوەی ڕاستیمان پێ نادەن. ل٤٥) مەبەستی لە دراوان، معطیاتە، ئایا ئەوە زمانی نووسینی ڕۆمانە، یان هی لێکۆڵینەوە؟ (فەخفووری و پۆرسەلانی چینی ل٥٧) فەخفووری و پۆرسەلان یەک شتن، نەک دووان. (شاعیری ئەو زەمانە لە دیوەخان و دەرباردا دەژیا. ل٥٨) دیوەخان و دەربار، هەمان شتن. یان دەڵێت: (مرۆڤەکان کەسیان موڵکی من نین، هەندێکیان هاوڕێمن و هەندێکیان دۆستم. ل٥٤٨) ئایا هیچ جیاوازییەک لە نێوان هاوڕێ و دۆستدا هەیە؟

بەختیار عەلی دەڵێت: (پەریناز تاکە گیاخۆری تیپەکەمان بوو. ل٢٠٢) نەباتی، گیاخۆر نییە، ڕووەکییە. یان دەڵێت: (بۆنی کتێبەکە لە بۆنی هەندێ کووچەی داخراوی ئەم شارە دەچوو. ل٤٧١) ئایا هیچ جیاوازییەک لە نێوان بۆنی کووچەی بنبەست و بۆنی کووچەیەکدا کە دەربچێت هەیە؟ یان دەڵێت: (ئەم وڵاتە بە ئەندازەی **هەزار** وڵات مردنی تێدایە. ل٤٧٢) دنیا بریتییە لە دووسەد و چل و چوار وڵات، لەوانە سەد و نەوەد و چوار وڵاتیان سەربەخۆن و سەد و نەوەد و دوویان ئەندامی یووئێنن. یان دەڵێت: (ماجەلانی ڕاستەقینە **بە خۆی و قژە درێژ و سپییەکەیەوە** گوتی. ل٥٣٦) ئایا ئەو ڕستەیە هیچ پێویستی بە (بە



خۆی و قژە درێژ و سپییەکەیەوە،) هەیە؟

(یازدەی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤ لای بەختیار عەلی دەکاتە یازدەی یازدەی دوو هەزار و چوار. ل٥٥٣) (١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤یش، لای وی دەکاتە هەژدەی یازدەی دوو هەزار و چوار. ل٥٧٤) ئەگەرچی تشرینی یەکەم، مانگی (دە)یە نەک یازدە! شیاوی باسە، لە سوێد منداڵی شەش ساڵان ناوی مانگەکان دەزانێت. لەبری ئەو تشرینی یەکەمە، ئۆکتۆبەری نووسیبا، باشتر نەبوو؟ دەشێت کوردی باکوور و خۆرهەڵات، نەزانن، تشرینی یەکەم، مانگی چەندەمە، وەلێ سەیرە کوردێکی باشوور، ڕۆمان بنووسێت و هەڵەی وا بکات.

بەختیار عەلی دەڵێت: (نیگات پڕە لە ئەشکی تەڕ. ل٦١٢) ئایا ئەشکی وشک هەیە؟ ئیبراهیم ئەحمەد چەند جوانی بۆ هاتووە کە گوتوویەتی:

لەبەر چاوی بەد لە ترسی بەدکار
دڵم ئەکەمە گۆڕی یادگار
بە **گریانی وشک**، بە ناڵەی بێدەنگ
دێنمە لەرزین، تەختی کردگار.

گریانی وشک، دەربڕینێکی شاعیرانەیە، وەلێ ئەشکی تەڕ، لە قسەی کەسێک دەچێت، هیچ زانیارییەکی سەبارەت بە شیعر نەبێت، نەک هی کارەکتەرێک کە لە ڕوانگەی ڕۆماننووسەوە، باشترین غەزەلنووسی دنیا بێت.

٢٠٠٨/٣/١٢

(١) بەختیار عەلی، غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ، چاپخانەی ڕەنج ٢٠٠٧ سلێمانی.

(٢) هاوڵاتی، ژماره ٣٣٣ ل١٨ یەکشەممە ٢٠٠٧/٧/١ چاپی هەولێر.
(٣) بەختیار عەلی، غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ، ل١٩٧ چاپخانەی ڕەنج ٢٠٠٧ سلێمانی.
(٤) حال الروایه الأن، الهلال، فبرایر ٢٠٠٨ القاهره.
(٥) بەختیار عەلی، غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ، (ل١٨٧، ل٤٠٩ و ٤١٠) چاپخانەی ڕەنج ٢٠٠٧ سلێمانی.
(٦) ئەو بابەتانەی بنووسی ئەم باسە، لە سایتە کوردییەکانیشدا بڵاو کراونەتەوە.
(٧) ئەو زانیارییانە بە تەلەفۆن لە خودی هونەرمەند نەجات سەغیرە وەرگیراون.
(*) ئەوی پارانۆیای هەبێت، خۆی زۆر پێ گەورەیە و پێی وایە هەمیشە خەڵک لە بۆسەدان بۆی.



# دوو نۆڤلێت و دوو ڕۆمان

## ١

"ویژدان تەنیا هەر ئیسمی هەیە و کەس بە چاو نەیدیوە."
ئەحمەد موختار جاف(١)

"ئەی ویژدان، ئەی ئینساف، ئێوە کە ناوتان هەیە، بۆچی ناچنە سوورەتی ئینسانەوە؟"
جەمیل سائیب(٢)

(ئەو دۆستانەی ئەحمەد موختار جاف کە دەستنووسی (مەسەلەی ویژدان)یان بینیوە، پێیان لاواز بووە،)(٣) دەشێت هەر لەبەر ئەو هۆکارەیش، خودی شاعیر سەروەختی ژیانی خۆی، چونکە لێی دوودڵ دەبێت، هەوڵی بڵاوکردنەوەی نادات. هیچ دوور نییە، ئەگەر زوویش نەکوژرابا و دەیان ساڵی دیکەیش ژیابا، ئەوسایش هەر مەسەلەی ویژدانی چاپ نەکردبا. ئایا د. ئیحسان فوئاد، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو دەستنووسەی دەست کەوتووە، مافی ئەوەی هەیە، چاپی بکات؟

کە لە خوێندنەوەی مەسەلەی ویژدان بوومەوە، بە خۆمم گوت: بریا ئەو کتێبەم هەر نەدیبا، ئاخر ئەو وێنە جوانەی لە یادەوەریمدا بۆ ئەحمەد موختار جافم کێشابوو، شێوا، ئاخر قەت لەو بڕوایەدا نەبووم، ئەو شاعیرە خۆشەویستە، شتی وەها لاواز و وەها ناهونەری بنووسێت، شتێک کە کەسێک شارەزای ئەلفوبێی هونەری

چیرۆکنووسین بێت، ئامادە نییە، ناوی چیرۆکی لێ بنێت. سەد بریا دەستنووسەکە، بزر بووایە و کەس لە فەوتان ڕزگاری نەکردبا، ئاخر **چاپکردنی مەسەلەی ویژدان، بێویژدانییەکی گەورە بوو بەرانبەر ئەحمەد موختار جافی شاعیر کرا.**

وای بۆ دەچم، ئەگەر مەرگ مەودای دابا، ئەحمەد موختار جاف، ئەو دەستنووسەی کە لە باشترین حاڵەتدا، ڕیپۆرتاژێکە دژ بە گەندەڵی، بە گەرووی ئاگر دەسپارد، وەلێ جێی داخە د. ئیحسان فوئاد هەرچەندە هەندێک لاپەڕەی (چیرۆک)ەکەی بە تەواوی بۆ ساغ نەکراوەتەوە، وەلێ هەر بۆ ئەوەی چاپی بکات، هاتووە پینەی کردووە! یان خۆی گوتەنی دایڕشتووەتەوە، بێ ئەوەی خەیاڵی بۆ ئەوە چووبێت، بە بڵاوبوونەوەی ئەو دەستنووسە، دەشێت شکۆمەندیی ئەدەبیی ئەحمەد موختار جاف بریندار ببێت.

مەسەلەی ویژدان کە ڕووی بەر ڕووناکیی نییە و هەق نەبوو بڵاو بکرێتەوە، کەچی د. ئیحسان فوئاد هاتووە، ئەو نووسینە ڕووکەشە، کە ڕستەیەکی ئەدەبیی تێدا نییە، بە ئەدەبی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە، نێوزد دەکات و بە (کچی ئەفسەرەکە)ی (پووشکین)ی بەراورد دەکات! د. ئیحسان فوئاد زاتی کردووە، لە کاتی ناساندنی ئەو نووسینە بێفەڕەی شاعیری بێبەخت ئەحمەد موختار جافدا،[٤] ناوی گەلێک لە ڕێبەرانی ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە تۆمار بکات، ڕێبەرەیلی لە بابەتی بەلزاک، دیکنز، ستاندال و تۆلستۆی کە بەشدارییان لە گۆڕین و سەرلەنوێ ڕۆنانەوەی دنیادا کردووە.

**نووسینێکی پەڕپووتی دیکەیش کە وەک مەسەلەی ویژدان هەر لە دەیەی سێیەمی سەدەی ڕابوردوودا نووسراوە و بە ناڕەوا ناوی**



**چیرۆکی لێ نراوە، (لە خەوما)ی جەمیل سائیبە** کە جەمال بابان بڵاوی کردووەتەوە. بابان مەسەلەی ویژدانی لە (لە خەوما) پێ سەرکەوتووترە،[٥] ئیدی بزانن، دەبێت، لە خەوما چەند وێران بێت!

بەرهەمی ئەدەبی بە چاوپۆشین لەوەی تازەکی یان لەمێژە نووسراوە، پێویستە دەقێکی جوان بێت، ئاخر مێژووی نووسینی دەق، ئیدی با بۆ دەیان یان تەنانەت سەدان ساڵ بەر لە ئێستایش بگەڕێتەوە، پاساو نییە بۆ لاوازیی بەرهەمەکە. ئێمە کە چیرۆکێک دەخوێنینەوە، چاوەڕێی ئەوە دەکەین، مەرجەکانی چیرۆکی سەرکەوتووی تێدا بێت، ئیدی هەقی ئەوەمان نییە، چیرۆکەکە لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا یان لە چارەکی دووەمیدا نووسراوە.

نووسەر مافی ئەوەی هەیە، بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەرنجی بیر و ڕەوتاری دەسەڵاتداران بدات، وەلێ (لە خەوما)ی جەمیل سائیب، پێ دەچێت زادەی شتی تایبەتی بێت، نەک ڕەخنەی بابەتی، ئاخر زێتر لە پەرچەکرداری نووسەرەکەی دەچێت، بەرانبەر بەوەی لە سەروەختی دەسەڵاتی شێخ مەحموودا، وێڕای ئەوەی تۆمەتی جاسووسیکردن بۆ ئینگلیز وەپاڵ خۆی دراوە، عارفی برای و جەمال عیرفانی برادەریشی تیرۆر کراون. بریا ئەحمەد موختار جاف و جەمیل سائیب لەبری ئەو دوو نووسینەی بە ناڕەوا بە چیرۆک لە قەڵەم دراون، لە شێوەی گوتاری سیاسیدا، ڕەخنەیان لە گەندەڵییەکانی سەردەمی خۆیان گرتبا. **حەمدی توانیویەتی بە شیعر ڕەخنە لە دەسەڵات بگرێت، وەلێ ئەحمەد موختار جاف و جەمیل سائیب نەیانتوانیوە بە چیرۆک ڕەخنە بگرن.**

٢

عیـززەدین مـسـتـەفـا ڕەسـووڵ کـە لە ١٩٦٠/٨/٣دا، پێـشـەکـیی بۆ (پێشمەرگە) نووسیوە، زاتی کردووە، ئەو ڕۆمانەی د. ڕەحیمی قازی، لەگەڵ بەرهەمی {گۆگۆڵ، تۆلستۆی و ڕۆمانی (دایک)ی ماکسیم گۆرکی}دا بەراورد بکات،[٦] ئەمەیش بێجگە لە زێدەگۆیی (موبالەغە) هیچی دیکە نییە، ئاخر ڕۆمانی دایک کە وەک نموونەی باڵای ئەدەبی ڕیالیزمی سۆسیالیست ناسراوە، بۆ دەیان زمان تەرجومە کراوە و بە میلیۆنان خەڵکی بۆ تێکۆشانی چینانەتی هان داوە. ئەمە وێڕای ئەوەی **گۆرکی لە ڕۆمانی (دایک)دا لە ژنێکی پاسیڤ، تێکۆشەرێکی مەزنی خوڵقاندووە**، کەچی لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا، ژن لە کۆیلەی پیاو زێتر، هیچی دیکە نییە. پێشمەرگە نەک هەر لە ئاستی بەرهەمی ماکسیم گۆرکیدا نییە، بەڵکوو دەستی بە داوێنی چیرۆکی شاکیر فەتتاح، عەلادین سەججادی و ئیبراهیم ئەحمەدیشدا ناگات.

پێشەکینووس بەوەی نەزانیوە، **بەرهەمێک دەکەوێتە خانەی ئەدەبی ڕیالیزمی سۆسیالیستەوە کە بە شێوەیەکی هونەری خەباتی کرێکاران بەسەر بکاتەوە**، ئەگەر نا (پێشمەرگە)ی بە ئەدەبی (واقیعییەتی ئیشتراکی)(٧) لە قەڵەم نەدەدا کە باس لە خەباتی نەتەوەیی و ململانێی نێوان جووتیار و فیودال دەکات. هەرچەندە د. ڕەحیمی قازی باسی کۆمەڵەی ژێ کاف، حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆماری کوردستان، بارزانییەکان، گۆڤاری نیشتمان، قازی محەممەد و هێمنی شاعیریشی کردووە، وەلێ پێشمەرگە ڕۆمانێکی دیرۆکی نییە، بەرهەمێکە سەر بە ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە.

بۆ باسکردنی گەورەیی (گۆگۆڵ)ی نووسەری هەردوو شاکاری (گیانە مردووەکان) و (پاڵتۆ) دەشێت تەنیا هێندە بەس بێت کە



**دۆستۆیفسکی بەو هەموو بلیمەتییەی خۆیەوە، گوتوویەتی: [ئێمە هەمووومان لە (پاڵتۆ)کەی گۆگۆڵەوە سەرمان دەرهێناوە.] (تۆلستۆی)یش نووسەرێکی هێندە مەزنە، نەک کورد، ئەستەمە نەتەوەیەکی دیکە، ڕۆماننووسی وەها شک ببات، لە ئاستی بنووسی (شەڕ و ئاشتی) و (ئاننا کارێنینا)دا بێت،** بۆیە ئەو بۆچوونەی عیززەدین مستەفا ڕەسووڵ، لە قسە فڕێدان دەچێت، نەک لە هەڵسەنگاندنی ئەدەبی. ئەدەبی کوردی بەوە پێش ناکەوێت، گۆرانی بە **باڵای** دەقە لاوازەکانماندا هەڵبڵێین، بەوە بەرەو پێش دەچێت، ئەدەبێکی **باڵا** بەرهەم بهێنین. **ڕۆمانی پێشمەرگە ئەگەر بایەخێکی هەبێت، تەنیا ئەوەیە کە بەڵگەنامەیەکی سۆسیۆدیرۆکییە.**

پێشمەرگەی ڕەحیمی قازی، ڕۆمانێکە لە لوتکەی لاوازیدا، بە زمانێک نووسراوە، نموونەی پەرپووتییە، تژییە لە غەفڵەت و ناکۆکی. نووسەر چەندان جار لەبری ئافرەت، عافرەت و لەجیاتی حەپەسا، عەبەسا دەنووسێت![٨] لە زمانی سوێدیدا هاند، دەستە و ڤێرک، ئیش، وەلێ بە ئیشی دەست دەڵێن: هانتڤێرک، نەک هاندڤێرک، واتا: (دال)ەکەی هاند، دەکەن بە تێ، ئاخر وا لەسەر زار خۆشترە. د. ڕەحیمی قازی هەڵەیەکی جوانی کردووە، کە هەمیشە لەبری **قەدپاڵ** کە گوتنی قورسە، (**قەتپاڵ**)ی نووسیوە.

کاک مامەند کە تەمەنی لە شەست ساڵ تێپەڕیوە، کەچی حەوت سەر خێزان، بە هیوان ئەو بە خێویان بکات! گوندنشینێکی هەژار لەو تەمەنەدا ئەگەر توانای کارکردنیشی هەبێت، منداڵی وا گچکەی نییە، خۆی پێ بەخێو نەکرێت. (**برۆ و مژۆڵی وەک تیر و کەوانی.**)[٩] بە گوێرەی ئەو وەسفەی د. ڕەحیمی قازی، برۆی (مرۆت) لە تیر و مژۆڵی لە کەوان دەچێت، وەلێ ڕاستییەکەی دەبێت، برۆی لە کەوان و مژۆڵی

لە تیر بچێت. دەبوو بنووسێت: (**مژۆڵ و برۆی وەک تیر و کەوانی**.) (مرۆت بە **جووتێک گۆزەوە** دەچێتە سەرکانی،)(١٠) کەچی نووسەر ئەوەی لەبیر دەچێتەوە و دەنووسێت: (**گۆزەکەی** پڕ کرد لە ئاو و خستیە سەر شانی.)(١١) پێشمەرگە هەرچەندە ڕۆمانێکی کورتە، کەچی درێژدادڕییەکی بێزارکەری زەق زەق پێوە دیارە. نووسەر بە تێکستی زۆری گۆرانیی فۆلکلۆری و بە گێڕانەوەی کۆمەڵێک باسی بێبایەخ، بە دیالێکتی کوردیی جیاواز، ڕۆمانەکەی بریندار کردووە.

**شاکارێکی گۆران هەیە، ناوی بووکێکی ناکامە، ئەگەر سینەماکاری کارامە مامەڵە لەگەڵ ئەو شیعرەدا بکات، فیلمێکی جوانی لێ بەرهەم دێت، بەشێکی گرنگی ڕۆمانی پێشمەرگە لەژێر کاریگەریەتیی ئەو شیعرەدا کە درامایەکە بۆ خۆی، نووسراوە.** د. ڕەحیمی قازی نەک هەر سێ کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەی، (پیرۆت، مرۆت و قەرەنی ئاغا) بەڵکوو کەشوهەوای ڕۆمانەکەیشی لەو شیعرەی گۆران خواستووە. گۆران لەو شیعرەیدا، کە دە ساڵ زێتر پێش پێشمەرگەی د. ڕەحیمی قازی نووسیویەتی، تەکنیکێکی تازەی گێڕانەوەی بەکار هێناوە، کاتێک لە کۆتایی چیرۆکەکەوە، دەستی بە گێڕانەوە کردووە.

**لایەنی هەرە لاوازی ڕۆمانی پێشمەرگە ڕەنگە ئەوەبێت، کە گێڕەرەوەی هەمووشتزان بە زمانێک دەدوێت، لەبری ئەوەی لە زمانی ئەدیب بچێت، لە زمانی وشکی کادرێکی توند قورمیشکراو دەچێت.** نووسەر با باسی خەباتی نەتەوەیی و ژیانی حیزبایەتیش بکات، دەبێت ئەوەی لەبەرچاو بێت کە خەریکی ڕۆماننووسینە نەک شیکردنەوەی سیاسی و گوتاردان. نەک تەنیا گێڕەرەوە، (بینایی و میرزا قۆیتاس)یش کە دوو کارەکتەری ڕۆمانەکەن، بەردەوام دەرسی کوردایەتی بە (پیرۆت و شێرکۆ) دەڵێنەوە.



## ٣

چیرۆک تەنیا بریتی نییە لە هونەری گێڕانەوە، بەڵکوو بە پلەی یەکەم، (هونەری دەرنگگوتن و دواخستنی کاکڵەی ئەو ڕووداوەیە کە چیرۆکنووس بڕیاری داوە، بیگێڕێتەوە.) نووسەر ئەگەر ئەوی پێیەتی دوای نەخات، ئەوا هەرگیز ناتوانێت، ڕۆمان بنووسێت، ئاخر ئەگەر یەکسەر نهێنییەکان بدرکێنێت، ئەوا بەرهەمەکەی لە کورتەچیرۆک تێپەڕ ناکات. گرنگ ئەوەیە، نووسەر توانای ئەوەی هەبێت، کرۆکی بابەتەکەی دوا بخات و ڕێگەیش نەدات، خوێنەر بێزار ببێت. بە درێژایی ڕۆمانی ژانی گەل، خوێنەر پێی وایە، ژن و منداڵەکەی (جوامێر)ی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە، زیندوون، لە دوا لاپەڕەدا دەزانێت دە ساڵی ڕەبەقە مردوون. ئەو هەواڵەی خوێنەر پێی خۆشە لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە بیزانیت، ڕۆماننووس لە کۆتاییدا دەیدرکێنێت، بێ ئەوەی خوێنەر لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە وەڕز ببێت.

بشگەڕێتەوە یاری کۆچکردوو
نایبینێتەوە ژینی ڕابردوو
نە تۆ ئەو تۆیەی جارانی، نە یار.
نە دوێکە ئیمڕۆ، نە ئیمساڵیش پار.(١٢)

بەختیار عەلی کە لە ڕۆمانی (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)دا، پێویستی بە شیعر بووە، نەیزانیوە، بەیتێکی جوان بنووسێت، وەلێ ئیبراهیم ئەحمەد ئەوی نووسیویەتی وێڕای ئەوەی شیعرێکی جوانە، حیکمەتیشی لێ دەچۆڕێت. ڕۆماننووس ڕاستی گوتووە، ئاخر ئینسان کە شوێنێکی جێ هێشت، ئیدی قەت بۆ هەمان شوێن ناگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر بشگەڕێتەوە، شوێنەکە و خەڵکەکەی هێندە گۆڕانیان

بەسەردا هاتووە، نایناسێتەوە. ئەوە بۆیە کەسێک کە لە تاراوگەوە بۆ زێدی خۆی دەگەڕێتەوە، هەست بە غەریبی دەکات.

نووسەر دەڵێت: (ئەم شوێنانە خانوون و بە بیلدۆزەر تەخت کراون، خانووی ئەوانەی لای میری بە تاوانبار دانراون. ل١٤٧) چونکە ڕۆمانەکە وەک نووسەر خۆی دەڵێت لە ساڵی ١٩٥٦دا نووسراوە و ئەو سەروەختەیش میری هەڵوێستی وای بەرانبەر نەیارانی نەدەنواند، ئەوە یان پێشبینییەکی بلیمەتانەیە، ئاخر بەعس دەوروبەری چارەکە سەدەیەک دواتر وەهای دەکرد، یان ئەو زانیارییە لە سەرچاوەیەکی دیکەوە گوێزراوەتەوە. بۆ نموونە دەشێت داگیرکاری فەرەنسایی، کاری وەهای لە جەزائیر کردبێت. شیاوی تێبینییە، نووسەر سەرەتا ڕۆمانەکەی پێشکەش بە گەلی جەزائیر دەکات.

(هەفتە نەبوو لاشەی چەند کوژراوێک لە بەردەرکی سەرا فڕێ نەدەن. ل١٥٦) چونکە پێش ساڵی ١٩٥٦ ڕووی نەداوە، لاشە لە بەردەرکی سەرای سلێمانی فڕێ بدرێت، ئەمەیش ئەگەر پێشبینییەکی دیکەی زیرەکانە نەبێت، ئەوا دەشێت، بەرهەمی خەیاڵی نووسەرێکی دیکە بێت. دەزانم لە شەشی سێپتێمبەری ١٩٣٠دا، لە بەر دەرکی سەرای سلێمانیدا، لاشە کەوت، وەلێ ئەو سەردەمە خەباتی چەکداری لەو دەڤەرە دەستی پێ نەکردبوو. دەزانم (تالە)ی برای خولەپیزە لە هەمان شوێن لە سێدارە درا، بەڵام ئایا تالە پێمیم بوو یان پێکاف.[١٣] من خۆم لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستدا، لە بەر دەرکی سەرای سلێمانی، تەرمی فڕێدراوی پێشمەرگەم دیتوە.

نووسەر باسی ئەوەیش دەکات، گوایە ڕژێم ئەو سەروەختە شەوان بە پرۆژێکتەروە، بە دوای نەیارانیدا گەڕاوە و نەیارانیشی ناوچەی



ئازادکراویان هەبووە، ل٥٥ ئەو دوو پێشبینییەیش کە دواتر دێنە دی، دیسان جێی گومانن. (شتێکی **ئاسایی** بوو، کە خزم و کەسوکار و بگرە خانەخوێش لە بریتی میوانەکەی بگیرێت. ل١٨٨) ئەوەش هەر لە کولتووری بەعس دەچێت و پێم وا نییە، پێش ١٩٥٦ شتی وەها **ئاسایی** بووبێت. ئیدی ئەگەر هیچ گومان لە ڕۆماننووس نەکەین، دەبێت مل بۆ ئەوە بدەین کە لە بواری پێشبینیکردندا، بلیمەتێکی بێوێنە بووە.

**دەزانم نووسەر باسی شتێک ناکات کە ڕووی دابێت، بەڵکوو باسی شتێک دەکات کە دەشێت ڕوو بدات، وەلێ تۆ بڵێیت کورد بلیمەتی وەهای بووبێت، لە هیچ پشبینییەکیدا بە هەڵەدا نەچووبێت؟** (ناوت لەو بەڵگانەدا هاتووە کە لە **هێلانە**کانتانا دۆزراونەتەوە. ل١١٤) ئەو هێلانەیە (وکر)ی عەرەبییە و ئەوەیش گومانی لای من وروژاند. (کێ دەڵێت، زۆردارێکی تازە لە پێستی ڕزگارکەردا، بەری ژانی گەل، بۆ دەسکەوتی خۆی و دارودەستەکەی ناقوزێتەوە؟ ل١٨٥) ئەو بۆچوونە هەرچەندە دروستە، وەلێ وەک نیمچە بەڵگەیەکیش وایە کە ڕۆمانەکە لە ساڵی ١٩٦٤ بە دواوە، نەک لە ساڵی ١٩٥٦دا، نووسرابێت.

چونکە تەلاری ڕۆمانەکە لەسەر بناغەی ڕێکەوتێک ڕۆ نراوە، (ڕێکەوتێک کە تەواو لە فیلمێکی چارلی چاپلن دەچێت، ئاخر جوامێری قارەمانی ژانی گەلیش وەک هونەرمەندی ناوبراو، بە ڕێکەوت دەکەوێتە ناو خۆپیشاندانێکەوە،)[١٤] چونکە جوامێر پێی وایە، چی لە نێوچاوانمان نووسرابێت، هەر ئەوە ڕوو دەدات، ل٢٠٣ بۆیە بڕوابوون بە ڕێکەوت و قەدەر، بۆ قارەمانە ئیجابییەکەی نووسەرێک کە خەریکی نووسینی ئەدەبی بەرەنگاربوونەوە بێت، وەک خاڵێکی لاواز، مینا ناکۆکێ و تەنانەت وەکوو غەفڵەتیش تۆمار دەکرێت.

**من گومانم لەوە هەیە، ژانی گەل لەدایکبووی ١٩٥٦ بێت و پێم وایە دە دوازدە ساڵێک دوای ئەو مێژووە نووسراوە. وای بۆ دەچم نووسەر سوودی لە ڕۆمانێک وەرگرتووە کە دوای ١٩٥٦ بڵاو کراوەتەوە و بۆیە ژانی گەلی بە لەدایکبووی ئەو ساڵە لە قەڵەم داوە، تا ئەگەر سوود لێ وەرگرتنەکە ئاشکرابوو، بڵێت، ڕۆمانەکەی من، پێشتر نووسراوە.**

کە ڕۆمانێکی جوان دەکرێتە فیلم، زۆربەی جار زیان بە ڕۆمانەکە دەگات، من ڕۆمانی (جەنگ و ئاشتی)ی (تۆلستۆی)م خوێندووەتەوە و فیلمەکەیشم دیتوە، پێم وایە دەستی فیلمەکە بە داوێنی ڕۆمانەکەدا ناگات. جەمیل ڕۆستەمی کە لە ژانی گەل، فیلمکی بەرهەم هێناوە، سوودی بە ڕۆمانەکە گەیاندووە، ئاخر فیلمەکەی ئەو گەلێک لە ڕۆمانەکەی ئیبراهیم ئەحمەد، ئەدەبیتر و هونەریترە.

وەک بە سەرەتای ڕۆمانەکەوە دیارە، جوامێر لە وەرزی پاییزدا، لە زیندان ئازاد دەکرێت و بۆ شارەکەی خۆی کە (سلێمانی)یە، دەگەڕێتەوە، ل١٠ کەچی دوو سێ هەفتە دواتر، کە بە نووسین دەکاتە سەد و پەنجا لاپەڕەیەک، ڕۆماننووس ئەوەی لەبیر دەچێتەوە و دەنووسێت: (جار و بار گەرما تینی بۆ ئەهێنا، ل١٥٩) یان: (بەم قرچە قرچی گەرمایە، بچم بۆ کوێ؟ ل١٦٤) ئەوەیش غەفڵەتێکی دیکەیە، کاتێک نووسەر لەسەر زاری جوامێرەوە دەڵێت: (بە پەرداخی ماستاوەکە، نەختێ ئاوم کرد بە دەمییەوە. ل١٢٤) لەو ژووری زیندانەدا کە تەنیا تەنەکەیەکی بۆ پاشەڕۆک تێدایە، جوامێر ئەو ئاوەی چۆن پەیدا کرد؟ بێ ئەوەی هیچ لە ژنە چایچییەکە ڕوو دابێت، گێڕەرەوە دەڵێت:(ژنەکە هەر ئێسکسووک و تەنیا نەبوو، دەستەمۆیش بوو، ل١٦١ یان دەڵێت: (زۆر کەوی دیارە. ١٦٤)



(چۆن بێ بەرچایی دەڕۆن؟ خۆ ماڵە **دۆم** نییە. ل١٣١) ئایا کەس مافی ئەوەی هەیە، سووکایەتی بە میللەتێک، تیرەیەک یان گرووپک بکات؟ ئایا ئەوە بێڕێزیکردن نییە بە دۆم؟ ڕاستە ئەوە قسەی ژنێکە نەک هی ڕۆماننووس، وەلێ نووسەر نابێت، ڕێکلام بۆ بیر و بۆچوونی ڕاسیستانە بکات. لایەنێکی لاوازی دیکەی ڕۆمانەکە ئەوەیە، نووسەر زۆر لەسەر دایکی ئاسکۆڵ کە کارەکتەرێکی لاوەکییە، دەڵێت و زۆر لەسەر چۆنیەتیی دروستبوونی پێوەندیی دڵداریی، نێوان کاڵێ و جوامێر دەڕوات.

نووسەر دەڵێت: (موچڕکەیەکی ئاودامانی پیا هات. ل٢١) موچڕکە، بە ناخدا دێت، ئاودامان بۆ پۆشاک و بۆ دیوی دەرەوەی جەستە دەبێت. یان: (لە ڕێگا هیچ **بەنگ** نەبن. ل٣٠) بەنگ بە مانای تلیاک دێت، بەند دروستە. یان: (ئەوە نان، سنگانی کە! ل١١٩) سندان ڕاستە. ئەو (بەنگ و سنگانە) شێوەیەکی بەرتەسکی گوتنە لە یەک دوو گەڕەکی سلێمانی، هی ئەوە نییە، ڕۆمانی پێ بنووسرێت. یان: (فڕۆکە ئەو کەژ و کێوەی ئەدایە بەر **گرمە**ی بۆمبا. ل٢٠٤) فڕۆکە کێو ناداتە بەر گرمە، دەیداتە بەر بۆمبا، دواتر بۆمباکان گرمەیان دێت.

(ئەشمبینی چ خوێنێکم لە دەمارتا هێناوەتە جۆش. ل٢٠٦) دەبوو بڵێت: ئەشمبینی چ جۆشێکم هێناوەتە خوێنی دەمارتەوە. یان: (جوامێر وتی کوڕی نەمرێ. ل١٨٩) کوڕی نەمرێ، قسەیەکە ژنان دەیکەن نەک پیاوان، ئەمە وێڕای ئەوەی جوامێر وەک ڕۆماننووس باسی کردووە، پیاوێکی یەکسانیخوازە و کوڕی لە کچ پێ باشتر نییە. یان: (هەموو ئەو شەقامانەی لە شار ئەچنە دەرێ یا دێنە شارەوە، خرابوونە ژێر چاودێرییەکی ورد و توندەوە. ل١٥٥) ئایا نووسەر چۆن

دەزانێت، ئەوە کامەیانە دەچێتە دەرەوە و کامەیانە دێتە شارەوە؟ خۆ ئەو سەردەمە (ناوەڕاستی سالانی پەنجا) هیچ شەقامێکی دوو سایدمان نەبوو! ئەوی لە شارەوە دەچێتە دەرەوە یان دێتە ناوەوە، شەقامی پێ نالێن، ڕێگای پێ دەڵێن و شەقام تەنیا لەنێو شاردایە.

۲۰۰۸/۳/۱۸

(١) ئەحمەد موختار جاف، مەسەلەی ویژدان، پێشەکی و لێکۆڵینەوە: د. ئیحسان فوئاد، ل ٥٤ چاپی دووەم، دەزگای ئاراس ۲۰۰۸ هەولێر.

(٢) جەمیل سائیب، لە خەوما، پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوەی: جەمال بابان، ل٦٤ چاپی دووەم، دەزگای ئاراس ۲۰۰۸ هەولێر.

(٣) ئەحمەد موختار جاف، مەسەلەی ویژدان، پێشەکی و لێکۆڵینەوە: د. ئیحسان فوئاد، ل ١٢ چاپی دووەم، دەزگای ئاراس ۲۰۰۸ هەولێر.

(٤) ئاخر ئەگەر بێبەخت نەبووایە، ئەو نووسینە لاوازەی دەفەوتا.

(٥) جەمیل سائیب، لە خەوما، پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوەی: جەمال بابان، ل١٩ چاپی دووەم، دەزگای ئاراس ۲۰۰۸ هەولێر.

(٦) د. ڕەحیمی قازی، پێشمەرگە، ل١٤ چاپی سێیەم، دەزگای ئاراس ۲۰۰۸ هەولێر.

(٧)، (٨)، (٩)، (١٠) و (١١) لاپەڕەکانی ١٤، ٧٩، ٣٨، ٤٠ و ٤٤ی هەمان سەرچاوە.

(١٢) ئیبراهیم ئەحمەد، ژانی گەل، ل٩٣ چاپی چوارەم، دەزگای ئاراز ۲۰۰۸ هەولێر.

(١٣) پیاوکوژ.

(١٤) لەمێژە ئەمجەد شاکەلی سەرنجی خوێنەری بۆ ئەو لێکچوونە ڕاکێشاوە.



## لە بارەی (کوێرەوەری)یەوە

ئەوە شیاوی ستایشە کە ڕۆشنبیرێکی وەک ئیبراهیم ئەحمەد، (١٩١٤ ـ ٢٠٠٠) هێندە بێفیز بووە، نازناوی (بلە)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، ئاخر گەلەک کەسی وا شک دەبەین، لەچاو ویدا، بێسەواد بوون و پاشناوی گەورە گەورەیان دوای خۆیان خستووە. شانازییەکی دیکەی گەورە کە پێم وایە لە ئەدەبی کوردیدا تەنیا بە ئیبراهیم ئەحمەد دەبڕێت، ئەوەیە، لە سالی ١٩٣٣دا کە تەمەنی تەنیا نۆزدە ساڵ بووە، شیعری (یادگار و هیوا)ی نووسیوە، کە یەکێکە لە شیعرە هەرە جوانەکانی ئەدەبی کوردی.

**بێ دابنیشین جە بن داری بەی،**
**نەختێ بنۆشین جە خۆشاوی مەی،**
**ئینجا بزانە کامیان جوانن**
**بەی ڕەنگی گەردن؟ مەی ڕەنگی گۆنەی؟**[١]

لە کوردەواریدا دەشێت جوانترین وەسف، بۆ گەردنی جوانی ژن، گەردنزەرد بێت، ئەوە بۆیە ئبراهیم ئەحمەد، گەردنی یاری بە بەی کە زەردە، چواندووە. کە دوو نیوە دێڕی، واتا (بەیت)ی یەکەمی چوارینەکە دەخوێنینەوە، دەشێت خەیاڵمان بۆ ئەوە بچێت، ئەو (بەی) و (مەی)ە، تەنیا لەبەر ڕاگرتنی پاشبەند جێیان کراوەتەوە، وەلێ هەر زوو لە بەیتی دووەمی چوارینەکەدا هەست دەکەین، ئەوە خەیاڵەمان (بلقی سەر ئاو) بووە،[٢] ئاخر شاعیر بۆیە داوا دەکات لە سایەی

داری بەهێدا شەراب بنۆشین، چونکە، گەردنی زەردی (یار) لە بەی و گۆنا ئاڵیشی لە مەی دەچێت. ئەوەیش دەستپێشخەرییەکی دیکەیە، کە لەبری (لە)، (جە)ی بەکار هێناوە، ئاخر ئەو سەروەختە، ئەوە دەگمەن بووە، شاعیرێکی دەڤەری سلێمانی، سوود لە شێوەزارێکی غەیری (سۆرانی) وەربگرێت.

*

(کوێرەوەری) کۆچیرۆکێکی ئیبراهیم ئەحمەدە، ئەپریلی ١٩٥٩ بڵاو کراوەتەوە. ئەو کتێبە بریتییە لەم پێنج چیرۆکە: (کەرەلۆتیی مەنووچەر، خازێ، کوێرەوەی، تۆڵەسەندن و لە وڵاتی قارەمانانا) کە لە نێوان ساڵانی ١٩٤٣ تا ١٩٤٥دا نووسراون و وەختی خۆی، لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاو کراونەتەوە. شتی هاوبەش لە نێوان سێ چیرۆکی یەکەمدا، بریتییە لە ململانێی نێوان جووتیار و فیودال، بە زمانێک نووسراوە کە گێڕەرەوە گەلەک جار پشتی بە قسەی نەستەق بەستووە، ناوەڕۆکی ئەو سێ چیرۆکە هەر ئەو بابەتانەیە کە ئەحمەد موختاری جاف لە مەسەلەی ویژدان و جەمیل سائیب لە (لە خەوما)دا بایەخیان پێ داوە، بە تایبەتی لە بواری بەسەرکردنەوەی چەوساندنەوەی هەژاران و گەندەڵیدا و دەستتێوەردانی چیرۆکنووسیش بە کۆتایی هەر سێ چیرۆکەکەوە بە زەقی دیارە، کاتێک چارەسەر بۆ هەلومەرجە دژوارەکان پێشنیار دەکات.

لە (کەرەلۆتیی مەنووچەر)دا، چیرۆکنووس لە دوا پەرەگرافدا ڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت: (چونکە ئاو لە سەرچاوەوە لێڵە، کێشەکان بە خەباتی ڕێکوپێکی هەرەوەز چارەسەر دەکرێن، نەک بە کۆششی تاکەکەس.) لە کۆتایی چیرۆکی (خازێ)یشدا دەڵێت: (بەزەیی هیچ



سوودێکی نییە، پێویستە بیر لە چارەسەر بکەینەوە.) لە دوا ڕستەکانی چیرۆکی (کوێرەوەری)یشدا دەبێژێت: (هەموو ئەم ئازارە، زادەی ناتەبایی و گەلۆریی خۆمانە.)

ئەوە جێگەی سەرنجە کە نزیکەی هیچی هاوبەش لە نێوان سێ چیرۆکی یەکەم و دوو چیرۆکەکەی دیکەدا، (تۆڵەسەندن و لە وڵاتی قارەمانانا) نییە و هەر لەوە دەچێت، سێ چیرۆکی یەکەم بەرهەمی بیری چیرۆکنووسێک بن و دوو چیرۆکەکەی دیش، بەرهەمی خامەی چیرۆکنووسێکی تر. لە چیرۆکی (تۆڵەسەندن)دا، باس، باسی بەرەنگاربوونەوەی گەلی (کۆرسیکا)یە،[٣] بە ڕووی داگیرکاری فەرەنسایدا کە هەر لە چیرۆکی (مەدموسێل فیفی)[٤]ی گەی دی موپاسان (١٨٥٠ ـ ١٨٩٣) دەچێت. موپاسان کە شەش ڕۆمان و نزیکە سێسەد چیرۆکی نووسیوە، لەو چیرۆکە بەناوبانگەیدا باسی فەرەنسای ساڵانی (١٨٧٠ ـ ١٨٧١) دەکات کە لە ژێر دەستی بروسیادا بوو. لەو چیرۆکەی موپاساندا (ڕاشیل) کە ژنێکی سێکسفرۆشە، ئەفسەرێکی ئەڵمانیایی دەکوژێت و هەڵدێت. لە چیرۆکی (تۆڵەسەندن)یشدا، نزیکەی بە هەمان شێواز، کچێکی کۆرسیکایی، کاپتن (مۆریس)ی فەرەنسایی دەکوژێت و دەرباز دەبێت. وێڕای ئەوەی بێجگە لە زمانەکەی، هیچ داوێک چیرۆکی تۆڵەسەندن بە کوردستانەوە نابەستێتەوە، شێوازی نووسینەکەیشی هەر لە شێوازی نووسینی نووسەرێکی ئەورووپایی پرۆفیشیۆناڵ دەچێت، لەو چیرۆکنووسانەی یەک وشە بە خەسار نادەن و یەک ڕستە درێژدادڕێ بە چیرۆکیانەوە دیار نییە، بە پێچەوانەی بۆ نموونە کورتەچیرۆکی (کوێرەوەری)یەوە کە تێیدا ئیبراهیم ئەحمەد یەک لاپەڕەی تەواو باسی چۆنییەتی فڕێدانی بەڵغەم دەکات.[٥]

چیرۆکی (لە وڵاتی قارەمانانا) لاپەڕەیەکە لە خەباتی یەکیەتیی سۆڤیەتی دێرین لە سەروەختی دووەمین جەنگی جیهانگرەوەدا کە بەشێکی زۆری ئەو وڵاتە بەرینە لە لایەن ئەڵمانیاوە داگیر کرابوو. ئەم چیرۆکەش وەک چیرۆکی تۆڵەسەندن، غەیری زمانە کوردییەکەی هیچ مۆرکێکی کوردیی پێوە دیار نییە و هەر دەڵێیت، چیرۆکنووسێکی بەتوانای ڕووسیایی نووسیویەتی و ئیبراهیم ئەحمەدیش، بەوپەڕی دەستپاکییەوە، کردوویە بە کوردی.

ژن بۆ نموونە لە چیرۆکی (خازێ)ی ئیبراهیم ئەحمەددا، یان کەسێکە لاواز، یان ئاغاژنێکە ئەوەی سۆز بێت شکی نابات، وەلێ ئۆڵگای کارەکتەری سەرەکیی چیرۆکی لە وڵاتی قارەمانانا، کە مەدالیای (لینین)ی وەرگرتووە، دایکێکی هێندە بوێرە، دەڵێیت دایکەکەی ماکسیم گۆرکییە. ئۆڵگا کە هەر سێ کوڕەکەی: ئیڤان، ئەندریێڤ و دیمترۆڤ، گیانی خۆیان لە پێناوی نیشتماندا دەبەخشن، خەمناکی ئەوەیە، ئیدی هیچ کوڕی دیکەی نەماوە، تا لە بەرەکانی جەنگدا، بە گژ داگیرکاراندا بچێتەوە. لە چیرۆکی (تۆڵەسەندن)یشدا، ئافرەت قارەمانی ڕاستەقینەی گۆڕەپانی داکۆکی لە نیشتمان کردنە. ئەم دوو تێڕوانینیە جیاوازەیش بۆ ژن، بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی نووسەری (خازێ،) هەمان نووسەری (لە وڵاتی قارەمانانا) و (تۆڵەسەندن،) نییە.

(خازێ) و (لە وڵاتی قارەمانانا،) هەرچەندە هەردووکیان لە ساڵی ١٩٤٣دا نووسراون، کەچی هیچ نیشانەیەک بۆ ئەوە نییە کە هەمان چیرۆکنووس، ئەو دوو چیرۆکەی نووسیبێت و لە بەرهەمی دوو قەڵەمی تەواو جیاواز دەچن. (خازێ) هەر بەو شێوازە نووسراوە کە



چیرۆکنووسانی ئەو سەردەمەی کورد پێیان دەنووسی کە دەستتێوەردانی گێڕەرەوە بە ئاشکرا بە چیرۆکەوە دیار بوو، بۆ نموونە ئیبراهیم ئەحمەد بە خازێی قارەمانی چیرۆکەکەی دەڵێت: (لە سەرەنوێلکی نزمی و بێشەرمیدا دەژی.)[٦] ئەمەیش نەک هەر دەستتێوەردان، تەنانەت دەتوانین بڵێین، ئەوپەڕی سووکسەرنجدانی ئەو کارەکتەرەیە. بە پێچەوانەی (خازێ)وە، چیرۆکی لە وڵاتی قارەمانانا، هێندە هونەرییانە نووسراوە، هیچ کەلێنێکی تێدا نییە و هەر دەڵێیت، بەرهەمی ئەو نووسەرانەیە کە جوانترین چیرۆکیان نووسیوە.

(کەرەلۆتیی مەنووچەر) و (تۆڵەسەندن)یش کە گوایە هەمان چیرۆکنووس لە هەمان ساڵدا (١٩٤٥) نووسیونی، جیاوازییان وەک جیاوازیی نێوان بەرهەمی دوو نووسەر وایە، کە یەکەمیان تازەکی دەستی بە چیرۆکنووسین کردبێت و دووەمیان لە بواری نووسینی چیرۆکدا مامۆستا بێت. بۆ ئەوەی خوێنەر گومان لە لێکدانەوەکانم نەکات، پێویستە ئەوەیش بڵێم، ئیبراهیم ئەحمەد لە وەڵامی پرسیارێکی (عومەر مارف بەرزنجی)دا[٧] کە دەربارەی هەردوو چیرۆکی تۆڵەسەندن و لە وڵاتی قارەمانانا، لێی دەکات، دەڵێت: (ئەو دوو چیرۆکە وەرگێڕان نین، بەرهەمی خۆمن.)

لە (کەرەلۆتیی مەنووچەر)دا، خوێنەر هەست بە هەڵەی زمان و دەربڕین دەکات، وەک: (کاروانی ئەسپێت ئەدی، وەک شارەمێرووڵە ڕێچکەی بەستبوو. ل١٤) ئەوی ڕێچکە دەبەستێت، شارەمێرووڵە نییە، مێرووڵەیە، مێرووڵە لە شاری خۆیاندا، ڕێچکە نابەستن، بە ناو یەکدا دێن و دەچن. یان دوو جار بە هەڵە لەسەر زاری مەنووچەرەوە کە

پیاوە، (سێ بەردەی نایە مشتم)ی بەکار هێناوە، ئاخر ئەوە ژنە، نەک مێرد کە (سێ بەردە دەخرێتە مشتییەوە.)

لایەنێکی لاوازی دیکەی ئەو سێ چیرۆکەی کە هیچ گومان لەوەدا نییە، بەرهەمی خودی ئیبراهیم ئەحمەدن، زیاد لە پێویست ناشیرین نیشاندانی ئەو کارەکتەرانەیە کە ڕقی لێیانە، گەرچی نووسەر پێویستە تا بۆی دەکرێت، بێلایەنانە وێنەی کارەکتەرەکانی بکێشێت. (پەیتا پەیتا چڵم و بەڵغەمی دەکردە سەرچاوەی کانییەکەوە. کەرەلۆتیی مەنووچەر، ل١٥) یان:( بەڵغەمەکەی وەک تابلۆ بە دیوارەکەدا هەڵواسی. کوێرەوەری ل٦٨) ئەو جۆرە دەربڕینانە هیچ جوانییەکیان تێدا نییە و وا دەکەن، خوێنەر تا ئاستی ڕشانەوە، بێزی بێتەوە.

(دار و گۆشت ئاشناییان نییە. ل٢٨ و ل٥٢) نووسەر هەمان ئیدیۆمی لە چیرۆکی (کەرەلۆتیی مەنووچەر) و لە چیرۆکی (خازێ)یشدا بەکار هێناوە. قارەمانی (کەرەلۆتیی مەنووچەر،) کەرێکی لێ زەوت دەکرێت و قارەمانی (کوێرەوەری)یش، مانگاکەی بە زۆر لێ دەستێنرێت. هەر چەند ورد ببینەوە، بۆ نموونە، هیچی وەهای هاوبەش لە چیرۆکەکانی خۆی و ئەو دوو چیرۆکەی تردا کە لە هی خۆی ناچن، نییە. ئەفسەرەکەی چیرۆکی کەرەلۆتیی مەنووچەر، (باریکەلەیەکی سەرقژنە، ل٢٦) وەلێ ئەفسەرەکەی چیرۆکی کوێرەوەری، (کورتەبنەیەکە تەنیا دوو چڵ تووک هەموو قژی سەرە کەچەڵەکەی بوون. ل٦٧) ئەو دوو وەسفە لەگەڵ جیاوازییشیاندا هەر لە بەرهەمی هەمان نووسەر دەچن، شتێکی تری ئاوا هاوبەش، لە نێوان سێ چیرۆکی یەکەم و ئەو دوو چیرۆکەدا کە من گومانم لەوە هەیە هی



ئیبراهیم ئەحمەد بن، نییە. تۆ لەوەی گەڕێ تووکی سەر بە تاڵ حیساب دەکرێت، نەک بە چڵ و سەری ڕووتاوە و هی کەچەڵ، دوو شتی جیاوازن، ئاخر من با تاڵێک قژ بە سەریشمەوە نەبێت، وەلێ مەرج نییە کەچەڵ بم. ئاخۆ بە کەچەڵ ناوبردنی ئەو ئەفسەرە، جۆرێک نییە لە سووک سەرنجدانی ئەو کارەکتەرە؟

٢٠٠٨/٤/١٥

---

(١) عومەر مارف بەرزنجی، برایم ئەحمەد لە کارە زانستی و ئەدەبییەکانی پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەداردا، ل٥٩ چاپخانەی شڤان ٢٠٠٤ سلێمانی.

(٢) ئەمانە هەموو خەیاڵ پڵاون
کۆشکی سەر لمن، بڵقی سەر ئاون. بلە

(٣) دوورگەیەکە لە زەریای سپیی ناوەڕاستدا و دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی فەرەنساوە.

(4) Maupassant Guy de, Fröken Fifi och andra noveller1960 Stockholm

(٥) ئیبراهیم ئەحمەد، کوێرەوەری، چاپی دووەم، ل٦٧ ، ل٦٨ و ل٧٦ ناوەندی چاپ و ڕاگەیاندنی خاک ٢٠٠٥ سلێمانی.

(٦) هەمان سەرچاوە، ل٥٥

(٧) نووسەری ناوبراو بلەناسێکی بێ وێنەیە.

# "گرەوی بەختی هەڵاڵە"ی عەتا نەهایی

> «بە پێی نەریتێکی ڕۆژهەڵاتی، هەر باوکێک کچەکەی بەشوو بدات، چەقۆیەک دەدا بە زاواکەی، تا هەر کاتێک کچەکەی بە پێچەوانەی دابونەریتەوە جوولایەوە، بەو چەقۆیە بیکوژێت.»[١]

هەڵەی زمان هەق نییە تەنیا بە خەوش یان بە کەموکووڕی لە قەڵەم بدرێت، بەڵکوو پێویستە وەک یاساشکێنی و تەنانەت وەک مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی سەرنجی بدرێت و سزای لەسەر بێت. چونکە ژیان بەردەوام لە گۆڕاندایە، شتێکی چاوەڕوانکراوە زمانیش ملکەچی یاسای گۆڕان بێت و دەبێت زمان دەرگای خۆی بە ڕووی وشەی نوێ و تەنانەت بێگانەیشدا بکاتەوە. ئێمە ئەگەر چی پێویستە ئەوپەڕی ڕێز لە زمانی خۆمان بگرین، وەلێ نابێت وەک قورئان بە (پیرۆز)ی بزانین و بەو بیانووەوە ڕێ لە گۆڕانی بگرین و بوار لەبەردەم گەشەسەندنیدا بەرتەسک بکەینەوە.

هەموو دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە پێویستە فیلتەری هەبێت و لەبەر ڕۆشنایی بەرزنرخاندنی کەسانی لێزاندا بڕیاری چاپکردنی کتێب بدات. لە ئەورووپا نووسەر با خەڵاتی نۆبێلیشی لە ئەدەبدا وەرگرتبێت، دەزگای بڵاوکردنەوە، تا کتێبەکەی پیشانی کەسانی شارەزا نەدات، بۆ چاپخانەی نانێرێت. بە دەگمەن لە ئەورووپا کتێبێک بڵاو دەبێتەوە، پێش چاپبوونی کەسێکی شارەزا دەستکاریی



نەکردبێت. ئەوە تەنیا زادەی لووتبڵندیی نییە کە پێمان نەنگیی بێت، پێش چاپکردن، کتێبی خۆمان پیشانی کەسانی زانا بدەین، زادەی دەبەنگیشە. ئەو نووسەرەی، بۆ نموونە کە زمانەکەی پاراو نییە و داوای کۆمەک لە کەسانی زمانزان ناکات، تەنیا لووت(**بەرز**) نییە، ئاست(**نزم**)یشە.

نووسەری مەزن، نووسەرێکە لە سەردەمی خۆی یاخی دەبێت و لە هیچ کام لە نووسەرە هاوچەرخەکانی خۆی ناچێت. نووسەری گچکە، کەسێکە بۆ وروژاندنی هەست و حەزی خوێنەری ئاستنەوی، بە نزمترین شێوە باس لە سێکس دەکات. نووسەری گەورە بانگاشە بۆ ئەوە ناکات کە حەقیقەتی لە کنە، بە دوای حەقیقەتدا وێڵە. نووسەری گچکە گەردنی دەیان ڕاستی دەشکێنێت، بۆ ئەوەی چەوتێکی خۆی بە ڕاست نیشان بدات. کتێبی پیرۆزی نووسەری گەورە، کتێبی ئەوینە، ئەوە بۆیە، عەتا نەهایی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە (خۆشەویستی هەموو جیاوازییەکان دەخاتە پەراوێزەوە و هەموو مەوداکان دەسڕێتەوە.)[٢]

کە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)ی عەتا نەهایی دەخوێنیتەوە، نە ئاگات لە دەوروبەر دەمێنێت، نە داوێک بە ژاوەژاوی ژیانی ڕاستەقینەوە دەتبەستێتەوە، بەڵکوو سەروەختی خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە ڕیالیستە، لە ئاسمانی بەرینی فانتازیادا لە شەقەی باڵ دەدەیت. کە دەست بە خوێندنەوەی گرەوی بەختی هەڵاڵە دەکەیت، هێندە چێژی لێ وەردەگریت، لە لایەکەوە دەخوازیت تا تەواوی نەکەیت، دەستی لێ هەڵنەگریت، لە لایەکی دیکەشەوە، حەز دەکەیت، ڕۆمانەکە نەگاتە کۆتایی و هەر نوقمی ئەو دنیا ئەفسووناوییە بیت.

گرەوی بەختی هەڵاڵە، ناوێکە پڕ بە پێستی ڕۆمانەکە، ئاخر بە

هۆی ئەو گرەوە سامناکەوە کە هەڵاڵە لە باوکی **دەباتەوە**، نەک هەر (برایمۆک)ی خۆشەویستی **دەدۆڕێنێت**، بەڵکوو ژیانی خۆیشی لە دەست دەدات. ئەوە مەرگی ناوەختی برایمۆکە، وا لە هەڵاڵە دەکات، سەرەتا نیشتمان و دواتر ژیانیش جێ بهێڵێت. هەڵاڵە چونکە چاوی لە داهاتوویەکی گەش بڕیوە، چونکە دەخوێنێت و کاریش دەکات، لەگەڵ کۆمەڵگە و کولتووری سوێددا دەتوانێت خۆی بگونجێنێت، وەلێ شێرزادی مێردی، هیچ داوێک بە سوێدییەوە نابەستێتەوە، نە کار دەکات و نە فێری زمانیش دەبێت.

تەنیا نەزانینی زمان، بەسە بۆ ئەوەی کەسێکی شەڕانگێزت لێ دەربچێت، شێرزادی هەڵگری کولتووری بابسالاری، لەگەڵ کولتووری ژندۆستی سوێددا تووشی پێکدادان دەبێت و سەرئەنجام هەڵاڵەی کۆنە هاوسەری دەکوژێت و لە زینداندا دەگیرسێتەوە. لەو کولتوورەدا کە ژن لە ئازادی بێبەشە، هەر تەنیا ژن کۆیلە و قوربانی نییە، پیاویش کۆیلە و قوربانیی هەمان کولتوورە و هەمیشە لەژێر گوشاری کوشندەی گرووپ و خێڵدایە، پیاویش بە هۆی ئەو کولتوورەوە ناحەزەوە، وێڕای ئەوەی دەروونی دەبێتە لانەی چەندان نەخۆشی، دەشێت بەشێکی درێژی تەمەنیشی لە زینداندا بەسەر ببات.

بەشێکی زۆری بەسەرهاتەکانی ڕۆمانەکە لە سوێد ڕوو دەدەن، عەتا نەهایی ئەگەر چی بە سەردان ڕێی کەوتووەتە ئەوێ، وەلێ چونکە ڕۆماننووسێکە لێهاتوو، دەرکی بەو شتانەیش کردووە کە کەسانی ئاسایی ئەگەر دەیان ساڵیش لەوێ بژین، هەستی پێ ناکەن. بەو ماوە کورتەی لەوێ بووە، هێندە بە وردی سەرنجی ئەو کۆمەڵگەیەی داوە، خوێنەرێک ڕۆماننووس نەناسێت، وای بۆ دەچێت، ساڵانێکی دوور و درێژ لە سوێد ژیاوە. منێک کە تەمەنێکم لە سوێد بەسەر بردووە،



سەبارەت بە کۆمەڵگە و کولتووری سوێد، لە ڕۆمانەکەدا تووشی هەڵە یان ناکۆکییەک نەهاتم.

نووسەر بەردەوام لە نێوان واقیع و خەیاڵدا هاتوچۆیەتی، هێندە هونەرمەندانە لە شەڕی نێوان کورد و داگیرکارانی کوردستانەوە، خوێنەر بۆ شەڕی نێوان میرخوناوک و دێوەکان دەگوێزێتەوە، هەر دەڵێیت مەلێکە و لەم چڵی درەختێکەوە هەڵدەفڕێت و لەسەر ئەو چڵی دەنیشێتەوە. نووسەر ئەگەر چی زۆر بابەتی کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسی دەورووژێنێت، وەلێ هێندەی چاوترووکاندنێکیش ئەوەی لە بیر ناچێتەوە کە خەریکی نووسینی ڕۆمانە، نەک باسی کۆمەڵایەتی، کولتووری یان سیاسی. ڕۆماننووس مێژوویش نانووسێتەوە، دیرۆکی ئەوانە دەنووسێتەوە کە مێژوو فەرامۆشیان دەکات. لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا کەسانی ڕاستەقینەی بۆ نموونە وەک (ناسر سینا)یش هەیە کە بەرپرسی ڕادیۆی کوردیی سوێدە، ئەمەیش شتێکی گونجاوە، لە ڕۆمانی (سەد ساڵ دوورەپەرێزی)یەکەی (مارکیز)یشدا، چەندان کەسایەتی ڕاستەقینەی هەنە.

(خۆیان لە گوتنی ئەو چەند **جوملە** زۆر **وازیحە** دەشاردەوە.)[٣] نووسەر چونکە کوردی ڕۆژهەڵاتە، بۆیە ئاساییە کە عەرەبی نەزانێت، تۆ بڵێیت، پێی وا بووبێت، جوملە و وازیح، دوو وشەی کوردین؟ ڕۆمانەکە ئەگەر چی بە گشتی بە زمانێکی پوخت و پاراو نووسراوە، وەلێ جێی داخە هەندێک وشەی ڕەقوتەقی دیکەی عەرەبی، لە بابەتی، ڕوئیا، شاز، سەدمە، قاتل و محەتە، ڕۆمانەکەیان بریندار کردووە.

٢٠٠٧/١٢/١٩

(٢) عەتا نەهایی، گرەوی بەختی هەڵاڵە، ل٣١٩ چاپخانەی ڕەنج ٢٠٠٧ سلێمانی.

(٢) و (٣) سەرچاوەی پێشوو ل١٣٣ و ل٢٩٩

# حەللاج، سۆفییەکی شۆڕشگێڕ

٩٢٢ ـ ٨٥٨

"بە چاوی دڵ، بینیم خوای خۆم

گوتم: تۆ کێیت؟ فەرمووی: من تۆم."(١)

حەللاج

باوکی حەللاج لۆکەی شی دەکردەوە، یان ڕاستتر، ناوکی لۆکەی لە لۆکە جوێ دەکردەوە، وەلێ حەللاج خۆی کە سەرقاڵی شیکردنەوەی نهێنییەکان بوو، دەیویست ڕەوا لە ناڕەوا، ڕاستی لە درۆ و ڕووناکی لە تاریکی جوێ بکاتەوە. چونکە خاوەنی ڕۆحێکی شۆڕشگێڕ بوو، فیکری ئیسلامی لە گۆڕاندا دەبینی، داوای چاکسازیی سیاسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی دەکرد و لە سەنگەری هەژاراندا بوو، بۆیە هیچ دوور نییە، پێوەندیی بە ڕابوونی زنجییەکان و شۆڕشی قەرمەتییەکانیشەوە هەبووبێت، ئاخر بیر و خەباتی ئەو دوو بزووتنەوەیە، زۆر لە بۆچوون و هەڵسوکەوتی حەللاجەوە، نزیک بوون.

عەبباسییەکان بە جۆرێک (**زەندق**)یان لە حەللاج چووبوو، بە (**زەندیق**) تۆمەتباریان کرد. جێی سەرنجە، مەزهەبی مالیکی، بە پێچەوانەی سێ مەزهەبەکەی دیکەوە، بە تۆبەکردن لە زەندیق خۆش نابێت. ئەو سۆفییە یاخیبووە، دژی ئەو شتانەبوو کە بە لای ئیسلامی کۆنەپارێزەوە، جێگیر بوون و هەڵگری هەمان پەیامی غەففاری بوو،



بۆیە ئەمیش وەک ئەو، لە دژی زوڵم ڕابوو، ئەمیش وەک ئەو ڕاستیی گوت و لە مەرگ نەترسا، ئەمیش وەک ئەو لە پێناوی چەسپاندنی دادپەروەریدا، گیانی بەخت کرد. خەلیفە موقتەدیر، دەیزانی حەللاج فریاڕەسی هەژارانە، ئەوە بۆیە، گرتی و کوشتی و تەنانەت سووتاندیشی.

وەک چۆن سوکرات، دەیتوانی بە کۆمەکی قوتابییەکانی لە زیندان هەڵبێت، وەلێ چونکە گاڵتەی بە مردن دەهات، هەڵنەهات، حەللاجیش هەرچەندە بە هاوکاریی یاوەرانی، بە ئاسانی دەیتوانی بەندیخانە جێ بهێڵێت، وەلێ ئەمیش وەک سوکرات، نەک بڵێین لە مەرگ ترساوە، هەڵنەهات. ئەو دادوەرەی خوێنی حەللاجی حەڵاڵ کرد، لە ترسی دەسەڵات ئەو بڕیارەی دا، ئەگەر نا دەیزانی، بێتاوانە.

بە گوێرەی دەقی قورئان، ئینسان بە حەوت قۆناغ چێ دەکرێت کە بریتین لە: قوڕێکی خۆشکراو، تنۆکێک لە جێیەکی پتەودا، خوێن، پلەگۆشت، ئێسک، پۆشاکی گۆشت و دوا جار چێکراوێکی ڕۆحلەبەر.)(٢) وەک چۆن ئینسان لە قۆناغی حەوتەمدا گیانی بە بەردا دەکرێت، سۆفییە ڕاستەقینەکانیش بە حەوت (مەقام)دا کە بریتین لە: (تۆبە، وەرع، زوهد، فوقر، سەبر، تەوەکەل و ڕەزا)تێدەپەڕن.

حەللاج کە دەڵێت: (ژیانم زادەی کوشتنمە، یان: ژیانم بە مەرگمەوە بەندە،) مەبەستی مردنی جەستەیی نییە، بەڵکوو مەبەستی مردنی ئەو (نەفس)ەیە کە ئینسان بە لاڕێدا دەبات و کوشتنی ئەو خودەیە کە وەک تەمێکی خەست، لێ ناگەڕێت، ڕووناکیی هەق ببینێت. هەق لای وی، شتێکە، نە بزر دەبێت و نە مشتومڕ هەڵدەگرێت. دەڵێن لە دوا شەوی ژیانیدا بە وەردیانەکەی گوتووە: (ئەگەر بەسەر نەفسی خۆتدا

زاڵ نەبیت، ئەو بەسەر تۆدا زاڵ دەبێت.) دەڵێن لە دوا چرکەکانی ژیانیدا گوتوویەتی: (**خودایە لە بکوژەکانم خۆش ببە! ئاخر ئەگەر ئەوی منت پێ ئاشنا کردووە، پیشانی ئەوانیشت دابا، نەیاندەکوشتم.**) حەزرەتی مەسیحیش سەروەختی لە خاچدانی فەرموویەتی: (خودایە لە جەللادەکانم ببوورە! ئاخر نازانن چی دەکەن، ئاخر توانای ئەوەیان نییە، ڕەوا لە ناڕەوا جیا بکەنەوە.)

فەریدەددین عەتتار دەڵێت: (کە دەست و قاچی دەبڕنەوە، حەللاج بە خوێنی دەستە بڕدراوەکانی ڕووخساری ڕەنگ دەکات. کە لێی دەپرسن: بۆچی وات کرد، دەفەرموێت: چونکە خوێنێکی زۆرم لەبەر ڕۆییشتووە، دەزانم ڕەنگم زەرد هەڵگەڕاوە، گوتم نەک وا هەست بکەن، ڕەنگزەردییەکم، زادەی ترسنۆکییە.) کە لێی دەپرسن: ئەدی بۆچی هەردوو باسکیشت بە خوێنی خۆت سوور کرد؟ دەەفەرموێت: ئەوە دەستنوێژی نوێژی ئەوین هەڵدەگرم، ئاخر دەستنوێژی نوێژی ئەوین، بە خوێن هەڵدەگیرێت.) لە کن حەللاج، **ئەوین تاقە ڕێگەیە کە بەرەو ناسینی هەقمان دەبات و ڕێی گەیشتن بە زاتی گەورەی خودا، پێویستی بە ڕێنیشاندەر نییە**، ئاخر ئەوە خودی ئینسان خۆیەتی، ڕێی هەق، ڕێی بەرەو خودا، دەدۆزێتەوە. حەللاج بۆیە دەیگوت: من هەقم، چونکە لەگەڵ هەقدا یەکیان گرتبوو، ئەوەش دوا هەوارە کە سۆفی پێی دەگات.

گەورەسۆفییانی لە چەشنی سەهروەردی، عەتتار، محێدینی عەرەبی و ڕۆمی بە حەللاج سەرسام بوون، تاقە ڕەخنەیەکیان ئەگەر لێی هەبووبێت، تەنیا ئەوە بووە کە نەدەبوو، نهێنی لای کەسانێک بدرکێنێت کە جێی متمانە نەبوون، وەلێ حەللاج خۆی پێی وایە: **ئەوی**





**بە بە ڕووناکیی هەق سەرخۆش بێت، سڵ لە درکاندنی نهێنی ناکاتەوە.**[٣]

وەکوو ڕووبار
چۆن تێکەڵی زەریا دەبێ،
من ڕۆحی خۆم و ڕۆحی تۆم
تەواو وەها لێ کردووە،
ئەوە بۆیە
هەر ئازارێکت پێ بگا
منیش هەستم پێ کردووە،
مەحاڵە تۆ لە من دوور بی،
ئاخر لە ناخی دڵمدا
ماڵێکم بۆت چێ کردووە،
ئاخر ناوت هەموو دەمێ
ویردی سەر زمانی منە،
وێنەت میوانی ئازیزی
گلێنەی چاوانی منە.

٢٠٠٨/٢/٧

(١) رأيت ربي بعين قلبي
فقلت من أنت؟ قال أنت.

(٢) سوورەتی باوەڕداران، قورئانی هەژار، ل٣٤٣

(٣) سامي مكارم، الحلاج في ما وراء المعني و الخط و اللون، الطبعة الثانية ٢٠٠٤ رياض الريس للكتب و النشر، بيروت.

## فەروغ فەروخزاد، ژنەشاعیرێکی ڕۆحبریندار

ژیانی دایکم بەرماڵێکە،
لەسەر بانیژەی
ترس لە دۆزەخ، ڕاخراوە.

فەروغ فەروخزاد (١٩٣٥ ـ ١٩٦٧) کە ماڵی تاریکی دڵمانی، بە گومان ڕۆشن دەکردەوە، باوەڕدارێک چەند ڕێز لە ئایین دەگرێت، هێندە ڕێزی لە شیعر دەگرت. ئەو هێندە بێفیز بوو، دوو قلە گێلاسی دەکرد بە گوارە. ئەو کۆترێکی خەمناک بوو، لە ولاتێکدا لە دایک ببوو، تێیدا خۆر لە سەرماندا هەڵدەلەرزی. ئەو خەوی بە ئامێزی پڕ لە سۆزی نیشتمانەوە دەبینی، کەچی نیشتمان، گۆڕستانی هیواکانی بوو. ئەو ڕاستی دەکرد کە دەیگوت: (شیعر زمانی دڵە، هەستی ژن، جیاوازە لە هەستی پیاو، ئەگەر وەک پیاو بدوێم، ئەوە بێ گومان، ئەوەی دەیڵێم، قسەی دڵم نییە.)

**(نووسین بە دەنگ هاواری ناخەوە چوونە، بۆیە تەنیا لەژێر گوشاری ناخی خۆتدا، بنووسە! تەنیا ئەو وەختە بنووسە کە هەلاتن لە نووسین وەک مەحاڵ وابێت. ئەگەر نووسین، نەبووەتە قەدەرت و دەتوانیت بژیت و نەنووسیت، چی زووترە، دەست لە نووسین هەڵبگرە! تەنیا ئەو وەختە بنووسە کە هیچ چاری دیکەت نەبێت، تەنیا ئەو کاتە بنووسە کە خۆ لە نووسین دزینەوە، شێتبوونی بە دواوە بێت.)**[١] نووسین قەدەری فەروغ فەروخزاد بوو، ئەوە بۆیە لە پێناوی شیعردا،



دەستبەرداری ژیانی ژنومێردایەتی و تەنانەت کوڕە تاقانەکەیشی بوو، ئەوە بۆیە شیعری هەڵبژارد و بێباک بوو بەرانبەر ئەو هەموو ناتۆرانەی وەدووی خرا و ئەو هەموو کۆششە ناپیرۆزانەی بۆ زڕاندنی ناوی کرا.

پاکژی لە ژیاندا نییە، ئەگەر هەبێت، تەنیا لە هونەردا هەیە. شیعری ژنەشاعیری سوێدی کارین بۆیە (١٩٠٠ ـ ١٩٤١) تژییە لە پاکژی. جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەوەدا هەیە، ئێمە چۆن دەژین و پێویست بوو چۆن بژین، ئێمە چی دەخوازین و چیمان دەستگیر دەبێت، شیعری کارین بۆیە کە موزیکی لێ دەچۆڕێت، کە بە ئاسانی هەستی پێ دەکرێت، بەرهەمی قەڵەمی ژنە، باسی ئەو جیاوازییە دەکات. هیچ شیعرێکی وی، هێندەی ئەو شیعرەی بەناوبانگ نییە کە دەڵێت:

گۆپکە سەروەختی پشکوتن،
ئازاری پێ دەگات،
ئەگەر نا، بەهار دوودڵ نەدەبوو.

ژیانی فەروغ فەروخزاد زۆر لە ژیانی کارین بۆیە کە لە تەمەنی چل و یەک ساڵیدا خۆی کوشت، دەچێت. هەردووکیان زوو دەستیان بە نووسینی شیعر کردووە، هەردووکیان زوو ماڵئاواییان لە ژیان کردووە، هەردووکیان لە ژیانی هاوسەریدا، سەرکەوتوو نەبوون، هەردووکیان تا ڕادەی بریندارکردن، ڕاستگۆ بوون و ڕاستگۆیی گران لەسەریان کەوت، ژیانی هەردووکیان بریتیبوو لە گەڕانێکی بێهوودە بە دوای سۆز و ئەویندا، دەوروبەر دڵڕەقانە ڕەوتاری لەتەک هەردووکیاندا کردووە و شیعری هەردووکیان بۆ ئەوە دەست دەدات، باسکار بۆ توێژینەوە لە ژیانیان، سوودی لێ ببینێت.

بەرەو ڕوو، گوڵئاسا
بە ڕوومدا دەگەشێنەوە،
لە پاشملە بە شێت و بەدڕەوتارم لە قەڵەم دەدەن.
شاعیرە ساختەکارەکان
لە سەرەنوێلکدا
بە دوای کێش و سەروادا دەگەڕێن.

فەروغ فەروخزاد بە هیوای ئەوەبوو، (پیاوی خۆویست، دەرگای قەفەزی لێ بکاتەوە و بواری فڕینی بۆ بڕەخسێنێت،) وەلێ هەر لە سەرەتای نووسینییەوە هەستی بەوە کردبوو، ئەو هیوایەی درەختێکی زڕە، ئەوە بۆیە ناوی (دیل)ی لە یەکەمین کۆشیعری خۆی، نا. **ئەو دەیزانی، لە کۆمەڵگەیەکدا دەژی، تێیدا ژن زیندانبییە و پیاویش وەردیان.** فارسەکان کە خاوەنی شاعیرگەلی هەرەمەزنی لە چەشنی خەیام، گەنجەوی، سەعدی، حافیز، جامی، نیما یوشیج، ئەحمەد شاملو و سوهراب سوپهەری بوون، ئەوە نەک هەر ئاسان نەبوو، بەڵکوو شتێک بوو وەک مەحاڵ، بۆ ژنێک بتوانێت وەک شاعیرێک هەبوونی خۆی بسەلمێنت.

زۆر لەمێژ بوو، دانتی کۆمیدیای خودایی و بەلزاک کۆمیدیای مرۆیی نووسیبوو، وەلێ دەیان ساڵ پێش ئەوەی سەلمان ڕوشدی (ئایەتە شەیتانییەکان) بنووسێت، فەروغ فەروخزاد (ئایەتە زەوینییەکان)ی نووسیبوو. وەک چۆن ئایەتە ئاسمانییەکان بە نەمریی دەمێننەوە، فەروغیش خەوی بە نەمرییەوە دەبینی، ئەوە بۆیە، شیعری خۆی ناو نابوو، ئایەتە زەوینییەکان. هەر کارێک بکەوێتە خانەی داهێنانەوە، زادەی خەباتە لە پێناوی مانەوەدا و فاکتەری سەرەکی لە دوای هەموو داهێنانێکەوە، تێکۆشانە بۆ سەلماندن و بەردەوامیدان بە



خودی داهێنەرەکەی. ئەوە نییە فەروغ بە هۆی شیعرەکانییەوە، تا تێستایش لە نێوماندا دەژی.

فەروغ بە زمانێکی ڕۆژانە و ئاسان و خۆڕسک دەینووسی، بە زمانێک و بە شێوازێک دەهاتە گۆ، خوێنەران وایان هەست دەکرد، لەبری وان قسە دەکات. فەروغ دەڵێت: ئەوەی لە (نیما یوشیج ١٨٩٥ - ١٩٦٠)دا سەرنجی ڕادەکێشام، ئەوەبوو کە دەیتوانی هەموو ئاڵۆزییەکانی ژیان و پرسیارە سەختەکانی، بە شێوازێکی ئاسان دەرببڕێت، من لەوەوە فێری هونەری دەربڕین بە شێوازێکی ئاسان بووم. کە نیما یوشیجم دەخوێندەوە، وام هەست دەکرد، لەگەڵ ئینسانێکدا ڕووبەڕوو بوومەتەوە، نەک لەتەک کۆمەڵێک سۆزی ڕووکەش و هەندێک وشەی پووچدا.

(لەدایکبوونێکی دیکە)[2] کە بە (ئیبراهیم گولستان)ی پێشکەش کردووە، ناودارترین شیعری فەروغە. ژیانی فەروغ، گۆمێک بوو، هێمن، ئیبراهیم گولستانی هونەرمەند کە ژن و منداڵیشی هەبوو، وەک گابەردێک کەوتە گۆمی ژیانییەوە و هەژاندی. گەرچی لە کۆمەڵگەی بابسالاریدا، ژن هەمیشە **لەژێر**ەوەیە، فەروغ خەوی بەوەوە دەبینی، (مەست بە شەرابی سوور، **لەسەر** سنگی پیاو، ئارام بگرێت،) یان دەیگوت:

دەشێت ژیان
داگیرساندنی سیگارێک بێت
کە لە پشووی نێوان دوو جووتبووندا دەیکێشین.

**بە درێژایی مێژووی شیعری فارسی، تەنیا ئەوە پیاو بوو، مافی نووسینی شیعری ئەویندارییی هەبوو، فەروغ ئەو تابووەی شکاند و ڕاستگۆیانە و بە ڕاشکاوی، هەستی خۆی وەک ژنێکی ئەویندار، بە**

**شیعر دەربڕی. پێش فەرووغ، ئەدەبی فارسی، ژنی دیکەی بە خۆیەوە دیتبوو، وەلێ شیعری وان، هەر لە شیعری پیاوان دەچوو.** فەروغ وێڕای نووسینی شیعر، خەریکی نواندنیش بوو، مەرگ مەودای نەدا، نە لەسەر تەختی شانۆ و نە لەسەر شانۆی ژیان، ڕۆڵی (جان دارک) وازی بکات. بڵاوبوونەوەی هەواڵی خۆکوشتنی سادق هیدایەت، (ئەپریل ١٩٥١ پاریس) چ دانگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، هەواڵی بە ڕووداوی ترافیک مردنی فەروغ فەروخزادیش هەمان دەنگدانەوەی هەبوو.

فەروغ بە هۆی بوێری، ڕاستگۆیی و ئەو پێوەندییە (قاچاخ)ەی کە هەشت ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم گولستاندا هەیبوو، تا لە ژیاندا بوو، زوو زوو دەبووە نیشانە بۆ تیری ڕەخنەی ناڕەوا، وەلێ کە کۆچی دوایی کرد، تەنانەت ئەوانەشی کە لە ژیانیدا سەنگەریان لێ گرتبوو، ئەوانەشی کە ژیانیان تەواو لێ تاڵ کردبوو، دەستیان کرد بە هۆنینەوەی شیوەننامە و بە سنگکوتان، بۆی. زۆر بوون ئەوانەی سەرقاڵی قوتکردنەوەی کۆسپ بوون لە بەردەمیدا، کەم نەبوون ئەوانەی لە هەوڵی ئەوەدا بوون، باڵەکانی ببەستن، وەلێ فەروغ ژنێکی هێندە بوێر بوو، تا دوا لێدانی دڵە گەرمەکەی، لە فڕین نەکەوت.(٣)

٢٠٠٨/١/١٨

.................................................

(١) ڕێلکە.

(٢) کۆشیعرێکی (لەتیف هەڵمەت)یش نزیکەی هەمان ناوی هەیە: ئامادەبوون بۆ لەدایکبوونێکی تر.

(٣) مایکل هلمان، إمرأة وحیدة، فروغ فروخزاد و أشعارها، ترجمة: بولس سروع، مراجعة: أ. د.فکتور الكك، المجلس الوطني للثقافة و الفنون، اکتوبر٢٠٠٧ الکویت.



## دوو شاعیری ڕوانگەیی

### ١

### پیاوێک لە شیعر

لە زۆر کەس وایە من ئیتر، کەوا یادی پەری ناکەم
درۆیە تاکوو من مابم، لە ئەو خۆم بێ بەری ناکەم
هەزار تانە و پلار بێ بۆم، بە هیچ ناچێ و بە خۆڕاییی
درۆیە خۆشەویستیی من، بگاتە مەرگی کۆتایی.

بۆ نووسینەوەی ئەو دوو دێڕە شیعرە، سەیری هیچ سەرچاوەیەکم نەکردووە، نزیکەی چل ساڵە، ئەو دوو دێڕە و شیعری جوانی دیکەی جەمال شارباژێڕی لە یادەوەریمدا دەژین. **عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی** کارێکی کردووە کە بە هەق شیاوی دەستخۆشی لێ کردن و ڕێز لێ نانە، کە ئەنتۆلۆگیایەکی بۆ شیعری نوێی کوردیی، بە عەرەبی ئامادە کردووە.(١) هەرچەندە دەربارەی وەرگێڕانی شیعرەکان و بایەخ و بیۆگرافیای شاعیرەکان، کەم و زۆر تێبینیم هەیە، وەلێ لێرەدا نیازی هەڵسەنگاندنی ئەنتۆلۆگیاکەم نییە، هێندە نەبێت کە دەڵێم دوو شاعیری گرنگی (دووەمین تازەگەریی شیعری کوردی)ی فەرامۆش کردووە، کە (جەلالی میرزا کەریم و جەمال شارباژێڕی)ن.

شیاوی گوتنە گەرچی ئەو دوو شاعیرە، لە سۆنگەی هەر هۆکارێکەوە بێت، لە کاروانی شیعری کوردیی دوا کەوتن، وەلێ نابێت

ڕۆڵی بەرچاوی هەردووکیان لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا پشتگوێ بخرێت. پێم وایە فەرامۆشکردنی ئەو دوو شاعیرە کە تەنانەت ناویان بەسەر ئەو مانیفێستە ئەدەبییەشەوەیە کە لە ئەپریلی ١٩٧٠دا بڵاو کرایەوە و بە (ڕوانگە) ناوی دەرچوو، وەک کەلێنێک وایە بە ئەنتۆلۆگیاکەوە، بەو هیوایەی لە چاپی داهاتوودا پڕ بکرێتەوە.

گرنگ ئەوە نییە، کێ بوو یەکەمین شیعری نوێی نووسی؟ ئەوە گرنگە، کێ بوو شیعری نوێی گەیاندە لوتکە و تا مەرگ دەستی لە بینی گیر نەکرد، لە داهێنان نەکەوت؟ ئەوە گۆران بوو، ئەو شاعیرە بلیمەتەی مێژووی شیعری کوردیی بەسەر دوو قۆناغدا دابەش کرد، قۆناغی پێش گۆران و قۆناغی دوای گۆران. ئەوە بۆیە گەرچی فەرهاد شاکەلی لە ساڵی ١٩٧٣دا، پرۆژەیەکی وای هەبوو کە بە نهێنی کوودەتایەک بەسەر(گۆران)دا بکات، وەلێ قامکی پاشگەزبوونەوەی گەست، ئەوە نییە سی و پێنج ساڵ بەسەر ئەو کوودەتا سەرنەکەوتووەدا تێپەڕیوە و تازەکی دەربڕینێکی گۆران، (**کە تۆ هێشتا لە خەم ناگەی**،)[٢] دەکاتە ناونیشانی نەگۆڕی ستوونەکانی؟

گەرچی بە تەمەن جەمال شارباژێڕی (١٩٤١ گوندی واژە/ شارباژێڕ) ساڵێک لە شێرکۆ بێکەس (١٩٤٠ سلێمانی) بچووکتر بوو، وەلێ بە درێژایی ساڵانی شەست، هەژموونی شیعری ئەم لە هی ئەو بەرچاوتربوو. دەڵێن ڕەخنەگر شاعیرێکی شکستخواردووە، بە پێچەوانەی هەموو ئەو ڕەخنەگرانەوە کە گوایە شاعیرەیلی سەرنەکەوتوون، من بە ڕەخنەی ئەدەبی دەستم بە نووسین کرد و کە لە بواری نووسینی شیعریشدا، خۆم تاقی کردەوە، یەکەمین دەفتەرەشیعرم، پیشانی جەمال شارباژێڕی دا و تکام لێ کرد، بە



ڕاشکاوی پێم بڵێت، لەسەر نووسینی شیعر بەردەوام بم باشە، یان دەست لە یەخەی بووکی شیعر بەر بدەم؟ جێی داخە، ئەو لە دیوی ناوەوەی بەرگی یەکەمی دەفتەرەکەدا بۆی نووسیم: (مانگەشەو سەر لە ئێوارە دیارە،) ئاخر گەرچی ئەوسا خونچەی دڵم بەو بۆچوونەی وی گەشایەوە، وەلێ ساڵانێکی دوور و درێژە هەستم کردووە، ئەگەر هەر زوو (ڕەفز)م بۆ هاتباوە و دەستم لە نووسینی شیعر هەڵگرتبا، کەلێن نەدەکەوتە شیعری کوردییەوە.

لە سەنتەری ستۆکهۆڵمدا، پەیکەری شاعیرێکی سوێدی کە ناوی (نیلّس فێرلین)ە (١٨٩٨ ـ ١٩٦١) هەیە، کە وەک بەژنوباڵا لە جەمال شارباژێڕی دەچێت. پەیکەرەکە لە بەردەم قاوەخانەیەکدایە، کوردە ئەدیب و ئەدەبدۆستەکانی ستۆکهۆڵم، کە دەخوازن یەکدی ببینن، دەڵێن، لە قاوەخانەکەی لای پەیکەرەکەی جەمال شارباژێڕی یەکتری دەبینین. نیلّس فێرلینیش وەک زۆربەی شاعیرانی دنیا، شیعرە هەرە جوانەکانی لە یەکەمین کۆمەڵەشیعریدایە، کە بە ناوی (گۆرانییەکانی سەماکەرانی مەرگ)ەوە لە ١٩٣٠دا بڵاوی کردووەتەوە. **نیلّس فێرلین چونکە لە شاری (کارڵستاد) لە دایک بووە، لەوێش پەیکەرێکی لە پارکێکدا هەیە کە لەسەر کورسییەک دانیشتووە. تۆ بڵێیت ڕۆژێک پەیکەرێکی جەمال شارباژێڕی، گۆڕەپانێکی (چوارتا) ئاوەدان بکاتەوە؟**

شتی هاوبەش لە نێوان جەمال شارباژێڕی و نیلّس فێرلیندا وەک دوو شاعیری هەژاردۆست و ڕۆمانتیک زۆرە، جیاوازیی سەرەکیی نێوانیشیان ڕەنگە ئەوە بێت، (جەمال شارباژێڕیی هونەرمەند، چونکە سەر بە نەتەوەیەکی ساکارە، بەهای وەک وێنەی مانگ وایە، لەناو

گۆمێکی لیخندا،)[٣] وەلێ نیلس فێرلین، چونکە شاعیری نەتەوەیەکی قەدرزانە، چەندان خەڵاتی وەرگرتووە، زۆرترین خوێنەری هەبووە و تا ئێستایش زۆرن ئەو سوێدییانەی شیعری وییان لەبەرە و بە گۆرانی دەیڵێن و بە نموونە دەیهێننەوە.[٤]

**شیعر یەکێک نییە لە کارەکانی جەمال شارباژێڕی، یەکێکە لە سیفەتەکانی، ئاخر ئەو شاعیر نییە، پیاوێکە لە شیعر، یان پیاوێکە شیعرین.** بە شیعرێک دەستم بە باسەکە کرد کە بۆ پەری نووسراوە، بە شیعرێک کۆتایی بە باسەکە دەهێنم کە ڕووی دەمی لە پیاوێکە، ئەگەر قەدرزان بووایە، دڵی شیعرینی جەمال شارباژێڕیی نەدەشکاند.

**ئەگەر کوڕە ئاغایەکی، بەزەبری، قاسەپڕ ئەبووم ...**
**ئەگەر بەڕێوەبەرێکی، دەستڕۆییشتووی، دەستبڕ ئەبووم ...**

**ئەوا نەک هەر حەزت ئەکرد، کچم بەیتێ ...**
**وەکوو تانجی دوام ئەکەوتی، تا بمگەیتێ.**

٢٠٠٨/٤/٢٥

........................................

(١) عبدالله طاهر البرزنجي، أرواح فى العراء، أنطولوجيا الشعر الكردى الحديث، ديوان المسار للترجمه و النشر ٢٠٠٨ بغداد.

(٢) چییە توو خوا چ سیرڕێکە، وەها مەحکوومی گریانی
که تۆ هێشتا لە خەم ناگەی، لە مانای گریە نازانی؟

(٣) بەڵێ دیارە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار
وەکوو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا. گۆران

(4) De bästa svenska dikterna, Jan Olov Ullen, s. 234, Albert Bonniers Förlag, WS Bookwell 2007 Finland.



## ٢

## یەک دۆزەخ و دوو بەهەشت

واژۆکارانی بەیاننامەی ڕوانگە، (ئەپریلی ١٩٧٠) بریتیبوون لە: شێرکۆ بێکەس، حسێن عارف، جەلالی میرزا کەریم، (١٩٣٥ ــ ١٩٩٣) کاکەمەم بۆتانی و جەمال شارباژێڕی. لەو پێنج ئەدیبە، یەکەم و دووەمیان گەلێک داهێنانیان تۆمار کرد، یەکەمیان هێندەی نەبرد لەسەر عەرشی شیعری کوردی ڕۆنیشت و هەنووکەش هەر خۆی دیکتاتۆری هۆنراوەی کوردییە. دووەمیشیان وەک چۆن پێش سەرهەڵدانی ڕوانگە پاشای چیرۆکی کوردی بوو، هەر بە پاشایی مایەوە و جوانترین ڕۆمانیشی بە کتێبخانەی کوردی بەخشی، وەلێ ئەوانی دیکە، هەر یەکی بە دەردێکەوە گیرۆدە بوون.

نەخۆشی جەلالی میرزا کەریمی نەکوشت، سیاسەت کوشتی، جەمال شارباژێڕی لە بەرهەمی سەرەتای حەفتاکانی خۆی تێنەپەڕاند و (کاکەمەم بۆتانی)یش هیچی تازەی گرنگی پێ نەبەخشین. بۆ ئەوەی لە کاروانی داهێنان دوا نەکەوین، دەبێت ئاگاداری ئەدەبی گەلانی دنیا بین، ئاخر ئەو سەردەمە بەسەر چوو کە بۆ نووسین تەنیا پشت بە بەهرە ببەستین و نزیکەی وەک مەحاڵیش وایە، تەنیا زمانی کوردی بزانین و بتوانین داهێنان لە ئەدەبی کوردیدا بکەین. جەلالی میرزا کەریم، کاکەمەم بۆتانی و جەمال شارباژێڕی بێجگە لە کوردی، زمانی دیکەیشیان دەزانی، وەلێ هیچ پێ ناچێت، وەختی خۆیان بۆ خوێندنەوە تەرخان کردبێت، ئاخر گەر وایان کردبا، لە بەرهەمیاندا ڕەنگی دەدایەوە.

ڕوانگە سێ ژمارەی لێ دەردەچێت، هەر ژمارەیە و شیعرێکی جەلالی میرزا کەریمی تێدا دەبێت. ئەو سێ شیعرە: (یاد و یاقووت و نەهەنگ، سێپتێمبەری ١٩٧٠، پرسیار بۆ هاتنی گۆدۆ، ئەپریلی ١٩٧١ و ژانی ڕۆژانی هۆنراوە، ئاداری ١٩٧٢) جوانترین نموونەی شیعری ئەون، ئیدی تا دەستی قەڵەمی گرت، هیچی دیکەی نەنووسی، لەو سێ شیعرەی تێپەڕاندبێت. شاعیری ڕاستەقینە، شێرکۆ بێکەس وەک نموونە، بە یەک شێواز نانووسێت، هەر پێنج شەش ساڵ جارێک سەرچڵییەک دەکات، ئەوە نییە ئەو پۆستەرەشیعر، چیرۆکەشیعر، شانۆنامەی شیعری، ڕۆمانەشیعر و دەقی والا کە تێیدا نزیکەی هەموو ژانرە ئەدەبییەکان بەگەڕ دەخات، دەنووسێت.

دەڵێن سەلمانی فارسی، سەرەتا زەردەشتی بووە، ئینجا بووە بە مەسیحی و دوایی بە موسڵمان، شاعیریش لە بواری گۆڕینی شێوازی نووسیندا، دەبێت بێ دوودڵی بەردەوام خەریکی تاقیکردنەوەی نوێ بێت، ئاخر مەلی زیرەک هیچ گۆرانییەک دووبارە ناکاتەوە. **زۆربەی ڕوانگەییەکان هەر بەو شێوازە شیعریان دەنووسی کە گۆران نزیکەی چارەکە سەدەیەک بەر لە سەرهەڵدانی ڕوانگە، هۆنراوەی (پاییز)ی پێ نووسیبوو، وەلێ وەک بە سێ ژمارەکەی گۆڤاری (ڕوانگە)وە دیارە، هیچیان شیعرێکیان نەنووسی لە (پاییز) جوانتر بێت.** ئاخۆ ئەو شاعیرانەی دوای ڕوانگە کەوتن، دەیانزانی، تازەکردنەوەی شیعر، شتێک نییە تەنیا خۆی لە گۆڕینی کێش یان بونیادی شیعردا نمایش بکات؟

ڕاستە شیعر و نیشتمان دووانەیەکن مەحاڵە لە یەکدی جودا ببنەوە، وەلێ شاعیر نیشتمان نانووسێتەوە، نیشتمانێکی تازە



دەخوڵقێنێت، ئاخر ئەدەب وێنەی واقیع ناکێشێت، لە هەوڵی هێنانە کایەی واقیعێکی نوێدایە، ئاخر شیعر ڕەنگدانەوەی واقیع نییە، سەرقاڵی خوڵقاندنی واقیعە. بۆ ئەوەی ببین بە شاعیرێکی باش، هیچ مەرج نییە، چەپێکی ڕادیکال بین، ت. س. ئەلیەت نەک هەر شۆڕشگێڕ نەبوو، بەڵکوو ئەوێک کە وەک ئایین کاسۆلیک، وەک کولتوور کلاسیک و وەک سیاسەت شەیدای مەلیک بوو، نەخشەی شیعری لەسەر ئاستی دنیا، گۆڕی.

چەکی خەبات
هێشتا متی ناو **سەنگەر** بوو،
هیوا و ئاوات
**هەتاوێکی بێ سێبەر** بوو. (یاد و یاقووت و نەهەنگ)

هەر چەند دەکەم، نازانم هەتاوی سێبەردار بۆچی لە هی بێ سێبەر باشترە؟ تۆ بڵێیت، ڕۆڵی ئەو (سێبەرە) تەنیا ئەوە بێت کە هاوسەروای سەنگەرە؟ بریا (درەختێکی بێ سێبەر)ی نووسیبا.

ئەی کوردستانی پێشمەرگە
ڕاستە دڵی چیاکانت
چاوی گەشی منداڵانت
ئەمساڵ پڕ شایی و ئاهەنگە
**بەڵام قسە هێشتا ڕەنگە**
خواست و مەرام
یاقووتێکی شەوچراخی
ناو گەرووی تاری نەهەنگە. (یاد و یاقووت و نەهەنگ)

پێم وایە، (بەڵام قسـە هێشتا ڕەنگە،) هیچ مانای نییە و ئەو (ڕەنگە)یە، تەنیا لەبەر ڕاگرتنی سەروا، هەڵتۆقیوە و وا ڕاست بوو بڵێت:

بەڵام هێشتا خواست و مەرام
یاقووتێکی شەوچراخی
ناو گەرووی تاری نەهەنگە.

ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو کە بەعس پێبەندی ڕێکەوتننامەی یازدەی ئادار نەبێت.

بە دوای گۆڕی بێ چەپەری
دڵدارێکتا وێڵم، ونە. (ژانی ڕۆژانی هۆنراوە)

(چەپەر) کە بە مانای تەیمان دێت، ئەو (دیوار)ەی لە دار یان لە شووڵ دروست دەکرێت، هیچ پێوەندیی بە گۆڕەوە نییە و تەنیا لەبەر ئەوەی هاوسەروای (پەیکەر)ە، قوت کراوەتەوە.

هاتووم دەروازەی گەورەی شار ڕاوەشێنم،
بنەڕێنم،
هەموو ڕۆژێ زامی گەلێ سارێژ ئەبێ،
بنەڕێنم، ئەی بۆچی کورد
بەڵێ ئەی شار ژان بەڵێ
ئەی بۆچی کورد
ئالای **هەتاوی کەژاوەی**
**بووکی** ڕزگاریی هەڵنەکرد؟ (ژانی ڕۆژانی هۆنراوە)

شیعر چرپەیە، نەک نەڕە، ئەوە شیعر نییە، خوتبەیە کە پێویستی بە



نەڕەیە. کە ئەو (شیعرە) دەخوێنیتەوە، بە دەست خۆت نییە، دەبێت بنەڕێنیت. (بەڵێ ئەی شاری ژان بەڵێ،) هەر دەڵێیت بۆ خوتبە نووسراوە. (هەتاوی کەژاوەی بووک) زیادەیە. چونکە کورتبڕی مەرجی یەکەمی نووسینە، چونکە شیعر گوتنی مانای زۆرە بە گوتەی کەم، بریا نووسیبای:

ئەی بۆچی کورد
ئالای ڕزگاریی هەڵنەکرد؟

ئاخر (ئالای هەتاوی کەژاوەی بووک،) هیچ مانای نییە و هەر قسە ڕیزکردنە.

جەلالی میرزا کەریم، دوای ئاوارەییەکی دوور و درێژ دەگەڕێتەوە و لە ١٩٩٢دا، کۆمەڵێک هۆنراوە بە ناونیشانی (ڕێگا دوورەکانی چاومان) بڵاو دەکاتەوە کە زێتر لە شیعار دەچن وەک لەوەی لە شیعر بچن. لەو کۆمەڵە هۆنراوەیەدا، بۆ وێنەیەک یان ڕستەیەکی شیعری بگەڕێیت، نائومێد دەبیت. **لە هۆنراوەی ئەودا وەک چۆن (سۆز) نییە، نزیکەی هیچ باسێکیش لە ژن نییە. شیعر کە دەبێت بارگاوی بێت بە گومان و هەڵگری پرسیار بێت، لای ئەو، نە گومان هەیە و نە پرسیار، یەقین و وەڵام شیعری ئەویان خاپوور کردووە، ئەگەر پرسیارێکیشی وروژاندبێت، دەستبەجێ خۆی وەڵامی داوەتەوە.**

(بەڵام هەتا ڕووی تەبیعەت وا والابێ
هەرگیز هەرگیز جوانیی ئافرەت تەواو نابێ.)

ئایا ئەوە هەر دووبارەکردنەوەی (بەڵام تەبیعەت هەرگیزا و هەرگیز، بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز)ەکەی گۆران نییە؟ (تەوژمی خۆشەویستیی لێوی بەفری تابلۆی شانۆی خۆرهەڵاتی ڕێگاکان،) ئایا

ئەوە هەر قسە ڕیزکردن نییە؟ هەندێک لەوانەی خۆیان بە ڕوانگەیی دەزانی، چونکە هیچیان پێ نەبوو، بۆ گوتن بشێت، بۆ شاردنەوەی ئەو هیچ پێ نەبوونییە، هانایان بۆ ڕیزکردنی وشە دەبرد، بەو ئومێدەی خوێنەری پێ فریو بدەن. جەلالی میرزا کەریم یەکێک نەبوو لەوانە، ئەو شتی پێ بوو، سیاسەت نەیهێشت، شتێکی نەمر بڵێت. **شاعیر و سیاسەتوان ئەگەر لە هەمان دۆزەخیشدا بژین، میشیل فۆکۆ گوتەنی، خەو بە دوو بەهەشتی جیاوازەوە دەبینن. سیاسەت دێڵەگورگێکە، ئەوە تەنیا شاعیری بلیمەتە دەتوانێت بیدۆشێت، بێ ئەوەی بهێڵێت گازی لێ بگرێت.** جێی داخە ڕەخنەگرێکی دڵسۆز نەبوو، بە ڕاشکاوی بە جەلالی میرزا کەریم بڵێت، شیعر پردێک نییە بۆ گەییشتن بە ئامانجێک، شیعر خۆی ئامانجە.

٢٠٠٨/٦/٢٠





## شاعیر بە وشە دنیا ڕۆ دەنێت

ڕەخنەگر، بۆ ئەوەی دەقێک شی بکاتەوە، پێویستە باش لێی تێبگات، ئاخر ئەگەر نا، ناتوانێت دەقەکە لێک بداتەوە و لە نێوان دەق و خوێنەردا، ڕۆڵی پرد وازی بکات. لە وڵاتێکدا کە ئاستی ڕۆشنبیریی خوێنەران تێیدا بڵند بێت، ڕەخنەگر تەنیا ئەو تێکستانە بەسەر دەکاتەوە، کە لە کنی شیرینن و ناخی دەبزوێنن. ئەو ڕەخنەگرەی تەنیا لەسەر دەقی جوان دەنووسێت، نووسینی وەک پەیامێک خۆی دەنوێنێت کە دڵدارێک بۆ دڵبەرەکەی دەنێرێت. چونکە لای ئێمە گەلێک کەس، بێ ئەوەی هیچی جوانیانیان داهێنابێت، لە ڕێی فریودانی خوێنەری ساویلکەوە، وەک شاعیر و نووسەر، ناویان دەرچووە، بۆیە ڕەخنەگری کورد ناچارە، ئاوڕ لەو تێکستانەیش بداتەوە، کە شیاوی ئاوڕ لێدانەوە نین.

مەڕۆ سەری کۆچ هەڵمەگرە!
دڵنیام تۆیە کە کوێستان دڵی بردووی،
تازە ئیدی وەک درەختێ کە با ڕەگی هەڵکەندبێ،
لە هیچ بستێکی دیکەدا ناڕوێیتەوە،
دڵنیام تۆیە کە زستان کەوای بەفری لە بەر کردووی،
چیدی گۆرانیی ئاوێزان بۆ وەرزی دی ناڵێیتەوە.

ئەوی **سەعدوڵلا پەرۆش** دەینووسێت، هاوزەمان شیعری ڕۆمانتیک و بیۆگرافیایشە، ئاخر ئەو بە شیعر، ڕاستگۆیانە ژیننامەی خۆی

دەنووسێتەوە. بە ڕووکەش وەها دیارە پەرۆش ڕووی دەمی لە کەسێکی دیکەیە، وەلێ ئەوە هیچ مشتومڕ هەڵناگرێت، ئەو خۆی دەدوێنێت، نەک ئەوی دی. **شیعر چرپەی ناخی تاکە کەسێکە، هەر کە بوو بە هاواری خێڵ، حیزب یان گەل، ئیدی دەبێت بە شیعار**. ئەوە زادەی بوێریی و ڕاستگۆیی بوو، کە پەرۆش لە پێشەکیی کۆشیعری (شەوانی تەنیایی ١٩٨٠)دا گوتی: (من شیعر بۆ خۆم دەنووسم.) ئەوسا ئەو بە دنیای شیعر نامۆیانەی دەیانویست خودی شاعیر کە دەبێت لە **سەنتەر**دا بێت، بخەنە **پەراوێز**ەوە، لە (پەرۆش)یان دەپرسی: (کە شیعر بۆ خۆت دەڵێیت، ئەدی بۆچی بڵاوی دەکەیەوە؟) ئەوانە نەیاندەزانی، خوێنەر تەنیا خۆی لە شیعری ئەو شاعیرانەدا دەبینێتەوە کە بۆ خۆیان دەنووسن.

هەندێک ئەدیب هەن، تەنیا شاعیرن و هیچی دیکە، وەک سەعدوڵڵا پەرۆش و محەممەد عومەر عوسمان. شاعیری لەو جۆرە، کەم دەنووسن، وەلێ ئەوی دەینووسن، پوختە. منیش دژی زۆر و بۆرم، وەلێ لەگەڵ کەم و پوختیشدا نیم، ئەدیب دەبێت، هەم زۆر بنووسێت و هەم پوختیش. ڕاستە **ئەگەر توانای داهێنانی ڕستەیەکی شیعریی نەمرت هەبێت، دەتوانیت لافی ئەوە لێ بدەیت کە شاعیریت**، ڕاستە ئەزرا پاوەند گوتوویەتی، (**ئەوی کەلەپوور بە یەک دوو ڕستە دەوڵەمەند بکات، بلیمەتە**،) وەلێ زیاتر کەسانێک کە وەک پێویست خۆ ماندوو ناکەن، هانا بۆ ئەو پاساوانە دەبەن. وەرن با بەراوردێک لە نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و نەجیب مەحفووزدا بکەین، کە ئەمیان تەنیا یەک ڕۆمانی لە پاش جێ ماوە و ئەویان دەیان ڕۆمانی نەمر.

جێی خۆیەتی ڕەخنەگر، کاتێک شیعر هەڵدەسەنگێنێت، باسی لە پێوەندیی نێوان شیعر و نیگار بکات، ئاخر شیعر وێنەکێشانە بە



وشە. وەک چۆن شێوەکاری لێزان، سێبەر و هەتاو دێنێتە قسە، ئەو وتووێژانە دەدرکێنێت کە نەگوتراون و لە چاودا دەخوێنرێنەوە. وەک چۆن نیگارکێشی لێهاتوو، دەشێت لە سیمای کەسێکی ناو تابلۆیەکیدا، وێنەی ڕامان و بێگەردیی بکێشێت، کە زۆر ئەستەمترە لەوەی ڕووخسارێکی گەشاوە یان خەمناک بەرجەستە بکات، شاعیریش پێویستە لە ئەنجامی ئەو پێوەندییە تازەیەوە کە لە نێوان وشە دێرینەکاندا، دەیهێنێتە ئاراوە، ناخی ئینسان بهێنێتە قسە و قووڵاییەکانی ڕۆح بدوێنێت.

جارانم جارانی شەوانی پڕ نەشئەی خوماریی
جارانم جارانی هەرزەیی و دڵداریی،
وەک سالان، وەک عومر
بە سۆز و **سەفا**وە بەسەر چوون،
وەک خەون و خەیالان،
وەک شیعر
بە عیشق و **وەفا**وە بزربوون.

نۆستالژیا کە تامەزرۆییە بۆ ڕابوردوویەکی جوان و شیرین، هەوێن و بابەتی ئەو شیعرە ڕۆمانتیکەی سەعدوڵڵا پەرۆشە، د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود کاتێک ئەو دەقەی بەسەر کردووەتەوە، سەرنجی خوێنەری بۆ ئەو لایەنە هەرە گرنگەی تێکستەکە ڕانەکێشاوە. ئەو هاتووە لەو شیعرە نوێیەدا، بۆ **جیناس** گەڕاوە! هەرچەندە خۆری هانابردن بۆ ئەو ڕەوانبێژییەی بایەخی بە ڕەگەزدۆزی دەدا، لەگەڵ سەرهەڵدانی شیعری نوێدا ئاوا دەبێت، هەرچەندە وەک چۆن دابڕانێک شیعری نوێ لە هی کۆن جوێ دەکاتەوە، هەمان دابڕان ڕەخنەیش دەگرێتەوە، کەچی د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود بە هەمان کەرەسە و بەو میتۆدەی

سەیری شیعری کلاسیکی پێ دەکرا، سەرنجی شیعری نوێی داوە، هەرچەندە شیعری نوێ لەبەر تیشکی ڕەوانبێژیی کۆندا لێک نادرێتەوە. وێڕای ئەوانەیش وەک باسی جیناسی کردووە، پێی نەگوتووین، ئەو جیناسەی لە نێوان (سەفا و جەفا)دا هەیە، کامە جۆری جیناسە؟ جیناسی تەواوە یان ناتەواو؟ موحەڕەففە یان لاحیق؟

د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود دەقێکی جوانی پەرۆشی هەڵبژاردووە، وەلێ نە لە نووسینەوەیدا سەرکەوتوو بووە، نە خوێندنەوەیەکی جوانی بۆ کردووە، تەنانەت لە دیاریکردنی کێشی شیعرەکەیشدا تووشی درشتبینی هاتووە، ئەوەتا دەڵێت: (ئەم شیعرە بە سێ بڕگەیی دەستپێ دەکات و بە پازدە بڕگەیی کۆتایی هاتووە.)[١] ئاخر وەک ئەو بە هەڵە بۆی چووە، کێشی شەش بڕگەیی، نۆ بڕگەیی، دوازدە بڕگەیی و پازدە بڕگەیی لە شیعردا نییە، ئەو کێشە سێ بڕگەیی پێ دەگوترێت.

قژ کاڵی/ لێو ئاڵی/ پرشنگی/ نیگا کاڵ
ئەی کچە/ جوانەکەی/ سەر گۆنا/نەختێک ئاڵ.[٢]

ناودارترین شیعری کوردی کە بە کێشی سێ بڕگەیی نووسرابێت، (جوانی بێ ناو)ی گۆرانە. ئەز ئەو کێشەم پێ خۆشترین و بەجۆشترین کێشی شیعری کوردییە و پێم وایە تەنیا شاعیرانی بەتوانایش خۆیان لە قەرەی ئەو کێشە داوە. شیرینترین هۆنراوەی یەکەمین کۆشیعری لەتیف هەڵمەتیش هەر بەو کێشە نووسراوە:

ورد بڕۆ/ **سڵ مەکە**/ زەردەپەڕ/ خامۆشە
**ئەم ڕێیە**/ بە تەنها/ من و تۆی/ لە کۆشە.
**سڵ مەکە/ لە نیگای/ پڕ تاسە و/ خرۆشم**
من بە چاو/ شیرینیی/ **جوانیی** تۆ/ ئەنۆشم.[٣]



وەک بە ئاشکرا دیارە، ئەو شیعرەی هەڵمەت کە دەشێت جوانترین شیعری دەستپێکی وی بێت، چ وەک کێش و چ وەک واتایش، لە سایەی درەختی شیعری (بۆ جوانی سەرەڕێ)ی (گۆران)دا نووسراوە:

ئەم دێیە/ جێ دێڵم/ بێ نیشان/ بێ شوێنپێ
ئەی پەری/ **سڵ مەکە**/ لا مەدە/ **بۆ لاڕێ**
**سڵ مەکە/ لە مەیلی/ بە گەرمی/ ڕوانینیم**
پیاوێکم/ **جوانییە**/ قیبلەگای/ ئایینم.[٤]

خۆزیە ساراماگۆ، ئەو نووسەرە پورتوگالییەی ١٩٩٨ خەڵاتی نۆبێلی وەرگرت، ئەگەر بە پەنجا و نۆ ساڵی کۆچی دوایی کردبا، هیچی وای لە پاش جێ نەدەما، بکەوێتە خانەی داهێنانەوە، ئاخر نووسینی گرنگی وی، لەو تەمەنە بە دواوە دەستپێ دەکات. بەو هیوایەی نووسینی جوانی محەممەد خدر مەولوودیش لەمەو دوا دەستپێ بکات. ئەوە یەکێکە لە هەڵەکانی ڕەخنەی کوردی کە بایەخی بە بەرهەمی پەرۆش نەداوە، وەلێ وەک دەڵێن، هەڵە بە هەڵە چارەسەر ناکرێت، ئاخر بەسەرکردنەوەی دۆستانەیش هەڵەیەکی دیکەیە.

٢٠٠٨/٢/٢٩

---

(١) سەعدوڵڵا پەرۆش، ئەزموون، بەخشش و بەردەوامبوون، محەممەد خدر مەولوود، ل٤١ چاپخانەی ڕۆشنبیری ٢٠٠٦ هەولێر.
(٢) دیوانی گۆران، محەممەدی مەلا کەریم، ل٤٥ لە بڵاوکراوەکانی یەکیەتیی نووسەرانی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد ١٩٨٠ بەغدا.
(٣) دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی یەکەم ل١٧ چاپخانەی شڤان ٢٠٠٥ سلێمانی.
(٤) دیوانی گۆران، محەممەدی مەلا کەریم، ل٢٦ لە بڵاوکراوەکانی یەکیەتیی نووسەرانی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد ١٩٨٠ بەغدا.
(*) ناونیشانی باسەکە گوتەیەکی ئەزرا پاوەندە.

# زنەی شیعری ئیبراهیم ئەحمەد

عومەر مارف بەرزنجی کە کەسێکی دیکە نییە، هێندەی وی شارەزای جیهانی ئەدەبیی ئیبراهیم ئەحمەد بێت، کارێکی گەلێک باشی کردووە کە هاتووە مینا توێژەرەوەیەکی زانا، هەموو شیعرەکانی شاعیری ناوبراوی ساغ و کۆ کردووەتەوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیون.(١) لەو پەراوێزانەدا کە بۆ شیعرەکانی نووسیوە، هێندە زانیاری دروست و پێویست هەیە، خوێنەر دەتوانێت بەوپەڕی بەرچاوڕوونییەوە سەرنجی شیعرەکان بدات.

(کتێبخانە ئەشکەوتی مردووانە، تەنیا کاتێک ئەو مردووانە زیندوو دەبنەوە کە دەست بە خوێندنەوەی کتێبەکانیان بکەین.)(٢) ئەوە بۆیە بە مەبەستی بێدارکردنەوەیان، ناوبەناو بەرهەمی نووسەرە دێرینەکان بەسەر دەکەمەوە. تێزێک هەیە دەڵێت، بۆ ئەوەی شتی تازە دابهێنین، پێویستە پێوەندیی لەگەڵ کەلەپووردا بپسێنین، (ئەو پێشکەوتنەی ژاپۆن بە خۆیەوە بینییەوە، زادەی ئەوەیە، ژاپۆنییەکان هەر چی پێوەندییەکی کولتوورییان بە چینەوە هەبوو، هەموویان پساند و کەوتنە وەرگێڕانی ئەدەبی خۆرئاوایی.)(٣)

کز کز دانیشم لە سای دیواران
زنجیر وەگەردن، چوون گوناهکاران.(٤)

بە پێچەوانەی ئەو تێزەوە، شیعری نوێی عەرەبی لە بواری کێش، ڕیتم، دووبارەکردنەوە و تەدویردا، سوودی لە قورئان وەرگرتووە و



ئیبراهیم ئەحمەدیش بۆ نووسینی شیعری نوێ، پشتی بە شیعری فۆلکلۆری بەستووە.

بێ دابنیشین جەبن چناران
لە چاوی مەستی دیدەخوماران
بەری بەیان و سەر لە ئێواران
بادە بنۆشین بە یادی جاران.(٥)

شیاوی بیرهێنانەوەیە، جەعفەر شێخ حسێن بەرزنجی بە شێوەیەکی تایبەت بە خۆی، مامەڵەی لەگەڵ شیعری فۆلکلۆریدا دەکرد، دێڕەشیعرێکی فۆلکلۆریی دەهێنا و دەیکرد بە پێنجخشتەکی. کتێبی (مەڵۆیەک لە شارای فۆلکلۆری کوردی،) بەرهەمی ئەو هەوڵەی، ئەو شاعیرە فۆلکلۆردۆستەیە. یەکێک لە جۆرەکانی تەدویر، بریتییە لەوەی کۆتایی نیوەدێڕی یەکەم پێوەندییەکی لە پسان نەهاتووی بە سەرەتای نیوەدێڕی دووەمەوە هەیە.

**زووکە زوو** گیانە، دەمەکەت بێنە
بەسە **ناز**، بە **ناز** دڵم مەشکێنە
**ماچێک** هەر **ماچێک** لەو لێوە سوورە،
**تێشوومە تێشووی** ئەم ڕێگە دوورە.(٦)

شاعیر چی گوتووە؟ ڕەخنەگر دەتوانێت خۆی لە وەڵامی ئەو پرسیارە بدزێتەوە، پرسیارێک کە پێویستە ڕەخنەگر وەڵامی بداتەوە، ئەوەیە: ئایا شاعیر توانیویەتی ڕازی دڵی خۆی، هونەرییانە بدرکێنێت؟ (زوو، ناز، ماچ و تێشوو،) بەو چوار وشەیە لە لایەکەوە تەدویر کە بۆ پەیدابوونی، شاعیر پێویستی بە بەیتێک هەیە، ئیبراهیم ئەحمەد بە نیوەدێڕێک ئەو هونەرەی نمایش کرووە و لە لایەکی دیکەوە،

دووبارەکـردنەوەی ئەو وشـانە، دووبارەکـردنەوەیەکی تەواو هونەرییـە، نەک ناپێویست و ناهونەری.

یەکـێک لەو ڕەگـەزانـەی کـە بە درێژایی مـێژووی شـیعـر بایەخـێکی زۆری هەبووە، مێتافۆرە کە لە یەککگرتنی دوو شتی جیاواز پێک دێت. بە مێتافۆرەکاندا زمانی ئەم شاعیر لە هیی ئەوی دیکە جیا دەکرێتەوە و ئەوە مێتافۆرە کە بە نەمریی دەمێنێتەوە.

چیــتــە بۆ وەهـا کـەوتووی بە قـینا
تەنیا جێت هێشتووم لە **چۆڵی ژینا**.
شـــــــەوێ بـە یادی ژیـنـی ڕابـروو
بە یادی **گــوڵی عــومــری** بابردوو.
چۆن **مــاری دووریت** تەزاندوویەتی
ئــــازار و دەردت ڕزانـــدوویـــەتـــی.(٧)

(چۆڵی ژین، گوڵی عومر و ماری دووری،) سێ مێتافۆری جوانن و وا دەکەن شیعری (خۆشەویستەکەم) بەرگەی زەمان بگرێت.

**بادەی مە دەبا فرمێسکی چەم بێ**
خۆراکی مە با هەر دەرد و خەم بێ.(٨)

لایەنێکی جوانی ئەو دێڕەشیعرە ئەوەیە، شاعیر لەبری ئێمە و چاو، (مە و چەم)ی بەکار هێناوە، ئەوەیش بەڵگەیەکە بۆ بڕوابوونی شاعیر، بە زمانێکی ستاندارد کە تێیدا هیچ شێوەزارێک فەرامۆش نەکرێت.

یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان شیعری دێرین و هی نوێ ئەوەیە، شیعری نوێ بە پێچەوانەی شیعری کۆنەوە کە پشتی بە وشە نیمچە مردووەکانی نێو قاموس دەبەست، ئەم پشت بەو وشە زیندووانە دەبەستێت کە لە ژیانی ڕۆژانەدا پێیان دەئاخفین. شاعیری مۆدێرن



بڕوای بە وشگەلی شیعری و ناشیعری نییە، ئاخر بە هۆی ئەفراندنی پێوەندیی تازەوە لە نێوان وشە هەرە ساکارەکاندا، باڵاترین شیعر بەرهەم دەهێنێت. ئەگەر بەراوردێک لە نێوان قاموسی شیعریی (مەحوی) و (گۆران)دا بکەین، بە ئاسانی هەست بە جیاوازیی نێوان زمانی شیعرییان دەکەین کە هی ئەمیان لە زمانی خانەقا و هی ئەویان لە زمانی زانکۆ دەچێت.

بۆ ئەوەی شتێک بنووسین بکەوێتە خانەی ئەدەبی ئینسانییەوە، دەبێت کەم و زۆر لەژێر کاریگەرییەتیی ئەدەبی گەلانی دنیادا بین. ناکرێت شارەزای ئەدەبی خۆرئاوا نەبین و بانگاشە بۆ ئەوە بکەین، تازەگەریمان لە ئەدەبی خۆرهەڵاتدا کردووە، ئەوە بۆیە ئەو شاعیرە کوردانەی جێدەستیان بە تازەکردنەوەی شیعری کوردییەوە دیارە، ئاگاداری شیعری نوێی خۆرئاوا بوون. لایەنی گەشی تیۆریی (هونەر بۆ هونەر) ڕەنگە ئەوەبێت، نابێت ئەرکێک بە شیعر بسپێرین کە هی شیعر نییە، نابێت شیعر بکەینە پردێک بۆ گەییشتن بە مەبەستێک و نابێت شاعیر ڕۆڵی واعیز یان کادیری حیزب ببینێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە، ئەوەی جێی بایەخی ڕەخنەگرە، شیعرە نەک شاعیر و تەنانەت هەلومەرجی سەرهەڵدانی شیعرەکەیش بە لای ڕەخنەگرەوە، گرنگییەکی ئەوتۆی نییە.

بەشێک لە شاعیرە هەرە مەزنەکانی دنیا لە تافی لاویدا گیانیان لە دەست داوە، لەوانە جۆن کیتس (١٧٩٥ ـ ١٨٢١) کە تەنیا بیست و شەش ساڵ ژیاوە و شێللی (١٧٩٢ ـ ١٨٢٢) کە بە سی ساڵی دڵی لە لێدان کەوتووە، (ڕامبۆ)یش لە نێوان پازدە تا نۆزدە ساڵیدا، شیعری نووسیوە، ئەوە بۆیە ئێلیەت پێی وایە، جوانترین شیعر، ئەو شیعرەیە

که پێش بیست و پێنج ساڵی دەینووسین و ئەگەر بخوازین، لەسەر نووسینی شیعری جوان بەردەوام بین، پێویستە خاوەنی هەستێکی دیرۆکی بین، مەبەستی لە هەستی مێژوویی ئەوەیە، شارەزای ئەدەبی ئەورووپایی بین، هەر لە هۆمیرۆسەوە تا نوێترین ئەزموونی شیعری.[٩] وشککردنی زنەی شیعری ئیبراهیم ئەحمەد بە گەنجییەتی، زادەی ئەوەیە، بۆی نەکرا بەشێکی گرنگ لە ژیانی بە ئەدەب ببەخشێت، ئیدی چونکە نەبووە خاوەنی هەستێکی دیرۆکی، بۆیە کاروانی شیعر بەجێی هێشت و بێجگە لە (یادگار و هیوا ١٩٣٣، خۆشەویستەکەم ١٩٣٥ و ڕوو بە ڕووی مردن ١٩٤٠) کە هەر سێکیانی لە تافی لاویدا گوتووە، ئیدی هەرچی دیکەی گوتبێت، بەر لەوەی شیعر بووبێت، شیعار بووە، یان لە باشترین حاڵەتدا، تێکستێک بووە لەوانەی بۆ سروود دەست دەدەن.

(شیعر هیچی دیکە نییە، جگە لە چێژ و سۆز، ئەوە شیعرە کە هەر جارێک دەیخوێنینەوە، بەرەو ڕووی ئەزموونێکی نوێ دەبینەوە.) لە شیعرە سیاسییەکانی ئیبراهیم ئەحمەددا چونکە سۆز بزرە، چێژیان لێ وەرناگرین و کە دووبارە دەیانخوێنینەوە، بەرەو ڕووی هیچی تازە نابینەوە. (ئەوی دەخوازێت ڕۆڵی ڕێبەر ببینێت، با شیعر نەنووسێت، گوتار بدات، سوکرات، مەسیح و بوزا، بێ ئەوەی شیعریان نووسیبێت، لە ڕێی گوتاردانەوە، وەک مامۆستای مرۆڤایەتی ناسراون.) ئەوی ئەو گوتەیەی بۆرخیس فەرامۆش بکات، دەشێت ببێتە مامۆستا، وەلێ نابێتە شاعیرێکی نەمر.

لەبەر چاوی بەد لە ترسی بەدکار
**دڵ خۆم** ئەکەمە گۆڕی یادگار.[١٠]



بریا لەبری (دڵ خۆم) کە دەربڕینێکی ناوچەییە، (دڵم)ی گوتبا: (دڵم ئەکەمە گۆڕی یادگار.)

تەنیا بەو مەرجەی تەبا و هۆشیار بین
لەسەر مافی گەل، سوور و **لاسار** بین.[١١]

لاسار، نەک هەر پۆزەتیڤ نییە، بێلایەنیش نییە، بەڵکوو ئاوەڵناوێکی نێگەتیڤە، بۆ ڕاگرتنی سەروا، هانای بۆ ئەو وشەیە کە بۆ ئەو جێیە ناشێت، بردووە. جێی سەرنجە ئیبراهیم ئەحمەد گەرچی شیعری زۆری نەنووسیوە، وەلێ هەندێک جار خۆی دووبارە کردووەتەوە، ئەوەتا لە شیعری (نەیژەن ١٩٤٨)دا دەڵێت:

دڵەی بە وەفای یار باوەڕکردوو
بخەرەوە شوێن **عومری بابردوو**.[١٢]

ئەمەیش هەر هەمان ئەو دەربڕینەیە: (بە یادی گوڵی **عومری بابردوو**) کە لە شیعری (خۆشەویستەکەم ١٩٣٥)دا گوتبووی.

(بەرەو ڕووناکی ١٩٤٦) دەقێکی ئیبراهیم ئەحمەدە کە وەک پەخشان نووسیویەتی، دەربارەی ئەو تێکستە سیاسییە دەڵێم: وەک چۆن شیعری کۆن زادەی کێش و سەروا نییە، پەخشانەشیعریش زادەی فەرامۆشکردنی کێش و سەروا نییە و نووسینی شیعری (ئازاد) لە نووسینی شیعری کۆت و پێوەندکراو سەختترە.

فصرت إذا أصابتني سهام
تكسرت النصال على النصال

ئەوەیش جێی سەرنجە، ئیبراهیم ئەحمەد سەروەختی نووسینی چیرۆک، سوودی لە شیعر بینیوە، ئەوە نییە لەژێر کاریگەرییەتیی ئەو

دێڕەشیعرەی (موتەنەبی)دا گوتوویەتی: (لە کاتێکدا ئەیدا لە شان و ملم، هەر دارەی بەر شوێنی دارێکی کۆنی تر دەکەوت.)[١٤]

٢٠٠٨/٤/٢٣

---

(١) عومەر مارف بەرزنجی، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی برایم ئەحمەد، ناوەندی خاک ٢٠٠٧ سلێمانی.

(٢) خورخي لويس بورخيس، صنعة الشعر، ترجمة: صالح علماني، ص١٥ دار المدي ٢٠٠٧ دمشق.

(٣) الشرق الأوسط ٢٠٠٨/٣/١٣ لندن.

(٤) ئەڤین عەبدولقادر بەرزنجی، برایم ئەحمەد دەنگێکی زوڵاڵی شیعری نوێی کوردییە، ل٦٦ چ. شڤان ٢٠٠٥ سلێمانی.

(٥)، (٦)، (٧)، (٨)، (١٠)، (١١) و (١٢) ژێدەری یەکەم، ل ٢٢، ٢٧، ٢٥، ٢٢، ١٩، ٦٤ و ٤١

(٩) الدكتور يوسف حلاوى، المؤثرات الأجنبيه فى الشعر العربى المعاصر، ص٥٤ دار العلم للملايين ١٩٩٧ بيروت.

(١٤) ئیبراهیم ئەحمەد، کوێرەوەی، چاپی دووەم، ل٢٨ ناوەندی خاک ٢٠٠٥ سلێمانی.



## شیعری ڕووقایم و دەقی ئەوینداری

### ١

### لە ڕەمەوە بۆ بلوێر

ئەبو حوکەیمە کە خەڵکی کووفە بووە و لە ساڵی ٢٤٠ی کۆچیدا، لە ڕێگەی حەج کۆچی دوایی کردووە، ناوی ڕاشید بووە و کوڕی ئیسحاقی کاتیب بووە. ئەو شاعیرە کە هەنووکە دیوانەکەی لەبەر دەستی مندایە، نزیکەی دوازدە سەدە بەر لە ئێستا، بە شێوازێکی هێندە ڕووهەڵماڵراو شیعری نووسیوە، کە حاڵی حازر، هیچ شاعیرێکی عەرەب زات ناکات، هێندە بوێرانە بنووسێت. لێرەدا حەز دەکەم ئەوەیش بڵێم، سنووری نێوان بوێریی و بێشەرمی، دەشێت هێندەی داوێک ئەستوور بێت، وەلێ پێویستە شاعیر، ئەو داوە سوورە نەبەزێنێت، ئاخر ئەگەر بەزاندی، لە کاتێکدا لە خۆی وایە، کەسێکی ئازایە، ڕاستییەکەی کەسێکە بێشەرم.

گەلێک شاعیری کورد بە شێوازی ڕووهەڵماڵراو، شیعری جوان و گرانبەهایان نووسیوە، وەک شێخ ڕەزای تاڵەبانی، نالی، ئەدەب، ناڵبەند، مەلاغەفووری حافزی مەهابادی و هێمن، وەلێ جیاوازیی سەرەکیی نێوان ئەو شاعیرە کوردانە و ئەبو حوکەیمە، ڕەنگە ئەوە بێت، ئەوان هەمیشە **ستایشی** (ئەوەکەی) خۆیان کردووە، وەلێ ئەم، بە درێژایی شیعرەکانی کە هەشتا هۆنراوەیەک دەبن و بە زۆربەی

بەحرە جیاوازەکانی شیعری عەرەبی نووسیونی، **هەجووی** هەرامەکەی خۆی کردووە.

ئەوەیش بە ڕاستی جێی سەرنجە کە ئەو نوسخەیەی بووەتە سەرچاوە بۆ دیوانەکەی ئەبو حوکەیمە و لە کتێبخانەی (بەرلین)دا پارێزراوە و بریتییە لە سی و یەک لاپەڕە و بە خەتی نوسخ نووسراوەتەوە، **دەستخەتی حەزرەتی ئیبن مستەوفیی هەولێرییە کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتی کۆچیدا بە دەست و قامکی پیرۆزی خۆی، ئەو شیعرە ڕووهەڵماڵراوانەی نووسیوەتەوە.**

جاحیز شتێکی وەها دەڵێت: (هەندێک کەس کە ناوی سێکس دێت، سڵ دەکەنەوە، ئەوانە تەنیا بە ڕووکەش پاکن، ڕاستییەکەی کەسانێکی ڕیاکار و دووڕوون.) ئەبو حوکەیمە شاعیرێکی ڕاستگۆ و یەکڕوو بووە، هەر بۆیە بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە باسی هینە هەمیشە خەواڵووەکەی خۆی کردووە کە هەموو جارێک لە کاتی پێویستدا نەک هەر نائومێد، تەنانەت ڕووزەردیشی کردووە. ئەگەر بشێت ناوی شیوەننامەی لێ بنێین، دەتوانین بڵێین، **هەموو دیوانەکەی ئەبو حوکەیمە بریتییە لە شیوەننامەیەکی درێژ بۆ هەرامەکەی کە ڕۆژ نییە خەوشێکی نوێی لێ دەرنەکەوێت** و لەبری ئەوەی (ڕمی جووتبوون بێت، بلوێری میزکردنە،) لەبری ئەوەی (وەک تیر خۆی بنوێنێت، هەر لە کەوان دەچێت) و هێشتا ئەم لە ژماردنی خەوشە کۆنەکانی نەبووەتەوە، ئەو عەیبی تازەی لێ پەیدا بووە و لەمێژە لە نێوان ڕانەکانیدا مردووە، ئەوەتا بە حەسرەتەوە دەڵێت:(**خەڵکی کە یەکێکیان لێ دەمرێت، کفن و دفنی دەکەن، لە نێوان ڕانەکانمدا مردوویەک هەیە، نە کفن کراوە، نە دفن.**) تەنانەت بەوپەڕی دڵشکاوییەوە دەڵێت: (ئینسان چۆن چێژ لە ژیان وەردەگرێت، ئەگەر دۆستێکی خەمناک و



خەواڵوو لە نێوان لاقەکانیدا بێت!)

شیعری جوانی ئەبو حوکەیمە وێڕای ئەوەی هەوێنی خۆشکردنی دڵی خۆی و کەسانی دیکەیش بووە، کەم و زۆر بژێویشی بۆ دابین کردووە. ئاخۆ بێجگە لە ڕیاکار، ئەوە کێ بێت، چێژ لەم جۆرە شیعرانە وەرنەگرێت؟

هیچی دی نییە، غەیری بێکەڵکی،
گەر نا چۆن سەری، دەچووە کن کلکی؟
منی کردووە بە پەندی عالەم
جیاوازە لە هی گشت بەنی ئادەم.
بەس سوێندم بدە، هەڵناسێتەوە
کەمەی گۆچانە، ڕاست نابێتەوە؟
ئەوێ کە دەبوو وەک ئەلف وابێ
داخی گرانم هەر لە دال دەچێ
بە سیمای جوانم هەڵمەخەڵەتێ
بە هانامەوە، نەهات کەڕەتێ.

ئەوەی شاعیرێکی عەرەب شیعر بەسەر دەعباکەیدا هەڵبڵێت، شتێکی سەیر نییە، ئاخر کۆمەڵگەی عەرەبی، کۆمەڵگەیەکی نێرسالارییە. گەرچی دەعبا، کەرەسەیەکە بۆ وەچەخستنەوە و چێژ وەرگرتن، وەلێ لە ڕوانگەی نێری کۆمەڵگەی نێرسالارییەوە، وەک ئامێری شەڕ، وەک تیر و ڕم و کوتەک سەرنجی دەدرێت! لە کۆمەڵگە نێرسالارییەکاندا، هەمیشە دەنگی نێر زاڵە و وەک چۆن نێر سواری ئەسپ دەبێت، ئاوهایش سەروەختی جووتبوون، خۆی بە سوار دەزانێت، ئەوە نییە لە کۆمەڵگەی کوردیشدا کە تا سەر ئێسک

نێرسالارییە، لە ڕوانگە و لەسەر زاری پیاوەوە، سواربوون، بە مانای جووتبوونیش دێت! وەلێ ڕاستییەکەی، لە کردەی جووتبووندا، نێر و مێ، وەک کلیل و قوفڵ، پێویستیان بە یەکدییە و یەکتری تەواو دەکەن، هەر بۆیە کە ئوم ئەلوەردی عەجلانییە، مێردەکەی دەمرێت، لە شیوەنیدا دەڵێت:

مەپرسن لێم بۆچی پەستم؟ مەپرسن لێم چی ڕووی داوە،
ئەمساڵم وشکە ساڵییە، کلیلی قوفڵم شکاوە.

ئەبو حوکەیمە لە هەجووی وانێکی خۆیدا دەڵێت: (تاقە لایەنی هاوبەشی نێوانی تۆ و هینی ڕاستەقینە، مەگەر هەر ئەوەبێت، کە سەری هیچ کامتان مووی لێ ناڕوێت. تۆ بەردەوام نوستوویت و هەمیشە یەکێک لە باتووەکانت کردووە بە بالیف، وەک هەست بەوە نەکەیت کە خەوتن، جۆرێکە لە سەرشۆڕی. تۆ بە جۆرێک خۆت مت کردووە، سەرت لە نێو پێستی خۆتدا بزر بووە و هەر دەڵێیت چەرمی لەبەر لێزمەی باراندا خووساوەیت.) ئەگەر بە پێوەری ئێستا لە شیعری ئەبو حوکەیمە بکۆڵینەوە، دەتوانین بە کەسێکی ڕاسیستی لە قەڵەم بدەین، ئاخر ئەوەتا دەڵێت: (بە دەست قەشەیەکەوە گیرم خواردووە، زەنگی کڵێسایش، شیوەن بۆ مەرگی دەکات.) ئایا ئەوە لوتکەی ڕاسیزم نییە کە وانێکی خۆی بە قەشە چوواندووە؟ ئەبو حوکەیمە ڕووی زاری لە هەرامەکەیەتی و دەڵێت:

هێندە بێهێزی، هەمیشە نوستووی،
پێش ئەوەی وادەی، پیریی بێ، پیر بووی،
هەڵسە ئەی هینی هەردەم خەواڵووم!
هێندە خەوشی تۆم، پۆشی وەڕز بووم،



قەت بووە گەنجێ، بۆ خۆی حازر بێ
کەچی هەرامەی تەواو بزر بێ؟
ئەوە چی بوو بەنگ، هەر بەری نەدای؟
ئەتۆ وانێکی؟ یان دەرد و بەڵای؟
جاران پێم وابوو، تۆزێ پاڵ کەوتووی
وەلێ هەنووکە دڵنیام مردووی.(*)

٢٠٠٨/٤/٩

(*) ديوان أبي حكيمة، تحقيق و تذييل الدكتور محمد حسين الأعرجي، منشورات الجمل، الطبعة الثالثة ٢٠٠٧ كولونيا، ألمانيا.

## ٢

## مێرگ و هەوجاڕ

ڕەنگی سپی، ڕەمزی پاکیزەیی و شادییە، ئەوە بۆیە بووک بەرگی سپی دەپۆشێت.

وەک لە ئەفسانەیەکی بابلیدا هاتووە: (فیسبا و فیرامۆس یەکدییان خۆش دەویست، وەلێ باوکی ئەو کیژ و کوڕە دژی ئەو ئەوینە دەبن. ئیدی کیژە و کوڕە بڕیار دەدەن لە ژێر دارتووەکەی پەرستگای (نینووس)دا، یەکدی ببینن و لەوێوە هەڵبێن. کە فیسبا دەگاتە ژێر دارتووەکە، شێرێکی دەم بە خوێن دەبینێت، لە ترساندا هەڵدێت و سەرپۆشەکەی لێ بەجێ دەمێنێت. کاتێک فیرامۆس دەگاتە بن دارتووەکە و سەرپۆشە خوێناوییەکەی فیسبا دەبینێت، وای بۆ دەچێت درندە، دڵبەرەکەیان خواردووە، بۆیە لە داخاندا شمشێرەکەی

هەڵدەکێشێت و خۆی دەکوژێت. کە فیسبا دەگەڕێتەوە و تەرمی دڵدارەکەی دەبینێت، ئەویش بە هەمان شمشێر خۆی دەکوژێت. ئیدی بە زەبری خوێنی ئەو دوو ئەویندارە ، دارتووەکە دەبێت بە شاتوو.)

لە ئەدەبی دێرینی وڵاتی نێوان دوو زێدا، بە ڕاشکاوی باس لە پێکگەییشتنی سێکسی کراوە و بە لای ژنیشەوە ئاسایی بووە، باس لە تامەزرۆیی خۆی بۆ جووتبوون بکات. سێکس سرووتێکی ئایینی بووە و تەنانەت لەشفرۆشیی پیرۆزیش هەبووە و لە نزیک پەرستگەکان ئەنجام دراوە. هیرۆدۆتس باسی ئەوەی کردووە، لە بابل، لە پەرستگەی عەشتاردا، ژن خۆی لە بەرانبەری کرێیەکی کەمی ڕەمزیدا بە یەکەمین غەریب کە ڕێی کەوتووەتە پەرستگەکە فرۆشتووە و کرێیەکەی بە پەیکەری خوداوەندی ئەوین بەخشیوە. سێکسفرۆشتنی پیرۆز، جووتبوونی نێوان ژن و پیاوێک بووە کە نە پێشتر یەکدییان ناسیوە، نە حەزیان لە یەکدی بووە و نە مەبەستیشیان وەچە خستنەوە بووە. عەشتار کە یەکەمین لەشفرۆشی پیرۆز بووە، دەڵێت: (من سۆزانییەکی دلۆڤانم، ئەوە منم پیاو بۆ ژن و ژن بۆ پیاو پەیدا دەکەم.)

وەرە وەکوو پەپوولەیەک
لەسەر سینگم بنیشەوە،
وەرە دەست بخە ناو دەستم
دەمیشت بخە ناو دەمم.

لە ڕێی خەتی بزمارییەوە، ئاشنای چەندان دەقی ئەدەبی ئەویندارییی سۆمەری و ئەکەدی دەبین کە تایبەتن بە وڵاتی نێوان دوو زێ و بۆ پێنج هەزار ساڵێک لەمەوبەر دەگەڕێنەوە. لە ئەدەبی ئەو سەردەمانەدا، دارسێو و ستوونی مەڕمەڕ، هێما بوون بۆ ئەندامی نێرینە. بێستان ڕەمز بووە بۆ جێژوان و کێڵان بە مانای هەڵسان بە کردەی



جووتبوون هاتووە، هەوجاڕیش کە گاسنە، ڕەمزی ئەندامی نێرینە بووە و ئەو سەردەمانە جۆرە هەوجاڕێک هەبووە کە وێڕای کێڵانی زەوی، تۆویشی وەشاندووە. کە ژنێک گوتوویەتی، کێڵگەکەم بێ هەوجارە، مەبەستی ئەوە بووە، بڵێت، مێردم نییە. ئەوسا مەبەست لە کێڵگەی بێ پیت، ژنی بێ منداڵ بووە. سەرنجدانی ژن وەک کێڵگە لە قورئانیشدا هەیە. لێکچوواندنی کردەی جووتبوون بە کێڵانی زەوین، دەربڕینێکی سەرکەوتووانەیە، **وەک چۆن زەوین دوای کێڵان و تۆو وەشاندن، بەروبوومی دەبێت، وەچە خستنەوەیش بەروبوومی جووتبوونە، بە دەربڕینێکی دیکە، جووتبوونیش وەک جووتکردن وایە.**

وەرە لە ئامێزت بگرم،
وەرە یەکتری ڕامووسین،
وەرە وەکوو ئاوی دوو زێ
تێکەڵی یەکتری ببین!
وەرە جۆگەلە لێ مەدە، من دەبم بە جۆگەلەی تۆ
زەوی مەکێڵە من دەبم بە کێڵگەی تۆ
باخ و بێستانت بۆ چییە؟
دەبمە سێو و هەناری تۆ.
جێم مەهێڵە!
من مێرگم وەرە بمکێڵە!

ئەوی لە ئەویندا نائومێد ببێت، تووشی خەمۆکی و دەردی بیرچوونەوە دەبێت، لەگەڵ خۆیدا دەدوێت، بێ هۆکار پێدەکەنێت و چێژ لە خواردن و خواردنەوە نابینێت. ئەوی کردەی جووتبوونی پێ ئەنجام نەدرێت، توانای دەربڕینیشی لاواز دەبێت. تۆ بڵێیت لەبەر ئەوەبێت، زۆر نووسەر، لەناکاو کانیاوی بەهرەیان چۆڕپڕ دەبێت.

ئەی لەشنەرمە، دڵڕەقەکەم!
لەو ئافرەتانە ببوورە
کە خەو بەوەوە دەبینن
شەوێ لە ئامێزی مندا بەسەر بەرن،
خۆ تۆ سەد شەو لە ئامێزی مندا خەوتووی.

(پیاو، ژنی نەکراوەی پەسەند کردووە و حەزی لە پۆشاکی لەبەرنەکراو و ژنی بەکارنەهێنراو بووە،) سەرنوێنی خوێناوی، ئەوسایش بەڵگەی پاکیزەیی ژن بووە، وەلێ سەروەختانێک دەسەڵاتدار مافی شەوی یەکەمی هەبووە، ئەوە ئەو بووە پەردەی کچێنیی دڕاندووە. ئەوسایش کۆمەڵ داوای لە ژن دەکرد، پاکیزەیی خۆی بپارێزێت، وەلێ پیاو دەست کراوە بوو، کام کەنیزەکی بە دڵ بووایە، دچووە کنی و سەردانی سێکسفرۆشانیشی دەکرد.

ژن سەروەختانێک هەم خۆشەویست بووە و هەمیش بەسام و شکۆدار، ئاخر جەستەی جێگەی سەرهەڵدانی ژیانی نوێ بووە، سنگی کانگەی بەخشینی شیری ژیان بووە، ئەوە بۆیە لە کۆمەڵگەی داکسالاریدا، ژن سەرداری پیاو بووە. ژن بەو گیانە پاکەیەوە، پردی نێوان دنیای ئینسان و دنیای خوداوەندەکان بووە. **جەستەی ژن هێندە ئەفسووناوییە، تێیدا خوێن دەبێت بە شیر و لە گۆی مەمکییەوە هەڵدەقوڵێت و لە هەناویشیدا ژیان پەیدا دەبێت و بەرەو جیهانی دەرەوە دەکشێت.**(*)

٢٠٠٨/٥/١

(*) حکمت بشیر ألأسود، أدب الغزل و مشاهد الإثارة في الحضارة العراقية القديمة، دار المدي ٢٠٠٨ دمشق.



## گومان چاوگەی یەقینە

لە دەیان باسدا، ئەوەم بەر چاو کەوتبوو، کە کتێبی (دەربارەی شیعری جاهیلی)ی تەها حسێن، سەروەختی بڵاوبوونەوەی هەرای ناوەتەوە، وەلێ ئەو کتێبەم نەخوێندبووەوە. دەربارەی شیعری جاهیلی کە تازەکی خوێندوومەتەوە، بۆ یەکەمین جار لە ١٩٢٦دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە. سەردەمی بڵاوبوونەوەی کتێبەکە تەها حسێن لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی قاهیرە، مامۆستای ئەدەبی عەرەبی بووە. کتێبەکە لە سێ بەش پێک هاتووە کە بریتین لە:

* سەرەتایەک دەربارەی شیعری جاهیلی و زمان و دیالێکت.
* هۆکارەکانی نووسینی شیعری ساختە.
* شیعر و شاعیر.

نووسەر وەک خۆی لە سەرەتای کتێبەکەیدا باسی کردووە، ئەوەی زانیوە، زۆربە بە گژ بۆچوونەکانیدا دێنەوە، وەلێ ئەو بە هۆشیارییەوە، ڕووی نووسینی لەو بژاردە بیرڕووناکە بووە کە ئومێدی ئەوەی پێیان هەبووە، بەشداری لە بوژاندنەوەی کۆمەڵگە و ڕۆنانی داهاتوودا بکەن. تەها حسێن مەبەستی لە نووسینی ئەو کتێبە ئەوەیە، خوێنەری وریا لەوە ئاگادار بکاتەوە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو شیعرانەی وەپاڵ قۆناغی جاهیلی دراون، هیچ پێوەندییان بەو سەردەمەوە نییە، بەڵکوو ئەو شیعرە بەناو جاهیلییانە، دوای سەرهەڵدانی ئیسلام نووسران و زێتر ڕەنگدانەوەی ژیانی موسڵمانانن، وەک لەوەی هی سەردەمی

جاهیلی بن.

نووسەر پێی وایە، ئەو شیعرانەی بە بەرهەمی ئیمرەئولقەیس، ئەعشا، تەرفە، ئیبن کەلسوم و عەنتەرە لە قەڵەم دراون، ئەگەر بە وردی سەرنجی زمانی شیعرەکان و لایەنە هونەرییەکانی دیکەی بدەین، هەست دەکەین هیچ پێوەندیی بەوانەوە نییە، بەڵکوو شاعیرانی دیکە، دوای سەرهەڵدانی ئیسلام بە مەبەستی جیا جیا بۆیان هەڵبەستوون.

**چونکە ئەوە تەنیا گومانە کە چاوگەی یەقینە، تەها حسێن بۆ گەییشتن بە یەقین، پشتی بەو ڕێبازە فەلسەفییە بەستووە کە دیکارت دایهێناوە و بە ڕێبازی گومان، ناوبانگی دەرچووە. ئەو باسکارەی شوێنپێی دیکارت هەڵبگرێت، پێویستە ڕۆڵان پارت گوتەنی لە سفرەوە دەستپێ بکات و هەر چی سەبارەت بەو بابەتەی نیازی هەیە ئیشی لەسەر بکات، بیستووە یان بینیوە، لە بیر خۆی بباتەوە.** توێژەرەوەیەک ئەو ڕێبازە ڕەچاو بکات و نیازی نوێکردنەوەی هەبێت، پێویستە سەرەتا لەوە دڵنیا بێت، دەبێتە نیشانە بۆ تیری تانەی لەشکری لە ژمارە نەهاتووی کۆنەپارێزان.

**توێژەرەوە ئەگەر بخوازێت باسێکی زانستی بنووسێت، دەبێت ئەوە لە بیر خۆی بباتەوە کە سەر بە کام هۆز، نەتەوە یان ئایینە، دەبێت خۆی لە سۆز بەدوور بگرێت، نە ڕق هاندەری بێت و نە خۆشەویستی بیبزوێنێت.** تەها حسێن پێی وایە هەموو ئەوانەی لە ڕابردووی دێریندا سەبارەت بە عەرەب قسەیان هەبووە، ئەگەر عەرەب بووبن، لایەنی عەرەبیان گرتووە و عەجەم بووبن، دژایەتی عەرەبیان کردووە، بۆیە (باسکاران)ی دێرین، یان عەرەبیان بالاتر لەوەی هەیە هەڵسەنگاندووە، یان نزمتر لەوەی هەیەی نیشانیان داوە.

تەها حسێن پێی وایە ناودێرکردنی کۆمەڵگەی سەروەختی



سەرهەڵدانی ئیسلام بە جاهیلی، کارێکی هەڵەیە، ئاخر هیچ نەبێت وەک بە دەقی قورئانەوە دیارە، لەو سەردەمەیشدا کەسانێک دەژیان، ئەوەندە بەتوانا بوون، دەربارەی چۆنیەتی پەیدابوونی ئینسان، زیندووبوونەوە و پێوەندیی نێوان ئینسان و خودا مشتومڕیان لەتەک پەیامبەردا دەکرد، بۆیە لەو سەردەمەیشدا تەواو وەک هەنووکە، وەک چۆن کەسانی نەزان هەبوون و زۆربەیشیان پێک هێناوە، هەر وایش کەسانی زانایش هەبوون. ئایا کەسانێکی جاهیل لە توانایاندا هەیە، ئەو شیعرە جوانانە بنووسن کە بە شیعری جاهیلی ناویان دەرکردووە؟ نا ئەو شیعرانە بەرهەمی خەیاڵی کەسانی زانای هەستناسکن، نەک هی کەسانی گەوج و جاهیل. **ئایا ئەوە دەچێتە عەقڵەوە، قورئان لە نێو میللەتێکی نەزاندا سەری هەڵدابێت.**

ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێت، زمانی عەرەبی لە کۆمەڵێک دیالێک پێک هاتبوو، عەرەب بە هۆی قورئانەوە بوون بە خاوەنی زمانی یەکگرتوو. ئەوا دەبێت بڕوامان بە هەبوونی شیعری جاهیلی نەمێنێت، چونکە شیعری جاهیلی کە پێش دابەزینی قورئان هەبووە، بە هەمان دیالێکتی قورئان گوتراوە، ئەگەر چی ئەو شیعرانە دەدرێنە پاڵ کۆمەڵێک هۆزی جیا جیا کە پێش سەرهەڵدانی ئیسلام هەر یەکەیان خاوەنی دیالێکتی تایبەتیی خۆی بووە. **ئیمرەئولقەیس، عەنتەرە و تەرفە سەر بە سێ هۆزی جیاواز بوون و ئەو سێ هۆزە، خاوەنی سێ دیالێکتی جیاواز بوون، وەلێ شیعری ئەو سێ شاعیرە کە گوایە پێش سەرهەڵدانی قورئان گوتراون، بە هەمان دیالێکتی قورئان نووسراون، ئەمەیش بەڵگەیەکی ڕەتنەکراوەیە بۆ ئەوەی، ئەوی پێی دەگوترێت شیعری جاهیلی، دوای جێگیربوونی زمانی یەکگرتووی عەرەبی، واتا دوای سەرکەوتنی ئیسلام نووسراوە.**

کە سەیری شیعری کوردی دەکەین، دەستبەجێ دەزانین، فلان شاعیری کورد خەڵکی کام دەڤەرە؟ بە ئاسانی بە هۆی ئەو شێوەزارەوە کە شیعرەکەی پێ نووسراوە، شیعری هێمن لە هی هەردی، کە ئەمیان خەڵکی موکریان و ئەویان خەڵکی سلێمانییە، جیا دەکەینەوە، کەچی شاعیرانی جاهیلی ئەگەر چی هەر یەکە و سەر بە شێوەزار و دەڤەر و هۆزی جیاواز بوون و دوور لە یەکدی ژیاون، وەلێ شیعریان نەک هەر بە هەمان دیالێکت، مەبەست زاراوەی قورەیشە کە ئیسلام بەسەر عەرەبیدا سەپاند، گوتووە، بەڵکوو تەنانەت کێش هەمان کێشە و سەروا هەمان سەروایە و گوتەکان هەمان گوتەن و ڕێبازی شیعرییش هەمان ڕێبازە! **بە پێی زۆر سەرچاوە ئیمرەئولقەیس خەڵکی یەمەن بووە، دیالێکتی خەڵکی یەمەنیش زۆر جیاواز بووە لە هی خەڵکی حیجاز، کەچی شیعری ئیمرەئولقەیس بە هەمان ئەو دیالێکتە گوتراوە کە قورئانی پێ دابەزیوە!**

شیعر هەیە بە زمانێکی هێندە زبر و ڕووهەڵماڵراو گوتراوە، هەر دەڵێی شیعری فەرزدەقە، کەچی بە بەرهەمی ئیمرەئولقەیس لە قەڵەم دراوە! شیعری دڵداری هەیە، تەواو لە شیعری عومەری ئیبن ئەبی ڕەبیعەیە دەچێت و بە شیعری جاهیلی ناودێر کراوە! شیعر هەیە بە زمانێکی هێندە ڕەوان و ئاسان نووسراوە کە هەنووکە هەموو عەرەبیزانێک تێی دەگات و بە شیعری ئیبن کەلسووم ناوی ڕۆیشتووە. چونکە ئەوانەی خەریکی هەڵبەستنی شیعری ساختە بوون، هەندێکیان بەتوانا و هەندێکی تریان بێتوانا بوون، بۆیە (شاعیری جاهیلی)ی وا هەیە، وەک چۆن شیعری جوانی وەپاڵ دراوە، شیعری زۆر لاوازیشی لەسەر کراوە بە ماڵ. **ڕێک کەوتووە شاعیرێکی بەدگومان، زاتی نەکردووە، گومانەکانی بە ناوی خۆیەوە بڵێت، بۆیە بۆ**



**پاراستنی ژیانی، شیعری خۆی بە ناوی شاعیرێکی سەروەختی پێش سەرهەڵدانی ئیسلامەوە، بڵاو کردووەتەوە.**

شتێک هەیە، پێی دەڵێن شەیتانی شیعر، گوایە ئەوە شەیتانە ئیلهام بە شاعیر دەبەخشێت. لە قورئانیشدا سوورەتێک هەیە، ناوی سوورەتی جنۆکەیە، بە گوێرەی ئەو سوورەتە چەند جنۆکەیەک دوای ئەوەی گوێیان لە پەیامبەر بووە، قورئانی گوتووەتەوە، دڵیان نەرم بووە و بڕوایان بە خودا و پەیامبەر هێناوە. هەر بە پێی دەقی ئەو سوورەتە جنۆکە دوو جۆرە، هەندێکیان ڕێی ڕاستیان هەڵبژاردووە و هەندێکی تریان ڕێی چەوت. ئەوانەی لە ڕێی ڕاست لایان داوە، لە دۆزەخدا دەبن بە داری سووتان، واتا گڕیان تێ بەر دەدرێت، بۆ ئەوەی کافرانیان پێ بسووتێنرێت.(١) لە سەروەختی ئیسلامدا، دەسەڵات بۆ مەبەستی خۆی سوودی لە هەبوونی جنۆکەیش وەرگرتووە و شیعری وەپاڵ جنۆکەیش داوە. **سەعد بن عوبادە کە یاوەرێکی پەیامبەر بووە، لەگەڵ ئەوەدا نەبووە، خەلافەت تایبەت بێت بە قورەیش، بۆیە کە کوژراوە، تاوانی کوشتنەکەی وەپاڵ جنۆکە دراوە و جنۆکەی شاعیر بە شانازییەوە، باسی ئەوەی کردووە کە سەعدی کوشتووە:**

قد قتلنا سید الخزرج سعد بن عبادة

ورمیناه بسهمین فلم نخطئ فؤاده(٢)

تەنانەت شیعر هەیە دراوەتە پاڵ جنۆکە، گوایە لە شیوەنی عومەری کوڕی خەتتابدا گوتوویەتی! کەسانێک ئەوەندە خێڵەکی و هۆزپەروەر بن،(٣) ئامادە بن، شیعر بدەنە پاڵ جنۆکە، دیارە بە لایانەوە ئاسایی دەبێت، شیعر بهۆننەوە و بە موڵکی شاعیرانی سەردەمی جاهیلیی لە قەڵەم بدەن. گوتەیەک هەیە دەڵێت، عەرەب هەموویان بە سەلیقە شاعیرن، وەلێ لە ڕوانگەی تەها حسێنەوە، ئەو گوتەیە دروست نییە و

تەنانەت زانایەکی وەک عەلی کوڕی ئەبی تالیب، توانای گوتنی شیعری نەبووە. تەها حسێن پێی وایە سێ سەدەی یەکەمی ژیانی موسڵمانان، بۆ ئەوە لەبار بووە، خەڵک هانا بۆ هەڵبەستنی شیعر ببەن و بیدەنە پاڵ شاعیرانی پێش سەرهەڵدانی ئیسلام.[٤]

٢٠٠٧/١١/٢٣

---

(١) سەعدی کوڕی عوبادە کە سەردار خەزرەج بوو کوشتمان، دوو تیرمان بۆ هاویشت، دڵیمان ئەنگاوت.

(٢) وأما القاسطون فكانوا لجهنم حطبا. سورة الجن ١٥

(٣) ئاخر بەشێک لەو شیعرە ساختانە، ستایش یان هەجووی ئەم یان ئەو هۆز دەکەن.

(٤) طة حسين، في الشعر الجاهلي، مطبعة دار الكتب المصرية بالقاهرة ١٩٢٦ الطبعة الاولي ص١٢٤ صورة طبق الاصل دار، الجديد.



# بێئارامییەکی ڕۆحسووک

## ١

جەستەم جێی برینێکی تازەی تێدا نابێتەوە

(گەرچی تووشی گەلێک کێشە هاتووم، وەلێ لە هیچ پەشیمان نیم، ئاخر بە هۆی هەڵوێستەکانی خۆمەوە، گەییشتمە ئەم شوێنەی کە دەمخواست بیگەمێ. ئێستا کە لە مەرگ نزیک دەبمەوە، هیچ شک نابەم، ئەم شمشێرە نەبێت کە پێم خۆشە بە کەسێکی ببەخشم، بخوازێت درێژە بە سەفەری ژیان بدات. هەنووکەش هەموو نیشانەکانی ئەو شەڕانەم پێوە ماون کە بە ویستی خۆم بەشداریم تێیاندا کرد. ئەو نیشانانە وەک چۆن شایەتی ڕاستبێژن بەسەر ژیانمەوە، بە پاداشت و دەستکەوتیشیان دەزانم و دەرگای هەڵکشان بەرەو ئاسمان، بە ڕوومدا دەخەنە سەر پشت.)[١]

گوتەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێت: (ئەوی زمانی میللەتێک بزانێت، لە شەڕیان بەدوور دەبێت.) پۆڵ ریکۆر کە سەروەختی دووەمین جەنگی جیهانگرەوە، لای ئەڵمانییەکان زیندانی دەبێت، بە هۆی زانینی زمانی ئەڵمانییەوە، ئەو فەیلەسووفە لە مەرگ قوتاری دەبێت. زمان وەک بۆ ئاشتی هێندە گرنگە، لە کاتی شەڕیشدا، لایەنە بەشەڕهاتووەکان، هانا بۆ زمانی یەکدی دەبن و ئەگەر هەردوو لایان، سەر بە هەمان

زمان بن، لایەنی دووەم، هەر بەو گوتە و زاراوانەوە دەچێتە شەڕەوە، کە پێشتر لایەنی یەکەم بە کاری هێناون.[٢] دەگوترێت: (هەژاری لە نیشتماندا غەریبییە و دەوڵەمەندی لە غەریبیدا نیشتمانە،) وەلێ من پێم وایە، ئەوە زمانزانینە کە لە غەریبیدا دەبێتە نیشتمان. ئەوەم زۆر پێ دروستە کە دەڵێن، نیشتمانی نووسەر زمانە، نووسەری ڕاستەقینە پشت بەو زمانە نابەستێت کە زۆربە پێی دەدوێن یان دەنووسن، زمانێکی تایبەت بە خۆی دادەهێنێت و قامووسێکی تازە لە دوا خۆیەوە جێ دەهێڵێت. بۆیە دەڵێم زمان و فەرهەنگی تایبەت بە خۆی دێنێتە ئاراوە، ئاخر هەر هیچ نەبێت، چونکە ئەو شتانە دەڵێت کە پێشتر نەگوتراون.

چونکە شیعر هاواری ناخ و دەربڕی هەستی شاعیرە، بە بەراورد لەگەڵ ڕۆماندا زۆر لە واقیعەوە نزیکترە، هەر بۆیە کە شاعیر باس لە خەم و خولیای خۆی دەکات، خوێنەران وا هەست دەکەن، باسی لە خەم و خولیای وان کردووە. هەرچەندە ڕۆمان بە بەراورد لەگەڵ داستاندا، هەر لەوە دەچێت ڕاستی بێت، نەک زادەی خەیاڵ، کەچی ئێمە هێندەی لە داستانەوە فێری ئەزموونی مرۆڤایەتی دەبین، نیو ئەوەندە لە ڕۆمانەوە فێری نابین. ئەوە بۆیە بەردەوام، ڕۆمان پشت بە داستان و ئەفسانە دەبەستێت. (بایەخی هەموو شتێک بەوەوە بەندە کە چەند بە لای ئینسانەوە گرنگە.) شیعر، داستان و ڕۆمان، هەر کامێکیان بگریت بایەخی خۆی هەیە، وەلێ نە داستان و نە ڕۆمان، هیچیان هێندەی شیعر لە ڕۆحی ئینسانەوە نزیک نین. ئەوە بۆیە دەگوترێت، (شاعیر کە گەمە لەگەڵ وشەدا دەکات، تەواو وەک ئەوە وایە، یاری لەتەک بەردەکانی ڕۆحدا بکات.)

هەرچەندە ڕۆمان بە زەبری ئەوەی ڕووبەرێکی بەرینی گێڕانەوەی لە



بەردەمدایە و نووسەرەکەی بواری ئەوەی هەیە، هەرچی بیروبۆچوونی خۆی هەیە، تێیدا جێ بکاتەوە، کەچی هەر شیعری ڕاستگۆ، با لە دوو سێ دێڕێکیشدا خۆی نمایش بکات، لە ڕۆحەوە نزیکترە. پاوڵۆ کۆیلۆ ڕووداو ناگێڕێتەوە، ئەگەر باس لە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیش بکات، سەرلەنوێ دایدەڕێژێتەوە و لە داڕشتنەوەیدا خوێنەریش بەشدار دەکات، ئاخر ئەوە بۆیە بەرهەمی دەبێتە جێی سەرنج و متمانە. شتێکی دیکە کە بەرهەمی ئەوی هێندە لە هەست و نەستی خوێنەرانەوە نزیک کردووەتەوە ئەوەیە، ڕۆمانی لە شیعرێکی درێژ دەچێت. لایەنێکی گەشی دیکەی ئەو نووسەرە ئەوەیە، ڕۆمانەکانی نە هێندە کورتن، تینوویەتیی خوێنەر نەشکێنن، نە هێندە درێژیشن، بێزاری بکەن.

وەک چۆن دزێ دەسکەوتەکانی دەژمێرێ،
کە تۆ دەڕۆی، منیش دەڕۆم
جێپەنجەکانت دەژمێرم،
هەر لێوێ تۆ ڕاتمووسیبێ، پاکیزەیە.
هەر ئافرەتێ تۆ لە ئامێزت گرتبێ، پاکیزەیە
هەر ئافرەتێ، منداڵێکی لە تۆ بووبێ، پاکیزەیە.[٣]

(ساڤۆ) ژنەشاعیری گریکی کە لە سەدەی شەشەمی پێش زاییندا ژیاوە، لە شیعرێکیدا کە بۆ (ئێرۆس)ی، ئەوی بە گوێرەی میتۆلۆگیی یۆنانی، ژنەخوداوەندی ئەوینە، نووسیوە، دەڵێت: (**وەکوو چۆن با، نەمام دەهەژێنێت، تۆیش وەها ڕۆحی منت هەژاندووە.**)[٤]

(هەردی)یش دەبێژێت:

وەکوو چۆن نەونەمامێ، گەردەلوول ئەیبات و ئەیهێنێ

لەشم مووچڕکی دڵداری، وەها ناخی ئەبزوێنێ.

گرنگترین لایەنی هاوبەشی ئەو دوو شیعرە، ڕاستگۆییە. ئەوە بە ڕاست نازانم کە دەڵێن، ڕەخنە دەبێت کار لەسەر ڕۆحی شیعر بکات، نەک ڕۆحی شاعیر، ئاخر شیعر بێجگە لە ڕۆحی شاعیر، هیچی دیکە نییە. شاعیران هیچ پێیان شەرم نییە، جەستەی هەستی خۆیان بە ڕووتوقووتی پیشانی خوێنەر بدەن. شاعیری ڕاستگۆ، چونکە هەر شیعرێکی بگریت، زادەی ئازارێک، ئاواتێک یان خولیایەکە، بۆیە خوێنەر متمانەی پێ دەکات و وا هەست ناکات فریو درابێت. ئەوە بۆیە شاعیران، چونکە لە ئەدیبەکانی دیکە ڕاستگۆترن، ئەوان زێتر دووچاری کێشە و سەرئێشە دەبنەوە، ئاخر ئەوانەی کە لە تەنگانەدا، خۆیان لە ڕووبەڕوو بوونەوە دەدزنەوە، هەر چییەک بن، شاعیر نین. ئاخۆ کەسێک هیچ پرەنسیپێکی نەبێت و داکۆکی لە شکۆمەندیی خۆی نەکات، ڕێی تێ دەچێت، داکۆکی لە شکۆمەندیی کەسانی دیکە بکات؟ ئەگەر خۆت پێ نووسەرێکی ڕاستگۆیە و ڕووناکیت لەسەر نییە و بایەخی شیاوت پێ نادرێت، خەمی پێ مەخۆ! نەجیب مەحفووز تا نۆبێڵی وەرنەگرتبوو، نیو هێندەی یوسف سەباعی بایەخی پێ نەدەدرا. بەوە مەخەڵەتێ کە ئەدگار ئالان پۆ و کافکا هەنووکە زۆر بەناوبانگن، ئاخر بە نەداری و بە گومناوی سەریان نایەوە.

٢٠٠٨/٥/١٧

(١) جۆن بۆنیان

(١) جورج زيناتي، الترجمة و وجدلية الخوف، الحياة ٢٠٠٨/٥/١٤ لندن.

(٣) غادة سەممان.

(٤) عبدة وازن، سافو الاغريقية شاعرة الفتنة، الحياة ٢٠٠٨/٥/١٠ لندن.



## ٢

نە لە جێیەک ئارام دەگرم،
نە ڕۆحم لە جەستەمدا جێی دەبێتەوە

«ئەرکی یەکەمی باسکاری ئەدەبی، نە ئەوەیە لایەنە جوان و ناشیرینەکانی بەرهەمێکی ئەدەبی دەستنیشان بکات، نە ئەوەیشە دەقێک شی بکاتەوە و هەڵی بسەنگێنێت، بەڵکوو سەرەکیترین ئەرکی ئەوەیە، لە ڕوانگەیەکی نوێوە، وتووێژێکی چڕ و هێمن لەگەڵ تێکستەکاندا بکات.»

ئەوە ڕاست نییە پێمان وابێت: (شیعر لە وشە پێک دێت، نەک لە فیکر،) ئاخر شیعر وەک چۆن زادەی فیکر نییە، زادەی وشەیش نییە، شیعر زادەی پێوەندیی نێوان وشەکانە. ئیشی شاعیر نە ئەوەیە وشەی نوێ دابهێنێت و بیخاتە ڕستەی شیعرییەوە، نە ئەوەیە گیان بە بەر وشە دێرین و فەرامۆشکراوەکاندا بکاتەوە، ئەرکی شاعیر داهێنانی پێوەندیی نوێیە لە نێوان وشەکاندا. (منداڵ، هەست، غەریب، پەراوێزخراو، کەسوکار، ئەنفالکراو.) ئەوە پێوەندیی نێوان ئەو وشانەیە، جارێک شیعر بەرهەم دەهێنێت و جارێک شیعار.

(منداڵانی کەسوکار ئەنفالکراو، هێندە پەراوێز خراون، هەست بە غەریبی دەکەن.)(شیعار)

بێ تۆ ئەوەندە غەریب و
هێندە پەراوێزخراوم،

وا هەست دەکەم منداڵێکی
کەسوکار ئەنفالکراوم. (شیعر)

داهێنان زادەی خەیاڵە، ئەوە گرنگ نییە، بە ساڵدا چوویت یان نا، کە هەستت بە پیربوونی خەیاڵت کرد، دەست لە نووسین هەڵبگرە! کە هەستت کرد، سەرچاوەی خەیاڵت ڕوو لە وشکبوونە و هیچی تازەی لێ هەڵناقوڵێت، ڕێز لەو سەرمایە ئەدەبییە بگرە کە بەری ڕەنجی ساڵانێکی دوور و درێژی تەمەنتە، ئەگەر نا دووچاری دەردەی خۆ دووبارەکردنەوە دەبیت و خوێنەران لێت بێزار دەبن. بریا شاعیرانیش شوێنپێی ئەو وەرزشوانانەیان هەڵگرتبا کە لە لوتکەی بەخشیندا، بە دەم سڵاو لە جەماوەر کردنەوە، گۆڕەپان جێ دەهێڵن، ئەگەر نا، ئەوی لاساری بکات و لە کاتی پێویستدا، دەست لە نووسین هەڵنەگرێت، ئەوا ئاگر لە ڕابوردووی خۆی بەر دەدات.

شاعیر ئەگەر چی کەسێکە دوورەپەرێز، وەلێ دەشێت زۆرترین خوێنەری هەبێت. شاعیر ئەگەر چی بۆ هەڵبژاردە دەنووسێت، کەچی نزیکترین کەسە لە لەشکری خوێنەرانەوە. هەموو شاعیرێک توانای ئەوە هەیە لە تافی لاویدا شیعری جوان بنووسێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە پاییزی تەمەنیشیدا ئەو توانایە لە دەست نەدات. لەودیو ئەو شتگەلە ڕۆژانەییانەوە کە شاعیر باسیان دەکات، دەبێت شتگەلی ئەفسانەیی خۆیان مەلاس دابێت، ئەگەر نا ئەوی دەینووسێت، بەرگەی زەمان ناگرێت و زوو کاڵ دەبێتەوە. ئەو دەقەی پێویستی بە هاتوهاوار و نەڕەنەڕ هەبێت، دەشێت هەڵوێست بێت، وەلێ شیعر نییە. ئەگەر پێمان وابێت، جوانترین شیعر، شیعرێکە، زۆرترین گوێگری هەبێت، دەبێت (ڕەنج سەنگاوی)مان کە خوێنەرێکی زۆری هەیە، لە (عەباس



عەبدوڵڵا یوسف) کە بۆ بژاردە دەنووسێت، پێ شاعیرتر بێت.

شیعر ڕیتسۆس گوتەنی: (**سۆز و تامەزرۆییەکە لە دەرەوەی بازنەی شیکردنەوە و پێناسەکردن، شیعر ئەوەیە کە تارمایی دەکات بە شت و شت دەکات بە تارمایی.**) شیعر گا زەردەخەنەی سەر لێوی ڕستەیە و گا (فرمێسکی چاوی وشە.) شیعر بەردەوام پێویستە، خۆی تازە بکاتەوە، هەر شیعرێک سەرکێشیی تێدا نەبێت، نەمریش نابێت. شیعری جوان هەمیشە لە خۆڕسک دەچێت، ئەو دەقەی لە دەستکرد بچێت، لە شیعر ناچێت.

بۆنی شیزۆفیرینیا هات، لە خەیاری دا
توێکڵەکەی تاڵاند و لەشەکەی شیرین هێشتەوە.[١]

لەم سەردەمە جەنجاڵەدا، کە پەتای سامناکی دووڕوویی تووشی زۆربە بووە، کە ئینسان بە دەیان داو بە ئامێرەکانەوە توند توند گرێ دراوە، ئاخۆ پەراوێزێک بۆ نووسینی شیعری سۆفییانە ماوە؟ نووسینی شیعری سۆفییانە، (جۆرێکە لە یاخیبوون لە ژیانی نوێ و هەوڵدانێکە بۆ خۆ ڕزگارکردن لە بەشتبوون.)[٢]

(نە ڕزگاریم کەوتە دەست و نە باڵندەی (**خۆ**) گەیشتەوە هێلانەی خاپووری (**م**).[٣]

من، هەم میمم، هەمیش نوون.[٤]

شیعر، پێش ئەوەی هیچی دیکە بێت، فێرلین گوتەنی موسیکە. شیعری باڵا، بێجگە لە شیعربوون، هیچ ئامانجێکی دیکەی نییە. شیعر پێویستە هێندە بایەخ بە **کورتبڕی** بدات، هەر لە کشانی ئەستێرە یان لە کڵپەی ئاگر بچێت.

(ئەوە مەرگە یان تاوەبارانە

دێت و کاسە و دەفرەکانم
پڕ دەکات لە خۆڵی هەڕەشە؟)[٥]

بۆیە چونکە کاسە و دەفر، هەر هەمان شتن، یەکێکیان زێدەیە.

(لە لێرەوار و جەنگەڵ و دارستاندا نەوایەکی سەوز.)[٦]

لێرەوار و جەنگەڵ و دارستان، هاوواتان و تەنیا یەکێکیان بەس بوو.

(قەتیش یەکتریان زویر نەکرد، لە یەک نەتۆران، دڵی یەکتریان نەئێشاند.)[٧]

ئایا سێبارەکردنەوەیەکی وەها بێزارکەر، شیعرکوژ نییە؟

(خۆ من خۆییم، بێگانە نیم.)[٨]

ئەمەیش جۆرێکە لە ڕەچاونەکردنی کورتبڕی، ئاخر کە (خۆیی) بوویت، ئیدی دیارە کە بێگانە نیت.

(چاوەڕوانین کە **شووشەی چۆڵی تەنهاییمان**
پڕ بێت لە بۆنوبەرامەی دیداری ئاشنایەک.)[٩]

(چی لە هەورێ بکەم
**شووشەی چۆڵی ڕۆحم** پڕ نەکات لە بارانی گوڵاو؟)[١٠]

ئایا شووشەی چۆڵ، ئیدی هی تەنهایی بێت، یان هی ڕۆح، دووبارەکردنەوەی هەمان دەربڕین نییە؟ تۆ لەوەی گەڕێ، چۆڵ دەدرێتە پاڵ شووشە، یان نا، ئاخر چۆڵ زێتر بۆ ماڵ و دەشتودەر دەست دەدات.

٢٠٠٧/١٢/١٢

---

(١) عەباس عەبدوڵڵا یوسف، کلکی کتکی پرسیارە، ل١١٣ دەزگای ئاراس ٢٠٠٧ هەولێر.



(٢) عبدة وازن، محمود درويش الغريب يقع علي نفسة، ص ٩٣ رياض الريس للكتب و النشر ٢٠٠٦ بيروت.

(٣) فەرهاد شاکەلی، ئەم چرایە دڵم ڕووناک دەکاتەوە و تەمەنم دەسووتێنێ، ل٣٦ هەولێر ٢٠٠٦ چ. وەزارەتی پەروەردە.

(٤) سەرچاوەی یەکەم ل٦٣

(٥)، (٦)، (٧)، (٨)، (٩) و (١٠) سەرچاوەی سێیەم ل١١، ل٤١، ل٥٧، ل٣٤، ل٩ و ل٥٧

## ٣

## ڕۆحم لەسەروو هەورەوە دەفڕێت

«ددانی پێدا دەنێم، هەرچەندە نووسینی شیعر لە هەموو کارێکی دیکە سەختترە، وەلێ شیعر نە پێویستە و نە سوودبەخش. ئەوی کات و توانای خۆی بە نووسینی شیعرەوە بەفیڕۆ بدات، کەسێکە نەخۆش. ددانی پێدا دەنێم، کەس پێویستی بە شیعر نییە و ژیان بێ شیعریش بەڕێوە دەچێت، ئیدی شیعری دێرینی کێش و سەروادار بێت یان شیعری نوێی بێ کێش و سەروا. گومانم هەیە، شیعر بتوانێت دنیا بگۆڕێت، نیشتمان ئازاد و ئینسان ڕزگار بکات.»[١]

یان توخنی ڕەخنە مەکەوە، یان کە توخنی کەوتی، با ڕەخنەت هێندە ئەدەبی بێت، شیعری لێ بچۆڕێت، ئەگەر نا پێداهەڵگوتنی یان بریندارکردنی ئەم یان ئەو شاعیر، دادت نادات و ئەوی دەینووسێت، تەمەنکورت دەبێت. من بەش بە حاڵی خۆم کە دەنووسم، دەڵێیت

گرانبەهاترین و ناسکترین گوڵدانی دنیام بە دەستەوەیە و زەندەقم لەوە چووە، لەناکاو لە دەستم بەربێتەوە.

هەیە نەک هەر هیچ زمانێکی ئەوروپایی، تەنانەت عەرەبی یان فارسییش نازانێت، کەچی پێی وایە شیعری کوردی لەسەر دەستی ویدا تازەکردنەوەی بە خۆیەوە دیوە! دیموکراتی و ئازادی لە خۆرئاواوە سەریان هەڵداوە و هەر لەوێش کەم تا زۆر پێڕەو دەکرێن، بۆیە تا سەردانێکی درێژی وڵاتێکی خۆرئاوا نەکەیت، ئەستەمە لە واتای ڕاستەقینەی ئەو چەمکانە تێبگەیت. شیعریش هەر لە خۆرئاواوە نوێ کراوەتەوە، بۆیە ئەوی لە نزیکەوە و بە زمانێکی ئەوێ ئاشنای شیعری نوێ نەبێت، هەق نییە لافی ئەوە لێ بدات کە ڕۆڵی کاربڕی لە تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا دیتوە.

داهێنەر لە بازنەیەکدا گیر ناخوات، کەسێکە بەردەوام خۆی جێ دەهێڵێت. داهێنەر بۆ ئەوە ناژی، بنووسێت و هیچی تر، بۆ ئەوە دەنووسێت، خۆی نوێ بکاتەوە. شیعر ئەو دەقە نییە کە تەنیا جارێک دەیخوێنیتەوە و ئیدی قەت سەری لێ نادەیتەوە، شیعر ئەو تێکستەیە کە ناچارت دەکات، بگەڕێیتەوە کنی. شاعیر بە دوای حەقیقەتدا ناگەڕێت، بە دوای ئەویندا وێڵە. وەک چۆن شاعیر بێ ئەوین ناژی، شیعریش بێ خوێندنەوەی بەردەوام ناژی، شیعر ئەو دەقە نییە کە لە دووتۆیی دیوانێکدا نووستوە، ئەو تێکستەیە کە خوێنەر کەمەند کێش دەکات.

کەس ناتوانێت، دەقێک بنووسێت، نە کاریگەریی ئایینی لەسەر بێت، نە هی ئایدۆلۆژیا، نە زادەی هەلومەرجی سیاسی بێت، نە هی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دەقێک نە دابونەریتی ڕەچاو کردبێت، نە



باری دەروونی بنووسەکەی. دەق هەیە، هاوزەمان نوێیە و بوێر، وەلێ دەق نییە، نە پێوەندی بە نووسەرەکەیەوە هەبێت و نە بە شوێن و سەردەمی سەرهەڵدانییەوە. لە دەقدا هەمیشە نووسەر، شوێن و سەردەمەکەی حازرن، با نووسەر هەوڵی بزرکردنی هەر سێکیانیشی دابێت.

**شاعیرۆکە کەسێکە خوا خوایەتی گۆرانیبێژێکی هیچ ئەستێرە، شیعرێکی بچڕێت، شاعیر کەسێکە بە زەبری شیعرێکی، گۆرانیبێژێکی گومناو، دەبێتە ئەستێرە. شاعیرۆکە ئەو شتانە دەڵێتەوە کە گوتنیان نە تازەیە و نە بوێری، شاعیر شتێک دەڵێت، هەم تازەیە و هەم پێش وی، کەسی دی زاتی نەکردووە، بیڵێت.** سەدان ساڵ بوو لە ئێران تەنیا پیاوان شیعری دڵدارییان دەنووسی، فەرووغی فەرووخزاد، ئەو شاعیرە بوێرە بوو کە ڕچەی شکاند و هەستی ژنانەی خۆی بە شیعر دەربڕی. شیعرەکانی ئەو ژنە بوێرە بە جۆرێک ژیانی بەرجەستە دەکەن، باسکار دەتوانێت، وەک بەڵگەنامە بۆ نووسینەوەی ژیانی وی سوودیان لێ وەربگرێت.

پەخشانەشیعریش پەیامی پێیە، وەلێ هێندە شاعیرانە و ناڕاستەوخۆ پەیامەکەی دەدرکێنێت، لەوە دەچێت پەیامی پێ نەبێت. پەخشانەشیعریش ناسنامەی وڵاتێکی پێیە، وەلێ هێندە شاعیرانە باس لە شوێن دەکات، لەوە دەچێت، شاعیرەکەی هاووڵاتییەکی گەردوونی بێت. ئەوە گوتەیەکی کۆنە کە دەڵێت، زمان نیشتمانی شاعیرە، وەلێ ئەو گوتەیە پڕ بە پێستی هەموو شاعیرێک نییە، تەنیا شیاوی ئەو شاعیرانەیە کە تا ئاستی پەرستن، شەیدای زمانن. ئەو شاعیرە کوردانەی بە ڕاستی ئاشقی زمانن و مافی ئەوەیان هەیە،

بڵێن، زمان نیشتمانی مەیە، ژمارەیان زۆر کەمە.

نووسینیش پیشەیە، کەچی نووسەر وەک هیچ خاوەنپیشەیەکی دیکە نییە، خاوەنپیشە لە بواری ئیشی خۆیدا، کڕیار هەر چییەکی لێ بخوازێت، بۆی جێبەجێ دەکات، با بە لای خۆیشییەوە پەسەند نەبێت، وەلێ نووسەر لەسەر داخوازیی کەس و لەبەر تیشکی پێشمەرجی کەسدا نانووسێت، بەڵکوو تەنیا ئەو شتانە دەنووسێت، کە خۆی دەخوازێت بیاننووسێت، (ئاخر ئەگەر نووسەریش وەک خاوەنپیشەکانی دیکەی کرد، ئیدی دەبێتە کەسێکی نامۆ، نامۆ لە واقیع نا، نامۆ لە خودی خۆی کە نەک هەر دژوارترین جۆری نامۆییە، بەڵکوو خودکوژیشە.)(٢)

٢٠٠٧/١٢/٥

(١) عبدالعزیز المقالح، طاهر ریاض شاعر اللحظة الشفافة ٢٠٠٧/١١/٢٥ الحیاة.
(٢) گوێنتەر کۆنرێت.

٤

## کافرێکی ناپاک

ئەو ڕۆژە دادێ کە ئێمەش بمرین،
من و تۆش دەمرین،
هەرچی ئینسانە هەر هەمووی دەمرێ،
چی گیانەوەر و درەخت و گوڵە
هەر هەمووی دەمرێ
بەڵام نەک هەمووی بە تاقە جارێ



بەڵکوو ناو بە ناو،
بە جۆرێکی وا
مەگەر بە ئاستەم هەستی پێ بکرێ.(*)

تێزێک هەیە دەڵێت، چاکترین وەرگێڕان ئەوەیە کە تەواو لە ئۆرگیناڵ بچێت، وەلێ وەک چۆن هیچ دەقێک لە سەدا سەد شیعر نییە، وەرگێڕانێکیش نییە کە تەواو لە ئۆرگیناڵ بچێت، ئاخر وەرگێڕ با ئەوپەڕی دەستپاک و لێهاتوویش بێت، با بە تەواوی بەسەر هەردوو زمانەکەیشدا زاڵ بێت، هێشتا وەرگێڕانەکەی لە هەموو ڕوویەکەوە، وەک ئۆرگیناڵەکە نابێت. چونکە هیچ زمانێک لە زمانێکی دیکە ناچێت، بۆیە هەموو ئەو وشانەی لە زمانی دەقە ئۆرگیناڵەکەدا هەن، مەرج نییە لە زمانی دووەمیشدا هەبن.

ئەمبێرتۆ ئێکۆ گوتەنی: (وەرگێڕ بەردەوام خەریکی سازشە، ئەوە نییە کە وشەیەکی تەواو دروستی پێ پەیدا نابێت، هانا بۆ وشەیەکی دیکە دەبات کە نزیکەی نەک تەواو، هەمان مانا دەبەخشێت.) ئەمە بێجگە لەوەی هونەری وەرگێڕان، تەنیا بریتی نییە لە وەرگێڕانی وشەکان، بەڵکوو کارێکی قووڵتر و دژوارترە. ئەوە بۆیە هیچ وەرگێڕێک لە توانایدا نییە، هەموو ئەو شتانەی نووسەری دەقی ئۆرگیناڵ مەبەستی بووە، بڵێت. وەرگێڕان کارێکی گەلێک پڕ بایەخە، ئاخر بەشداری لە بەدیهێنانی داهاتوویەکدا دەکات کە هەموو دنیا لێی سوودمەند دەبێت، هەر بۆیە زۆربەی گەورە نووسەران، لە بواری وەرگێڕاندا، کەم یان زۆر کاریان کردووە.

تەنیا ئەوانەی شەیدای خوێندنەوەن، هەست بە ڕۆڵی گرنگی نووسین دەکەن، ئاخر هەر گۆڕانکارییەکی گرنگ کە بەسەر ئێمەدا دێت،

زادەی خـوێندنـەوەیە. ئەوە تـەنیـا نووسـینـە بە جـۆرێک کـارمـان تێ دەکات، شێوازی بیرکردنەوە و چۆنییەتی هەڵسوکەوتمان دەگۆڕێت و تەنانەت کەسایەتییەکی نوێمان پێ دەبەخشێت. ئەمبێرتۆ ئێکۆ دەڵێت: (ئەگەر نووسین توانای گۆڕینی ئێستای نەبێت، ئەوا هیچ گومان لەوەدا نییە کە توانای گۆڕینی داهاتووی هەیە.) زۆرن ئەوانەی پێیان وایە، حەزرەتی مەسیح کوڕی خوداوەندە، ئەدی هیتلەر و سەددام کوڕی کێ بوون؟ ئەوە غەدرکردن نییە لە شەیتان، ئەگەر بڵێین کوڕی وی بوون؟ ئەوانەی شەیدای خوێندنەوەن، نە لە وەچەی ڕەحمانن، نە لە نەوەی شەیتان، وەچەی کتێبن و زادەی خوێندنەوەن.

ئەگەر توانای بیرکردنەوەت نییە، خۆت بە کاری نووسینەوە ماندوو مەکە! ئاخر ئەوی توانای بیرکردنەوەی نەبێت، توانای نووسینیشی نابێت. ئەگەر تەنیا بیر دەکەیەوە و توانای یاخیبوونت نییە، دەشێت ببیت بە نووسەر، وەلێ نابێتە نووسەرێکی نەمر. ئەوە نییە هەموو نووسەرە نەمرەکانی دنیا، نووسەرە یاخیبووەکانن؟ بۆ ئەوەی ببێتە نووسەرێکی نەمر، پێویستە سڵ لە هیچ گوشارێکی دەرەکی نەکەیەوە. دەبێت نە لە زەبری دەسەڵات بترسیت، نە لە هەژموونی کۆمەڵ و نە لە شمشێری ئەوانەی خۆیان بە سێبەری خوداوەند دەزانن. لە ڕوانگەی ئیسلامییەکی توندڕۆوە کە پێی وایە نوێنەری خودایە، نووسەری ئازاد، کەسێکە کافر. لە گۆشەنیگای سیاسەتوانێکی وشکەسۆفیشەوە کە تەنیا خۆی بە نیشتمانپەروەرێکی شۆڕشگێڕ دەزانێت، نووسەری ئازاد، کەسێکە ناپاک.

ئەگەر دەخوازیت ببیتە نووسەرێکی نەمر، پێشەکی ئەو سانسۆرە بکوژە کە چۆکی لەسەر ناخت داداوە. با بەرهەمی بیر و خەیاڵت، وەک



هەڵکردنی با، خوڕەی ئاوی کانی، کشانی ئەستێرە و کرانەوەی زاری خونچە خۆڕسک بێت! تەنیا ئەو ڕستانە بنووسە کە لە ناخی خۆتەوە هەڵدەقوڵێن! تەنیا ڕستەی نەترس و جوان و سانسۆرنەکراو، توانای ئەوەی هەیە، وەک چەپکێک لە تیشک ژیان ڕووناک بکاتەوە.

بە هۆی بەرهەمی نووسەرە گەورەکانەوە، ژیانی ئینسان گۆڕانی بەسەردا دێت. نووسەری گەورە تەنیا داکۆکی لە هەق ناکات، بەڵکوو بەردەوام بیری لای گۆڕینی ژیانی ئینسان و جوانترکردنی جیهانە. نووسەرانی مەزنی وەک دەستۆیفسکی و کازانتزاکی، ئەوانەی هەمیشە خەونیان بە لەدایکبوونی ئینسانێکی جوانترەوە بینیوە، کاریگەرێتییەکی هێندە بەهێز لەسەر خوێنەر جێ دەهێڵن، تا ڕادەی ئەوەی گۆڕانکاری لە ژیانیدا دەکەن. دەقی جوانی ئەو نووسەرە مەزنانە گەشە بە عەقڵی خوێنەر دەکات و هەستی دێنێتە جۆش.

ئایا نووسەر دەتوانێت، پڕ بە هەموو مانای وشەکە ئازاد بێت؟ ئایا دەتوانێت، بە شێوەیەکی ڕەها، هەر چی دەخوازێت، بیڵێت؟ یان نووسەریش ناچارە، گوشاری هەلومەرجی سیاسی و زەبری دابونەریت ڕەچاو بکات؟ ئاخۆ دەقێکی جوانی ئەدەبی، هەڕەشە لە سەروەریی نیشتمان دەکات؟ یان دەبێتە مایەی مەترسی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی؟ دەقی نەمر، ئەو نووسینەیە کە لە پێناوی داکۆکیکردن لە شکۆمەندیی ئینساندا، سڵ لە هیچ بەربەستێک ناکاتەوە، ئێدی بەربەستەکە سیاسی بێت، کۆمەڵایەتی بێت، یان ئایینی.

٢٠٠٧/١١/١٤

---

(*) باربرۆ لیندگرێن

## ٥
## شەوێکی درێژ

(لەناو هەموو شاعیرە ڕۆمانییەکاندا، ئەوە تەنیا کاتولوسە کە لە شاعیرێکی ڕۆمانی ناچێت.) ئەوە بۆچوونی زانای بواری ناسینی ئەدەبی لاتینی، پرۆفیسۆر ئێریک ڤیسترانده. لە کاتێکدا شاعیرە ڕۆمانییەکانی لە بابەتی: ڤێرگیل، لۆکرێتیوس و هۆراتیوس لە شیعرەکانیاندا بایەخیان بە ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئایینی دەدا، کاتولوس تەنیا باسی لە جیهانی تایبەتیی خۆی دەکرد. ئەو بە زمانێکی هێندە گەرم کە گڕ و کڵپەی لێ بەرز دەبووەوە، باسی خۆشەویستی، بەدگومانی، ڤین، هیوا، نائومێدی، شادی و خەمی دەکرد.

کاتولوس ساڵی (٨٤)ی پ. ز. لە شاری ڤێرۆنا، (زێدی ڕۆمیۆ و جولێت) لە دایک بووە و تەنیا (٣٠) ساڵ ژیاوە. نالی شیعری بۆ حەبیبە دەگوت، جەمیل بۆ بوسەینە، ئاراگۆن بۆ ئێلسا، هەردی بۆ ست فاتیمە، جەمال شارباژێڕی بۆ پەری، (کاتولوس)یش شیعری بۆ (**لێسبیا**) گوتووە کە ناوە ڕاستییەکەی (کلۆدیا) بووە. ئەوی کەمێکی لە ئەدەبی لاتینی خوێندبێت، هۆنراوە ناودارەکەی کاتولوسی دیتوە:
(لێ گەڕێ لێسبیا بابژین، لێ گەڕێ سەرقاڵی ئەوین بین!)

کاتولوس لەو شیعرە نەمرەیدا، پێی وایە ژیان دەبێت تەنیا بۆ خۆشەویستی تەرخان بکرێت، ئاخر خۆر ئاوا دەبێت، وەلێ سەرلەنوێ هەڵدێتەوە، بەڵام خۆری ژیان کە ئاوابوو، ئیدی سەر هەڵناداتەوە، ئیتر تاریکییەکی ئەبەدی و خەوێکی قووڵی بێ کۆتایی دەستپێ دەکات،



بۆیە پێویستە پشکۆی خۆشەویستی هەمیشە گەش ڕابگرین و هەموو ژیانمان سەرقاڵی ئەوین بین.

نازەنین لێ گەڕێ با بژین،
لێ گەڕێ هەمیشە سەرقاڵی ئەوین بین،
با قسە هێنان و بردن و
سەرسامیی نەیاران بێ بەها وەربگرین،
خۆر ئاوا دەبێت و
سەر لە نوێ دێتەوە،
با جارێ کە ڕۆژی تەمەنکورت دوایی هات
پێکەوە شەوێکی بێ پایان ڕابوێرین،
ئەوساکە یەک هەزار ماچانم بدەرێ و سەدی تر،
دوای ئەوە یەک هەزار ماچی کە و سەدی تر،
هەمدیسان یەک هەزار ماچی کە و سەدی تر،
کە چەندان هەزار جار یەکدیمان ڕامووسی،
ئیدی با بیرمان لای ژماردن نەمێنێ،
تا هیچ کام لەوانەی چاوانیان پێماندا هەڵنایە،
نەزانن چەند جارمان یەکتری ڕامووسی.

٢٠٠٧/١١/٥

(1) frisprokig klassisk poet, Jönköpingposten 13 oktober 2007 En Josef Ryden,

(2) Catullus, Dikter om kärlek och hat, Gunnar Harding och Tore Jansson 2007 .

٦

## ژن و نیشتمان

ئێلفرێده ژێلینێک، ئەو ژنە فێمینیستە نەمساییەی ٢٠٠٤ نۆبێڵی لە ئەدەبدا وەرگرت، دەڵێت: (**ژن قوربانیی دەستی ئەو پیاوە نییە کە لێی دەدات، تەنانەت قوربانیی دەستی ئەو پیاوەیش نییە کە ئەتکی دەکات، ژن قوربانیی دەستی کولتووری بابسالارییە، ئەو کولتوورەی هەرگیز چاوەڕێی شتێکی باش لە ژن ناکات.**) ڕادیۆ بینەران، بەرنامەیەکی سەرکەوتووی کوردساتە، **پشتیوان گوڵپی** پێشکەشی دەکات، شەوێک میوانداریی **خەندان محەممەد جەزا سەرپاچی**، (ئەوی کتێبێکی بە ناوی ‹**ئۆقیانووسێک لە تاوان**›ەوە، دەربارەی دیاردەی سێکسفرۆشی لە کوردستاندا نووسیوە،) کردبوو، ژنێک لە سوێدەوە، بە سەرسوڕمانەوە، لە میوانی بەرنامەی پرسی: (ئەرێ بە ڕاست، ئەوە چۆن پیاو **بێزی** دێت، توخنی ژنی لەشفرۆش بکەوێت؟)

لە ڕوانگەی ئەو ژنەکوردە سوێدنشینەوە، ژنی سێکسفرۆش، پیسە، وەلێ پیاوی سێکسکڕ، پاکژە! بە داخەوە، ئەو ژنە کوردە لە سوێد، کە هیچ وڵاتێک وەک ئەوێ ژندۆست نییە، هیچ فێر نەبووە، ئەگەر نا، سووکایەتی بە ژنی سێکسفرۆش کە قوربانیی دەستی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە دژوارەکەیە، نەدەکرد. **لە سوێد سێکسفرۆشتن، تاوان نییە، وەلێ کڕینی سێکس و دەڵاڵیکردن بۆ فرۆشتنی سێکس، تاوانە.** جێی داخە ئەو ژنە، بێ ئەوەی پێ بزانێت، پڕ بە گەرووی هاواری کرد: بژی کولتووری بابسالاری. بەو ژنە کوردە سوێدنشینە دەڵێم: ئەوە کارەساتە، سووکایەتی بەم یان بەو ژن بکرێت، وەلێ کارەساتی



هەرەگەورە ئەوەیە، بەو سووکایەتی بە ژن کردنە قایل بین و بە کارێکی ئاسایی بزانین. (**کوێرەوەری لەو کاتەوە دەستپێ دەکات، چەوساوە هەست بەو چەوساندنەوەیە نەکات کە دووچاری بووە و ئەوەی پێ شتێکی ئاسایی بێت کە زوڵمی لێ دەکرێت**.)[١] ئاخر ئەگەر چەوساوەکان هەموویان خاوەنی ئەو هەست و هەڵوێستە بن، بەستەڵەکی چەوساندنەوە، نەک هەر ناتوێتەوە، بەڵکوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەستوورتر دەبێت.

لە نەورۆز تیڤییەوە، شەوێک پێشکەشکاری بەرنامەیەک دەیگوت: بۆ ئەوەی خەڵات بکرێیت، ئەم گوتەیە تەواو بکە! (**خوشکی بێ برا**، ...) دەبوو بینەر بڵێت: (**ماڵی بێ چرا**!) ئەوە کارەساتێکی هێندە گەورە نییە، بینەرێک ڕێکلام بۆ کولتووری بابسالاری بکات، کارەساتی مەزن ئەوەیە، بەرنامەیەک سووکایەتی بە ژن بکات، بەرنامەیەک لە تیڤییەکەوە پەخش بکرێت کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستان بێت، نەک سەر بە وەزارەتی ئیرشادی تالیبان!

**د. کەمال میراودەلی** لە گوتارێکدا کە بە ئینگلیزی، بە ناونیشانی (کوردستان یان بەربەرستان) نووسیویەتی، بەو ژنە نووسەرە کوردانەی پێیان وایە، چەوساندنەوەی ژنی کورد، زادەی دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردییە، دەڵێت: (**قەحبەرۆشنبیر** و **ساختەفێمینیست**!)[٢] ئایا کەسێک بە ڕاستی داکۆکی لە مافی ژن بکات، وشەی قەحبە دەخاتە ڕستەوە؟ ئایا کەسێک لە سەنگەری ژنانەوە بدوێت، جنێو بە ژنانی نووسەر و چالاک دەدات؟ ژنانێک کە بە هەق شیاوی ئەوەن، گوڵباران بکرێن.

*

**ئەدونیس** کە هەندێک نووسەری کورد، ئەوەندە پێی سەرسامن، هەر چی بڵێت، یەکسەر دەیکەن بە کوردی، هێندە شۆڤێنیستە، دەبێژێت: (**لە دێر زەمانەوە، کورد، ئامازیغی، قیبتی، ئاشووری، سریانی، سابیئی و ئێزدی لەسەر خاکی عەرەب دەژین.**)[٣] بە مەرجێک ئەوە عەرەبە، خاکی خەڵکانی سەر بەو نەتەوە و ئایینانەی داگیر کردووە. ئەو قسەیەی ئەدونیس تەواو لەوە دەچێت، پێستسپییەکی ئەوروپایی، لەوانەی هیندییە سوورەکانیان قەلاچۆ کرد و وڵاتەکەیان داگیر کردن، بڵێت: لەمێژە هیندییە سوورەکان لەسەر خاکی ئەمریکا دەژین!

جێی سەرنجە ئەو بیرمەندە نەتەوەچییەی عەرەب، هەر لە هەمان نووسینیدا، (کورد)ی بە گرووپ نەک بە نەتەوە، لە قەڵەم داوە. نازانم ئەوەیان کە کورد و ئێزدی بە دوو (گرووپ) نەک یەک، نێوزەد کردووە، لە سۆنگەی نەزانییەوەیە، یان ئەوەیش پێڕەوکردنی ئەو ڕێبازە فیکرییەیە کە هیتلەر دایهێنا و میشیل عەفلەقیش وەدووی کەوت؟ (حەسەن حەنەفی)یش کە خۆی پێ فەیلەسووفە، شۆڤێنیستێکی دیکەی لە بابەتی ئەدونیسە، ئەوەتا دەڵێت: (**بە هۆی ئەو هەڵکشانە نەتەوەییە کوردییەی باکووری عێراقەوە، مەترسی ئەوە هەیە، کەرکووک و سلێمانییش وەک دیاربەکر و ئەسکەندەروونە، لە نیشتمانی عەرەب دابڕێن.**)[٤] کەواتە بە پێی بۆچوونی ئەو فەیلەسووفە عەرەبە،[٥] کەرکووک، سلێمانی و دیاربەکریش، وەک لیوای ئەسکەندەروونە، سەر بە نیشتمانی عەرەبن!

٢٠٠٨/١/٢٤

(١) ئوسامە ئەنوەر عەکاشە.



(2) http://www.kurdishaspect.com/doc010508KM.html

(٣)أدونيس، فكر عربي من أجل المستقبل، دبي الثقافية، ص٤٥ عدد ٣١ كانون الأول ٢٠٠٧ دبي.

(٤) حسن حنفي، الوطن العربي وتآكل الاطراف، إيلاف ١١ يناير ٢٠٠٨

(٥) لە ڕوانگەی (جۆرج تەرابیشی)یەوە، عەرەب نە فەلسەفەی هەیە نە فەیلەسووف. (الشرق الأوسط ٢٣يناير ٢٠٠٨)

# ئەرکی نووسین

١

هونەر و خەبات

"ئەوە خەبات نییە دەمانکات بە هونەرمەند، ئەوە
هونەرە دەمانکات بە خەباتگێڕ." ئەلبێرت کامو

قازانجی ماددی و خۆشیی دنیایی، بە لای (حەللاج)ەوە، هیچ بەهایەکیان نەبوو، ئەو شاعیرە سۆفییە ڕاستەقینەیە، سەنگەری هەژارانی هەڵبژارد و لە پێناو دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا گیانی خۆی بەخت کرد. چونکە سۆشیالیزم، خۆسیە ساراماگۆ گوتەنی، پێش ئەوەی سیستەمێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی بێت، حاڵەتێکی ڕۆحییە، لە سەردەمێکدا کە هیچ باسێک لە سۆشیالیزم نەبوو، حەللاج پڕ بە پێستی وشەکە سۆشیالیست بوو.

میلان کوندێرا هەست بە شەرمەزاری دەکات، کە شیعری بۆ ستالین گوتووە، ئەوە پەڵەیەکە بە ژیانی (گوێنتەر گراس)ەوە کە لە ڕێکخراوی لاوانی نازیستەکاندا ئەندام بووە. شاعیرە بەعسییەکان لەو شیعرانەی بۆ سەددام حسێنیان نووسیوە، پەشیمانن. ڕۆژێک دادێت، ئەوانەی سەرسەختانە داکۆکی لە هەڵەی ئەم یان ئەو حیزب دەکەن، ئەوانەی لە پێناوی قازانجی دەسەڵاتدارانی گەندەڵکاردا، یەخەی ئەم و ئەو دەگرن و ئەوانەشی لەسەر خواستی کەسانی سەرووی خۆیانەوە



دەنووسن، ئەنگوستی پاشگەزبوونەوە بگەزن.

وەرە با خەمی دارستان
لەنێو تاقە گەڵایەکدا چڕ کەینەوە!
وەرە تینوویەتیی بیابان
لە سیمای دەنکەلمێکدا هەست پێ بکەین!
وەرە با ژیننامەی بەهار
لە پەڕەی گوڵێک بپرسین!
وەرە لەسەر چلوورەیەک
مێژووی بەفر و بەستەڵەک بنووسینەوە!
وەرە لە ڕێی ناڵەی دڵۆپێ ئاوەوە،
گوێ لە هاژەی ڕووبار بگرین!
وەرە هەموو ڕابوردوومان،
لە دێڕێکدا تۆمار بکەین!
وەرە خۆمان لە تیشکێکدا
حەشار بدەین!
وەرە چیدی لە مەنفا ڕێ بزر نەکەین،
بچینەوە لە زێدی خۆماندا ون بین!
وەرە خۆمان ساقی بین و
جەستەمان بکەین بە جام و
خوێنمان شەراب!
وەرە بە خوێنی جەستەمان
دەستنوێژی ئەوین هەڵبگرین!(*)
وەوە لە پێناوی ئەشقا
سڵ لە مردن نەکەینەوە!

وەرە بە ڕێگەی ئەویندا
بەرەو هەواری حەقیقەت بە ڕێ کەوین!
وەرە با ئەو ڕۆژەی دەمرین،
ئاهەنگی جەژنی لە دایکبوون بگێڕین!

بۆچی دەنووسیت؟ چونکە کەس شک نابەم، هێندە لێمەوە نزیک بیت کە متمانەی پێ بکەم و نهێنییەکانی خۆمی لە کن بدرکێنم. نازانم بڕوا دەکەن یان نا؟ فێرناندۆ بیسوا گوتەنی، (کەسێکی دیکەی غەیری خۆم، لە ناخمدا دەژی، هەر چی دەنووسم، لەسەر خواستی یان دروستتر بە فەرمانی وییە) و تا هەنووکە هەرگیز نەمتوانیوە دڵی بشکێنم، یان ڕاستتر، لە قسەی دەربچم، ئەوە بۆیە ڕێ کەوتووە، شتی وام نووسیوە، سوور زانیومە بەهۆیەوە نەک هەر بەرژەوندیم، تەنانەت ژیانیشم دەکەوێتە مەترسییەوە.

کە دەنووسم، خۆم وەک قوتابی دێتە بەر چاو و کەسەکەی ناخیشم، وەک مامۆستای ئیملا، ئەو چی بڵێت، من ئەوە دەنووسم. پێم وایە، ئەوی بە فەرمانی کەسەکەی نێو ناخی، نەنووسێت، دەشێت نووسەر بێت، وەلێ ناشێت ڕاستگۆ بێت. پاوڵ کێلان پێی وایە، (تەنیا بە زمانی دایکمان دەتوانین ڕاستی بڵێین، ئەوی بە زمانێکی غەیری زمانی دایکی شیعر بڵێت، ئەوی دەینووسێت، درۆیە.) ئاخۆ ئەو نووسەرانەی بە زمانی دایکیان نانووسن، نووسینیان زادەی فەرمانی کەسەکەی ناخیانە؟

(تەنیا ئەو کتێبانە بخوێنەوە کە بێدارت دەکەنەوە، ئەو کتێبانەی دەتهەژێنن و بەستەڵەکی ناخت دەشکێنن.)(**) بەو ڕۆمانەنووسە سەرسامم کە کارەکتەری ڕۆمانی، بەرەو ڕووی هەلومەرجێک دەکاتەوە، گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا بێت، شەیدای خوێندنەوەی ئەو



کتێبەیشم، کە وێڕای ئەوەی چێژی لێ دەبینم، دەبێتە هەوێنی گۆڕانیش لە ڕەوتار و بیرکردنەوەمدا، ئەو کتێبەی هەست دەکەم، پێش خوێندنەوەی کەسێکی تر بووم.

٢٠٠٨/١/٣٠

---

(*) حەللاج.

(**) کافکا.

٢

## چارەسەر بە شیعر

خودایە گیان
بۆچی عومرێکی دیکەشم پێ نابەخشی،
تاکوو ئەویش
بە نووسین و خوێندنەوەوە زایە بکەم؟[١]

زۆر لە نەخۆشیی دەروونی، هەر لە دڵەڕاوکێ و خەمۆکییەوە تاکوو شیزۆفرۆنیا، دەشێت بە هۆی خوێندنەوەوە چارەسەر بکرێن. دەگونجێت بە هۆی ڕۆمانێکی (مارکیز)ەوە لە خەمۆکی ڕزگارمان ببێت، یان ڕۆمانێکی دەستۆیفسکی، کارێک بکات، واز لە زێدەخۆری و زێدەخواردنەوە بهێنین. ناودارترین کتێب کە کارێک دەکات، ببینە کەسێکی ساکار، ڕەوشتبڵند و منداڵە خەوتووەکەی ناخمان بێدار دەکاتەوە، کتێبی (شازادە بچکۆلەکە)ی نووسەری فەرەنسایی، (ئەنتوان ئەکزۆبێری)یە.

خوێندنەوە، ورەمان بڵندتر دەکاتەوە، توانای بەرەنگاربوونەوەی

ناخۆشییەکانی ژیانمان پێ دەبەخشێت، دڵنیاییمان بۆ دابین دەکات و هێورمان دەکاتەوە. ئەگەر ئالوودەی شەراب یان ماددەیەکی هۆشبەر بین، هیچ دوور نییە بە هۆی خوێندنەوەوە، لەو کێشەیە ڕزگارمان ببێت. تەنانەت لە ڕێی خوێندنەوەوە، دەشێت لەگەڵ ئەو نەخۆشییانەیشدا کە ئەگەری چاکبوونەوەیان نییە، ڕابێن. ئەوە بۆیە لەمێژە لە ئەورووپا و ساڵانێکە لە میسریش، بۆ چارەسەرکردنی هەندێک نەخۆشی دەروونی، پزیشک هانا بۆ بیبلیۆتێراپی دەبات، بیبلیۆ، biblio کتێبە و تێراپیش therapy چارەسەر. نەخۆش لە ڕێی خەستەخانەوە نا، لە ڕێی کتێبخانەوە چارەسەر دەکرێت.[٢]

کە چاو نەخوێندەوار بێت و دڵیش نەزان،
ئیدی گوڵ چۆن خەمناک نابێ!
خۆشەویستی لە ڕۆحەوە هەڵدەقوڵێ،
لێ گەڕێ سۆز،
هێلانەی ڕۆح جێ بهێڵێ و
لەسەر زار بنیشێتەوە.
(ئەو کاتە خۆم لێ ون دەبێ
کە هەست بە بوونی خۆم بکەم،
ئەو کاتە ڕێ بزر دەکەم
کە شارەزای ڕێگەکە بم.)[٣]

ئەو شیعرە بە لای خوێنەرەوە جوانە کە هێندە لە ڕۆحییەوە نزیک بێت، وا هەست بکات خۆی نووسیویەتی. ئەو پەخشانەشیعرە کوردییانەی جێگەی بایەخی خوێنەر نین، لە سۆنگەی ئەوەوە نییە، کە کێش و سەروایان فەرامۆش کردووە، لەبەر ئەوەیە شیعر نین، ئەوە نییە،



شیعری ئەورووپایی، ئەگەرچی دوای وەرگێڕان، تەواو لە پەخشانیش دەچێت، وەلێ هەر جێی بایەخی خوێنەرن.

بڕوام بەوانە نییە کە سەروەختی نووسینی شیعر لە شاعیر دەچن و لە ژیانی ڕۆژانەدا هیچ لەگەڵ شیعردا کۆیان ناکاتەوە. حسێن مەردان وەک چۆن لە شیعردا، سەری بۆ هیچ دەسەڵاتێک نەوی نەدەکرد، لە ژیانی ڕۆژانەشیدا، هەمoo دەسەڵاتێکی ڕەت دەکردەوە. بڕوام بەو شاعیرانە نییە، وەک شیعر پۆستمۆدێرنیستن و لە واقیعدا خێڵەکین.

لە ڕوانگەی محەممەد ئیقبالی شاعیری گەورەی پاکستانەوە، تاقە ڕێگەی گەیشتن بە خودا، ئەوەیە ئینسان بەردەوام خۆی لە کۆت و پێوەندی کۆیلایەتی ئازاد بکات و نەبێتە کۆیلەی هیچ دەسەڵاتێک. دەماری خوێن چەند لە ئینسانەوە نزیکە، خودایش هێندە لێیەوە نزیکە، بۆیە بۆ گەیشتن بە خودا، پێویستی بە هیچ پردێک نییە. محەممەد ئیقبال پێمان دەڵێت:(بە ڕێی خۆتدا بەرەو باخی بەهەشت بە ڕێ بکەوە، ئاخر ئەگەر شوێن پێی کەسێکی دیکە کەوتی، هیچ دوور نییە بۆ دۆزەخت ببات. بە قسەی ئەوانە فریو مەخۆ! دیوارێک لە نێوان تۆ و خودادا ڕۆ دەنێن.)[٤]

٢٠٠٨/٢/١٤

---

(١) د. سهام سليمان.
(٢) التداوي بالقراءة، ماجدە حلمي و حسين محمود، الشرق الأوسط ٦ فبراير ٢٠٠٨ لندن.
(٣) نصيف فلك.
(٤) محمد علي شمس الدين، ساعة محمد اقبال، دبي الثقافية، فبراير ٢٠٠٨ ص٩٥

٣

پێش ئەوەی دەست بە نووسین بکەین

بنووسی ئەم دێڕانە لە ساڵی ١٩٨٥دا گوتوویەتی:

من سەربازێکی بێ چەکم
تۆ بێ شەڕ یەخسیرت کردووم،
وڵاتێکی بێ کوتەکم
**بێ هێرش داگیرت کردووم.**
دیلتان دیوە
تیری خەم لە ناخی دڵی کاریی نەبێ؟
ئەوە منم،
بیستووتانە **وڵاتێکی داگیرکراو**
**تامەزرۆی ڕزگاریی نەبێ؟**
ئەوە منم،
ئەوە منم ئەوینم پێیە و هیچی تر
بۆ تۆ ئەی خوای تەختی دڵم

خۆشەویست و دوژمنی سەرسەختی دڵم.(١) کەچی تازەکی (لە٢٠٠٧/١/ ٢٤ دا) بەرزان هەستیار، بێ ئەوەی سەرچاوە دەستنیشان بکات، دەڵێت:

بێ سنوور و سەرکردە و سوپا،
هەر سات و لە هەر کوێوە ئارەزوو کەیت،
**بە سانایی داگیرم ئەکەیت و**
**یەکەم وڵاتی بێ ئاڵام،**
**مەیلی ڕزگاربوونم نەبێت.**(٢)



فریدریش فۆن لوگاو (١٦٠٤ ـ ١٦٥٥) کە شاعیرێکی ئەڵمانیاییە و بە نووسینی شیعری پڕ لە حیکمەت، ناوبانگی پەیدا کردووە، دەڵێت:

(ئەگەر بەسەر خۆتدا سەربکەویت،
ئەوە مەزنترین جەنگ و دژوارترین سەرکەوتنە.)(٣)

کەچی تازە بەرزان هەستیار کە لەمێژە لە ئەڵمانیا دەژی، دەنووسێت: «خوێناویترین شەڕ ئەو کاتە دەستپێ دەکات کە یەخەی خۆم دەگرم. ل٣١».

فریدریش فۆن لوگاو دەڵێت:

(ئەم زەمەنە برسییە خۆی دەخوات،
بەوەی ئەم دنیایە سەرسامم
کە هەتا هەتایە بڕ ناکات.)(٤)

ئەوانەی شیعری ئەو شاعیرەیان بەسەر کردووەتەوە، پێیان وابووە، لە شیعریدا، خوێنەر وێڕای حیکمەت، هەست بە نائومێدی و گاڵتەجاڕییەکی خەمناکیش دەکات. بەختیار عەلی کە کورتە پێشەکییەکی بۆ (قەسیدە!)کەی بەرزان هەستیار نووسیوە، هەر دەڵێیت باسی شیعری فریدریش فۆن لوگاو دەکات!

بەرزان هەستیار دەڵێت: (بێ ئومێدی سەنگتاشێکە، ئەمکات بە **پەیکەرێکی بێ گیان**. ل٢٩) ئایا پەیکەر هەیە بێ گیان نەبێت؟ یان دەتوانین بپرسین:ئایا پەیکەری ڕۆحلەبەر هەیە؟ یان دەنووسێت: (پێش ئەوەی تۆ، لە بێدەنگیدا **مەحفە**م کەیتەوە.ل٤٧) مەحف هەڵەیە، مەحو، ڕاستە. یەکێک لەو جۆرە هەڵسەنگاندنانەی هەنووکە لە ئەدەبی کوردیدا پانتاییەکی بەرینی داگیر کردووە، ڕەخنەی دۆستانەیە کە ڕەخنەیەکی ساختەیە و گرووپی ڕەهەند و دەروێشەکانی ئەو گرووپە

دایانهێناوە. بەرزان هەستیار ئەگەر دۆستی بەختیار عەلی و ئیسماعیل حەمەئەمین نەبووایە، ئەو دوو نووسەرە، قەت دلۆڤانانە، ناوی ئەو شاعیرەیان نەدەخستە ڕستەوە، وەلێ چونکە دۆستی نزیکی یەکترین، هێندەی بۆیان بکرێت بە بالای یەکدیدا هەڵدەڵێن. ئیسماعیل حەمەئەمین ئەمە گوایە باسی شیعری بەرزان هەستیار دەکات، دەڵێت: (بۆشاییەک کە لەژێر قاچمانەوە، جگە لە بەتالاییەک نەبێت، هیچی دیکە نەبووە. ل٨) تۆ لەوەی گەڕێ بەتالایی هەڵەیە و بەتاڵی ڕاستە، وەلێ ئایا هیچ جیاوازییەک لە نێوان بۆشایی و بەتالاییدا هەیە؟ یان لە باسی شیعری هەمان شاعیردا دەڵێت: (**بەڕبەڕییەت** خۆی لە **چەندەها** فۆرمدا شاردووەتەوە. ل٧) ئیسماعیل حەمەئەمین کە کوردینووسە، (بەڕبەڕییەت)ەکەی دەربڕینێکی عەرەبییە و (چەندەها)کەیشی فارسی!

(شیعر ئاڵۆشێکی بەردەوامە. ل٩) ئەوە پێناسەی ئیسماعیل حەمەئەمینە بۆ شیعر! ئاڵۆش، نەخۆشییەکە تووشی پێست دەبێت، ژنی (بەئاڵۆش)یش، ژنێکە حەشەری، یان جوانتر وایە بڵێین، ژنێکە لە ئاگر. ئایا (شیعر ئاڵۆشێکی بەردەوامە،) پێناسەکردنی شیعرە، یان سووکایەتیکردنە بە شیعر؟ ئیسماعیل حەمەئەمین کە پێشەکییەکی درێژی بۆ (قەسیدەی ساڵێک لە نیگەرانی)ی بەرزان هەستیار نووسیوە، دەڵێت: (سۆسیالیستی یان بەڕبەڕییەت، ڕستەیەکی شیعریی ڕۆزا لۆکسۆمبورگە. ل١٠) سۆسیالیزم یان بەڕبەڕیزم، ڕستەی شیعری نییە، دروشمێکی سیاسییە، مەبەست لەو دروشمە ئەوەبوو، ئەگەر کۆمەڵگە نەگاتە سۆسیالیزم، دەگاتە بەڕبەڕیزم.

لە ڕوانگەی بەرزان هەستیارەوە، ساڵێک لە نیگەرانی، قەسیدەیەکە، وەلێ ئیسماعیل حەمەئەمین جارێک پێی دەڵێت قەسیدە و جارێک



ناوی دەنێت، قەسیدەکان، ل١٦ ئەمەیش زادەی تێڕوانینی جیاوازی نێوان شاعیر و پێشەکینووس نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی ئەوەیە، هەردووکیان لە مانای قەسیدە، بەد حاڵیی بوون. لە بەرزان هەستیار وایە، ئەگەر شیعری خۆی ناو بنێت، قەسیدە، بەوە شیعرەکانی بالاتر دەنوێنن. نە شاعیر و نە پێشەکینووس، هیچ کامیان بۆ نموونە، هەست بە جیاوازیی نێوان غەزەل و قەسیدە ناکەن. ئیسماعیل حەمەئەمین دەڵێت: (ئەم دەقە شیعرییە، دەیەوێت **لامسەلایی** و **بێ گوێیی**، وێنەی مرۆڤێکمان بۆ **دروست بکات**. ل١٧) لامسەلایی، هەڵەی چاپ نییە، هەڵەی پێشەکینووسە، ئاخر لامسەرلایی ڕاستە. لامەسەرلایی، بە مانای گوێ پێ نەدان، دێت، نەک بێگوێیی، وەک پێشەکینووس بۆی چووە، ئاخر بێگویی، لاسارییە. وێڕای ئەمانە، وێنەی مرۆڤێکمان بۆ **دروست بکات،** هەڵەیە، **بۆ بکێشێت**، دروستە. پێشنیارم بۆ ئەوانەی هێندەی ئیسماعیل حەمەئەمین کوردی دەزانن و سڵ لە نووسین ناکەنەوە، ئەوەیە، با ساڵێکی ژیانیان بۆ فێربوونی زمانی دایکیان تەرخان بکەن، ئەوسا دەست بە نووسین بکەنەوە.

٢٠٠٨/٤/١

---

(١) حەمەسەعید حەسەن، نووسین بەبێ وشە، ل٦٩ دەزگای ئاراس٢٠٠٤ هەولێر.

(٢) بەرزان هەستیار، قەسیدەی ساڵێک لە نیگەرانی، ل١١١ دەزگای ئاراس ٢٠٠٨ هەولێر.

(٣) للحب و الحرية، (ازهار من البستان الشعر الغربي قديما و حديثا) ترجمة وتقديم: عبدالغفار مكاوي،ص١٣٢و١٣٣ الشروع القومي للترجمة٢٠٠٣ القاهرة.

(٤) نفس المصدر، ص١٣٤

* بۆ ئەو جێیانەی تەنیا ژمارەی لاپەڕە دەستنیشان کراوە، بڕوانە سەرچاوەی دووەم.

## ٤
## دیکتاتۆری هەستناسک

جاران لە بواری فیکر و ئەدەبدا، دزیکردن کارێکی ئاسان بوو، وەلێ ئاشکرابوونی دەستی دزەکە، کارێکی سەخت بوو. هەنووکە بە هۆی ئینتەرنێتەوە، هەم دزیکردن، ئاسانتر بووە، هەم دەستی دزیش زوو دەکەوێتە ڕوو. بۆ نموونە ئەگەر حەزمان لە دزی بێت و بخوازین، باسێک لەسەر فیلمی تایتانیک بنووسین، دەچین چی لەسەر ئەو فیلمە نووسراوە، بە هۆی گوگڵەوە دەیدۆزینەوە، ئەوسا دێین، لە هەر نووسینە و پەرەگرافێک وەردەگرین، مۆنتاژیان دەکەین و بە ناوی خۆمانەوە، بڵاوی دەکەینەوە. وەلێ ئەگەر کەسێک گومانی لە دەستپاکیمان هەبوو، ئەویش سووک و باریک هەر بە هۆی گوگڵەوە، چی لەسەر هەمان فیلم نووسراوە، دەیاندۆزێتەوە و دەستەکەمان ئاشکرا دەکات. سەردەمی گۆگۆڵ ئەگەر کەسێک دزی کردبا، مەگەر بە ڕێکەوت پێی زانرابا، بەڵام سەردەمی گووگڵ، ئەوی دزی بکات، دەمودەست دەستەکەی دەکەوێتە ڕوو، ئاخر زۆر بە ئاسانی سەرچاوەی زانیارییە دزراوەکان دەستنیشان دەکرێت.[١]

لە ژاپۆن ڕۆمان داهاتووە کە بە مۆبایل دەنووسرێت، دواتر چاپ دەکرێت و دەشێت سەد هەزار دانەی لێ بفرۆشرێت. ئەو ڕۆمانانە ژنانی قامکزێڕینی ژاپۆنی دەیاننووسن، بە تایبەتی ئەو کاتانەی بە تەنیا بە شەمەندەفەر سەفەر دەکەن. لای ئێمە مۆبایلەشیعر هەیە، وەلێ پێم وایە، هێشتا لە کن مە، ئەو شاعیرانەی مۆبایلەشیعر دەنووسن، هەستیان بەوە نەکردووە، کە ئەو شیعرانە پێویستە هەر بە مۆبایلیش بنووسرێن، نەک سەرەتا لەسەر کاغەز و دوایی لەسەر



مۆبایل. کار وا بڕوات، وەک چۆن باس لە مەرگی نووسەر و کۆتایی دێرۆک دەکرا، هاکا مەرگی ڕۆمان و ئاوابوونی خۆری شیعریش، بوونە بنێشتە خۆشەی ژێر ددانی نەوەی نوێ.[٢]

*

(ڕۆژێک ناڕوات و تۆم تێدا خۆش نەویستبێت، شەوێک تێناپەڕێت و بیرم لە تۆ نەکردبێتەوە، تۆیەک کە دڵمت کردووە بە هێلانە، ڕۆحمت داگیر و بیرمت سەرقاڵ کردووە.)[٣] ئەوەمان بۆ هەرس دەکرێت، ناپلیۆن عاشقی جۆزفین بووە و چەندان نامەی دڵداریی بۆ نووسیبوە. ئەوەشمان بە لاوە نامۆ نییە، هیتلەر سەرەتا هونەرمەندێکی شێوەکار بووە و دواتر بووە بە دیکتاتۆر، ئەوە عاجباتییە، سەددام حسێنی دیکتاتۆر لە ئاخروئۆخری ژیانیدا بووبێت بە شاعیر.

(پەست و زویر بووم، دڵم زۆر توند بوو،
گوشاری خوێنم گەلێ بڵند بوو،
گۆرانییەکی سۆزناکم چڕی،
گوشاری خوێنم یەکسەر دابەزی.
من وەها تۆڵە لە (بوش) دەستێنم
ژنێکی تازەی دیکە دەهێنم،
لە جێی مستەفا و عودەی و قوسەی،
سێ کوڕی ئازای، تر دەخولقێنم.)[٤]

شیعری سەددام، بێتام لاوازە، وەلێ کە گوتوویەتی: (**شیعر نە لە دەرگا دەدات و نە مۆڵەت وەردەگرێت، بەڵکوو هەڵدەکوتێتە سەرت و دەروونت داگیر دەکات**،) پیاو قسەیەک بۆ دیکتاتۆریش بکات، ئەوە لە قسەی شاعیر دەچێت. (**باران فرمێسکی ڕشت**.) ئەوە دەربڕینی سەددامە کە ئەگەر شاعیر بووایە، دەیگوت، هەور یان ئاسمان

فرمێسکی ڕشت. خۆ ناکرێت بڵێین سەددام شاعیرێکی سوریالی بووە، ئاخر ئەو شیعری نەبەتی نووسیوە، شیعری نەبەتی و وێنەی سوریالیش کوجا مەرحەبا؟ (**دەشێت لە لای دڕکەوە، گوڵ ببینین.**) تۆ بڵێیت سەددامیش خۆی پێ گوڵ بووبێت. (**بە فێڵ بەرەو ڕووی فێڵ دەبیتەوە و بە حیلە وەڵامی حیلە دەدەیتەوە.**) سەددام لە زینداندا تەنیا قورئانی لە کن بووە، ئەو دەربڕینەی لەو کتێبە پیرۆزەوە دزیوە. ئەوە نییە خودا لە ئایەتی پەنجا و چواری سوورەتی ئال عیمراندا دەفەرموێت: (ومكروا ومكر الله والله خير الماكرين.)

سەددام حسێن، لە نامەیەکدا کە بۆ دادگای نوووسیوە، هەڵوێستی ئەو قازییەی گوایە بە پرسیارەکانی بریندارى کردووە، بە هەڵوێستی ئەو مشکە دەچوێنێت کە شێری دەست و پێ بەستراو، ئازار دەدات. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا سەددام کە لە کونە دیرۆکییەکەدا هێنرایە دەرەوە، لە شێرێکی نەڕ دەچوو، یان لە مشکێکی تۆقیو؟ سەددام حسێن لە بواری ڕۆشنبیریی تەندروستیدا هێندە ئاستنزم بووە، وای بۆ چووە، ئەگەر لەسەر هەمان ئەو تەنافەی سەربازە ئەمریکاییەکان جلەکانیان هەڵ دەخەن، ئەمیش جلی خۆی هەڵبخات، ئەگەری ئەوە هەیە تووشی ئایدز ببێت، بە مەرجێک هیچ ئیمکانی ئەوە نییە، ئەو نەخۆشییە بەو جۆرە لە کەسێکەوە بگاتە کەسێکی دیکە. ئاخۆ دووکەڵی ئینگلیزییەکەی سەرۆک، (ئاخر تا پەتەکەیش لە ملی ئاڵا، هەر خۆی بە سەرۆک دەزانی،) چەند خەست و چڕ بووبێت، وا خۆی ددانی بەوەدا ناوە کە موککەسسەر (تێکشکاو) بووە؟

٢٠٠٨/٥/٩

---

(١) سعاد جروس، الدكتاتور غوغل، الشرق الأوسط ٢٠٠٨/٥/٨ لندن.



(٢) ماذا فعلت التكنولوجيا بالأدب؟ الشرق الأوسط ٢٠٠٨/٣/٢٧ لندن.
(٣) أنيسة مخالدي، رسائل حب بقلم كبار المشاهير، الشرق الأوسط ٢٠٠٨/٥/٨ لندن.
(٤) فصول من مذكرات صدام حسين و أشعارة، الحياة (٥ و ٢٠٠٨/٥/٦) لندن.

# سروودی نیشتمانی و سروودی کوردی

١

(سروودی نیشتمانی)[*] کتێبێکە بریتییە لەو سروودانەی کە بڕیارە لە خوێندنگەکانی کوردستاندا بخوێنرێن و وەزارەتی پەروەردەی حوکومەتی هەرێمی کوردستان چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. ئەگەر چی بە پێی بۆچوونی وەزیری پەروەردە، **(لیژنەیەکی زۆر پسپۆڕ)**ل٤ ئیشەکەی بە ئەنجام گەیاندووە، وەلێ کتێبەکە هێندە کەلێنی تێدایە، تەنیا زیانی بۆ پرۆسەی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا دەبێت.

لە لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکەدا نووسراوە: **(ئەو سرودە نیشتمانیەی کە بەفەرمی لەلایەن لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە بڕیاری لەسەر دراوە)** جێی نێگەرانی و هەوێنی ئەوقبوونە، تەنیا **لەو تاقە دێڕەدا نۆ هەڵە هەیە!**

* سروود بە دوو (و) دەنووسرێت.
* نیشتمانیەی هەڵەیە، نیشتمانییانەی دروستە.
* نیشتمانییە یان نیشتمانییانە، هەردووکیان هەر بە دوو (ی) دەنووسرێن.
* بە/ فەرمی دوو وشەیە بە جیا دەنووسرێن.
* لە/ لایەن دوو وشەیە بە جیا دەنووسرێن.
* لێژنە هەڵەیە، لیژنە ڕاستە، ئاخر لێژنە ئەو پارچە دارانەیە کە بۆ



سووتاندن ئامادە دەکرێن.

* لێژنەیەک هەڵەیە، لیژنەیەکەوە، دروستە.
* بڕیاری هەڵەیە، بڕیاریان دروستە.
* ڕستەی خەبەری بە (خاڵ)ێک دوایی دێت، لیژنەکە ئەوەیشیان فەرامۆش کردووە.
* وا ڕستەکە بە دروستی بۆ ئەندامانی لیژنەکە کە نە شارەزای ڕێنووسن، نە هی ڕێزمان، دەنووسمەوە:

(ئەو سروودە نیشتمانییانەی کە بە فەرمی لە لایەن لیژنەیەکەوە لە وەزارەتی پەروەردە بڕیاریان لەسەر دراوە.)

وەک چۆن لە فیلمی هیندیدا شەش حەوت گۆرانی هەیە، لە هەموو ڕووپەلێکی کتێبی (سروودی نیشتمانی)یشدا، لای کەم شەش حەوت هەڵە هەیە. لێرەدا هەندێک لەو هەڵانە ڕاست دەکەمەوە کە لە نووسینەوە و هەڵبژاردنی تێکستە بە کرمانجی باشوور نووسراوەکاندا، کراون.

لیژنەکە هەستیان بە جیاوازیی نێوان مارشی نەتەوەیی، سروود و گۆرانی نەکردووە. (ئەی ڕەقیب )سروود نییە مارشی نەتەوەییە. (کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە) و (دایە، دایەی شیرینم) سروود نین، گۆرانین. لیژنەکە تەنانەت لە نووسینەوەی مارشی نەتەوەییدا کە کورد هەمووی ئەزبەری کردووە، بە هەڵەدا چووە. (دینمانە، **ئاینمانە** هەر نیشتمان.) ئاین بە مانای فێڵ و ساختە دێت، وەک بە (ئاین و ئۆین)ەوە دیارە. بە کوردی بە دین دەگووترێت: ئایین، واتا ئایین بە دوو (ی) دەنووسرێت. ئەمە وێڕای ئەوەی ئایینمانە هەڵەیە، ئایینمان دروستە.

لیژنەکە هەستیان بە جیاوازیی نێوان نووسینەوەی شیعر و پەخشان نەکردووە، بۆیە هەندێک لە شیعری سروودەکانیان وەک پەخشان نووسیوە. بۆ نموونە شیعری (خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم ل١٠)ی کاکەی فەللاح. لیژنەکە لە نووسینەوەی شیعرەکاندا کۆمەڵێک هەڵەی زەقیان کردووە کە زادەی ئەوەن، لە بوارێکدا ئیشیان کردووە کە بواری کاری وان نەبووە. لیژنەکە وەک یادەوەرییان بە هانایانەوە نەهاتووە، سەلیقەی ئەوەیشیان نەبووە، بۆ نووسینەوەی تێکستەکان، بۆ ئەو سەرچاوانە بگەڕێنەوە کە جێی باوەڕن.

بولبول بە نەغمەی **دڵگەش** و خۆشی. ل١٢ دڵگەش هەڵەیە، دڵگێش ڕاستە.

بە هەوەس **ئەڕۆم** لەم چڵ بۆ ئەو چڵ. ل١٢ ئەڕۆم هەڵەیە، ئەفڕم دروستە.

داری ئازادی شین نابێ

باخی ژینمان **ڕەنگی** نابێ. ل٢٥ ڕەنگی هەڵەیە، ڕەنگین دروستە.

بۆ لاوی تازەی قەومی کورد

ببمە **نموونە یا میسال**. ل٥٦ نموونە یا میسال ، هەڵەیە، نموونەی بێ میسال، ڕاستە. پێویستە ئەوەیش بڵێم، ئەو هەڵانە، هەڵەی چاپ نین، ئاخر لە تێکستە بە لاتینی نووسراوەکانیشدا هەمان ئەو هەڵانە دووبارە کراونەتەوە.

لە کتێبەکەدا چوار تێکست دەربارەی نەورۆز هەیە، کەچی هیچ کام لەو تێکستانە نەورۆزەکەی پیرەمێرد نین! ئەگەر چی (ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە،) باڵاترین سروودی کوردییە. نەورۆزەکەی ع. ع. شەونمیش کە یەکێکە لە سروودە هەرە جوانەکان، بە شێوەیەکی





هێندە ناتەواو بڵاو کراوەتەوە، زێدەگۆیی نییە ئەگەر بڵێم ئەتک کراوە.

لیژنەکە سروودێکی هەرە گرنگ و پڕ بایەخی وەک (ئازادی خوای کوردین ئێمە)ی مامۆستا ئەحمەد هەردیی فەرامۆش کردووە، وەلێ بایەخی بە تێکستی لاوازی لە بابەتی: (سوورم بە شڵپەی شەپۆلی زیوین ١٩) داوە. **سوور**م بە شڵپەی شەپۆلی **زیو**ین، تەواو وەک ئەوە وایە، بڵێین: **سپی**م بە هاژەی ڕووباری **خوێن**ین! کەچی وەزیری پەروەردە پێی وایە (لە نێو ئەو هەزار سروودەدا کە هەمانن، لیژنەکە باشترین سروودەکانی هەڵبژاردووە.)ل٤

کوردستان تاکوو مردن چاوم لەو ڕۆژەیە

ماف بێتە وەرگرتن کە جەژنی ئەم **هۆز**ەیە. ل٧٥

ئایا ئەوە سکانداڵ نییە، تازەکی سروود بۆ باڵای **هۆز** بڵێین؟

(مەزرەعەی توخمی نیشات و باعیسی ژینی منی.) ل٦٦ ئایا گوتنی ئەو سروودە سەردەم بەسەرچووە، نەک بۆ منداڵ، بۆ مامۆستای منداڵیش سەخت نییە؟ ئایا ئەوە لوتکەی درشتبینیی نییە، ئەندامانی لیژنەکە تێکستی سروودی (دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین)ی مامۆستا (گۆران)ی نەمریان بە هۆنراوەی (خالید تەیفوور) لە قەڵەم داوە! ل٣٦

**سوورەتەکانی قورئان دەقی پیرۆزی عەرەبین، کەس مافی ئەوەی نییە بیانشێوێنێت، سروودە جوانەکانی ئێمەش، دەقی پیرۆزی کوردین، گوتن یان نووسینیان بە هەڵە، دەکەوێتە خانەی کوفر و حەرامەوە.** سروود گۆرانییەکی خەباتگێڕانەیە، هانمان دەدات نیشتمانی خۆمان خۆش بوێت و لە پێناویدا سڵ لە ماندووبوون و قوربانیدان نەکەینەوە، وەلێ جێگەی داخە کتێبی سروودی نیشتمانی،

هێندە کەموکووڕی و خەوشی تێدایە و بە جۆرێک پەیامە جوان و پیرۆزەکەی سرووودی شێواندووە، شیاوی ئەوەیە کۆ بکرێتەوە و بسووتێنرێت.

٢٠٠٧/١١/١٧

---

* سرووودی نیشتمانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٧

٢

هونەرمەند **خالید سەرکار** کۆمەڵێک سرووودی کۆن و نوێی کۆ کردووەتەوە، نۆتەی بۆ نووسیونەتەوە و لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (سرووودی کوردی) چاپی کردوون.[١] هەرچەندە تێکستەکانی **خالید دلێر** لاوازن، کەچی ئامادەکاری کتێبەکە، بایەخێکی زۆری پێ داون.

دەبا بزانن **خائینان/** ئێمە **کوڕانی** میللەتین.

**پیاوەتی** و ئازایەتی/ کە خوو و ڕەوشتی ئێمەیە. سرووودی ڕۆڵەی کورد، ل١١٩

(خائین) وشەیەکی هێندە زەق و دزێوە، ئەگەر بیکەیت بە کوردییش، کە دەبێتە ناپاک، هەر بۆ سرووود دەست نادات. ئەو (کوڕان) و (پیاوەتی)یەش کارێکیان کردووە، وا هەست بکەین، گۆڕەپانی خەبات، لە لایەن کوڕان و پیاوانەوە قۆرخ کراوە و کیژان و ژنان بۆیان نییە توخنی بکەون.

خالید دلێر دەڵێت:

لەگەڵ نەورۆزا دەرکەوت نیشانە،

**بە ڕیسوابوونی ئەو خائینانە،**



بە پێچەوانەی ئارەزووی دوژمن،

**میللەت بە جارێ لە تێکۆشانە**. سرووودی سالێکی تریش وا داهاتەوە، ل١١٥

کێشەکە تەنیا ئەوە نییە کە هێندە زوو زوو خائین دەخاتە ڕستەوە، ئەوەشە کە ئەگەر میللەت هەمووی بە جارێ خەریکی تێکۆشان بێت، کەواتە کەس ناپاک نییە، تا ڕیسوا ببێت.

**گۆران** کە دەقە نەمرەکانی بوونەتە هەوێنی لەدایکبوونی گەلێک سررودی جوان، دەڵێت:

لوتکەی بەرزی گەردنکەشت،

نزاری **سپی**ی بەر خۆری **ڕەش**ت. سرووودی کوردستان، ل١٤٥

نزار، ئەو شوێنە نسێ یان نسرمەی چیایە کە هەتاوی تێ ناکەوێت، ئەو جێیەش کە خۆری تێ نەکەوێت، چونکە هەمیشە سێبەرە، بۆیە نەک هەر سپی نییە، بەڵکوو دەشێت، ڕەشیش بێت. (خۆر)یش کە ڕووناکە و دنیا سپی و ڕۆشن دەکاتەوە، بۆیە بە دروستی نازانم، ئاوەڵناوی (ڕەش) بخەینە دووی. نزاری سپی و خۆری ڕەش، بەڵگەن بۆ ئەوەی، لەو دێڕە شیعرەدا، توانای دەربڕین بە هانای (گۆران)ی مامۆستای گوتنەوە نەهاتووە.

**کەریم شارەزا** دەڵێت:

شادم بە هاژەی ڕووباری بەفرین،

**سوور**م بە شڵپەی شەپۆلی **زیوین**. سرووودی نەورۆزە مەستم، ل١٣٧

چونکە زیوین بە مانای سپی دێت، دەبوو بڵێت: سپیم نەک سوورم. هەڵەیەکی دیکەی ئەو نیوەدێڕە ئەوەیە، ئێمە بە شڵپە کە دەنگی شەپۆلە، سپی نابێن، بە خودی شەپۆلەکە سپی دەبین.

شێخ سەلام دەڵێت:

**خاک و خۆڵ و گڵ** و گیا

**ڕەنگاوڕەنگی کەژی سیا.** سروودی هەستە لە خەو، ل٧٩

ئایا خاک و خۆڵ و گڵ، هەر سێکیان هەمان شت نین؟ ئایا کەژێک چۆن بۆی دەکرێت، هاوزەمان سیا و ڕەنگاوڕەنگیش بێت؟

سروودێک هەیە بە (کوردستان جێگەی بەچکەشێرانە،) ناوی ڕۆییشتووە، **هاوار** تێکستەکەی نووسیوە و تێیدا دەڵێت:

پڕ لە شاخ و کێو، چیا و ڕووبارە ...

چوار وەرزی لە لا، هەر وەک بەهارە. ل١٠٥

ئایا (شاخ و کێو و چیا) هەر سێکیان هەر هەمان شت نین؟ چونکە هەر وەرزە و جوانیی خۆی هەیە، ئەوە ستایشکردنی کوردستان نییە کە بڵێین، سێ وەرزەکەی تریشی هەر لە بەهار دەچن.

خوایە بیهێڵی بۆمان تا مردن ...

بە خۆشی بژین، وەک شێری مەزن. ل١٠٥

چونکە شێر گیاندارێکی دڕندەیە نەک دلۆڤان، چونکە شێر حەیوانە و ئێمە ئینسانین، پێم وایە ئەوە ڕێز لە کورد گرتن نییە، ئەگەر بە (شێر)ی بچوێنین. ئەوەی کە ئێمە بەچکەشێر یان شێری تەواوین، لە زۆر سروودا هەیە،[٢] بریا ئەو سروودانە، یان لای کەم ئەو دێڕانەی کورد بە شێر دەشوبهێنن، فەرامۆش دەکران.

سڵاوی گەرمی دڵی پڕ هۆمێدی مەت پێشکەش

**پڵنگی هەرد**ی وڵات، ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە. تێکستی چاوە و ڕێبوار، ل٨٥



پێشمەرگە دڕندە نییە، ئینسانە، نە پڵنگی هەردە، نە هی باخچەی ئاژەڵان.

هەر کەس نەیدیبێ خاکی کوردستان ...

نازانێ بۆچی هاتۆتە جیهان!

بە گوێرەی ئەم لۆگیکە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی جیهان، کوردستانیان نەدیوە و ئەگەری ئەوەش لە ئارادا نییە کە لە داهاتوودا بیبینن، کەواتە هێندە نەفامن، نازانن بۆچی هاتوونە دنیاوە.

(پەلامار ئەدەین ... ئەڕۆین بۆ کوشتن. کامەران موکری، سروودی بە هێزی مێشک و بازوو، ل٩٧)

(خوێن ئەڕێژین، لەش ئەنێژین. کامیل ژیر، سروودی ئێمە ڕۆڵەی.. ل٦١)

لەبری ئەو کوشتن و خوێنڕشتن و لەشناشتنە، منداڵ فێری سروودی ئاشتیخوازانە بکەین، باشتر نییە؟ لایەنی لاوازی هونەرمەندانی کورد، ئیدی سترانبێژ بن، یان ئاوازدانەر، ئەوەیە شیعرناس نین، ئەگەر نا ئاوازیان بۆ میعر دانەدەنا، ئەگەرنا میعریان نەدەچڕی.

٢٠٠٨/٤/١٨

(١) خالید سەرکار، سروودی کوردی، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتووتی کەلەپووری کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ٢٠٠٧ هەولێر.

(٢) بۆ نموونە: ئەجدادمان شێری زەمان. زێوەر

ئەی دلێران، بێچووەشێران. بێکەس

کوردستانم جێی شێرانە. ع. ع. شەونم

# ڕێنووس و شتی دیکە

(رێنوینی رۆژنامەوانیی بێلایەن،) کە **دیبۆرا پۆتەر** نووسیویەتی و **عەبدولڕەزاق عەلی** لە عەرەبییەوە، **جوان کردوویە بە کوردی** و تازەکی دەزگای **ئاراس** بڵاوی کردووەتەوە، سێیەم کتێبە لەم هەفتەیەدا هەم دەیخوێنمەوە و هەم لەسەریشی دەنووسم.(*) ئەرێ ئەوانەی هەفتەی سێ (باس) دەنووسن، وەڵێ وەک بە نووسینیانەوە زەق زەق دیارە، ساڵی سێ کتێب ناخوێننەوە، چالاکن یان ڕووقایم؟ جیاوازیی نووسەری ڕاستەقینە و ئەوانە ئەوەیە، ئەوان بە هەڵە ڕێیان کەوتووەتە وڵاتی نووسینەوە و نووسەری ڕاستەقینەش خوێندنەوەی کتێب خولیا و پیشەیەتی.

(رێنوینی رۆژنامەوانیی بێلایەن،) کتێبێکە نەک هەر شیاوی ئەوەیە، بەڵکوو پێویستە (ڕۆژنامەوان)ی کورد بیخوێنێتەوە، ئاخر بەدەگمەن ڕۆژنامەوانێک شک دەبەین، شارەزای ئەلفوبێی پیشەی ڕۆژنامەوانی بێت. هەقە ئەوەش بڵێم، هەم چێژم لە خوێندنەوەی ئەو کتێبە کە جێی خۆیەتی بخرێتە پرۆگرامی خوێندنی کۆلێژی ڕاگەیاندنەوە، وەرگرت و هەم سوودیشی پێ بەخشیم.

لایەنێکی باشی ئەو کتێبە ئەوەیە، (نموونەیە بۆ ڕێنووسی یەکگرتوو،) یان ڕاستتر نموونەیە بۆ ئەو ڕێنووسەی دەزگای ئاراس پێڕەوی دەکات و لە هەموو ئەو ڕێنووسانەی دیکە دروستترە کە لە دەزگا، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دیکەی باشووری کوردستاندا ڕەچاو



دەکرێن. **بێجگە لە دەزگای ئاراس، ئەگەر نەڵێم هەموو، ئەوا زۆربەی هەرە زۆری بڵاوکراوە و دەزگا کولتوورییەکانی دیکە، نە هیچ ڕێنووسێکی دیاریکراو لەبەرچاو دەگرن، نە شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە ڕێنووسدا هەیە، بۆیە هیچ بێوێژدانی نییە، ئەگەر بڵێم لەخۆڕا دەنووسن.** بۆ ئەوەی لە ڕێنووسدا بە هەڵەدا نەچین، پێویستە شارەزای ڕێزمان بین، جێی داخە نەک ڕۆژنامەوانی ئاسایی، سەرنووسەرەکانیشمان، تاک و تەرایان نەبێت، نە سەرەواوێکیان دەربارەی ڕێنووس لە هەناودایە، نە دەزانن ڕێزمان بەری چ دارێکە.

لە (هاوڵاتی)دا کە بەربڵاوترین (ڕۆژنامە)ی کوردییە، شتێک نییە ناوی ڕێنووس بێت! مەریوان وریا قانیع کە ناسراوترین، بنووسی هەفتەنامەی (ئاوێنە)یە، نەک هەر سەری لە ڕێنووسی یەکگرتوو دەرناچێت، بەڵکوو هێشتا ملی بۆ ئەوە نەداوە کە (ڕستە لە وشە پێک دێت، پەرەگراف لە ڕستە و ستوونیش لە پەرەگراف،) ئەوە بۆیە خوێنەر زەندەقی لە ستوونە پان و درێژەکانی دەچێت کە هەمیشە هەر تاقە یەک پەرەگرافن! (کوردستانی نوێ) لە بواری ڕێنووسدا، بێمشوورترین ڕۆژنامەیە.

لە ناونیشانی کتێبەکەدا کە دەزگای ئاراس لێی بەرپرسە نەک وەرگێڕ، (رێنوینی رۆژنامەوانیی بێلایەن،) دوو حەرفی (ڕ) هەیە، کەچی هەردووکیان بە (ر) نووسراون. تێزێکی دێرین هەیە، دەڵێت: هەر وشەیەکی کوردی بە (ڕ) دەستی پێ کرد، (ڕێ)یەکی قەڵەوە، بۆیە ئەگەر (ڕ) کەوتە سەرەتای وشەوە، پێویست بەوە ناکات، حەوتەکە لە ژێریدا دابنێین. **تەواو وەک چۆن (س) و (ش) دوو حەرفی جیاوازن، (ر) و (ڕ)یش دوو حەرفی جیاواز، دوو دەنگی جیاواز، دوو فۆنیمی**

**جیاوازن و بە دوو شێوەی جیاواز دەگوترێن و دەنووسرێن،** بۆیە ئەو تێزە هەر کەس خاوەنی بێت، بە دروست نازانم و نووسینی (ڕ) بە (ر) تەنیا لە سۆنگەی ئەوەوە کە دەکەوێتە سەرەتای وشەوە، یەکێکە لە هەڵە باوەکان و دەبێت ڕاست بکرێتەوە.

ڕێنووس و ڕێزمانی ئەو (دەسپێک)ەی (دەستپێک، ڕاستە) بەرپرسی دەزگای ئاراس، **بەدران ئەحمەد حەبیب**، بۆ کتێبەکەی نووسیوە، هەندێک مشتومڕ هەڵدەگرێت، چونکە ئەو یەکێکە لەو نووسەرە دەگمەنانەی هاوزەمان زمانزانە و زمانناسیشە، چونکە لە بواری (**فەرهەنگی زاراوە**) و (**ڕێنووسی یەکگرتوو**)دا جێدەستی دیارە، بۆیە سەرنجەکانم بروسکەیی دەبن.

* ئەمڕۆ لە سەرتاسەری **دنیا**. دەبوو بنووسێت (دنیادا.)
* لەسەر بناخەی ئەم پرەنسیپە**دا**، ئە (دا)یە زێدەیە.
* دەستپێکنووس دەڵێت: ئەوا (**بەدڵنیایی**) دەتوانن، پەرە بە کاری ڕۆژنامەوانیی ئازاد بدەن.

(١) بە دڵنیاییەوە ڕاستە.

(٢) (بە) (دڵنیاییەوە،) دوو وشەیە نەک یەکێک.

(٣) **(بە) تەنیا کاتێک دەچێتە سەر وشەکەی پێش خۆی، کە هەردووکیان پێکەوە، وشەیەک، بۆ نموونە ئاوەڵناوێک پێک بهێنن، وەک: بەپیت و بەئەمەک، ئەم ڕێسایە، بۆ (بێ)یش هەر دروستە، وەک: بێهێز و بێدەنگ.** ئازاد بڕوای بە هێزی لۆگیک هەیە. لێرەدا (بە هێز) بە جیا دەنووسرێت. هەڵوێستی ئازاد بەهێز دیارە. لێرەدا (بەهێز) پێکەوە دەنووسرێت. باوکی دالیا نووسەرێکی بەناوبانگە. لێرەدا (بەناوبانگ) پێکەوە دەنووسرێت. بە ناوبانگی



باوکتەوە مەنازە! لێرەدا بە ناوبانگ بە جیا دەنووسرێت. بۆچی یەکەم جار پێکەوە دەنووسرێت و جاری دووەم بە جیا؟ چونکە (بەناوبانگ) ئاوەڵناوە، وەلێ (ناوبانگ) ناوە و (بە)یش ئامرازە. (**بە**قەڵەم دەنووسم) و (**بۆ** ڕۆژنامەی دەنێرم.) (بە) و ( بۆ) هەردووکیان هەمان ئامرازن، ئەوی بە ئینگلیزی preposition ی پێ دەگوترێت، بە گوێرەی کام ڕێسا (بە) دەنووسێنین بە وشەکەی پێش خۆیەوە و (بۆ) بە جیا دەنووسین؟

* لەو دەستپێکەدا (بێ گومان) کە دەبوو بە جیا بنووسرێت، پێکەوە نووسراوە. ئەوە (بەدگومان)ە کە پێکەوە دەنووسرێت، چونکە هاوزەمان ناوی بکەرە و ئاوەڵناویش، کەچی (کەشوهەوا) کە پێکەوە دەنووسرێت، بە جیا نووسراوە. **نابێت نووسەر لە هەمان نووسیندا، جارێک کرداری ڕانەبوردوو بە (ت) کۆتایی پێ بهێنێت و جارێک بەبێ ت.** کە لە سەرەتاوە نووسیت، ڕوو دەدات، ئیدی دەبێت، بنووسیت: دەڕوات، دەخوات و دەشوات، نەک دەڕوا، دەخوا و دەشوا. دەستپێکنووس ئەو ڕێسایەشی ڕەچاو نەکردووە. ئایا دەزگای ئاراس بە گوێرەی کامە ڕێسا، (ئەوکاتە) پێکەوە و ( ئەو ڕۆژە) بە جیا دەنووسێت؟ ل٨٠

ڕاستکردنەوەی بەشێک لە هەڵەکانی کتێبەکە:

| هەڵە | ڕاست |
|---|---|
| بڵاوبووەتەوە ل٣٦ | بڵاو/ بووەتەوە |
| سیستەمە دیموکراسییەکان ل٨ | سیستەمە دیموکراتەکان |
| وۆرک/ شۆپ ل٩ | ۆرکشۆپ |

| | |
|---|---|
| لەبن نەهاتوو ل١٠٠ | لەبننەهاتوو |
| باڵەفڕ ل١١ | باڵافڕ |
| سرووشت ل١١ | سروشت |
| لە ڕاستیدا ل١٣ | ڕاستییەکەی |
| دان ل١٧ | ددان |
| چەندین ل٢٢ | چەندان |
| واشنتۆن ل٢٠ | واشینگتۆن |
| گوزارشت ل٢٠ | گوزارش |
| پابەند ل٢٤ | پێبەند |
| پەیڕەو ل٣٢ | پێڕەو |
| دیپلۆماسی ل٣٦ | دیپلۆمات |
| پاپا یۆحنا ل٣٦ | پاپا یۆهەننا |
| کەڕ ل٧٩ | نابیست |
| نوێکانی ل٨٥ | نوێیەکانی |
| پاداشت یان سزا بدات. ل١٠١ | پاداشت بکات یان سزا بدات. |
| بانگەشە (دیعایە) ل١٠١ | بانگەشە (ئیدیعاء) |
| هاتووەتە ئارا ل٣٧ ، ل١٠٣ | هاتووەتە ئاراوە |
| کرێدەست ل١٠٤ | هەقدەست |
| ڕەفتار ل١٠٨ | ڕەوتار |
| خۆهەڵقورتاندن ل١١٠ | خۆ تێ هەڵقورتاندن |

لە زمانی کوردیدا کار لە کۆتایی ڕستەوەیە، بە درێژایی کتێبەکە گەلێک جار کردار لە جێی دروستی خۆیدا نییە. وەک: **پێوەستە** بە دوور و نزیکیی شوێنی **ڕووداوەکە**. ل١٥ کە دەبوو بڵێت: بە دوور و



نزیکیی شوێنی ڕووداوەکەوە پێوەستە. ئەگەر **بکەر** کۆ بوو، دەبێت **کار**یش کۆ بێت. (ئەو زانیارییانە بەرچاوی ڕۆژنامەنووس ڕوون **دەکاتەوە**. ل٤٩ (دەکەنەوە) ڕاستە. لە کتێبەکەدا هەڵەی لەم جۆرە، زۆرە. (پەیڕەوکردنی ڕۆژنامەوانییەکی **مەردانە**. ل١٠٠) مەردانە بە مانای پیاوانە و نێرانە دێت، ئایا ژنەنووسەرێکی ئەمریکایی شتی وا دەڵێت؟ (ئایا ڕووداوەکە نوێیە **یان** ئێستا زانیارییەکان **گەیشتووە**؟) (یان) و (گەیشتووە) لەوێدا هەڵەن. دەبوو بڵێت: (ئایا ڕووداوەکە نوێیە و ئێستا زانیارییەکان گەییشتوون؟) کتێبەکە بە ئینگلیزی نووسراوە، وەرگێڕ لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی، کەچی ناوی وەرگێڕی عەرەبیی فەرامۆش کراوە! لە دووماهیدا ماوەتەوە بڵێم، **خۆم بە مامۆستای زمان نازانم و گەلێک جار هەڵە دەکەم، بۆیە هەر یەکێک لە بۆچوونەکانم بگریت، جێی مشتومڕە** و مەبەستمە لە یەکدییەوە فێر ببین و خوێنەران و نووسەرانی تریش سوودمەند بن.

٢٠٠٧/١١/٣٠

(*) دوو کتێبەکەی دیکە، ڕۆمانی (شیکاگۆ)ی عەلاء ئەسوانی و (دەربارەی شیعری جاهیلی)ی تەها حسێن بوون.

## هەڕەشەیەکی سامناک

**ئۆقیانووسێک لە تاوان**، کتێبێکی قەوارەگەورەی فۆنتزلە، **خەندان محەممەد جەزا سەرپاچ** نووسیویەتی و بەڕێوەبەریەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، بە شێوەیەکی هێندە ناشیرین چاپی کردووە،[١] پێ دەچێت کەسێک نەبێت لەو بەڕێوەبەرێتییە سەرەواوێکی سەبارەت بە چاپکردنی کتێب لە هەناودا بێت! ئیشی هەرە باشی ئەو دەزگایە لەوانەیە هەر ئەوەبێت، لۆگۆی خۆی لەو کتێبە ناشیرین و لاوازانە کە بڵاویان دەکاتەوە، دەدات، ئەمەیش کارئاسانییەکی چاکە بۆ خوێنەر و شیاوی دەستخۆشی لێ کردنە، ئاخر خوێنەر هەر کە ئەو لۆگۆیەی بینی، پشت دەکاتە کتێبەکە، بێ ئەوەی پێویستی بەوەبێت، نەختێک لە وەختی زێڕینی خۆی، بە هەڵدانەوەی هەندێک لە پەڕەکانییەوە، بەفیڕۆ بدات.

ئەگەر هەزار دانەیەک لە کتێبەکەی خەندان محەممەد جەزا فرۆشرابێت، هی ئەوەیە، بۆ یەکەمین جارە کتێبێک، سێکسفرۆش، دەڵاڵ و سێکسکڕی کورد بدوێنێت. هەوڵی ئەو خانمە، بۆیە جێی ڕێز و مایەی پێزانینە، چونکە بە هۆی ئەو تابووشکاندنەوە، دەستی خستووەتە سەر برینێکی قووڵ کە جەستەی کۆمەڵگەی ئێمەی بنکۆڵ کردووە. ئەو بەو کتێبەی ڕووناکی دەخاتە سەر کێشەیەک، ئەگەر دەسەڵاتدارانی کورد بەرەو ڕووی نەبنەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ،



کۆمەڵگەی کوردی کرمەڕێزتر دەکات. **ئەو لەشفرۆشییە بەرفراوانەی لە کوردستاندا هەیە، ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت، چونکە ڕێ بۆ سیخوڕیکردن تەخت دەکات، ئایدز بڵاو دەکاتەوە، ڕێخۆشکەرە بۆ تەشەنەکردنی گەندەڵی و گەرمکردنی بازاڕی تلیاک، بۆیە دەبێتە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەی سامناک و دەست لە بینی ئاسایشی نەتەوەییمان گیر دەکات.**

پێش خوێندنەوەی ئەو کتێبە، کە وەزارەتی وەرزش و لاوان لە ٢٠٠٧/ ١١/٢٥دا خەلاتی ژنپارێزی پێ بەخشی، نەمدەزانی بازرگانیکردن بە سێکسەوە، بەو شێوە ترسناک و بەربڵاوە کوردستانی گرتووەتەوە، نەمدەزانی زیندان کە گوایە بە مەبەستی چاکسازی ئاوەدان کراوەتەوە، لەبارترین ژینگەیە بۆ تەشەنەکردنی بازرگانیی سێکس، ئاخر دەسەڵاتی کوردی، سێکسفرۆش، دەڵاڵ و ژنانی بە تاوانی دیکە گیراو، لە هەمان زینداندا بەند دەکات! بە هۆی ئەو کتێبەوە دەزانین: **بەشێک لەو ئارایشگە زۆروزەبەندانەی لە شارەکانی کوردستاندا هەن، شوێنی چالاکیی دەڵاڵ و بنکەی برەوپێدانی دیاردەی لەشفرۆشین.** جێی سەرنجە ئەرکی یەکەمی بەشێک لەو ئارایشگەیانە، جوانکردنی سیمای ژن نییە، بەڵکوو وێرانکردنی دەروونی ئافرەت و کاولکردنی کۆمەڵگەیە. بە هۆی ئەو ئارایشگە گومانلێکراوانەوە، بۆمان دەردەکەوێت، **بەرانبەر بە ژن، هەندێک جار ژن توندوتیژترە لە پیاو.**

بە هۆی ئەو کتێبەوە دەزانین:

* **بەشێک لە شۆفێرانی تاکسی و هەندێک لەوانەشی شتومەکی ئارایشتکردنی ژنان دەفرۆش، ڕۆڵێکی گرنگ لە گەرمکردنی بازاڕی لەشفرۆشیدا دەبینن.**

* **بازاڕی بازرگانیکردن بە سێکسەوە، لە سلێمانی گەرمترە وەک لە هەولێر و بەشێکی زۆر لە سێکسکڕانی سلێمانی، عەودالّی (سێکسی پاشەڵ)ن کە کتێبەکە (سێکسی نادروست)ی پێ دەڵێت.**
* **بەشێک لەو ژنانەی سێکس دەفرۆشن، لە پێناوی دابینکردنی بژێویدا، ئەو کارە ناکەن، بەڵکوو بۆ کڕینی زێڕ و شتومەکی گرانبەهای دیکە، هانا بۆ ئەو ئیشە دەبەن.**

یەکێک لە خەوشەکانی کتێبەکە ئەوەیە، نووسەرەکەی بە شێوەیەکی درێژ و بێزارکەر، باس لە مێتودی کارەکەی دەکات. خوێنەر تامەزرۆی ئەوەیە، چی زووترە نووسەر دەست بە گێڕانەوەی باسەکەی بکات، نەک زوو زوو، باس لەوە بکات، چۆن باسەکەی نووسیوە و ئامانجی چییە. خوێنەری وریا دوای خوێندنەوەی کتێبەکە، تێدەگات نووسەر کام مێتۆدی ڕەچاو کردووە، بۆیە نووسەری وریا، ئەو ئەرکە بە خوێنەر دەسپێرێت. نزیکەی هەشتا لاپەڕەی سەرەتای کتێبەکە شیاوی خوێندنەوە نییە، باسێکی هەژاری مێژووی لەشفرۆشییە، بە کوردییەکی ڕووت و ڕەجاڵ. بەو هەشتا لاپەڕەیەوە گەش گەش دیارە، نووسەر نە توانای سوودوەرگرتنی لە سەرچاوەکان هەبووە،(٢) نە لە شیکردنەوەکانیدا سەرکەوتوو بووە.

حاڵەتێک هەیە پێی دەڵێن: ئەلێکسیتایما، بریتییە لەوەی توانای ئەوەمان نەبێت، هەستی خۆمان دەربڕین، جێی داخە، هەر لە دە کەس لە ئێمە، یەکێکمان، ئیدی لەبەر هۆکارگەلی بۆ ماوەیی بێت یان ژینگەیی، دووچاری ئەو حاڵەتە دەبین. ئەلێکسیتایما نەخۆشی نییە، بەڵام ئەوەی کە لە تواناماندا نەبێت، بیروڕای خۆمان بە وشە بەرجەستە بکەین و دەست بدەینە کتێبنووسین، وەک نەخۆشی وایە.



کە ئۆقیانووسێک لە تاوان دەخوێنینەوە، هەست دەکەین، ئەوانەی دیمانەیان لەگەڵ ساز کراوە، لە نووسەری کتێبەکە ڕوونتر، هەست و بیری خۆیان دەربڕیوە.

پرسیار هێندە گرنگە، دەتوانین هەموو فەلسەفە لە پرسیاردا کۆ بکەینەوە، ئاخر ئەوە تەنیا پرسیارە، کە دەبێتە هەوێنی بیرکردنەوە و ڕامان. زەقترین نیشانە بۆ نزیکبوونەوە لە فەلسەفە، ئەوەیە فێری هونەری وروژاندنی پرسیار ببین. (ئەگەر کاری زانست، دەستنیشانکردنی وەڵام بێت، ئەوا ئیشی فەلسەفە پرسیارکردنە.)[٣] کە پرسیار هێندە بایەخدار بێت، پێش ئەوەی دەست بدەینە نووسین، پێویستە خۆمان فێری هونەری وروژاندنی پرسیار بکەین. ئەوە پرسیارە نەک وەڵام کە ئاستی ڕۆشنبیریی هەر یەکێک لە ئێمە دەستنیشان دەکات، بۆیە دەبێت لە دوای وروژاندنی هەر پرسیارێکەوە، مەبەستێک هەبێت.

**پیاو بۆ ئەوەی چێژی پێ بگات، سێکس دەکڕێت، سێکسفرۆش عەودالّی چێژ نییە، لە پێناوی پارەدا سێکس دەفرۆشێت.**

نە پیاو سەروەختی سێکسکڕین، بیر لەوە دەکاتەوە، چێژ بە سێکسفرۆش بگات، نە سێکسفرۆشیش، بیری لای چێژوەرگرتنە. پیاوی ڕۆژهەڵاتی، تەنانەت کە لەگەڵ ژنی خۆیشیدا سێکس دەکات، هەر خەمی خۆیەتی، کەچی نووسەر پێی سەیرە، سێکسکڕان مەبەستیان نییە، سێکسفرۆشیش بگاتە دوندی چێژ! ل٣٥٢ ، ل٣٨٠ و ل٣٩٠ (حەز ئەکەی ئەویش چێژی تەواو لە سێکسەکە وەربگرێت؟) تەنانەت توێژەرەوە، ئەو پرسیارە لاوازەیش ئاڕاستەی یەکێک لە سێکسکڕەکان دەکات.)

که وتوویژ لەگەڵ شێوەکارێکدا دەکەین، ئەوە نیشانەی لێزانینە، ئەگەر لێی بپرسین: کام ڕەنگت بە لاوە گرنگە؟ یان: ئەوە کام ڕەنگە کە زۆرترین پانتایی لە کارەکانتدا داگیر کردووە؟ وەلێ ئەوە نیشانەی لێنەزانینە، ئەگەر لە سێکسفرۆشێک بپرسین؟ حەزت لە کام ڕەنگە؟ وەک نووسەر کە نەک هەر لەسێکسفرۆش، تەنانەت لە دەلاڵ و سێکسکڕیشی دەپرسێت! (باشە ئەگەر ژنەکەی خۆت وا بکات، ڕازی دەبیت؟ ل٣٥٩) ئەمەیش یەکێکە لەو پرسیارە زێدە لاوازانەی، توێژەرەوە لە یەکێک لە سێکسکڕەکانی دەکات، ئاخر **یەکسانی ئەوە نییە، ژنیش وەک پیاوەکەی، سێکس بکرێت، یەکسانی ئەوەیە، هیچیان نەیکڕن**، ئەمە وێڕای ئەوەی کەس نییە نەزانێت، وەڵامی ئەو پرسیارە، هەمیشە نەخێرە.

خەندان سەرپاچ، بە درێژایی کتێبەکەی، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئەو توندوتیژییەی بەرەو ڕووی ژن دەبێتەوە، زادەی کولتووری پیاوسالارییە، کەچی دەنووسێت: (**ژنی پاکیزە و بە حەیا و حورمەت، ژنێکە زووی شووی کردبێت.** ل٤٢) یان دەڵێت: (لەشفرۆش بەها و کەرامەتی مرۆیی خۆی لە پێناوی دەستکەوتی ماددیدا، دەفرۆشێت. ل٧٢) ئەوەی ژن لە ناچارییەوە دەیفرۆشێت، سێکسە نەک بەها و شکۆمەندیی خۆی. نووسەر چاکی کردووە کە هەوڵی داوە، ئەوانەی لە کتێبەکەدا باس دەکرێن، نەناسرێنەوە و سووکایەتیش بە هیچ گرووپ و توێژێک نەکرێت، وەلێ ئەو ڕێسایەی دەرباری کەسانێک کە بە (دۆم) ناسراون، ڕەچاو نەکردووە و ڕاستەوخۆ سووکایەتیی پێ کردوون. ل٢٧١

توێژەرەوەی لێزان، لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەو زانیارییانەدا کە بە



دەستیان دەهێنێت، بیروڕای خۆی دەردەبڕێت و دەگاتە سەرئەنجامێک، وەلێ نووسەری کتێبی ئۆقیانووسێک لە تاوان، ئەو ڕێسایەی ڕەچاو نەکردووە، بەڵکوو هاتووە، زوو زوو لە لاکێشەدا، هەر لە تەنیشت ئەو چاوپێکەوتنانەوە کە لەگەڵ سێکسفرۆش، دەلاڵ و سێکسکڕاندا سازی کردوون، هەندێک کۆمێنتاری نووسیوە کە وێڕای ئەوەی لاوازن و زادەی درشبینین، سەر لە خوێنەریش تێک دەدەن، ئاخر زنجیرەی بیری دەپسێنن و لێی ناگەڕێن، خۆی لە ڕێی پرسیار و وەڵامەکانەوە لە دیاردەکە تێبگات.

نووسەر دەڵێت: (لەشفرۆش ناچار دەکرێت سێکس بکات. ل٣٧٣) لەشفرۆش سێکس ناکات، دەیفرۆشێت. ئەمە وێڕای ئەوەی مەرج نییە هەمیشە ناچار بکرێت. یان دەڵێت: (هەموو ئەوانەی کاری لەشفرۆشی دەکەن، ڕۆژانە ئیغتیساب دەکرێن. ل٣٧٢) ئەو بۆچوونە زادەی تێنەگەییشتنە لە جیاوازییەکانی نێوان سێکسکڕین و ئەتککردن، کە یەکەمیان لە زۆر وڵات ئازادە و دووەمیان لە هەموو دنیادا، تاوانێکی گەورەیە و سزایەکی سەختی لەسەرە. یان دەنووسێت: (کڕیارانی سێکس، **هەموویان** کەسانی نادروستن. ل٣٨٤ و ل٣٨٥) **من ئەگەرچی سێکسفرۆش بە قوربانی دەزانم و پێم وایە سێکسکڕین دەکەوێتە خانەی نواندنی توندوتیژییەوە دژی ژنان، وەلێ سێکسکڕان بە شێوەیەکی گشتی، بە کەسانی ئاسایی دەزانم، نەک (شاز) وەک نووسەر بۆی چووە.** وەکوو بە توێژینەوەکەی خودی نووسەریشەوە دیارە، جێی داخە و لوتکەی کارەسات، بازاڕی سێکسفرۆشی هێندە گەرمە، خوێنەر ناهەقی نییە، ئەگەر بڵێت، ئەوی سێکس نەکڕێت، کەسێکی نائاساییە.

**بڕۆی ژنەکەی لە گسک دەچوو**. ل٢٦٧ **قژی وەک پووشی مەبەڕیدە بوو**. ل٣٢٠ ئەو دوو ڕستەیە کە قسەی سەر زاری دوو دەلاڵن، چونکە لە ڕستەی شیعری دەچن، لە کن من، سەرنجڕاکێشترین دوو ڕستەی کتێبە چوارسەد لاپەڕەییەکە بوون. ئەوە ئاساییە کە کوردییەکەی نووسەر هی کتێبنووسین نییە، وەلێ ئەوە نائاساییە کە سەلیقەی ئەوەی نەبووە، داوا لە کوردیزانێک بکات، بە زمانی کتێبەکەیدا بچێتەوە. وێڕای زمانە لاوازەکەی، شتێک هەیە، پێی دەڵێن خاڵبەندی، پێ دەچێت نووسەر، ئەو شتەی نەبیستبێت، ئاخر بە درێژایی کتێبەکە، ڕەچاوی نەکردووە.

(لە وڵاتی **سۆمەر**دا، سەرەتا باوکان بە شانازییەوە، کچەکانیان پێشکەش بە **قەشە**کان کردووە. ل٣٥) تۆ لەوەی گەڕێ، ڕستەکە وەها نییە، بۆم جوان کردووە،[٤] پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا قەشە هەبووە؟ ئاخر ئایینی مەسیح زۆر دواتر سەر هەڵدەدات. نووسەر لەبری هاوڕەگەزبازی، (هاوسێکسی) و لەبری ڕێنیسانس، (ڕاپەڕین)ی نووسیوە! (پەراوە و ئاستەنگ) دوو وشەن کە زۆری بەکار هێناون، بێ ئەوەی ماناکانیان بزانێت. (لە نادییە لەیلییەکاندا لەشفرۆشەکان دەناسرانەوە. ل٥٥) ئاخۆ شتی هاوبەش لە نێوان نادیی لەیلی و نووسینی کوردیدا چی بێت؟ نووسەر نازانێت کە بانگەشە، (ئیدیعا)یە نەک دیعایە، نازانێت، بانگهێشت، داوەتە نەک ڕیکلام! ل٥٩ نازانێت لۆجی کە دەبوو، لۆگی بڵێت، بە مانای زانست دێت، بۆیە دەنووسێت: زانستی سێکسۆلۆجی! ل٧٠ نووسەر پێی وایە وشەیەک لەبری **سەدمە**، لە زمانی کوردیدا نییە، ل٣٧٨ ڕاستییەکەی لەجێی سەدمە زۆر وشەمان هەیە، لەوانە: تاس،



حەپەسان و دڵداخورپان، وەلێ (گەشکە) وەک نووسەر بۆی چووە، trauma نییە، لە خۆشیدا لە هۆشخۆچوونە.

٢٠٠٨/٢/٢

---

(١) خەندان محەممەد جەزا سەرپاچ، ئۆقیانووسێک لە تاوان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، زنجیرە: ٥١٥ چاپخانەی کارۆ، چاپی دووەم ٢٠٠٧ سلێمانی.

(٢) بۆ نموونە، پشتی بە ئامارگەلی کۆن بەستووە، کتێبەکە ٢٠٠٧ دەرچووە، ئامارەکان هی ١٩٨٨ن. ل٦٠

(٣) سؤال الفلسفة، إيلاف ٢٠٠٨/١/٢٥

(٤) کەڵکم لە هەر ڕستەیەکی نووسەر وەرگرتبێت، کوردییەکەیم بۆ ڕاست کردووەتەوە.

## ژن و سەیارە

مەلایەکی ئەم وڵاتە گوتوویەتی: (**ژنیش وەک سەیارە، دوو جۆرە، ژن هەیە تاکسییە، هەموو کەس سواری دەبێت، ژن هەیە تایبەتییە، تەنیا مێردەکەی سواری دەبێت.**) لە ڕوانگەی ئەو مەلایەوە، ژنی تایبەتی کە تەنیا مێردەکەی سواری دەبێت، ژنێکی بەڕێزە. مەلای ناونەبراو، وەک هەر نێرسالارێک، بێ ئاگا، یان بە هۆشیارییەوە، سووکایەتیی بەو ژنە کردووە، کە گوایە لە کن وی، ژنێکی بەڕێزە. لێکچوواندنی ژن کە ئینسانە، بە شتومەک، ئیدی ئەو شتە با گرانبەهاترین سەیارەیش بێت، نزم سەرنجدانی ژنە، ئاخر ئەوە ژن بە موڵکی پیاو زانینە، لە کاتێکدا ژن موڵکی پیاو نییە، هاوژین، هاوڕێ، هاوتا و هاوسەریەتی. بەکارهێنانی (سواربوون،) لەبری جووتبوون، ئەوەیش لوتکەی سووکایەتیی بە ژن کردنە، ئاخر سواربوون، بۆ وڵاخ دەست دەدات، خۆ ژن وڵاخ نییە، تا پیاو سواری ببێت! ئایا ئەوە کارەسات نییە، لە سەدەی بیست و یەکدا، من بێم باسی ئەوە بکەم، لە کردەی سێکسدا، چ پیاو و چ ژن، هەردووکیان بکەرن، کەسیان بەرکار نین، هەردووکیان ڕێبوارن، کەسیان قیتار نین. لێکچوواندنی ژن بە سەیارە، قسەیەکی بازاڕییە، ئەوە نییە نێرسالارە ئاستنەوییەکان، کە سێکس لەگەڵ ژنێکی سێکسفرۆشدا دەکەن، لەبری ئەوەی بڵێن، لەگەڵیدا خەوتم، دەڵێن، لێم خوڕی! لە ڕوانگەی مەلای ناونەبراوەوە، جیاوازیی سەرەکیی نێوان سەیارە و ژن ئەوەیە، سەیارەیەک ئەگەر **سفر کیلۆمەتر** بێت، بەهای



بڵندترە، لە سەیارەیەکی دیکەی هەمان مۆدێل، ئەگەر بەکار هێنرابێت. وەلێ ژن بە پێچەوانەوە، ئەگەر پیاو مارەی کردبێت و پێش ئەوەی لەگەڵیدا جووت بووبێت، لێی جیا ببێتەوە، نیوەی مارەیی دەداتێ، وەلێ ئەگەر لەگەڵیدا خەوتبێت، پێویستە هەموو مارەییەکە بدات. ئەم یاسایە گەرچی بە ڕووکەش لە قازانجی ژنە، وەلێ ڕاستییەکەی وەک شمەک سەرنجدانیەتی، ئاخر ئەو تەواوی مارەیییەی وەری دەگرێت، لەبری جووتبوونەکەیە و بە گوێرەی ئەو یاسایە، جووتبوونیش وەک هەر کالایەکی دیکە، نرخی خۆی هەیە، ئەوە بۆیە لەو جۆرە کۆمەڵگە دواکەوتووانەدا، سووک سەرنجی بێوەژن دەدرێت.

کە من تەنیا جارێک بژیم
هەم تۆم خۆش دەوێ، هەم ئەویش،
نە تیشکی خۆر دەتۆرێنم
نە تریفەی مانگەشەویش.

ئایا **عەبدوڵڵا پەشێو** لەو شیعرەیدا، بانگاشە بۆ فرەژنی دەکات؟ ئەگەر نا، ئەدی چۆن دەتوانێت، هاوزەمان دڵی تیشکی خۆر و تریفەی مانگیش ڕابگرێت؟ ئایا پێی دەکرێت وەک یەک سەرنجی هەردووکیان بدات و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نەکات و هەردووکیانی هێندەی یەک خۆش بوێت؟ ئایا دەتوانێت هاووەخت هەمان ئەوین و هەمان سۆز، بە هەردووکیان ببەخشێت؟ دەشێت بتوانێت، چی **سامان** شک دەبات، وەک یەک بە سەریاندا دابەشی بکات، وەلێ ئایا پێی دەکرێت، چی **ڤیان** شک دەبات، بە شێوەیەکی یەکسان بە هەردووکیانی ببەخشێت؟ ئایا دەتوانێت بە هەمان تامەزرۆییەوە هەردووکیان ڕابمووسێت؟ ئایا دەتوانێت بە هەمان گەرموگوڕییەوە، هەردووکیان لە ئامێز بگرێت؟

به گوێرەی ئایەتی سێی سوورەتی ژنان، (پیاو مافی ئەوەی هەیە، هاوزەمان تا چوار ژنی هەبێت، وەلێ ئەگەر ترسی ئەوەی هەبوو کە ناتوانێت بە شێوەیەکی یەکسان ڕەوتاریان لەتەکدا بکات، تەنیا ژنێکی هەبێت، باشترە.) لە ئایەتی سەد و بیستونۆی هەمان سوورەتدا هاتووە: (پیاو ئەگەر بشخوازێت، هەر ناتوانێت، بە شێوەیەکی یەکسان، مامەڵە لەگەڵ ژنەکانیدا بکات.) تا ئێرە هیچ شتێک جێی سەرنج نییە، ئەوە جێی سەرسوڕمان و تێبینییە، کە هەر بە گوێرەی ئایەتی سێی سوورەتی ژنان، پیاو مافی ئەوەی هەیە، لەگەڵ هەموو ئەو ژنانەدا جووت ببێت کە بوونەتە موڵکی خۆی، (ما ملکت أیمانکم) بە چاوپۆشین لە ژمارەی ئەو کەنیزەکانە! ئایا ملدان بەوەی پیاوی مافی ئەوەی هەیە، خاوەنی کۆمەڵێک ئافرەت بێت و کەی خواستی لەگەڵیاندا جووت ببێت، بڕوابوون نییە بە سیستەمی کۆیلایەتی کە سەدان ساڵە هەڵوەشاوەتەوە؟ گەرچی بە گوێرەی دەقی قورئان، پیاو ناتوانێت، دادپەروەرانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنەکانیدا بکات، وەلێ هەر لە سەروەختی هاتنەخوارەوەی سوورەتی ژنانەوە تا هەنووکە، موسڵمانان سڵ لە فرەژنی ناکەنەوە و بەراوەژوو سوود لەو سوورەتە وەردەگرن.

ئەندامانی ئەو لیژنە فیقهی و یاساییەی بە یاسای باری کەسیەتیدا چووبوونەوە، (بریتی بوون لە پێنج پیاو! کە چواریان لایەنگری شەریعەت بوون،) گەرچی کۆمەڵێک مەرجی سەختیان لەبەردەم هێنانی ژنی دووەمدا قوت کردبووەوە، وەلێ لە کۆنفرانسە باڵاکەدا (هەولێر، ئەنجوومەنی وەزیران، هۆڵی یەکی شوبات ۲۰۰۸/۳/ ۲۷) نە بە چاک، نە بە خراپ، هیچیان دەربارەی (ما ملکت أیمانکم) نەگوت! ئایا ئەوە پارادۆکس نییە، لیژنەیەک باس لە چارەنووسی ژن



بکات و ژنێکی تێدا نەبێت؟ ئایا ئەوە کارەسات نییە، لە کوردستانێکدا کە دوو حیزبی عەلمانی تێیدا سەروەر بن، لە سەدا هەشتای لیژنەی یاسایی، وابەستەی شەریعەت بن؟

ڕاستە بە پێی دەستووری عێراق، نابێت هیچ یاسایەک دژی حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام بێت، وەلێ بە گوێرەی هەمان دەستوور، نابێت، هیچ یاسایەکیش دژی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بێت. لە پەرلەمانی عێراقدا، بە پێچەوانەی پەرلەمانی کوردستانەوە، ئیسلامییەکان سەروەرن، نەک عەلمانییەکان، وەلێ تەنانەت بە گوێرەی دەستووری عێراقیش، دەبێت **یەکێک** لە سەرچاوەکانی تەشریع، شەریعەت بێت، کەچی ئەو لیژنەیەی بە یاسای باری کەسیەتیدا چووبووەوە، غەیری شەریعەت، پشتی بە هیچ سەرچاوەیەکی دیکە نەبەستبوو. ئایا کە بۆ دانانی یاسای باری کەسیەتی، پشت بە تاقە سەرچاوەیەک ببەستین، بڕوای بە کەنیزەک ڕاگرتن و کۆیلایەتی هەبێت، ئیدی قسەکردن دەربارەی یەکسانی، بێجگە لە گاڵتەکردن بە ئاوەزی خەڵک، چی دیکەیە؟ لیژنەیەک توند خۆی بە شەریعەتەوە گرێ دابێت، دەبێت چاوەڕێی ئەوەی لێ بکەین، سەروەختی یاسادانان، چاو نابڕێتە داهاتوویەکی گەش، لە زیندانی تاریکی دابونەریتی سەردەم بەسەرچوودا گیر دەخوات.

دوو ڕۆژ دوای کۆنفرانسەکە، یەکێک لە ئەندامانی لیژنە فیقهی و یاساییەکە، لە یەکگرتوو تیڤییەوە، بەوپەڕی ڕاستگۆیییەوە، گوتی: (لە کۆنفرانسەکەدا هەندێک دەنگی نەشاز هەبوون.) ئایا ئەوەیش هەر کارەسات نییە، ئەوی وەک خۆت بیر نەکاتەوە، لەبری ئەوەی وەک دەنگێکی **جیاواز** ڕێز لە بیر و بۆچوونی بگریت، بێیت ناتۆرەی (**دەنگی نەشاز**)ی دوا بخەیت؟ هێندەی من سەرنجم دابێت، ئەوانەی لایەنگری

شەریعەتن، ئەوەندە بڕوایان بە وتووێژ هەیە، کە ئەوی دیکە بە هەڵە دەزانن و هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە چی زووترە، پەشیمانی بکەنەوە و بیهێننەوە سەر ڕێی ڕاست.

پاساوی ئەوانەی کە لەگەڵ فرەژنیدان ئەوەیە کە لە کوردستاندا بێوەژن و (قەیرەکچ) زۆرن، وەلێ چونکە (**بەرانی پیر، هەمیشە حەزی لە گیای ناسکە**،) بۆیە ئەوی نیازی هێنانی ژنی تازەی هەبێت، تا کچێکی (**مۆدێل بەرز**) هەبێت، بیر لە هێنانی کچی بەتەمەن و بێوەژن ناکاتەوە. قوتکردنەوەی کۆمەڵێک مەرجی دژوار لە بەردەم ئەوانەدا کە نیازی فرەژنییان هەیە، بڕوابوونە بەوەی کە فرەژنی شتێکی باش نییە، کە فرەژنی شتێکی خراپە، پێویستە بە پێی یاسا قەدەغە بکرێت.

لە میراتدا بە گوێرەی شەریعەت، نێر دوو هێندەی مێی دەکەوێت. ئەگەر ئەو ڕێسایە دادپەروەرانەیە، پێویستە بێ یەک و دوو وەک یاسا ڕەچاو بکرێت، ئەگەر نا، دەبێت یاسا لە دابەشکردنی میرات و هەموو بوارێکی دیکەدا، بە شێوەیەکی یەکسان و بە هەمان چاو سەرنجی نێر و مێ بدات. ئایا کە بەشی مێ، نیو هێندەی بەشی نێر بوو، ئیدی باسکردن لە یەکسانی، ئازادی، دادپەروەری، دێموکراسی و سڤیلسالاری، تەنیا بۆ چاوبەست نییە؟

مافی ژن، بەوە دابین ناکرێت کە سووکە گۆڕانکارییەک لە شەریعەتدا بکەین، بەوە مسۆگەر دەکرێت دەسەڵات بژێوی و جێی ژیان بۆ هەموو ژنێکی جیابووەوە، تەرخان بکات. بەوە دابین دەکرێت یاسا بە هەمان چاو سەرنجی هاووڵاتییان، ئیدی نێر بن یان مێ، پیاو بن یان ژن، کچ بن یان بێوەژن بدات. کاتێک ژن سەربەست دەبێت کە لە ڕووی ئابوورییەوە وابەستەی پیاو نەبێت، کاتێک یەکسانی سەروەر دەبێت، کە ژن، نە بۆ نیشتەجێبوون و نە بۆ دابینکردنی بژێوی، چاوی



لە دەستی پیاو نەبێت، ئاخر ئەوی لە ڕووی ئابوورییەوە ئازاد نەبێت، لە هیچ ڕوویەکی دیکەوە ئازاد نابێت.

ئایا ئەوە یاسادانانە یان جنێو پێ دان، کە هەر ژنێک منداڵی نەبوو، پێی بڵێین: **نەزۆک**؟ (تەڵاقت دەدەم!) ئایا **تەڵاق** بەو جۆرەی ئێمە ڕاهاتووین، بیخەینە ڕستەوە، لە جنێویش ناشیرینتر نییە؟ کە (جیابوونەوە) هەبێت، ئیدی بۆچی سووکایەتی بە ژن بکرێت و وشەی دزێوی (تەڵاق) بخرێتە چوارچێوەی یاساوە؟ ئایا ئەوە لوتکەی کۆیلایەتی نییە، بە پێی یاسا، ژن ناچار بکەین، (**گوێڕایەڵ**)ی پیاو بێت؟ ئایا کە شەریعەتمان کرد بە تاقە سەرچاوەی یاسادانان، ئیدی دەتوانین لافی ئەوە لێ بدەین، کە سیستەمی فەرمانڕەوایی لە کوردستاندا عەلمانییە؟ ئایا عەلمانیبوون، غەیری جیاکردنەوەی ئایین لە یاسا و لە دەوڵەت، چی دیکەیە؟ ئایا ئەم وڵاتەی ئێمەی لێ دەژین، ناوی هەرێمی کوردستانە، یان **هەرێمی کوردستانی ئیسلامی**؟ ئایا کوردستان نیشتمانێکی بەرینە، یان مزگەوتێکی گەورە؟

لیژنە پسپۆڕە یاساییە فیقهییەکە پێی وایە، ئەگەر لە دابەشکردنی میراتدا، قایل بین بەوەی مێ هێندەی نێری بکەوێت، ئەوا وڵاتانی ئیسلامی، حوکوومەتی هەرێم بە (کوفر و زەندەقە) تۆمەتبار دەکەن!(*) ئێ خۆ سەروەختی ژارباران و ئەنفال، ڕازی بووین بەوەی نێر دوو هێندەی مێی بکەوێت، ئەدی بۆچی وڵاتێکی ئیسلامی بە هانامانەوە نەهات! ئەوە خەوش نییە، مێ هێندەی نێری بکەوێت، ئەوە شەرمەزارییە، نێر، مێ گوللەباران و تەنانەت بلۆکبارانیش بکات.

٢٠٠٨/٤/١٠

(*) ڕاسپاردەکانی لیژنەی پسپۆڕیی فیقهی یاسایی. خەبات، ل١٢ و ١٣ چاورشەممە ٢٠٠٨/٣/٢٧ هەولێر.

## زلفێڵبازان

لەگەڵ ناوهێنانی (حەریم)دا، یەکسەر خەلیفە (هاروون ئەلڕەشید)مان بیر دەکەوێتەوە کە لە سەدەی هەشتدا ژیاوە. حەریم هەم ژوورە و هەم ئەو ژنانەیش کە لەو ژوورەدا ژیان بەسەر دەبەن. حەریم هاوزەمان بە مانای حەڵاڵ و حەرامیش دێت، حەڵاڵ بۆ (خەلیفە) و حەرام بۆ غەیری وی. حەریم بە مانای حورمەتیش دێت، کە دەڵێین حەرەمی زانکۆ، ئەو حەرەمەیش هەر لە حەریمەوە هاتووە. ئەو ژنانەی لە حەریمدا دەژیان، (جاریە)یان پێ دەگوترا، جاریە هاوواتای کارەکەرە، ئەوی داوای هەر شتێکی لێ بکەیت، بە (ڕاکردن) بۆتی دەهێنێت، ئاخر جاریە لە کرداری (جری)وە هاتووە کە بە مانای ڕۆییشتن دێت و لە کوردیدا لەبری جاریە، کەنیزەک دەگوترێت. ئیشی کەنیزەک، وێڕای تێرکردنی حەزە سێکسییەکانی خەلیفە، لێدانی موزیک و گوتنی گۆرانی و کردنی سەما بوو.

بێجگە لە سوڵتان یان خەلیفە، تاقە پیاوێک کە مافی ئەوەی هەبوو سەردانی حەریم بکات، پیاوێک بوو خەسێنراو کە کاری چاودێریکردنی کەنیزەکەکان بوو. خەسێنراو وێڕای چاودێریکردنی حەریم، گۆرانیشی دەچڕی. سوڵتانە موسڵمانە عوسمانییەکان لە مەسیحییەکانەوە فێری خەساندن بوون، لای گریکەکانیش گۆرانیچڕین کاری خەسێنراوەکان بوو. هێشتا لە کن مە، ساغ نەبووەتەوە، فرەژنی قەدەغە دەکرێت یان نا؟ وەلێ لە تورکیا، دوای



ئاوابوونی خۆری خەلافەت، نەک هەر تەنیا حەریم، لە ساڵی ١٩٢٦ەوە، فرەژنیش بە گوێرەی یاسا قەدەغە کرا. ددانـنان بە ئازادیی ژناندا لە لایەن ئەتاتورکەوە، نە لە ئینسانیبوونی خۆیەوە بوو، نە لەبەر چاوی ڕەشی ژنان، بەڵکوو لەبەر ئەوەبوو لە لەشکری تورکیادا بیانکات بە سەرباز.

ئاوەدانکردنەوەی حەریم کە دەکاتە ڕاگرتنی کەنیزەک، دزێوترین ڕووخساری سیستەمی کۆیلایەتییە. یەکەمین وڵاتی ئیسلامی کە کۆیلایەتیی هەڵوەشاندەوە، تورکیا بوو کە لە ١٨٣٠دا، ئەو هەنگاوەی هەڵێنا. گەرچی لە فەرەنسا، لە ١٧٩٤دا تەختی کۆیلایەتیی تێک درا، وەلێ پەنجا و چوار ساڵ دواتر، لە ١٨٤٨دا، فەرەنسا ئەو مافەی بە کۆیلەکانی ئەو وڵاتانەیش ڕەوا بینی کە لەژێر دەستیدا بوون و لە کۆڵۆنییەکانیشی کۆیلایەتیی هەڵوەشاندەوە.

تێزێک هەیە دەڵێت: (**پیاوی ئەورووپایی با تەندروست و دەوڵەمەندیش بێت، هەر خەمگینە، ئاخر بەردەوام خەو بە فرەژنییەوە دەبینێت کە لە ئەورووپا بە پێی یاسا قەدەغەیە.**) پیاو با ئەورووپاییش بێت، هەر وەک کۆیلە سەرنجی ژن دەدات و حەزی لە ژنێکی جوانی گێلە، لەوانەی ئازادی، دیمۆکراسی، یەکسانی و مافی دەربڕینیان نەژنەوتووە، ئەوە بۆیە زۆر لە پیاوانی ئەورووپایی دەچن لە ئاسیاوە، ژن دەهێنن، ئەوە بۆیە، بە دەگمەن پیاوێکی دەوڵەمەندی ئەورووپایی هەیە، حەزی لەو تابلۆیانە نەبێت کە حەریم بەرجەستە دەکەن.

یەکێک لە (بەدبەختییەکانی) پیاوانی خۆرئاوا ئەوەیە کە بە گوێرەی ئایینی عیسای مەسیح، فرەژنی قەدەغەیە. ڕەنگە (ڕەشترین) لایەنی دەوڵەتی عەلمانی بۆ پیاو، ئەوەبێت کە لە مافی فرەژنی بێبەشی دەکات.

قەشەیەکی ئەڵمانی کە ناوی **یۆهان لێزەر** بوو، هەستی بەو بەدبەختییەی پیاوانی خۆرئاوا کردبوو، بۆیە لە ١٦٧٤دا، نامەیەکی بڵاو کردەوە، تێیدا لایەنە گەشەکانی فرەژنی دەستنیشان کردبوو. خەڵکی هامبورگ، ئەو لاسارییەی قەشەی ناوبراویان پێ قووت نەدرا و کارێکیان پێ کرد، ناچاری ئەوەبوو ئەڵمانیا جێ بهێڵێت و ڕوو لە دانمارک بکات. هەرچەندە لەوێش جێی پێ لێژ کرا، وەلێ پشتی لە خەبات سارد نەبووەوە و لە ١٦٨٢دا، کتێبێکی بە ناونیشانی **(سەرکەوتنی فرەژنی)**یەوە، بڵاو کردەوە.

**(ئەی ژنە جوانەکەم هەڵمەچۆ!**
**من هی تۆم، خەم مەخۆ!**
**لێ گەڕێ با گڕی دەروونی ئەو دەیان ئافرەتەش**
**کە ڕێگام لێ دەگرن،**
**بە ماچ و ئاوێزان خامۆش کەم.)**

کە ڤیکتۆر هوگۆ ئەو شیعرەی بڵاو کردەوە، لەگەڵیدا گوتی: (بڕوام بەوە نییە لەسەر بابەت و ناوەڕۆکی شیعرەکە، یەخەم بگیرێت و پێم بگوترێت: بۆچی لە میوەی فلان درەختت خواردووە؟ یان بۆچی لە ئاوی فیسار سەرچاوەت خواردووەتەوە؟ هونەر سنوور و هێڵی سوور ناناسێت و لە باخی شیعردا، هیچ میوەیەک حەرام نییە، گرنگ ئەوەیە شیعرەکە جوانە یان نا؟)

**پیاو لای ئێمە با لە پەرلەمان، سەندیکا و شانەی حیزبیشدا لایەنگری یەکسانی بێت و داکۆکی لە ژنانیش بکات، وەلێ کە ئێوارە بۆ ماڵەوە گەڕایەوە، خۆی لێ دەبێتە خەلیفە هاروونە ئەلڕەشید و دەخوازێت ژنەکەی، تەواو وەک کەنیزەکێکی خەلیفەی ناوبراو، دەست**



**بە شێلانی بکات.** جێگیربوونی مافەکانی ئینسان، سەرەتا بە داڕشتنی یاسا دەستپێ دەکات و دوای چەندان ساڵ، ئەوسا لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕەنگ دەداتەوە و ڕەچاو دەکرێت و دەبێتە ڕەوتار.

ئەگەر ژنەکەت وەک تۆ بیر ناکاتەوە و پێت ئاساییە، ئەوا دەتوانیت لافی ئەوە لێ بدەیت کە پیاوێکی دێموکراتیت. دێموکراسی هیچ نییە، بێجگە لەوەی چی بۆ خۆت بە ڕەوا دەزانیت، بۆ ژنەکەشتی بە ڕەوا بزانیت و وەک شتێکی قێزەون سەیری نایەکسانی و چەوساندنەوەی ئینسان بکەیت. ئەگەر پێت وایە، ئەورووپا بەهەشتی ژنانە و ئەوە تەنیا ئیسلامە کە غەدر لە ژنان دەکات، ئەوا بێ گومان بە لەوەی بە هەڵەدا چوویت، ئاخر هەر بۆ نموونە، لە مەغریب، لە سەدا بیست و دووی مامۆستایانی زانکۆ ژنن، کەچی لە سویسرا، لە سەدا یازدەی مامۆستایانی زانکۆ ژنن.

لەوانەیە کاری هەرە باشی عەبباسییەکان ئەوە بووبێت کە بواریان بۆ تێکەڵبوونی ڕەگەز و کولتوورە جیاوازەکان ڕەخساند. سەروەختی عەباسییەکان، کوڕی خەلیفە بە چاوپۆشین لەوەی دایکی عەرەب بووە یان عەجەم، دایکی ئازاد بووە یان کەنیزەک، مافی ئەوەی هەبووە جێی باوکی بگرێتەوە. لە ئەمریکا، لە سەردەمێکدا کە هێشتا کۆیلایەتی باوبوو، خاوەنکۆیلە سپیپێستەکان ئەو منداڵانەیان بە هی خۆیان نەدەزانی کە زادەی پێوەندیی نێوان خۆیان و ژنانی ڕەشپێست بوون. منداڵی ژنە کۆیلە ڕەشپێستەکان، با باوکیشی سپیپێستێکی ئازاد بووایە، هەر حسابی کۆیلەی بۆ دەکرا.(١)

**(ژنان دەتوانن، فێڵ و حیلەی خۆیان لەژێر پەردەی سۆزدا بشارنەوە!)** ئەوە بۆیە بە پێی ئایەتی بیست و هەشتی سوورەتی

یوسف، (ژنان زلفێڵبازن.)[2] ئاخر ئەگەر زلحیلە نەبوونایە، کەنیزەکی غەیرەعەرەب چۆنی دەتوانی، خوێنی پاکژی عەرەب (پیس) بکات و بەڕەی خەلافەت لەژێر پێی عەرەبی ڕەسەن ڕابکێشێت و کوڕی نیوە عەجەم و نیوە عەرەبی خۆی، بە کورسیی خەلافەت شاد بکات؟ ئاخر دایکی خەلیفە متەوەکیل تورک و دایکی خەلیفە مونتەسیر حەبەشی و دایکی خەلیفە موعتەزیش سلاڤی بوو. بەوەدا هەنووکە ئەوە ژنانن کە بە دەست فێڵی پیاوانەوە دەناڵێنن، پێ دەچێت خۆری قۆناغی ژنانی زلفێڵباز ئاوا بووبێت!

٢٠٠٨/٥/٢

(١) فاطمة المرنيسي، هل أنتم محصنون ضد الحريم؟ ترجمة: نهلة بيضون، المركز الثقافي العربي، نشر الفنك الطبعة الثانية ٢٠٠٤ الدار البيضاء، المغرب.
(٢) إن كيدكن عظيم.



# لەبەر تیشکی چرای ڕۆحدا

## ١

بۆ مەکتەبی ئەمیر لە هەر کوێیەک بێت

لە حەوتی ئایاری ٢٠٠٨دا، چوارسەد و حەفتاوچوار گوتارخوێن، پێشنوێژکار، مامۆستا و خوێندکاری زانستە ئایینییەکان بە کوردییەکی هێندە ڕووت و ڕەجاڵ کە خێر و سەدەقەی پێ دەشێت، نامەیەکی کراوەیان بۆ سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی وەزیران، سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکانیان، داواکاری گشتی و هەردوو وەزارەتی ئەوقاف و داد هەناردووە، تێیدا کۆمەڵێک نووسەر بە (تاوانبار) لە قەڵەم دەدەن و داوای ئەوە دەکەن، (لێپرسینەوەی شەرعی)یان لەگەڵدا بکرێت و (تۆڵەی یاسایی)یان لێ وەربگیرێت! لەو ئیمزاکەرانە دەپرسم، ئایا ئەوە تاوان نییە، کەسانێک کە هێشتا هیچ دادگایەک، هیچ تاوانێکی لەسەر ساغ نەکردوونەتەوە، بە تاوانبار نێوزەد بکرێن؟ (تۆمەتبار بێ تاوانە، مەگەر دادگایەک، تاوانێکی لەسەر ساغ کردبێتەوە.) ئایا لە کن ئەوانەی ڕێز لە مافی هاوولاتییان دەگرن، ئەوە ئەلفوبێ نییە؟

بە ڕاست ئەو ئیمزاکەرانە، مەبەستیان لە لێپرسینەوەی شەرعی چییە؟ تۆ بڵێیت کوردستان بە ئەفگانستانی سەروەختی تالیبان تێبەگەن؟ ئەگەر نا، ئەدی بۆچی وێنەیەکی نامە کراوەکەیان بۆ

مەکتەبی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی ڕەوانە کردووە؟ تۆ بڵێیت بخوازن، تەڵاقی ئەو نووسەرانە بخەن و بە زۆر ژنەکانیان لێ جیا بکەنەوە؟ دەترسم من گەشبین بم و مەبەستیان لە لێپرسینەوەی شەرعی، (حەد بۆ مورتەد)بێت کە دەکاتە ملپەڕاندن. لە نامە کراوەکەدا کە وێنەی بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، ڕەوانە کراوە، گەلێک نووسەر، دەزگای چاپ، ڕۆژنامە و گۆڤار بەوە (تاوانبار) کراون کە بێڕێزییان بە ئاینی ئیسلام کردووە، ئەوەیش وێڕای ناوزڕاندن، فیتنەنانەوە و هاندانی خەڵکە بۆ تۆڵەسەندنەوە. ئایا ئەو ئیمزاکەرانە چۆن ئەو هەموو مافەیان بە خۆیان ڕەوا بینیوە کە لە تاقە نامەیەکدا، ئەو هەموو یاساشکێنییە بکەن؟

ئیمزاکەرانی نامە کراوەکە دوو جار نووسیویانە: (هاوەڵەکانی پێغەمبەر **ڕەزای خۆیان لێ بێت**.) بێ ئەوەی هەست بەوە بکەن کە (ڕەزای خوایان لێ بێت،) هەڵەیە، دەبوو بنووسن: خوا لێیان ڕازی بێت، یان: دروودی خوایان لێ بێت. ئەو ئیمزاکەرانە نازانم مەبەستیان بووە یان نا، وەلێ دەزانم کە سووکایەتییان بە ژن کردووە، ئەوە نییە دەڵێن: (هیچ پارت گەل و هۆزێک، ئەوە قەبووڵ ناکات کە بە ڕەمزەکانی بگوترێت، ژن یان مێینە.) تۆ لەوە گەڕێ، پارت، هەڵەیە ئاخر بە مانای پارچە دێت، پارتی ڕاستە، وەلێ پارتیی دیموکراتی کوردستان و گەلی کوردیش شانازیی بە (لەیلا قاسم)ەوە کە مێینە بوو دەکەن و بە ڕەمزیشی دەزانن.

تاوانی گەورەی بنووسی ئەم دێڕانە لە کن ئەو ئیمزاکەرانە ئەوەیە، گوایە لە شیعرێکدا خوداوەندی بە مێینە لە قەڵەم داوە. تۆ لەوە گەڕێ کە شیعر زادەی خەیاڵە و بە پێی لۆگیک لێک نادرێتەوە، لەوەیش




گەڕێ کە هەر شیعرێک چەندان لێکدانەوە هەڵدەگرێت و لێکدانەوەی شیعر، بواری شارەزایی گوتارخوێن و پێشنوێژکار نییە، ئایا ئەو هێژایانە ئەوە نازانن کە بە گوێرەی میسۆلۆگیای میسیۆپۆتامیا، (وڵاتی نێوان دوو زێ) گریک، ڕۆمان و سکەندەناڤیا، وەک چۆن خوداوەندی نێر هەیە، هی (مێ)یش هەیە؟ ئایا (عەشتار، ڤێنوس، ئەفرۆدیت و ئێرۆس)یان نەژنەفتووە کە (خواژنان)ی جوانی و ئەوین بوون؟ خواژن، بە عەرەبی دەبێتە: ألهە، بە سوێدی gudinna و بە ئینگلیزی goddess ی پێ دەڵێن. هەندێک پێیان وایە، ئافرەت لە (عیفریت)ەوە هاتووە، ئەدی بۆچی لە (ئەفرۆدیت)ی خواژنی جوانییەوە نەهاتبێت؟ وێڕای هەموو ئەمانە، ئەو تۆمەتی خودا بە مێ ناوبردنە، تۆمەتێکی کوردستانی نییە، میسرییە، ئاخر زۆر لەمێژە ئیخوانەکانی ئەوێ کە (مەهدی عاکیف)ی ڕێبەریان (ئوسامە بن لادن)ی پێ موجاهیدە نەک تیرۆریست،(*) ئەو تۆمەتەیان وەپاڵ نەوال سەعداوی داوە.

ئێمە توانای بینینی خودامان نییە، لایەنە بینراوەکەی خودا، ئەو زیندەوەر و شتانەیە کە خوڵقاندوونی. خودا ئینسانی لە جوانترین شێوەدا و (مێ)یشی زۆر لە نێر جوانتر خوڵقاندووە. گەورەشاعیرانی سۆفی کە خوداپەرست و زانای ڕاستەقینە بوون، پێیان وایە: (ژن تیشکێکە لە تیشکە جوانەکانی خودا و زاتی خودا باڵایی و جوانیی خۆی لە ڕێی ئەوین و جوانیی ژنەوە، نیشان دەدات.) ئەوە بۆیە دەشێت شاعیری سۆفی، تیشکی خودا لە سیمای پاکژی ئافرەتێکی پاکیزەدا ببینێت، ئاخر لە کن وی، ژن ڕەمزە بۆ ئەوینی خودا و سەفەر بەرەو عەرشی بڵندی خودای مەزن، بە ئەوینی ژندا تێدەپەڕێت.

ئایا نووسینی شیعرێکی ئەویندارییی حەفتا وشەیی، سووکایەتیکردنە بە ئیسلام؟ ئەدی قەلاچۆکردنی میللەتێکی موسڵمان، لە بەر ڕۆشنایی سوورەتی (ئەنفال)دا، بێڕێزیکردن نەبوو بە قورئان؟ ئەدی کوشتنی ئینسانێکی بێگوناه، وەک کوشتنی هەموو دنیا وا نییە؟ کەواتە سەروەختی خاپوورکردنی کوردستان و کیمیاباران و ئەنفالکردنی خەڵکەکەی، بۆچی چوار لەو چوارسەد و حەفتاوچوار (مەلا)یە، دەنگێکی نارەزاییان لێ بڵند نەبووەوە؟

یەکێک لە یاساکانی دایلێکتیک ئەوەیە کە گۆڕانکاریی چلۆنایەتی، زادەی کەڵەکەبوونی چەندایەتییە. بەو نامە کراوە تووڕەیەدا، وەها دیارە جامی غەزەبی ئیسلامی سیاسی ڕوو لە پڕ بوون بێت و هاکا لێی ڕژا! ئەوە نییە دەڵێن: ئەگەر داخوازییەکانیان جێبەجێ نەکرێن، دەبێت هەمووان چاوەڕێی (شەپۆلی جەماوەری کوردی موسڵمان بن کە بەر پێگرتنی ئاسان نییە.) بە ڕاست ئیسلامی سیاسی بە چییەوە دەنازێت؟ بەوەوە کە یەک دڵۆپەخوێنی لە پێناوی خەڵکی کورد و خاکی کوردستاندا لە کیس نەچووە؟ ئەوە دەسەڵاتی کوردی، تا کەی ڕێ بەوانە دەدات، شکۆمەندی و ئازادیی تاکی ئەم وڵاتە پێشێل بکەن؟ ئایا ئەوە ئەوپەڕی بێڕێزیکردن نییە بە هەموو شۆڕشەکانی کورد تا بە ڕاپەڕینیش دەگات، منێک کە هەم لە شارەوە و هەم لە شاخیشەوە، بە گژ بەعسی داگیرکاردا چوومەتەوە، تا مەلایەک چرای سەوزم بۆ هەڵنەکات، مافی بڵاوکردنەوەی شیعرێکی ئەویندارییم نەبێت؟

ئەم زمانەی من پێی دەنووسم، ئەوی گەردێک ویژدانی هەبێت، دەزانێت زمانی شەڕەجنێو نییە، هی وتووێژە، بۆیە بۆ ئیسلامییەکان وا جوانترە، لەبری سکاڵا لای سەرۆکی هەرێم یان هەڕەشە و



گوڕەشە، با بێن دوور لە ناوزڕاندن و کافراندنی ئەم و ئەو، خۆیان فێری کوردییەکی ڕەوان بکەن و بە نووسین وەڵامی نووسین بدەنەوە. حەز دەکەم ئەوەش بڵێم، بە چاوپۆشین لەوەی چۆن بیر دەکەنەوە، ڕێزم بۆ بیروباوەڕیان هەیە، بەڵام بەو مەرجەی بیروبۆچوونی خۆیانم بەسەردا نەسەپێنن، ئاخر نیازی ئەوەم نییە بێمە سەر ڕای وان.

٢٠٠٨/٥/٢٢

(*) سایتی ئیلاف ٢٠٠٨/٥/٢٢

## ٢

## تکایە بەری خۆرمان لێ مەگرن!

ئەگەر هیچ نیگەران نیت سەبارەت بەو کارەساتانەی لە نزیکتەوە یان تەنانەت لە دوورترین گۆشەی دنیادا ڕوو دەدەن، ئەوا پێویستە گومانت لە ئینسانبوونی خۆت هەبێت. لوتکەی کارەسات، ڕاهاتنە لەگەڵ نایەکسانیدا، بۆیە هەمیشە سووک سەرنجی چەوسێنەران بدە و هەمیشە بە گژ زوڵمدا بچۆوە! ئەگەر هەست دەکەیت دەوروبەر دەخوازێت بەرەو ناخی زەوینت ببات، ئەوا دەبێت ناوبەناو لە شەقەی باڵ بدەیت و بڵند بفڕیت. هەر چی دەکەیت، بیکە! فێڵ و دزی لە هەژاران نەبێت، هەر چی فەرامۆش دەکەیت، بیکە! ئازاری دەردی نەداری نەبێت.

وێڕای هەبوونی پەکەکە لە قەندیل، تورکیا ئەگەر لە گێچەڵنانەوە بێت، بۆ دەستتێوەردان لە کاروباری هەرێمی کوردستان، لەسەر بیانووی دیکە پەکی ناکەوێت. ئاخر ئەو نەوتەی لە کەرکووک

دەردەهێنرێت لە ڕێی تورکیاوە دەگاتە دەست کڕیارەکانی و ئەو ئاوەیشی بە کوردستاندا تێدەپەڕێت، لەوێوە هەڵدەقوڵێت. جێی داخە ئێمە بیڵێین یان نا، تورکیا پێی وایە، ساغبوونەوەی چارەنووسی کەرکووک لە قازانجی کوردستان، بە زیانی وی دەشکێتەوە و ئێمە باسی بکەین یان نا، تورکیا هەنووکەش خەو بە گەڕاندنەوەی ویلایەتی موسڵەوە دەبینێت. دەسەڵات لە تورکیا بە دەست ئیسلامییەکانەوەیە و لە کوردستانیش حیزبی ئیسلامیی وا هەیە، دەشێت ڕۆڵی ئەسپی تەروادەی بۆ وازی بکات، ئەمە وێڕای لایەنێکی تورکمانی کە بە ئاشکرا ئەو ڕۆڵە دەبینێت.

بیڵێین یان نا، ئێرانیش وەک تورکیا پێی خۆشە، کۆرپەی سەرهەڵدانی دەوڵەتی کوردی لە بێشکەدا بخنکێت. ئێران هێندەی لە بە واقیعبوونی دەوڵەتی کوردی دەترسێت، نیو هێندە ترسی لە ئەمریکا نییە. سەرهەڵدانی دەوڵەتی کوردی، مۆتەکەیەکە لەسەر سنگی تورکیا و ئێران و سوریایش، ئەوە نییە سالآنێکە بە ئاشکرا کۆ دەبنەوە و پلان لە دژی ئەو بەشە نیمچە ئازادەی بن دەستی کورد دادەڕێژن. وەک چۆن لە ناوەڕاستی سالآنی حەفتادا، عێراق لە پێناوی نسکۆی کورددا، سەری بۆ ئێران نەوی کرد، هیچ دوور نییە، ئێرانیش هەر لە پێناوی هەمان مەبەستدا، سەر بۆ ئەمریکا نەوی بکات. وەک چۆن ئێران هەنووکە لە دژی ئەمریکا، کۆمەکی حیزبوڵلا و حەماس دەکات، شتێکی چاوەڕوانکراوە ئێران و تورکیا لە دژی کورد، کۆمەکی ئەم یان ئەو حیزبی ئیسلامیی هەرێمی کوردستان بکەن.

وەک چۆن هەندێک لە پیاوانی بە ڕووکەش شۆڕشگێڕی کورد دەستیان لەگەڵ بەعسدا تێکەڵ کردبوو، ئەوە جێی باوەڕە، هەندێکی



دیکەیش لەو پیاوە بەناو کوردپەروەرانە، لە هەرێمی کوردستاندا خەریکی جێبەجێکردنی پرۆژەی ناپیرۆزی دەوڵەتێکی ناوچەکە بن. دەستەپاچەیی هەندێک لە دەسەڵاتدارانی کوردستان لە بەرانبەر کەناڵە پەلاماردەرەکاندا، سووکە نیشانەیەکە بۆ ئەوەی، لە پشت ئەو کەناڵانەوە، پیاوانی بەهێزی ئێراندۆست هەبن، ئەگەر نا بۆچی ئەو کەناڵانە، نیگەرانن بۆ چارەنووسی لیترێک لە نەوتی عێراق، ئەگەر لە باکوورەوە بفرۆشرێت، وەلێ بێباکن بەرانبەر داهاتووی نەوتی عێراق، ئەگەر لە باشوورەوە بە (کەشتی) بدزرێت؟ ئێران بە هەمان چاو سەیری عێراق دەکات، وەک چۆن لە باشوورەوە دەست لە کاروباری وەر دەدات، لە باکووریشەوە درێغی ناکات. ئێران وەک چۆن لە باشووری عێراق، گەلەک پیاوی دەستڕۆییشتووی هەیە، ڕێی تێ دەچێت، لە (باکوور)یشی، هەندێک پیاوی (لێوەشاوە) شک ببات.

بەردەوام تورکیا و ئێران شکۆمەندیی کوردستان پێشێل دەکەن و سنوورەکەی هەم لە ئاسمانەوە و هەم لە زەمینەوە دەبەزێنن، ئەمە کێشەی (زانا)یانی ئایینی نییە، خەمی گەورەی وان ئەوەیە، ئەم نووسەر یان ئەو ڕۆژنامەنووس، سەروەختی نووسین، سنووری بەزاندووە! بێ ئەوەی ئێمە لەسەر ئەوە ڕێک کەوتبین کە ئەوان مافی دیاریکردنی سنووریان بۆ مە، هەیە. (چارەسەر لای ئیسلامە.) هەرچەندە ئەوە دروشمی هەموو بزووتنەوە ئیسلامییەکانی دنیایە، کەچی هێشتا لە هیچ گۆشەیەکی جیهاندا، هیچ کێشەیەکان چارەسەر نەکردووە، هەر کێشەیان ناوەتەوە. بە زەبری ئەوەی ئێران و تورکیا دوو وڵاتن، تێیاندا ئیسلامییەکان دەسەڵاتدارن، هەق بوو تەنیا جارێک، ئیسلامییەکانی لای ئێمە، واژۆیان خڕ کردباوە و داوایان لەو دوو وڵاتە کردبا، دەست لە بەزاندنی سنووری کوردستان هەڵبگرن.

ئەلبێرت ئەنیشتاین، چونکە زانایەکی ڕاستەقینە بوو، خەوی بە دەسەڵاتەوە نەدەبینی، ئەوە نەبوو کردیان بە سەرۆکی ئیسرائیل و نەیکرد؟ ئەو بڕوای بەوە نەبوو، جوولەکە گەلێکە هەڵبژاردەی خودا، بۆیە دەیگوت: (جوولەکە هیچی لە گەلانی دیکە زیاتر نییە.) ئەوی بڕوای تەواوی بە ئایین هەبێت، پێویستە بڕوای بە (غەیب)یش هەبێت، چونکە هیچی هاوبەش لە نێوان زانست و غەیبدا نییە، چاکتر وایە، پیاوانی ئایین، چی زووترە پاشناوی زانا لە خۆیان بکەنەوە و واز لەو هەوڵەیش بهێنن کە بە هیوان، ببنە دەوڵەتێک لەسەروو دەوڵەتەوە، ئاخر کوردستان، هەرێمێکە تێیدا هاووڵاتییان بە چاوپۆشین لەوەی سەر بە کام ئایینن، هەمان مافیان هەیە و یاسا بە هەمان چاو سەیری گوتارخوێنێک و نووسەرێک یان پێشنوێژکارێک و کرێکارێک دەکات. مەلایان وەک هەر توێژێکی دیکەی کۆمەڵگە، کەسانی بەڕێزن، وەلێ پیرۆز نین و ئەگەری ئەوە هەیە بە هەڵەدا بچن، بۆیە با پێیان وا نەبێت، هەمیشە ڕاستی لە کن وانە.

بەو هیوایەی ڕۆژێک دابێت، مەلایان (لە دەشتەکانەوە، فێری کرانەوە و لە چیاکانەوە، فێری بە گژ داگیرکاراندا چوونەوە بن) و واز لەو بەشەی کولتووریان کە لە نواندنی زەبروزەنگدا، ئیدی بۆ سەر جەستە بێت یان دەروون، خەست دەبێتەوە و لەگەڵ مافەکانی ئینساندا ناگونجێت، بهێنن و (ئایینی خۆتان بۆ خۆتان و ئایینی خۆم بۆ خۆم،)[١] یان (زۆرەملێ لە ئایینادا نییە،)[٢] ڕەچاو بکەن، ئاخر کولتووری تەنیا خۆ بە ڕاست زانین، ئەم و ئەو بە گومڕا نێوزەدکردن و هەڕەشە بەخشینەوە، لەمێژە ئێکسپایەر بووە و بەدرێژایی مێژوویش توندڕەوان لە کۆتاییدا هەر دۆڕاو بوون.



ئەوە خودای گەورە خۆیەتی بڕیار دەدات، (کێ دەخاتە سەر ڕێی ڕاست)[٣] و (خەڵکی ئازادن بڕوا دەهێنێن، یان نا.)[٤] بۆیە با کەس خۆی بە نوێنەری خودا نەزانێت. ئینسان ئازادە سەر بە کام کولتوور بێت، بەڵام بە مەرجێک ئەو کولتوورە مافی کەسانی دیکە پێشێل نەکات. کە ئایینێک دینی دەوڵەت بوو، کە شەریعەتێک سەرچاوەی یاسادانان بوو، ئیدی با باس لە عەلمانیبوون نەکەین و چاوەڕێی سنووربەزاندن و هەژموونی ئەو حیزبانەیش بین کە لەسەر بناغەی ئایینی دەوڵەت ڕۆ دەنرێن. ئەگەر پێمان وابوو، شتێک هەیە لەسەروو ڕەخنەوە، ئیدی با باسی سیڤیلسالاری نەکەین. ئەگەر هەوڵمان دا بە تۆقاندن کەسانێک لە بیروڕای خۆیان پاشگەز بکەینەوە، ئیدی ئەوە کۆمیدیای ڕەشی قەترانییە، ئەگەر باس لە هەبوونی ئازادیی بیروڕا دەربڕین بکەین.

٢٠٠٨/٥/٣١

(١) لكم دينكم ولي ديني.
(٢) لا إكراة في الدين.
(٣) الله يهدي من يشاء. قصص٥٦
(٤) من شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر. كهف٢٩

٣

## تکایە نیشتمان ناشیرین مەکەن!

رۆژنامەی ئەهرام، لە ٢١ی سێپتێمبەری ١٩٥٩وە، رۆژانە بە زنجیرە، رۆمانی (منداڵانی گەڕەک)ی نەجیب مەحفووز (١٩١١ ـ ٢٠٠٦) بڵاو دەکاتەوە. ئیسلامییەکان داوای ڕاگرتنی بڵاوکردنەوەی رۆمانەکە دەکەن، وەلێ محەممەد حەسەنەین هەیکەلی سەرنووسەری ئەهرام، داواکەیان پشتگوێ دەخات و تەواوی رۆمانەکە بڵاو دەکاتەوە. کە لاپەڕەی ئەدەبییەکەی رۆژنامەی جەمهوورییە باس لەوە دەکات، گوایە رۆمانەکە کوفری تێدایە، ئیدی کێشە بۆ منداڵانی گەڕەک دروست دەبێت.

ئەوانەی لە ڕوانگەیەکی ئایینییەوە رۆمانەکەیان دەخوێندەوە، پێیان وابوو، کارەکتەری باپیرە (جەبەلاوی) چونکە بە گوێرەی رۆمانەکە زۆر پیرە و خۆی دوورەپەرێز ڕادەگرێت، کەواتە زاتی خودایە! بە مەرجێک هیچ بەڵگەیەکی قایلکەر نییە بۆ ئەوەی باپیرە، ڕەمز بێت بۆ خودا. یان دەیانگوت، کارەکتەری ئەدهەم، ئادەمە و کەسایەتیی (ئیدریس)یش، ئیبلیسە، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو ناوانە لە یەکدییەوە نزیکن. یان کارەکتەری ڕەفاعە، مەسیحە، بەو پاساوەی خودا مەسیحی بۆ ئاسمان (ڕەفع) کردووە.

نەجیب مەحفووز لەسەر خواستی دەسەڵات، ئامادە دەبێت، وتووێژ دەربارەی رۆمانەکە لەگەڵ پیاوانی ئاییندا بکات، وەلێ ئەوان هیچیان لە کات و شوێنی دیاریکراودا حازر نابن. کارەسات ئەوەبوو، ئەگەر ئەزهەر گوتبای لەو رۆمانەدا سووکایەتی بە زاتی خودا کراوە، ئیدی



خەڵکە عەوامەکە بڕوایان دەکرد. شیاوی گوتنە **هیچ بەڵگەنامەیەکی نووسراوی ئەزهەر نییە، رۆمانەکە بە دژایەتیکردنی ئیسلام تۆمەتبار بکات.**

لە ساڵی ١٩٩٤دا کاتێک سی و پێنج ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەی منداڵانی گەڕەکدا تێپەڕیبوو، ئەوسا ئیسلامییەکان لەسەر ئەو رۆمانە هەوڵی تیرۆرکردنی نەجیب مەحفووزیان دا. ناسر بە دەستێکی ئاسنین لە ئیسلامییەکانی دەدا، وەلێ سادات هێندە نازی هەڵگرتن، تا لە ١٩٨١دا زەفەریان لێ هێنا و کوشتیان. سەرەتای ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوو کە سەروەختی هەڵکشانی ئیخوان بوو، فەتوای کافراندنی نەجیب مەحفووز درا. ساڵی ١٩٨٨ کە تێیدا نەجیب مەحفووز خەڵاتی نۆبێڵی وەرگرت، رۆمانی ئایەتە شەیتانییەکانی سەلمان ڕوشدیش تازەکی بڵاو کرابووەوە.

چونکە ئەوی نۆبێڵ وەربگرێت، ئیدی دەتوانێت بە ناوی هەموو مرۆڤایەتییەوە بدوێت، بۆیە ئەوە ئەرکی نەجیب مەحفووز بوو، دەربارەی حەڵاڵکردنی خوێنی سەلمان ڕوشدی قسەی هەبێت. بەو بۆنەیەوە نووسەری رۆمانی منداڵانی گەڕەک دەڵێت: (نووسەر مافی ئازادیی بیروڕا دەربڕینی هەیە و **پێویستە تەنیا بە فیکر بە گژ فیکردا بچینەوە، نەک بە گوللە یان شمشێر. حەڵاڵکردنی خوێنی خەڵکی، دژی ئیسلام و یاساکانی نێو دەوڵەتی و پرەنسیپە ئینسانییەکانە. لە سەدەکانی ڕابردوودا سەدان کتێب لە دژی ئیسلام نووسراون، بەڵام ئیسلام لاواز نەبووە. کتێبێک با زۆر گرنگیش بێت، ناتوانێت ئایینێک بهەژێنێت. وەک چۆن کوشتن تاوانە، هاندانی کەسانی دیکەیش بۆ کوشتنی ئەم و ئەو، هەر تاوانە.** باشترین ڕێگە ئەوەیە رۆمانەکەی

سەلمان ڕوشدی لێک بدرێتەوە و وەڵامی ناوەڕۆکەکەی بدرێتەوە. ئەگەر سەلمان ڕوشدی، بێ ئەوەی کەس گوشاری بخاتە سەر، هەستی کرد بە هەڵەدا چووە، هەقە داوای لێبوردن بکات.)

کە لە ساڵی ١٩٨٨دا مەحفووز خەڵاتی نۆبێڵ وەردەگرێت، توندڕۆکان هێندەی تر بەو ڕێزلێنانە جیهانییە دەهری دەبن. ئەوانێک کە شەیدای تاریکین، بەو هەموو ڕووناکییەی دەخرێتە سەر مەحفووز، هاوکێشی لە دەست دەدەن. نەجیب مەحفووز کەسێکی هێمن و ئاشتیخواز بوو، حەزی لە ڕووبەڕوو بوونەوە نەبوو، بەڵام لە بواری نووسیندا کەسێکی بوێر بوو، نووسینەکانی ژیانیان لێ دەچۆڕا و لە ڕاژەی نوێبوونەوەی ژیاندا بوون. لە ٢٢ی فێبریوەریی ١٩٨٩دا، (نوور) کە ڕۆژنامەیەکی ئیسلامییەکان بوو، دەنووسێت: (نەجیب مەحفووز و سەلمان ڕوشدی دوو ڕووی یەک دراون. سەلمان ڕوشدی شاگردی نەجیب مەحفووزی نووسەری ڕۆمانی منداڵانی گەڕەکە و هەردووکیان خۆیان بە شەیتان فرۆشتووە.)

ئیسلامییەکان بە درێژایی ساڵانی ١٩٨٨ و ١٩٨٩ لە مینبەری مزگەوتەکانەوە خەریکی هەڵڕشتنی ژار بوون، نوێژی هەینی نەبوو شێخ عەبدولحەمید کوشک یان شێخ عومەر عەبدولڕەحمان، نەجیب مەحفووز بە کافر لە قەڵەم نەدەن و داوای پەڕاندنی ملی نەکەن. شێخ عومەر عەبدولڕەحمان دەیگوت: (**سەلمان ڕوشدی و نەجیب مەحفووز هەڵگەڕاوەن، ئەوی خراپ باسی ئیسلام بکات، هەڵگەڕاوەیە و ئەگەر تۆبە نەکات، پێویستە بکوژرێت. ئەگەر وەختی خۆی نەجیب مەحفووز لەسەر منداڵانی گەڕەک کوژرابا، سەلمانی ڕوشدی زاتی نەدەکرد، ئایەتە شەیتانییەکان بنووسێت.**) ڕێژنەی فەتوا هەر بەردەوام دەبێت،



تا لە ١٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٤دا هەوڵی کوشتنی نەجیب مەحفووز دەدرێت. شێخ غەزالی هەر ئەو سەروەختە گوتبووی: (عەبدولحەمید کوشک نەزانە و عومەر عەبدولڕەحمانیش کەسێکی نەخۆشە، ئەگەر نا، ئەوانە دەبوو بزانن کە پەیامبەر فەرموویەتی: ئەگەر کەسێک بە برای خۆی گوت، تۆ کافریت، بەوە یەکێکیان کافر دەبێت.)(*)

بیرمەندی ناسراو د. محەممەد سەلیم ئەلعەوا، دوای هەوڵی تیرۆرکردنی مەحفووز، گوتی: (**جیاوازیی بیروڕا، ئەو مافە بە کەس نادات، پەلاماری کەسێکی دیکە بدات، پەلاماردانی ئەم و ئەو لەسەر بیروڕا، هیچ دابونەریت، پرەنسیپ و شەرعێک قەبووڵی ناکات. ئیسلام خوێنڕشتنی حەرام کردووە، بە چاوپۆشین لەوەی، ئەوی بەر پەلامار دەکەوێت، موسڵمانە یان نا.** ئەم حەرامکردنی خوێنڕشتنە بە ئاشکرا بە گوتاری ماڵئاوایی پەیامبەرەوە دیارە. ئەوی ئەو سنوورە ببەزێنێت، وەک ئەوە وایە لە خودا یاخی بووبێت. دڵی نەجیب مەحفووز هێندە گەورەیە، جێی هەموو مرۆڤایەتی تێدا دەبێتەوە و پێویستە هەموو عەرەب شانازیی پێوە بکەن.) ئەو زانا ئایینییە ڕاستەقینەیە سەبارەت ڕۆمانەکەیشی گوتوویەتی: (منداڵانی گەڕەک ڕۆمانێکی نەمرە، بە شێوازێکی ئەدەبیی باڵا، باس لە خەم و خولیای ئینسان دەکات و هیچ سووکایەتییەکی بۆ ئیسلام تێدا نییە.)

نەجیب مەحفووز دەڵێت: (نووسینەکانم کۆن و تازەیان، پشت بە دوو ژێدەر دەبەستن، ئیسلام کە سەرچاوەی خێر و خۆشییە و زانست کە هەوێنی پێشکەوتنە، منداڵانی گەڕەکیش کە کەسانێک بەد لێکیان داوەتەوە، هەر لەو دوو سەرچاوەیەوە ئاو دەخواتەوە. کرۆکی ڕۆمانەکە بریتییە لەوەی نە ئایین بە تەنیا و نە زانست بە تەنیا، هیچیان پێ

ناکرێت، پێکەوە دەتوانن خزمەت بە ئینسان بکەن. **منداڵانی گەڕەک کتێبێکی فیکری نییە، باس لە خودا و پەیامبەر بکات، ڕۆمانە، کارێکی هونەرییە وەک کەلیلە و دیمنە کە پشت بە ڕەمز و خەیاڵ دەبەستێت و ڕۆمان لەبەر ڕۆشنایی ڕاستییە دیرۆکییەکاندا، سەرنج نادرێت.)**

ڕەجاء نەقاش دەڵێت: (وەک چۆن ئیسلام لای ‹محەممەد ئیقبال›ی ‹١٨٧٧ ـ ١٩٣٨› شاعیری گەورەی پاکستان، بریتیبوو لە سۆسیالیزم و بڕوابوون بە خوا، لای نەجیب مەحفووزیش ئیسلام بریتییە لە بڕوابوون بە خوا و بە زانست. **لێکدانەوەی ئەدەب لەبەر ڕۆشنایی ئاییندا هەڵەیەکی ترسناکە، ئاخر بەو پێوانەیە، دەبێت کەس داستانی ئەلیازە کە تێیدا باس لە فرەخوداوەندیی هەیە، نەخوێنێتەوە. )**

ئەنوەر جوندی کتێبێکی هەیە، بە ناونیشانی (تەها حسێن لە تەرازووی ئیسلامدا،) تێیدا دەڵێت: (تەها حسێن کافرێکی مولحیدی مورتەدە و جاسووسی فەرەنسایشە.) هەر ئەو ئەنوەر جوندییە پێی وایە: **ڕۆمان با تێیدا سووکایەتی بە ئیسلامیش نەکرابێت، هەر نووسین و خوێندنەوەی حەرامە، چونکە هونەرێکی ئیستیعمارییە.**(**)
ئەوەی نیو سەدە بەر لە ئێستا لە میسر ڕووی دەدا، ئەوی نیو سەدە بەر لە ئێستا ئیخوانەکانی ئەوێ دەیانکرد، وا خەریکە لە کوردستان دووبارە دەبێتەوە، ئەوە نییە ئیسلامییەکانی ئێرەیش، داوای پێکهێنانی کۆمیتەی داکۆکیکردن لە ئیسلام و پشکنینی بیری نووسەران دەکەن! ئەوە نییە بۆ دادگاییکردنی نووسەرانی ئازادبیر خۆیان هەم دوژمن و هەم دادوەریشن! ئەوە نییە پێش ئەوەی مۆڵەت بدەن، فلان نووسەر داکۆکی لە خۆی بکات، بە تاوانکار نێوزەدی دەکەن!



ئەوەم پێ سەیر نییە کە تازەکی شیعرێکی ڕۆمانتیکی شەش ساڵ بەر لە ئێستا نووسراو، وەک بەڵگەیەک بۆ تاوانێک ئاماژەی بۆ دەکرێت، ئەوە نەبوو نەجیب مەحفووز لەسەر ڕۆمانێک کە لە ١٩٥٩دا بە زنجیرە بڵاوی کردبووەوە، لە ١٩٩٤دا، هەوڵی کوشتنی درا! محەممەد ناجی، ئەوی نەجیب مەحفووزی بە سەختی بریندار کرد، ئیعدام کرا، بەو هیوایەی لای ئێمەیش، ئەوانەی خەریکی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، کوت و پێوەندکردنی ژن، کەویکردنی بیری ئازاد، بڕینی زمانی نووسەران و ناشیرینکردنی نیشتمانن، بە سزای ڕەوای خۆیان بگەن.

**ئیخوانەکانی میسر دەیانویست لە ڕێی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی بیروڕا دەربڕینەوە، هەژموونی خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنن، هێدی هێدی جێ بە دەسەڵات لەق بکەن و جێی بگرنەوە، ئیسلامییەکانی کوردستانیش دەزانن، پەسەندکردنی یاسای باری کەسیەتی و دەستووری کوردستان بەرێوەن، بۆیە بە بیانووی ئەوەوە کە گوایە چەند نووسەرێک سووکایەتییان بە ئیسلام کردووە، خەریکی نمایشکردنی ماسولکەی خۆیانن و دەیانەوێت لە ڕێی گوشارێکەوە کە بە فریودانی خەڵکی عەوام دابین دەبێت، بۆچوونەکانی خۆیان لە یاسای باری کەسیەتی و دەستووری کوردستاندا بچەسپێنن.**

٢٠٠٨/٦/١٠

---

(*) من قال لأخيه يا كافر فقد باء بها احدهما.

(**) رجاء النقاش، نجيب محفوظ و أولاد حارتنا (مقالات رجاء النقاش) كتاب دبي الثقافية ١٦ فبراير ٢٠٠٨ دبي.

# ژن و ئایین

ئایین، دابونەریت و یاسا، بخوازین یان نا، کەم تا زۆر لە زیندانی ئەو سێکوچکەیەدا بەندین. ئێمە هێندە توند، وابەستەی دابونەریتی دێرینین، هەنووکەیش شەرابی تازە، هەر لە پەرداخە دێرینەکاندا دەخۆینەوە. بۆ نموونە، دەربارەی فرەژنی، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامەوە، ئێستایشی لەگەڵ بێت، هەر هەڵسوکەوتی پەیامبەر وەک نموونەی باڵا سەرنج دەدرێت.

دوورەپەرێزیی ژنان، پێوەندییەکی پتەوی بە سیستەمی کۆیلایەتییەوە هەیە، ئەوەیش پارادۆکسێکە بۆی خۆی، سەرەوەختی کۆیلایەتی، ئەوە ژنانی کۆیلە بوون، کە دەچوونە دەرەوە، کاریان دەکرد و تێکەڵی کۆمەڵ دەبوون، وەلی ژنانی ئازاد لە ماڵدا زیندانی بوون، ئاخر ژنی کابرای خاوەنکۆیلە هەمیشە لە ماڵەوە بوو، ئەوە کەنیزەکەکانی بوون، دەچوونە ناو پیاوانەوە، ئیدی بۆ شتومەک کڕین بووایە، یان بۆ سەماکردن و گۆرانیچڕین. بە پێی بۆچوونی ئیمام غەزالی، ئەوە خەلیفە عومەر بوو، کە چ بە قسە، چ بە ڕەوتاو و چ بە یاسایش، ژنی ئازادی خزاندە کونجی ماڵەوە.

ژن پێش پەیدابوونی ئیسلام، دەیتوانی بازرگانی بکات، لە شەڕدا بەشداریی دەکرد و مافی ئەوەشی هەبوو، سەر بە ئایینێکی جیا لە ئایینی مێردەکەی بێت و تەنانەت دەیتوانی، هەر وەختێک خواستی، لە مێردی جیا ببێتەوە. پێش سەرهەڵدانی ئیسلام، باسێک لە چارشێو



نییە، لەگەڵ جێگیربوونی ئیسلامدا چارشێو بوو بە بەشێک لە کولتوور و تایبەت بوو بە ژنی ئازاد، ئاخر (شەرەف)ی بەکارهێنانی چارشێو بە ژنی کۆیلە (کەنیزەک) ڕەوا نەدەبینرا. گەرچی خودی پەیامبەر شاعیرانە سەرنجی ژنی دەدا، پشتی دەگرت و حەزی دەکرد پایەی بەرز بکاتەوە، وەلێ ئیسلام بە قازانجی ژن نەشکایەوە، ئاخر ژن لە پێش دەرکەوتنی ئیسلامدا، ڕۆڵێکی گرنگی کۆمەڵایەتیی وازی دەکرد، بەڵام دواتر، ڕۆڵی ژن لە چوارچێوەی ماڵدا گیری خوارد و ماڵ بووە تاقە جێی کاری ژن و دواتریش تیۆکراتی و ئەرستۆکراتی ژنیان وەتاق خستەوە و هەر چییان بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی ژن لە دەست هات، درێغییان نەکرد.

ئەوەی کە پەیامبەر ژنی زۆر هێناوە، زادەی ئەوەیە کە خودای مەزن، بە هۆی ئەو دەفرە خواردنەوە کە بە جوبرەئیلدا بۆی هەناردووە، هێندەی چل پیاو توانای جووتبوونی پێ بەخشیوە. پەیامبەر گەلێک توانای دیکەیشی هەبووە، کە خودا تەنیا بەوی ڕەوا بینیوە، بۆ نموونە کە خەوتووە، تەنیا چاوەکانی خەویان لێ کەوتووە، ئەگینا دڵی هەر بێدار بووە، ئەوە بۆیە ڕێ کەوتووە، کە لە خەو ڕابووە، بێ ئەوەی دەستنوێژ هەڵبگرێت، نوێژی کردووە. گەرچی ڕۆژوو بە ماچ دەشکێت، وەلێ چونکە خودا تایبەتمەندی ئەوەی بە پەیامبەر بەخشیوە کە ماچی وی، خاڵیی بێت لە ئارەزوو، بۆیە کە عائیشەی ژنی ڕاموسیوە، ڕۆژووەکەی نەشکاوە.

ئیسلام بڕوای بە فرەژنی هەیە، بە مەرجێک کە پیاو دادپەروەرانە ڕەوتار لەگەڵ ژنەکانیدا بکات و بە شێوەیەکی یەکسان سەرنجیان بدات. دەڵێن، جارێک ژنەکانی پەیامبەر بە (فاتیمە)یان گوتووە، بڕۆ بە

باوکت بڵێ، با وەک عائیشە سەیری ئێمەیش بکات. پەیامبەر لەو بارەیەوە فەرموویەتی، (وەخت و سامانی خۆم بە شێوەیەکی یەکسان بە ژنەکانم بەخشیوە، وەلێ دڵم موڵکی خۆم نییە، هی خودایە، نابێت لەسەر شتێک سەرزەنشت بکرێم کە هی خۆم نییە.)

کە خەدیجە کۆچی دوایی کرد، پاش مانگێک پەیامبەر (سۆدە)ی کە بێوەژن بوو، خواست، دواتر، سۆدە هەر بۆ ئەوەی پەیامبەر تەڵاقی نەدات و شەرەفی ژنی حەزرەتی پەیامبەری لە کیس نەچێت، لە بەشە ڕامووسان و سەرجێیی خۆی، بۆ عائیشە خۆش بوو. پەیامبەر گەرچی عائیشەی زۆر خۆش دەویست، وەلێ حەفسەی کچی عومەری بەسەردا هێنا. پەیامبەر تەنیا ژنی لە بنەماڵە ئازادە دەستڕۆیشتووە ناودارەکان نەدەخواست، بەڵکوو (جوبرییە) کە کەنیزەک و (سەففییە) کە دیل بوو، ئەوانیشی هێنا. دواهەمین ژنی پەیامبەر، (مەیموونە) بوو. پەیامبەر هێندە بە چاوی ڕێزەوە سەرنجی ژنەکانی خۆی داوە، ژنانی یاوەرانی ئێرەیییان بە ژنانی وی بردووە، کەچی بە گوێرەی قسەی بوخاری، (پەیامبەر پێی وا بووە، ئافرەتان زۆربەیان جێگەیان دۆزەخە، چونکە چاکەی مێردیان لەبەر چاو نییە.)

لە کۆمەڵگەی کۆنی عەرەبدا، پیاو بە پێی توانای مادیی خۆی، کەنیزەکی هەبووە، کەنیزەک مۆڵکی پیاو بووە، چی خواستبێت، لێی کردووە و لە کەنیزەکەکانی (دۆست)ی هەڵبژاردووە. بە فەرمانی خەلیفە عومەر، کەنیزەک مافی ئەوەی نەبووە، هەمان جلوبەرگی ژنی ئازاد بپۆشێت. لە ئەنجامی غەزا و جەنگەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی کەنیزەک لە هەڵکشاندا بووە، بۆیە زۆربەی پیاوانی موسڵمان، خاوەنی کەنیزەک بوون. چونکە ئافرەتی ئازاد، نزیکەی هەمیشە لە



کونجی ماڵدا بووە و بە دەگمەن بینراوە، بۆیە هێنانی ژنی کۆیلە، کە بەردەوام بە دەرەوە بووە، کارێکی ئاسایی بووە.

چونکە ئیسلام لە کۆمەڵگەیەکی بابسالاریدا سەری هەڵدا، ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو کە لە قازانجی نێردا بێت. با پەیامبەر داکۆکیشی لە مافی ژن کردبێت، وەلێ ئەوسا و ئێستایش لە سایەی ئیسلامدا، ژن یەکسان نەبووە و نییە لەگەڵ پیاودا. گەرچی دانانی قورئان بە بەشێک لە مافی ژناندا، هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ پێشەوە، وەلێ کۆمەڵگەی ئیسلامی، ڕەوتێکی دژەژنی گرتە بەر. لە بواری دابینکردنی مافی ژناندا، گەورەترین شانازی بۆ پەیامبەر ئەوەیە کە نیو هێندەی پیاو، میراتی بە ژن ڕەوا بینی، ئاخر پێش ئیسلام ژن نەک هەر میراتی نەدەکەوت، بەڵکوو کە مێردی دەمرد، دەبووە بەشێک لە میرات و وەک هەر شتومەکێکی دیکە بەش دەکرا.

پێش ئیسلام، مارەیی بە باوکی ژن دەدرا، ئەوە پەیامبەر بوو وای کرد، مارەیی بە ژن بدرێت. بە گوێرەی ئیسلام، ژنومێردایەتی، گرێبەستێکە لە نێوان پیاو و ژنێکدا کە هەردووکیان پێی قایلن و کچ بێ خواستی خۆی بە شوو نادرێت. ئەمەیش شانازییەکی دیکەی ئیسلامە سەبارەت بە دابینکردنی مافی ژن، بەڵام نابێت ئەوەیش فەرامۆش بکەین، ئەوەی کە پیاو سەرداری ژنە و دەتوانێت لێشی بدات، وەک منداڵ و بە ناتەواو سەرنجدانی ژنە. لای جوولەکە، ژن بەرپرسی یەکەمین هەڵەیە، ئاخر ئەوە حەوا بوو کە ئادەمی فریو دا، وەلێ لای ئیسلام، هەرچەندە ژن و پیاو وەک یەک بەرپرسی یەکەمین هەڵەن، کەچی لە زۆر بواری دیکەدا یەکسان نین و ئایینی ئیسلام زێتر لە قازانجی پیاوە.

جاحیز پێی وابوو، چونکە پیاو لە هەموو بوارێکدا لە ژن بەتواناترە، بۆیە ئەوە تەواو دروستە کە دەبێت پیاو سەرداری ژن بێت. ئیبن موقەفەع دەیگوت: هیچ شتێک هێندەی خۆشویستنی ژن، زیان بە ئایین، جەستە، زیرەکی و عەقڵ ناگەیەنێت. ئەو پیاوەی لە ئەوینی ژناندا نوقم دەبێت، پیاوێکی گێلە، وەک ئەو گێلەپیاوەی بێجگە لە خواردن، هیچی دیکەی بە لاوە مەبەست نییە. (غەزالی)یش دەیگوت: (دڵداری ئیشی کەسانی گەمژەیە، ئاخر ئاشق لەبەردەم درندەی سۆزی خۆشەویستیدا، بێجگە لە نێچیرێکی بێدەسەلات، هیچی دیکە نییە.) قەشە (جیرار)یش دەیگوت: (دڵداری ژنان گێل دەکات، پیاوی زیرەک، مەگەر سەروەختی بێئیشی ئەگەر نا، بایەخ بە ئەوین نادات).

*

زۆربەی ئەو زانیارییانەی سەرەوە، لە نامەی دۆکتۆرای (مەنسوور فەهمی ١٨٨٦ ـ ١٩٥٩)یەوە وەرگیراون کە لە ١٩١٣دا لە سۆربۆن، گوتوبێژی لەسەر کراوە. چونکە وەختی خۆی لە میسر هێرشێکی توند دەکرێتە سەر خاوەنەکەی، بۆیە چاپکردنی نامەکە دەیان ساڵ دوا دەکەوێت. نامەکەی مەنسوور فەهمی دژی ئیسلام و پەیامبەری ئیسلام نەبوو، زێتر ڕەخنە بوو لەوانەی خۆیان پێ (زانایانی ئیسلام)ە و ئازادیی ژنان زەوت دەکەن. یەکەمین بیرمەندی میسری کە داکۆکی لە ژن کردبێت، (قاسم ئەمین ١٨٦٥ ـ ١٩٠٨) بوو کە لە ١٨٩٩دا کتێبێکی بە ناونیشانی (ئازادکردنی ژن)ەوە بڵاو کردەوە.

واسڵ بن عەتتاء کە ڕێبەری موعتەزیلە بوو، ددانی بە شایەتی عەلی، تەڵحە و زوبێردا نەدەنا، چونکە پێی وابوو، ئەوانە یەکەمین شەڕی ناوخۆیان لەنێو موسڵماناندا هەڵگیرساند. کە ئەو سەردەمە کەسانێک



وەها بوێرانە بیریان کردبێتەوە، ئایا هەنووکە وەختی ئەوە نەهاتووە، بە چاوێکی تازەوە، سەیری پێوەندیی نێوان نێر و مێ بکرێت؟ سەیرکردنێک کە لەگەڵ ئەم سەردەمەدا بگونجێت، نەک لەگەڵ سەردەمە دێرینەکاندا. ئایا وەختی ئەوە ماوە، ژنانی جەزائیر کە بەشدارییەکی تەواویان لە ئازادکردنی وڵاتەکەیاندا کرد، وەک ناتەواو سەیر بکرێن؟ بورقیبە کە دەربارەی دابینکردنی مافی ژن، ئازاترین سەرکردەی عەرەب بوو، نیو هێندەی قاسم ئەمین بوێر نەبوو. ناسر و بەعس، ژنیان بۆ کارگە و نووسینگەکان هەنارد، وەلێ نەیانتوانی دابڕانێک لەگەڵ ڕابردوودا بکەن و ددان بە مافی ڕاستەقینەی ژناندا کە لە یەکسانیدا خەست دەبێتەوە، بنێن.

ڕاستە هەندێک ئایەت پیاو لە ژن، بالاتر دەبینێت، بەڵام ئایا وەختی ئەوە نەهاتووە لەبەر ڕۆشنایی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی ئێستادا کە زۆر جیاوازە لە هی سەروەختی سەرهەڵدانی ئیسلام، خوێندنەوەی نوێ بۆ ئەو چەند ئایەتە بکرێت و لەگەڵ باری کۆمەڵایەتیی ئەم سەردەمەدا بگونجێنرێن؟ ڕاستە لە ڕوانگەی خۆ بە زانا زانانی مێشکبەردینەوە، ئەوانەی ئەرکی سەرەکییان تۆقاندنی ڕۆشنفیکرانە، خوێندنەوەی نوێ، دەکەوێتە خانەی کوفرەوە، وەلێ خۆ دەرگای ئیجتیهاد بە ڕووی زانایانی ڕاستەقینە و بوێردا دانەخراوە.(*)

٢٠٠٨/٥/٩

---

(*) منصور فهمي، أحوال المرأة في الإسلام، منشورات الجمل ١٩٩٧ كولونيا، المانيا.

ئەم بەرهەمانەی

حەمەسەعید حەسەن

لە دەزگای ‹ئاراس›ەوە بڵاو بوونەتەوە

١- لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، وەرگێڕان لە سویدییەوە ٢٠٠٣

٢- قوڵپی پێکەنین، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ٢٠٠٤

٣- ئەو پەیڤانەی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێن، کۆشیعر ٢٠٠٤

٤- نووسین بەبێ وشە، کۆشیعر ٢٠٠٤

٥- شیعر و شمشێر، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ٢٠٠٤

٦- هونەری ڕاوەژن، ساتیرەچیرۆک ٢٠٠٤

٧- ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، دیمانە ٢٠٠٤

٨- هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ٢٠٠٥

٩- کۆتر و پڵنگ، بیر و بۆچوون ٢٠٠٥

١٠- ئەڤیننامە، کۆشیعر ٢٠٠٦

١١- دیرۆک و جوگرافیای سوێد، وەرگێڕان لە سویدییەوە ٢٠٠٦

١٢- ڕۆشنبیر و دەسەڵات ٢٠٠٧

١٣- تاڤگەیەک لە زیو، ڕەخنەی ئەدەبی و شتی دیکەیش ٢٠٠٨

١٤- بەفر و گڕکان، ڕەخنەی ئەدەبی و فیکری ٢٠٠٨



## باسەکان


(شیکاگۆ)ی عەلاء ئەسوانی ........ 5

دوو ڕۆمانی پاوڵۆ کۆیلۆ ........ 14

دوو ڕۆمانی یۆستاین گاردەر ........ 27

(بەفر)ی ئۆرهان پاموک ........ 36

(بێگانە)ی ئەلبێر کامو ........ 45

(غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)ی بەختیار عەلی ........ 51

دوو نۆڤلێت و دوو ڕۆمان ........ 72

لە بارەی (کوێرەوەری)یەوە ........ 84

(گرەوی بەختی هەڵاڵە)ی عەتا نەهایی ........ 91

حەللاج، سۆفییەکی شۆڕشگێڕ ........ 95

فەروغ فەروخزاد، ژنەشاعیرێکی ڕۆحبریندار ........ 99

دوو شاعیری ڕوانگەیی ........ 104

شاعیر بە وشە دنیا ڕۆ دەنێت ........ 114

زنەی شیعری ئیبراهیم ئەحمەد ........ 119

شیعری ڕووقایم و دەقی ئەوینداری ........ 126

گومان چاوگەی یەقینە ........ 134

بێئارامییەکی ڕۆحسووک ........ 140

ئەرکی نووسین ........ 161

سروودی نیشتمانی و سروودی کوردی ........ 175

ڕێنووس و شتی دیکە ........ 183

هەڕەشەیەکی سامناک ........ 189

ژن و سەیارە ........ 197
زلفێڵبازان ........ 203
لەبەر تیشکی چرای ڕۆحدا ........ 208
ژن و ئـایـین ........ 223